
بابەت و شیعرەکانی
هاوڕێ ناشق ئیسماعیلی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

پێڕست

١- بە بۆنەی دەی خاکەلیوە ٨

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٤ ..... لاپەڕەی ١٠

٢- وەرگێڕاوی دوو کورتە نووسراوەی جوانی "کارۆ"

٣- بە کورتی لەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی ئێران

٤- سایتی" بازتاب" و قسەکانی دوکتۆر مەحموود عوسمان

٥- بۆ هەوڵێری بریندار

٦- دیسان لەسەر بەهار

٧- نەورۆزتان پیرۆزبێ

٨- کێ دەڵێ کورد مردوە؟!

٩- ئەنجومەنی حوکمی عێراق لەسەر یاسای بنەڕەتیی کاتیی عێراق ڕێککەوت.

١٠- شێعرێکی ئاشقانە

١١- کورتە چیرۆک "پیاوەکە"

١٢- بەرنامەی ئەدەب و هونەر

١٣- کۆچی دوایی ئازا

١٤- بڕیارنامەی ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایش و نیگەرانیی کوردان

١٥- دەنگی زیندەوەران

١٦- کورتەچیرۆک(ئەدەبی)

١٧- خەبات خوێنی دەوێ

١٨- شێعرێکی سوێدیی من

١٩- بەرەو هاوڕێ (وتووێژ بە شێعر)
٢٠- هەژار هەر ماوە
٢١- "دەروێش عەبدوڵڵا"
٢٢- کۆچی بێوادە (بۆ کۆچی دوایی هاوڕێ نەبی قادری)
٢٣- لەمێژە لێرە دوورم

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٥ ..... لاپەڕەی ٩٥

٢٤- شکۆی یەکگرتوویی لە پەنجەرەی هونەرەوە
٢٥- هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کوردستان
٢٦- ئاواتی دڵ و هێلانەی شێواو
٢٧- شەهیدم
٢٨- پێشمەرگە
٢٩- هەموو کەس بکا دەنگێ، ئەتۆ بچۆ بن بێژینگێ
٣٠- مەهاباد شوانەی لە داوێن نابڕێن
٣١- کاتێک ڕەفسەنجانی ئێشی وێڕادەگا
٣٢- کۆچی ناوەختی خاتوو مەرزیەی فەریقی
٣٣- بە بۆنەی ١٧ی سێپتامبر، ساڵرۆژی کارەساتی میکۆنۆسەوە
٣٤- چاردەهەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس
٣٥- دین و دەوڵەت لە دەستووری تازەی عێراق دا: سیکۆلاریزم یان دەوڵەتی دینی؟
٣٦- سەرەنجام ڕاپرسی
٣٧- بەهەشتی من
٣٨- ئەستێرەی سەربەستی

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٦ ..... لاپەڕەی ١٣٩

٣٩- دووی ڕێبەندان پیرۆز بێ
٤٠- کۆنەیاد
٤١- رایس: ئێران ناوەندی سەرەکیی بژیوی تێرۆریزم لە جیهان دایە
٤٢- جێژنی بەهار
٤٣- لە یادی بیست ساڵەی کۆچیدوایی "مامۆستا هێمن"دا
٤٤- وتووێژ لە گەڵ گۆڤاری "ڕێژوان"
٤٥- بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایش
٤٦- لێرە ماوم
٤٧- حیزبوڵڵا لە نێوان ئێران و دەوڵەتی سینیۆرە دا
٤٨- عەداڵەت یانی چی؟
٤٩- مافەکان چن؟
٥٠- مافەکان سیاسین؟

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٧ ..... لاپەڕەی ١٨٣

٥١- کلکی کتکی
٥٢- نەورۆزتان پیرۆزبێ
٥٣- مافەکان چ شوێنەوارێکیان لە سەر دێمۆکراتی هەیە؟
٥٤- مافەکان چ شوێنەوارێکیان لە سەر ئاشتی هەیە؟
٥٥- سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانی دا
٥٦- بێچووە هەڵۆ
٥٧- دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو

٥٨- ڕێفۆرم و چەند سەرنج

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ و ٢٠١٤ ..... لاپەڕەی ٢٢٤

٥٩- ماملێ لە دنیای هەرمان دا
٦٠- خەتای سواران نەبوو
٦١- پشتیوانی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن
٦٢- تراویلکەی ڕووحانی و خاڵی ١٥ و ١٩ .
٦٣- وتار بۆ ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا حەبدوڵڵا حەسەن زادە
٦٤- بۆ هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی کاک جەلیل گادانی
٦٥- بەهار هەرچۆنێک بێ هەر دێ
٦٦- بۆ هەڵەبجەی ستەملێکراو
٦٧- پشتیوانی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن
٦٨- لە کۆبانی چ ڕوو دەدا؟
٦٩- سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەژاری قاسمی

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ , ٢٠١٦ ..... لاپەڕەی ٢٥٨

٧٠- نووسەری گەورە، یاشار کەماڵ، کۆچی دوایی کرد.
٧١- بۆ مەنسووری ئاروەندی شەهید
٧٢- بەبۆنەی ساڵوەگەڕی کارەساتی شەنگال
٧٣- شەنگال ئازادە
٧٤- کۆمارەکەم
٧٥- کۆدەتا تێکشکاوەکەی تورکیە و چەند تێبینی
٧٦- " هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە "

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ..... لاپەڕەی ٢٨٦

٧٧- سێ پارچە شێعری کورت

٧٨- هاشمیی ڕەفسەنجانی مرد.

٧٩- کاک فەتتاحی کاویان، هاوڕێ، مامۆستا و براگەورەمان کۆچی کرد

٨٠- خەمێکی دی (هونراوە) بۆ مامۆستام کاک فەتتاحی کاویان

٨١- هەڵوەدایی: بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری هێژا، کاک ڕەسوڵی ڕەش ئەحمەدی

٨٢- جێژنی بەهار

٨٣- کورد هەر بۆخۆی دەبێ بڕیار لە سەر هەڵکردنی ئاڵای خۆی بدا

٨٤- با ئەم هەلە لە دەست نەچێ!

٨٥- بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

٨٦- مەکشێنەوە

٨٧- ڕۆژهەڵاتیش گشتپرسیی کرد

٨٨- بەشێک لە پارچەشێعری "تەنگانەی دڵی من".

٨٩- ڕووسیا و سیاسەتی دووڕووانەی بەرامبەر بە ڕۆژاوا

٩٠- بۆ شەهید کاک قادری خۆشەویست، فەرماندەی تێکۆشەر!

٩١- پێوەندیی نەتەوایەتی، مەسەلەی عەفرین و بارودۆخی ناوچە

٩٢- جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆز

بە بۆنەی دەی خاکەلیوە

کە من مردم، کورد نامرێ
دەس لە خەبات هەڵناگرێ

"مامۆستا هێمن"، لە زمان پێشەوای نەمرەوە.

منیش ئەمڕۆ، بە بۆنەی دەی خاکەلیوە، ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە دەڵێم:

بەڵێ، تۆ شەهید بووی، کورد ما
تێکۆشان و دەستوبرد ما

کوورەی خەبات نەکوژایەوە
ڕابوون هەرگیز نەبڕایەوە

ئەو دەرسەی بە کوردت داوە
لەبیر ڕۆڵەکانت ماوە

بۆتە خوێنی نێو دەماریان
بۆتە درۆشم و هاواریان

هێز دەبەخشێ بە هەنگاویان
ڕوونـاکی دەدا بە چاویان

فێریان دەکا ڕێ ون نەکەن
متمانە بـە دوژمـن نەکەن

ئێستا لە هەموو کوردستان
مەڵبەندی خەبات و هەستان

ئاڵات، جەنابی سەرکۆمار
هەڵدەدرێ لە دێهات و شار

بە دەست ئاشقانی ڕێتەوە
هەر بەرزە و دەشەکێتەوە

ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٧

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٤

وەرگێڕراوی دوو کورتە نووسراوەی جوانی "کارۆ"

"کارۆ" شاعیرێکی فارسی‌نووسی بە ڕەگەز" ئەرمەنی" یە (نازانم ئێستا ماوە یان نا) کە لە دەیەی حەفتای زاینی دا لە ئێران ناوبانگی دەرکرد. نووسراوە و شێعرەکانی کارۆ سۆزێکی شاعیرانەی تایبەتی‌یان تێدایە و لە هەمان کاتیشدا زۆر جار ڕەخنەگرانەن و بە زمانێکی ساکار، بەڵام بە مانا و سەرنجڕاکێش پێوەندیی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و شێوە هەڵسوکەوتی ئینسانەکان دەدەنە بەر تەوس و پلار. "کارۆ" کتێبێکی شێعر و پەخشانی بە ناوی "شکست سکۆت" واتە شکانی بێدەنگی هەیە، کە من ئەو یەک- دوو نووسراوە کورتەی خوارەوەم دە ـ پازدە ساڵێک پێش ئێستا لێکردوە بە کوردی.

لە داشقەوە تا "کادیلاک"*

کاتێک شێعری " گمنام "*، واتە "ناو ون" ی منی دی، گوتی: مانای گەلێک باشە، بەڵام حەیف لە چوارچێوەکەی!

گوتم: یانی چی؟!

گوتی: ڕاست وەک ئەوە دەچێ کە ماتۆڕی ماشێنێکی کادیلاکی پەنجا و شەش بنێنە نێو داشقەیەکی شکاو.

گوتم: کاکی شاعیری قافیە پەرست! ئەمن شێعری خۆم بۆ ئەو کەسانە نالێم کە کادیلاکی پەنجاوشەش نوێنگەی هێزی ژیانی خەڵکفرۆشی زێڕپۆشیانە، بەڵکوو شێعرەکانم بۆ ئەو کەسانەن کە حیلەی شەوانەی ئەسپی برسیی داشقە شکاوەکەیان، لای‌لایەی منالّی ڕووتیان و مۆسیقای تەنیایی لەبیرچۆوەی چارەڕەشی بێدەنگیانە.

---

* "گمنام" ناوی پارچە شێعرێکی کارۆیە، کە لەو دا شاعیر لە هەژاری و ڕووتیی مروڤێکی چارەڕەش دەدوێ.

دواین خاڵ*

هەر جارێک منی دەدی، چەند سەعات دەگریا. دواین جار کە هاتە لام، وەک شێتان پێدەکەنی. کاتێک دیتی بە سەرسوڕمانەوە تێیهەڵدەڕوانم، بە تەوسەوە گوتی:

- پێت سەیر نەبێ پێدەکەنم. ئەمن ژنەکەی ڕابردوو نیم. ئیدی بەسەرچوو ئەوەی کە تۆ هەر قاقاپێکەنی و منیش گوڕگوڕ گریام.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە لە پڕ دڵۆپە فرمێسکێکی سەرلێشێواو، نیشتە سەر قولینچکی چاوی.

منیش هەر بە تەوسەوە گوتم: ئەدی ئەودڵۆپە فرمێسکە چیە؟!

فرمێسکەکەی بە دەستی سڕیەوە و پێتۆڵانە گوتی:

- ئەمە؟ ئەم دڵۆپە؟ ئەمە فرمێسک نیە، خاڵە، تێدەگەی؟ خاڵە خاڵ! ئەمە دواین خاڵە کە لە دوای دواین ڕستەی دواین بەشی داستانی بڕوام

بە ئەوینی پیاوانم داناوە. ئیدی بڕوام بە هیچ شتێکی پیاوان نیە، بێجگە لە بە تەواوی ناپیاوییان.

---

* خاڵ = نوختە

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیۆیری ٢٠٠٤

بە کورتی لەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی ئێران

هەلبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی ئێران تەواو بوو و دەتوانین بڵێین ئێستا پاش تێپەڕینی دو ـ سێ‌ڕۆژ بە سەرکۆتایی هاتنی هەڵبژاردن دا وردە وردە کەفوکوڵی ئەو ڕووداوەش نیشتۆتەوە. هەرجەند جارێ زۆر زووە کە لەسەر ئاکامەکانی بە شێوەیەکی ڕوونتر نەزەر بدەین و بڵێین ئەو هەلبژاردنە چ شوێنەوارێک لە سەر وەزعی سیاسیی ئێران بە گشتی دادەنێ و چ گۆڕانێک لە بارودۆخ و پارسەنگە سیاسییەکان دا پێک دێنێ. دیارە ئەوە

جێگای باس نیە کە ئەوەی نەختێک ئاگاداریی بە سەر وەزعی سیاسیی ئێران دا بووبێ، تەنانەت لە یەک ـ دوو مانگێکی پێش هەڵبژاردنیشەوە زانیویەتی کە لە شانۆی هەڵبژاردنی ئەم جارە دا ئەوانەی سەریان زۆرتر لە سندووقەکانی دەنگەوە دەردێنن و کورسییەکانی مەجلیسی حەوتەم داگیر دەکەن، نوێنەرانی پاڵێوراوی باڵی توندڕەو دەبن، کە لەمێژ بوو بە پشتیوانیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات وەک" شۆڕای نیگابانی یاسای بنەڕەتی"، " دەزگای قەزایی" و خودی "ڕێبەر" واتە جەنابی خامنەیی تەنگیان بە لایەنی "ڕێفۆرمخواز" هەڵچنیبوو و وەک پاڵەوانێکی ماندووی گورز و مەتاڵ شکاو لە گۆشەی مەیدانی بەربەرەکانیان پەستاوتبوو وبڕستیان لێبڕیبوو.

دەڵێن " دز و سێحەبماڵ ڕێککەون، گای بە کۆلانەی دا هەڵدەکێشن"، بە ڕاستی ئۆرگانە سەرووە دەسەڵاتدارەکانی کۆماری ئیسلامی، کە هەموویان لە باڵی تونڕەوون، بە شێوەیەک دەستیان لە گەڵ" ڕێبەر"،ئۆرگانەکان و پاڵێوراوانی بەشی خۆیان تێکەڵ کردبوو و لە سەر ئایندەی مەجلیس ڕێککەوتبوون و وابە ئاشکرا مەیدانی جموجۆڵی نەیارانی "ڕێفۆرمخواز"یان تەنگ کردەوە، کە هەڵبژاردنەکە زیاتر وەک شانۆیەکی لێهات کە تەنیا بۆ پاراستنی ڕواڵەتی مەسەلەکە بەڕێوەچوو، دەنا هەموو شتێک پێشتر لە سەر بناخەی فێڵ و زۆرەملی دیاری کرابوو و بڕیاریشی لە سەر درابوو.

ڕەتکردنەوەی(سەلاحیەت) شایستەیی هەزاران نوێنەر، پێکهێنانی جەوێکی گێرەشێوێنانە و دواتر هەڵلاو بگری تەئییدی شایستەیی هێندێک لە پاڵێوراوان تەنیا یەک - دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردن و پێچەقاندنی خامنەیی لە سەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی دا، سەرەڕای داوای نوێنەرە مانگرتووەکان و وەزارەتی نێوخۆ، کە بە پێی هەموو یاسایەک و نەریتێک دەبێ دەسەلاتی دیاری کردن یان گۆڕینی کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی هەبێ، لەو گەندەڵفێڵانە بوون کە دەسەلاتی پاوانخواز کردنی و گوێی بە هیچ ڕەخنە و گازەندەیەکیش نەبزووت.

خەڵکی ئێران بە گشتی ولاتێکی باشیان بەو ملهوڕییە دایەوە. بە پێی هەواڵی هەموو ناوەندەکانی هەواڵ بە نی کۆماری ئیسلامیشەوە، ڕادەی بەشداربووانی ئەم شانۆی هەڵبژاردنە بە بەراوەردکردن لە گەڵ هەڵبژاردنی پێشوو کەم بوە و دیارە کە ئەو ڕێژەیە لە کوردستان زۆر کەمتر بوە. سەرژمێری لەو بارەوە بلاو کراونەتەوە و من نامەوێ لێرە دووپاتیان کەمەوە، بەڵام کاتێک ڕادەی ساردیی خەڵک بەرامبەر بەو هەڵبژاردنەمان باشتر بۆ دەردکەوێ، کە بزانین ئەوانەی دەنگیان داوە کێ بوون و چ وەزعێکیان هەبوە. ئەوانە:

- دیارە بەشێکیان ئەو کەسانە بوون کە لایەنگری شێلگیری پاوانخوازەکانن کە وێناچێ ژمارەیان لە نێو هەموو حەشیمەتی وڵات دا زۆر بێ.

- بەشێک مووچەخۆر و کارمەندی دەوڵەتن کە لە ترسی بڕانی داهات و سزای دواڕۆژ ئەو کارەیان کردوە.(بۆ بەرژەوەندیی خۆیان وبستوویانە مۆری هەڵبژاردن بە ناسنامەکەیانەوە هەبێ)

- ژمارەیەکی زۆر بنەماڵەی کوژراوانی شەڕ و کەمئەندامانی شەڕن، کە سەرجاوەی داهاتیان ئەو ڕێژیمەیە و بەم هۆیەوە پێیەوە گرێدراون.

- ئەوەش ئاشکرایە کە هەموو ئەندامانی ئەرتەش وسوپاو بەسیجیش ناچار بوون بەشداری یکەن.

. تەنانەت بەدەیان هەزار کوڕوکچ لە بەر پێویستیی وەرگیران لە زانستگە و خوێندنگەکانی سەرەوەی دیکە و بۆ ئەوەی لەو پێوەندییە دا دواتر بیانوویان پێنەگیرێ، بەشدار بوون و لەبەر مۆرکردنی ناسنامەکانیان چوون.

وەک دیتمان هەڵبژارنەکە لە زۆر شوێنیش کێشە و ئاڵۆزیی بەدواوە بوو. لە چەندین شوێنی وڵات نائارامی ڕووی دا. لە شاری "ئیزە" ٤ کەس و لە" فیروزاباد" ٣ کەس لە پێکهەڵپڕژان لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم دا کوژران و زۆر کەسیش بریندار بوون.

دژکردەوەی دنیای دەرەوە بەرامبەر ر بەو هەڵبژاردنەش نیشاندەری ئەوە بوو کە هەموو وڵاتان و لایەنە گرینگەکانیش لە چلۆنایەتیی هەڵبژاردن و شێوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناڕازی بوون و بە ئاشکرا ڕەخنەیان لێگرتوە. بە پێی ڕاپۆرتی سایتی بی،بی،سی "جەک ئیسترا" وەزیری دەرەوەی بریتانیا، ڕۆژی ٢٣ی فێوریە بە هەواڵدەرانی گوت:" هەموو کەس دەزانێ کە شێوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکە هەر لە سەرەتاوە خەوشدار بوە و کەم و کووڕیی هەبوە"

هەروەهاکۆمیسیۆنی ئوروپاش شێوەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ڕۆژی هەینیی بە لەمپەرێک لە سەر ڕێگای دێمۆکڕاسی زانیوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرێی فەرانسە "دیگۆدیئۆیدا" قسەوێژی "کریس پاتن" بەرپرسی پێوەندیی دەرەوە لە کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئوروپا دا گوتوویەتی کە:" پێشگرتن لە بەشداربوونی کۆمەڵێک لە نوێنەرانی ڕێفۆرمخواز لە هەڵبژاردن دا و گیروگرفتی دواتر لە ڕەوتی تێکۆشان دا، ئێمە دەگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە ئەو ڕەوتە

لەمپەڕێکە لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی دێمۆکراسی لە ئێران دا". ئەو پێی لە سەر ئەوە داگرتوە کە یەکیەتیی ئوروپا ناچارە لە لێکۆڵینەوەی پێوەندیی خۆی لە گەڵ ئێران لە داهاتوو دا سەرنج بداتە ئەو مەسەلەیە، هەرچەند پیشی لەسەر ئەوە داگرتوە کە شێوەی شۆێندانانی ئەو وەزعە لە سەر پێوەندیی ئوروپا و ئێران بە بڕیاری وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئوروپاوە دەبەسرێتەوە.

پێشتریش دەوڵەتی ئەمریکاڕەخنەی لە شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو هەڵبژاردنە و بۆ وێنە لە بێبەشکردنی دەستەیەک لە خوازیارانی نوێنەرایەتیی هەڵبژاردن، بەستنی دوو ڕۆژنامەی ڕێفۆرمخواز و هێندێک دەفتەری هەڵبژاردن گرتبوو. (ئەو هەواڵانەش هەر لە سایتی بی،بی، سی وەرگیراون)

بە هەرحاڵ، ئەوە حاڵ و وەزعی هەڵبژاردنی ئەمجارەی مەجلیس لە ژێر سێبەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دابوو. جارێ ئەوە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بە ملهوڕی وەبەریان داوە و لە پێش جاوی هەموو خەڵکی دنیا و وڵاتە گەورەکان، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆڕو کۆمەڵە دێمۆکراتی خوازەکان بۆیان چۆتە سەرێ. با بزانین ئایندە چی دەخۆێ دا حەشار داوە. بڵێی خەڵکی ئێران و کوردستان هەتا هەتایە هەروا لە ژێر ستەمی ئەو ڕێژیمە دا بمێننەوە؟!

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٠٤

سایتی" بازتاب" و قسەکانی دوکتۆر مەحموود عوسمان

سایتی ئینتێرنێتیی "بازتاب" کە سایتێکێکی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانە، لە ڕاپۆرتێکی دوێنێی خۆی دا هێندێک وتەی لە دوکتۆر مەحموود عوسمان، شەخسیەتی سیاسیی ناسراوی کورد و ئەندامی مەجلیسی حوکمی عێراق نەقڵ کردوە، کە من لێرە دا ڕاستەوڕاست نووسراوەکەی ئەو سایتە دەکەمە کوردی و پێموایە بۆ خوێندنەوە دەبێ. قسەکانی دوکتۆر مەحموود دیارە جێگای سەرنجن، بەڵام جێگای سەرنجتر ڕقی بەڕێوەبەرانی سایتەکە لە دوکتۆر مەحموودە کە لە تیتر(سەردێڕ)ی وتارەکە دا بە ئاشکرا دیارە. ئەمە دەقی وتارەکەیە:

"هێرشی جیاوازی خوازێک بۆ سەر ئێران و تورکیە"

ئەندامێکی شۆڕای حکوومەتیی عێراق گوتی: ئەگەر ئێران و تورکیە لێگەڕێن، ئێمە بۆخۆمان گیروگرفتی خۆمان چارەسەر دەکەین.
بە پێی ڕاپۆرتی سێرویسی نێونەتەوەیی "بازتاب" مەحموود عوسمان (ئەندامی سەربەخۆی کوردی شۆڕای حکوومەتیی عێراق) لە گەڵ دەربڕینی ئەو مەبەستە گوتی: ئەگەر ئێران و تورکیە خۆ تێهەڵنەقوتێنن، گیروگرفتی ئێمە لەگەڵ شیعەکان و تورکمانەکان چارەسەر دەبێ.

بە پێی ڕاپۆرتی سایتی ئینتێرنێتیی "ئیلاف" ئەو ئەندامەی شۆڕای حکوومەتیی عێراق کە لە گەڵ تاڵەبانی و بارزانی- دوو ڕێبەری سەرەکیی کوردەکانی عێراق - ناکۆکیی هەیە، هەروەها گوتی: ڕۆژی شەممۆی داهاتوو، شۆڕای حکوومەتی باس و لێدوانێکی دژوار لە سەر حکوومەتی فیدراڵ دەست پێدەکا.
ئەو لە درێژەی باسەکە دا دەڵێ: هەرئێستا هەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق، دوو پێشنیار سەبارەت بە چلۆنایەتیی گوێزتنەوەی دەسەڵات لە ئەمریکاییەکانەوە، بە شێوەیەکی بەرین دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

مەحموود عوسمان لە درێژەی قسەکانی دا گوتی: یەکێک لەو دوو ڕێگەکارانە پێشنیار دەکا کە: ژمارەی ئەندامانی شۆڕای حکوومەتی عێراق زۆرتر بکرێن و ڕێگەکاری دووهەم داوای پێکهاتنی کۆنگرەیەکی خەڵکیی بەرین بە نیزیکەی هەزار بەشدارەوە دەکا، کە ئەو بەشدارانە نوێنەرایەتیی دەستە و حیزب و تاقمە جۆراوجۆرەکانی عێراقیان بەستۆوە بێ، تا ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان، شۆرایەکی ڕێبەرایەتیی بچووک پێکبێنن کە دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، حکوومەتێکی تازە دروست بکا و ئەو حکوومەتە هەلومەرجی لەبار بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی سەرانسەری پێک بێنێ.

ئەو هەروەها گوتی: بەو حاڵەش هەموو کارەکان بە نێوەرۆک و چلۆنایەتیی ڕاپۆرتی کوفی عەنان (سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) دەربارەی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی کۆمیتەی ئەو ڕێکخراوەوە بەسراونەوە کە (ئەو کۆمیتەیە) لەو ئاخرانە دا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتیی بارودۆخ بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە عێراق دا نێردراونە ئەم وڵاتە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٠٤

بڕینی هەوڵێر زۆر بە ژان بوو

نەخۆش بووم و دە جێیە دا کەوتبووم، کە هەواڵی کارەساتی سامناکی تێرۆریستیی هەوڵێرم بیست. ڕووداوێکی گەڵێک دڵتەزێن بوو و دڵنیام دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزی وەک دڵی من ڕاتڵەکاند و خەمباری کردن.

هێشتاش هەر نەخۆشم، تام لێیە و ناتوانم زۆر لە لای کامپیۆتێرەکەم دانیشم و بنووسم. بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە کەس و کاری شەهیدان لەو خەمە دا تەنیا نین. زەبری خۆکوژیی کۆنەپەرستان لە هەوڵێر، هەموو جەستەی کوردستانی یەشاند. چاوەکانی ملیۆنان کورد، لە کرماشان، دیاربەکر، قامیشلی، وان ورمێ، خانەقین،سنە و مەهابادو سلێمانی و هەر شوێنێک کوردێکی دڵسۆزو وشیاری لێیە، لە گەڵ چاوی خەڵکی هەوڵێری بریندار گریاون. نەمری بۆ یادی شەهیدانی ئەو کارەساتە و قوربەسەری ئەو دوژمنانەی کە پێیان وایە بەو کردەوە تێرۆریستییانە دەتوانن نەتەوەی کوردچاوترسین بکەن و زەبر لە ئیرادەی بدەن.

بۆ هەوڵێری بریندار

قوڕتان بە سەر،
کوندەکانی نیشانەی شووم و نیگریسی،
خوازیارانی کاوڵکاری و ماڵوێرانی،
دوژمنانی مێشکی ساغ و،
نوێنگەی بیروشکی و دڵپیسی.
ئێوە نوێنەری تاریکین.
شەمشەمەکوێرەی ڕەفیقی شەوەزەنگن.
چاوتان بە ڕووناکیی ڕۆژ و تیشکی خۆر و،
هەرچی گەشیە هەڵنایە.
ئێوە پەیکەرەی نەزانی و
سیمبوڵی ئاشکرای پەستین.

ئاوێنەی سەرتاپێ نوێنی،
دیوەزمەی کۆنە پەرستین.
لەگەڵ ڕاستوێژی و بیستن و بیرکردنەوە نایەنەوە،
هیچ قسەتان لەگەڵ نایە.
سەرتان تەنانەت درزێکی،
بەسەر دنیای تێگەیشتن دا کراوەی، تێدا نیە.
بە شێوەیەک لە دەریای لێڵی نەزانی و،
ڕقی ڕەش و کوێر دا ونن،
بەزەیی و مرۆڤایەتی،
لە قاموسی بۆچوونتان دا،
وشەی نامۆن، بێگانەن، پێتان دوژمنن.

ئێوە بۆ نیازی چەپەڵتان،
لەپێناو بیری گەندەڵتان،
تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێنن،
مرۆڤ و ژیان لە لای ئێوە مانای نیە،
دژی ئاشتی و ئاسایشن،
بۆتان بکرێ،
هەر جێیەک ژیانی لێبێ، دەیڕووخێنن.
ئەی ڕەشبینە دڵڕەشەکان!
جێگا پەنجەی جینایەتتان،
لە زۆر شوێنی وڵاتی لەتلەتکراو و،
لە سەر جەستەی خوێنینی زۆر تێکۆشەر و،
لە زۆر ژینگەی سووتێنراو و،
لە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکەکەمان بەجێماوە.
ئەمڕۆ کە هەوڵێر پێکراوە،

کۆنەزامی مەهاباد و قامیشلی و دێرسیم
ژان دەکەن،
کوردی هەرچوار پارچە وێکڕا،
فرمێسکیان لە چاو وەریون،
گیانی پاکی شێخ سەعیدو شێخ مەحموودو،
بارزانی و قازی محەممەد،
بە یەکەوە ڕاچڵەکیون.

من لە برینی هەولێر دا،
ئێشی لەشی بە گوللە دابێژ دابێژی دوکتور قاسملوو
هەست دەکەم.
گرمەی بۆمب و تەقینەوەی ڕۆژی جێژنیش،
وەکوو خرمەی دەسڕێژی"مێکۆنۆس" دەچێ.
ڕەنگی خوێنی شەهیدانیش،
هەمان ڕەنگی ئەو خوێنەیە،
کە لە لەشی دوکتور سەعید،
هومایوونی ئەردەڵان و فەتاحی عەبدولی، ڕژا.
دڵڕەشینە!
من دەزانم چتان دەوێ،
من دەزانم بە تەما چن!
دەتانەوێ،
کاروانی خەباتی کوردان،
ڕاست لە نێزیک سەرمەنزڵی قیبلەی مەبەست،
بوەستێنن.
دەتانەوێ،

قەڵای هیوای ئەم میللەتە بڕووخێنن.
گوڵی ژیان لە دڕووەڵانی بیروشکی دا بزر کەن،
دەتانەوێ،
میلی کاتژمێری میژوو،
بەرەودواوە بخولێننەوە،
دەتانەوێ،
مانای ئازادی و سەربەستی،
لە ئاگری نەریتی کۆنی خۆتان دا بتوێننەوە.
دە تانەوێ،
ببن بە هەورێکی ڕەش و،
ئاسمانی کوردستان پڕ کەن.
شەبەقی خۆری هێمنیی لێ ببڕن و،
لە تاریکیی بڕوای چەوت و دووبەرەکی و،
شەڕ و شوورڕ و ئاژاوە دا،
ئەم خەڵکە ڕەنجدیتوە قڕ کەن.
دەتانەوێ بزەی شادی،
لەسەر لێوان بتارێنن،
دەتانەوێ،
بارانی پەژارە و خەفەت،
بەسەر ئەم خاکە پیرۆزە و،
ئەم خەڵکە دا ببارێنن.

بەڵام ئێوە کە بیرتەسکن،
مێشکتان لە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕاستییە،
بێتوانایە.

حیسابێکە بۆتان ناکرێ،
ڕاستییەکە،
بە بیری کورتتان دا نایە.
ئەم میللەتە ڕەگاژۆی لە مێژوویەکی،
چەند هەزار ساڵەی گەش دایە.
بە شاهیدیی شوێنەوار و بەڵگەکانی،
هەزاران جار بە نێو گڕ دا تێپەڕیوە.
بە سەدان جار قەتڵوعامی بە کۆمەڵ و،
وێرانی و ڕووخانی دیوە.
بەڵام هەر هەستاوەتەوە و،
ڕێگای بەرەوپێش بڕیوە.
لە دوای هەر سروودێکی خەم،
گۆرانیی شادیی چڕیوە.
دڵنیا بن! ڕێگای خەباتی ئەو خەڵکە،
بە تێرۆری ڕەشی ئێوە،
بەربەست نابێ.
وردی بەرز و ئیرادەی پتەوی ئەوان،

بە کردەوەی شەیتانیتان.
بەردەست نابێ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٨ی فێبریوێری ٢٠٠٤

نەورۆزتان پیرۆزبێ

ئەمەش دیاریی من بە بۆنەی جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە.

ئەم پەخشان و شێعرەم نەورۆزی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە بەرنامەیەکی ئەدەب و هونەری دەنگی کوردستانی ئێران دا خوێندەوە. پەخشانەکەم هەر ئەوکات نووسی، بەڵام شێعرەکەم ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی داناوە.

بەهارە. ئاسەوار و نیشانەکانی وەرزی نوێ سەر بە کەلێن و قوژبنی هۆدە بچکۆڵانەکەم دا دەکەن. تیشکی خۆر بە ئەسپایی لە پەردەی ڕووبی شووشەی پەنجەرەکان تێدەپەڕێ و گەرمایەکی شادیدەر دەخاتە خوێنی دەمارەکانی لەشم. گەرمایەک، کە تینی ئاگری دەسکردی نێو ماڵم لە پێش چاو دەخا و وەبیرم دێنێتەوە کە کاتی هەڵکورمان و دوشدامان لە گۆشەی دیوی تەمگرتوو و لە پاڵ کوورەی نێڵدراو بە سەرچووە. بە ناخی دڵمەوە هەست دەکەم و حەز دەکەم دەرگا و پەنجەران بکەمەوە و لەمپەران هەڵگرم، تا شەپۆلی تیشکی هەتاو بە سانایی برژێتە ژوورەکەم و ئاسەوار و بۆنی خەمی زستان پاک کاتەوە.

سەیر کە! جریوەی چۆلەکە و مەلی جۆراوجۆر چ ئاهەنگێکێ جێژنیان لەسەر دار و بنچک و قەراخ ڕووبار و گوێسوانەی ماڵەکان وەڕێخستوە. هەر دەڵێی شای بەهار دوای سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای زستان دا دەستووری ڕازاندنەوەی زەوی و پێکهاتنی کۆنسێرتی خۆشخونانی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوە.

ئەوەی دەیبینم خەون و خەیاڵ نیە. پێلوو و مژۆڵەکانم هێدی هێدی وەک پەردەیەکی دووبەر ئاواڵە دەبن و لەشی شەکەت و خەماوی و خەوالووی چاوەکانم بەجێدێڵن. لەرانەوەی ئاهەنگی کۆنسێرتی دەنگخۆشانی بەهار لەسەر پەردەی گوێم و تینی هەتاو کە وەک دەستی دڵداری بێئۆقرەی خەیاڵ لەشم دەلاوێننەوە، وشیارم دەکەنەوە:"

هەستە! چ کاتی دانیشتن و بیرکردنەوە و دوورکەوتنەوەیە. بڕوانە وەستای سروشت چۆن دیمەنی بووکی دنیای ڕازاندۆتەوە. حەف نیە ئەو هەموو جوانییە لە ئاوێنەی هەست دا ڕەنگ نەداتەوە و نەبێتە ئیلهام و سووژەی ستایشێکی بەجێ و ڕاستگۆیانە؟!"

هەڵدەستم دێمە دەر. پڕ بەسینگم هەوای بێگەردی بەهاری هەڵدەمژم و و پڕ بە چاوان لە دیمەنی سەوز و جوانی زەوی دەڕوانم. لە پڕ پرسیارێک بە میشکم دادێ. بڵێی هیچ بەهارێک لە بەهاری کوردەواری جوانتر و ڕازاوەتر بێ؟...بڵێمچی ڕەنگە هەشبێ. بەڵام جوانی لەیل تەنیا بە ڕوانین لە پەنجەرەی چاوی مەجنوونەوە دەردەکەوێ. ئەوەندە دەزانم بەهاری هیچ شوێنێک کوێستان و هەوارگە و هەوارچی و بێری و بانەمەڕ و هۆبە و هەوارچی و ڕەشماڵ و ڕان و کانیاوی بە جوانیی کوردستان نیە.

ڕەنگە ئەم پارچە شێعرە تەنیا وەسفی دڵگیری گۆشەیەکی بەهاری کوردستان بێ، بەڵام هەڵگری هەستێکی بەسۆز پاک و جوانی‌پەرستانەیە.

نەورۆزە هەوای خۆشی بەهار دڵ دەڕفێنێ
داوێنی چیا سەوز و گەشە هەست دەبزوێنێ
گوڵشەن لە گوڵا سوورە وەکوو بووک دەنوێنێ
بولبول بە ئەوینی گوڵەوە بەستە دەخوێنێ

ئاهەنگی بە هەستی لە دڵان خەم دەڕەوێنێ

شاسواری شەماڵ کردی بە مەیدان سەری شاخان
کۆبەفری سەران تواوە لە شەرمان و لە داخان
پیرێژنی زستان دڵی تاپۆ بوو لە ئاخان
دیتی کە گەڵای سەوز و شکۆفەی گوڵە باخان
بێ ماڵ و پەنا ماوە بە کۆڵ ئەشک ئەڕژێنێ

ڕۆژ چادری هەوری لە سەری کردەوە، دەرهات
گرشا و تەمەنی دێوی ڕەشی ساردی بەسەر هات
گیا شین بوو، لە باخا لکی دارمیوە وەبەرهات
بۆنی گوڵ و ڕیحانە لە گەڵ بادی سەحەر هات
بەزم و تەرەب و عەیشە لە هەر کونج و کەلێنێ

قومری بە نەوا موژدە دەدا:" وەرزی بەهارە
وادەی گەپ و سەیرانە نەما کاتی پەژارە
ڕۆژی فەرەح و کەیفە، دەمی ڕاو و شکارە
بۆ گەشت و گەڕان دەشت وچەمەن ساز و تەیارە

جوانی کەژ و کێو بۆ دڵی پڕ شادی دەهێنێ

دڵپەروەرە سەیری دەوەن و دیمەنی سارا
نەوبووکی گوڵی سوور لەسەری کردوە تارا
ئەو چۆم و دەراوەی کە وەنەوشەی لە کەنارا
دەستێنێ لە عالەم دڵ و هۆش، سەبر و مودارا

هێند جوانە تەنانەت دڵی مردووش دەبزوێنێ

"ئاشق" لە دڵی خۆتی وەدەرخە کەسەر و خەم
بڕوانە لە سەیران و گەڕانن هەموو عالەم
تۆش ڕابە سەیاحەت لە دڵی خۆت بکە مەرهەم
وا چاکە بە شادی بدەیە سەر تەمەنی کەم

خەمبار مەبە خەمناکی دڵ و لەش دەرزێنێ

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٠٤

کێ دەڵێ کورد مردوە؟!

دوای ئیمزا کرانی بەڵگەنامەی یاسای بنەڕەتیی کاتیی عێراق، خەڵکی شارەکانی کوردستانی داگیرکراوی بەشی ئێرانیش هاوکات لەگەڵ خوشکو براکانیان لە باشووری کوردستان ڕژانە نێو مەیدان و شەقامەکانی شار و دەستیان بە جێژن و شادی کرد. لە هەموو شارەکان و بە تایبەت مەریوان، مەهاباد، بۆکان، سنە، پیرانشار ـ کە تا ئێستا من ئاگادارم ـ خەڵکی تێکۆشەر بە ڕاستی بە نەترسیەکی کەم وێنە و هەستێکی پاکی نەتەوایەتیەوە قارەمانانە هاتنە مەیدان و بە کۆماری ئیسلامیان نیشان دا کە لە داواکردنی مافی ڕەوا و ئینسانیی خۆیان خافڵ نین ولە ئەستاندنی ئەو مافانە خۆش نابن. رادە و ئاستی بەشداربوونی خەڵک و هەر لە بناخە دا سازکردنی ئەو جێژن و خۆپێشاندانانە لە زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان دا، ئەوەندە لەسەر و گەورە و بەربەرین بوو، کە بە بڕوای من دۆست و دوژمنی خافڵگیر کرد.

چۆنیەتیی و چەندیی ئەو جێژن و خۆپێشاندانانە بە شێوەیەکی خێرا و تا ڕادەیەکیش بەربڵاو، لە سایتە کوردیەکان دا ڕەنگی داوەتەوە و من لێرە دا نامەوێ بچمەوە سەر گێڕانەوەی ئەو مەبەستە، بەڵام چەند خاڵی جێگای سەرنج لە پەڕاوێزی ئەو ڕووداوە خۆشانە دا هەن، کە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی کوردان دا گرینگیەکی تایبەتیان هەیە و خۆشە ئیشارەیان پێبکەین.

یەکەم: دیاردەیەکی یەکجار دڵخۆشکەری نوێ لە جێژن و خۆپیشاندانی ئەمجارە دا ئەوەیە کە لە هەموو شارەکان خەڵک بێ ئەوەی لە هێزە سەرکوتکەرەکان بترسن، ئاڵای کوردستانیان هەڵگرتوە، بەرزیان کردۆتەوە و تەنانەت بوێرانە لە مەیدانە سەرەکی و گەورەکانی شارەکان چەقاندوویانە. ئەوە لە لایەک نیشانەی چاونەترسیی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای هێنانە گۆڕی مافی دەسەڵات و سەروەریی نەتەوایەتیی خۆیان دایە و لە لایەکی دیکەشەوە، ئاستێکی بەرزی گەشە کردنی بیری نەتەوایەتی و بڕیاری پتەوی ئەو نەتەوە زوڵم لێکراوە، بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەخاتە بەر چاو و گیانێکی تازە وەبەر جەستەی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستان، بە تایبەت لەو بەشە دەنێ.

دووهەم: دوژمنان هەر لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار کودستانیان دابەش کرد و هەتا ئێستاش کە ئەوە چەند

ساڵێکە مرۆف پێی ناوەتە سەدەی بیستویەکەم، هەمیشە هەوڵیان داوە خەڵکی کوردستان وەک خاکە لەت لەت کراوەکەی کوتکوت کەن و بە هەر شێوەیەک بکرێ لێکیان جودا کەنەوە. هەر بەو مەبەستەش ئاژاوەیان لە نێو دا ناونەوە و تەنانەت زۆر جاریش توانیویانە شەڕ و خوێنڕێژیان لە نێوان دا دروست بکەن. هەمووی ئەو هەوڵە دزێو و گڵاوانەشیان بۆیە بوە کە ئەم نەتەوەکۆنە لێکهەڵوەشێنن و خەڵکەکەی لە یەکتر دڕدۆنگ و بێگانە کەن، کە بەداخەوە جار جار لە پێکهێنانی شەڕو کێشە لەنێوان کوردان دا سەریش کەوتوون. بەڵام ئەو حیسابەیان بۆ نەکراوە و دەو ڕاستیە نەگەیشتوون کە ئەو خەڵکە کە خاوەنی مێژوو و بناخەیەکی کۆنە، بەو پیلان و هەڕەشە و فڕ و فێڵانە لێک هەڵناوێرێ و لەبەین ناچێ. کورد با خاکەکەشی لەتلەت و داگیرکرابێ، هەر یەک گەلە. لە هەر شوێنێک و پارچەیەکی خەم و کۆیلەتی هەبێ ئی هەموانە و لە هەر بەشێکیش سەرکەوتنێک وەدەست بێ هەموو بەشەکانی دیکە دەگەشێنێتەوە و ئی سەرجەمی خەڵکەکەیە.

جێژن و خۆپێشاندانی دوێنێ بە ئاشکرا و بە تەواوی ئەو هاوپێوەندییەی نیشان دا. ئەو خەڵکە خرۆشاوەی دوێنێ لە شارەکانی کوردستانی ئێران ئاوا بەشکۆ و ئازایانە هاتنە مەیدان، هاواریان کرد: "کێ دەڵێ کورد مردوە" و لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش نەترسان، بەڕوونی نیشانیان دا کە راست وەک خەڵکی دهۆک و هەولێر و سلێمانی هەست بە شادی دەکەن و سەرکەوتنی پارچەیەکی ئەم خاکە ئی هەموو پارچەکانی دیکەشە.

بە ڕاستی کێ دەڵێ کورد مردوە؟!

لە کۆتایی دا با ئەوەش بڵێم هەر ئێستا پێش ئەوەی وتارەکەم بۆ " هەوارگە " بەڕێ کەم چاوێکم لە سایتی "بازتاب" ی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران کرد. جێژن و خۆپێشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی داگیرکراوی بەشی ئێران ئەوەندە بەرین و بە شکۆ بوە، کە ئەوانیش نەیانتوانیوە بیدەنگەی لێ بکەن و هەواڵەکەیان لە ژێر سەردێڕی "ئائارامیی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستانی ئێران" بڵاو کردۆتەوە. دیارە ئەوان بە شێوەی خۆیان شتەکەیان باس کردوە. بە داخەوە شەو درەنگە و دەرفەتی وەرگێڕانیم نەماوە. بۆخۆتان چاوێکی لێ بکەن، بزانن چۆنیان هەواڵەکە گێڕاوەتەوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠٠٤

ئەنجومەنی حوکمی عێراق لەسەر یاسای بنەڕەتیی کاتیی عێراق ڕێککەوت.

دوێنێ ئەنجومەنی حوکمی عێراق دوای چەند ڕۆژ باس و وتووێژ ڕایگەیاند کە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەسەر یاسای بنەڕەتیی کاتیی عێراق ڕێککەوتوون و بڕیاریان لە سەر ئەو یاسایە داوە.

دەسبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش، کۆلیۆن پاوڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، تۆنی بلێر سەرۆکوەزیرانی ئینگلیس و جەک ئیسترا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەم وڵاتەش خۆشحاڵیی خۆیان لەو ڕووداوە دەربڕی. پاوڵ ئەو بڕیارەی وەک دەسکەوتێکی گەورە بەراوەرد کرد، بلێر گوتی:" ئەو بڕیارە بەردی بناخەی عێراقی تازەیە" و جەک ئێستراش وێڕای پیرۆزبایی کردن لە ئەندامانی شۆڕای حکوومەتیی عێراق بە بۆنەی ئەو دەسکەوتەوە گوتی:" ئەو یاسابنەڕەتییە ڕێگا بۆ ئایندەیەکی تازە بۆ عێراق خۆش دەکا.

ئەندامە پایەبەرزەکانی شۆڕای حکوومەتی عێراق بۆخۆشیان ئەو یاسا بنەڕەتییە کاتییەیان بە بەڵگەیەکی مێژوویی ئەوتۆ ناو برد، کە زۆر بار و نێوەرۆکی حوقووقیی تێدا هاتۆتە گۆڕێ.

قەرارە سبەینێ، واتە چوارشەممە، ئەو بەڵگەنامە گرینگە ئیمزا بکرێ. بەڵام شتێک کە لەو پێوەندییە دا جێگای باسە، ئەوەیە کە لە ڕاستی دا نە تەلەویزیۆنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان و نە بنکە گرینگەکانی دیکەی هەواڵ تا ئێستا ڕاپۆرتێکی ورد و تێر و تەسەلیان لە سەر ئەو مەسەلە گرینگە بڵاو نەکردۆتەوە و بۆ وێنە من هێشتاش نەمتوانیوە دەقی هەمووخاڵە گرینگەکانی ئەو یاسایە لە زمانی هەواڵدەرێیەک، یان ماڵپەڕی یەکێک لە لایەنەکان ببیسم، یان بدۆزمەوە. ئەوەی هەشن گشتین.

بەڵام بە هەرحاڵ چەند شتی گرینگ بڕیاریان لەسەر دراوە کە ئەوانیش ئەمانەن.

. سیستیمی فیدڕاڵی بۆ عێراقی ئایندە پەسند کراوە و دان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک حکوومەتێکی فیدڕاڵ لە چواچێوەی عێراقێکی فیدرالی دا هێنراوە. ئەوەش بڕیاری لەسەر دراوە کە حکوومەتی ئێستای کوردستان بە هەموو ئۆرگانە نیزامی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهە نگییەکانییەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەوە لە هەنگاوی

ئێستادابۆ کورد دەسکەوتێکی گەورەیە وجێگای خۆشحاڵیە. دیارە کۆڕی نوێنەرایەتیی کوردستان دەبێ سەرنجی دابێتە ئەو مەسەلە گرینگەش کە دژواریی سەرەکی لە کاتی دابەزاندنی بڕیارەکان و قۆناخی جێبەجێ کردنی یاساکان دا لەوانەیە سەر هەڵبدا و هەر بۆیەش دەبێ بیری لە هەموو وردەکاریەکانی ئەو قۆناخە و باس لەسەر کردنیان کردبێتەوە.

- "زمانی کوردی و عەرەبی زمانی ڕەسمیی وڵات دەبن".
- "ئایینی ئیسلام وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی قانوون دانان دەناسرێ، بەڵام نەک وەک تەنیا بنەما و سەرچاوە".

دیارە بۆ دامەزراندنی سیستیمێکی دیموکراتی پیویستە ئەسڵی جیایی دین لە دەوڵەت بەڕێوەبچێ و دین تەنیا وەک شتێکی پیرۆز و تایبەتی ئینسانەکان چاو لێ بکرێ. زۆر زەحمەتە قانوونە ئایینیەکان بۆ بەڕێوەبردنی سیستیمێکی دێمۆکراتی کارایی‌یان هەبێ و گیر و گرفت نەخولقێنن. لەوانەیە دەوڵەت و دین بتوانن لە ناوچەی مسوڵمانە شیعەکان، یان ناوچەی دیکە کە تەجرەبەی تەمرینی دێمۆکراتی‌یان کەمترە، لەگەڵ یەک بسازێن، بەڵام لە کوردستان کە نیزیک بە سێزدە ساڵە بە سیستتیمێکی تا ڕادەیەکی زۆر ئەمڕۆیی و ئازاد بەڕێوەچوە و تەجرەبەیەکی دێمۆکراتیی تێدا لە گۆڕێ دا بوە، گەلێک زەحمەتە.

هەروەها بە پێی ڕاپورتی بی،بی،سی . کە من بەشێکی سەرەوەی ئەم باسەشم لێ وەرگرتوە ـ ئەحمەد چەلەبی ئەندامی شۆڕای کاتی دەڵێ:" خودموختاریی هەریمە کورد نشینەکان لەو قانوونە دا دەستەبەر کراوە، هەرچەند چوارچێوەی دەسەڵاتی بە کردەوەی دەزگاکانی هەرێم و جێگا و شوێنیان لە دەسەڵاتی نەتەوایەتیی عێراق دا و شێوەی پێوەندیی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، بە حکوومەتی هەڵبژاردە سپێردراوە".

ئەمەش بە ڕوونی دەریدەخا کە کورد دەبێ پێشبینیی هەڵسووڕانێکی دیپلۆماتیی ژیرانەی دیکەش بۆ قۆناخی باس لەسەر وردەکاریەکان لە بەرامبەر دەوڵەتی هەڵبژاردە دا بکا.

بە هەرحاڵ، کۆڕی نوێنەرایەتیی کورد تا ئێستا هەڵسووڕاوانە چۆتە پێش و بە بڕوای من باشی کار کردوە. هیوادارم لە تێکۆشانی داهاتووی دا دڵنیایی و مزگێنیی زیاتری بۆ گەلەکەمان پێ بێ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠٠٤

شێعرێکی ئاشقانە

"جوانی بێدەنگ"

خۆشەویستم نازی چاوە جوانەکەت سووتاندمی
تین و تاوی ئاگراویی ویستی تۆ برژاندمی

ئاشق و شێت و ئەویندارێ قەدی ڕازاوەتم
بولبولێکم بۆ قەفەس چاوی ڕەشت حاملاندمی

پێکەنینت دەرکی ئاواتی لە دڵما کردەوە
بیری گەرمیی باوەشت وەک دارەبی ڕاژاندمی

خۆشەویستیت بوومەلەرزەی خستە نێو شاری دڵم
هەر کە پەیدا بوو؛ وەکوو خانووی قوڕین ڕووخاندمی

سەدکەڕەت بەو چاوەمەستو پڕلەنازەت سوێندەدەخۆم
شێتی باڵاتم، شەرابی ویستی تۆ تاساندمی

قەت نەگریاوم هەتا ئێستا لەبەر کۆسپی ژیان
بیری لێکبوونمان وەکوو مندااڵ بە کوڵ گریاندمی

جوانی بێدەنگم وشەی "خۆشمدەوێ" کەمتر دەڵێی!
بۆیە ئاوات بانگ دەکەم، بەو شێوەیەش ناساندمی

"ئاشق"م، با ئاگری ئیشقت گڕم تێبەر بدا
بۆ فیدا بوونم لە ڕێی ئیشقە سروشت خولقاندمی

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠٠٤

کورتە چیرۆک

"پیاوەکە"

نووسینی بە سوێدی: ئارام ئیسماعیلی

وەرگێڕان بۆ سەر کوردی: ئاشق

پیاوەکە دانیشتبوو و بەشێوەیەک لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەیڕوانیە دەرێ، دەتگوت ئینسانێکی سەردەمی غارنشینی یە کە لە شتێکی نوێ یان لە دەعبایەکی سەیر دەڕوانێ. حاڵەتی ڕوخساری وەک هیچ شتێکی سەر ئەم دنیایە نەدەچوو. ئەوحاڵەتە حاڵەتێکی خەماوی، هێدی و هەر لەوکاتەش داڕاماو و تەماوی بوو. جار بە جار لە چاوە کاڵە مەندەکانی یەوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک ڕیزیان دەبەست، ڕاست وەک ئەو دڵوپە بارانانەی لە هەورە ڕەشەکانەوە بە سەر ئەوشارەی جاران ئارام و ساو و بێ دەنگە دا دەڕژانە خوار. بارانیکێ توند دەباری. تەنیا کەسانێک کە لە دەرەوە بوون، سوالکەرە پیرەکان و منداڵە بێ ماڵ و حاڵەکان بوون. پیاوەکە ئەوانی دەدی. دەمێک بوو لە ئێش و ئازارەکانی خۆی هەڵبڕابوو و ژانی هەژاری و بێدەرەتانیی ئەو بەسزمانانە کە کۆمەڵ ئاوڕی وەسەر نەدەدانەوە و کەس نەبوو دەستیان بگرێ، هەموو هەناوی دەرزیئاژن دەکرد.

سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو و ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو دەرمانە بەزیادنەبوە بێتامەکەی بخوا، کە ئەو بەتەواوی لێ بێزار بوو و لەوە تا دەو کونە نا خۆشەیان خزاندبوو، بە سەری دابڕا بوو بیخوا. ئاخێکی ساردی هەڵکێشا،

ئاخێکی ناهومێدانەی قووڵ، پاشان لە سواڵکەرێکی روانی کە هەوڵی دەدا خۆی لە پەنا گوێسوانەی ماڵێک حەشار بدا و لەشی کزو شەکەتی خۆی لە تەڕبوون بپارێزێ. دڵی بە دیتنی ئەو نابەرابەری و ستەمە کە لەو دیمەنە دا رەنگی دەداوە دەگوشرا و دەتگوت خەنجەری دەهەناوی ڕۆ دەکەن بەڵام خۆ ئەو دەسەڵاتی نەبوو و هیچی پێ نەدەکرا، یان نا،... بەراستی دەیتوانی شتێک بکا؟!

لەوانەیە ئەو بتوانێ یارمەتی یەک بەو نەدارە بکا، کە ئا ئێستا بە بەرچاوییەوە لە ژێر گوێسوانەی ئەو خانوە خۆی گرمۆڵە کردوە و هەر نەبێ نەختێک رووناکایی بخاتە ڕۆژی تاریکی ئەوەوە، یان هەوڵێکی بۆ بدا بەڵکوو لە ماڵی پیران ڕێی بدەن هەر نەبێ جاروبار لەوێ خۆی گەرم کاتەوە، نەختێک بحەسێتەوە و پاروە نانێک بخوا. هەزار جۆرە بیرو ڕێگای یارمەتیدانی بەمێشک دا دەهات، بەڵام تاقە یەکێکیانیشی پێ جێ بە جێ نەدەکرا. هەروا ئارام و بێ دەنگ لە بەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و لە مرۆڤە هەژارەکانەوە ڕامابوو.

کاتێک هاتن دەرمانەکەی بدەنێ، ویستی مل نەدا و نەی خوا، نەی دەویست چیدی ئەو تامە ناخۆشە بچێژێ، بەڵام وەک جاران بە زۆری دەزاریان کردو پێیان قووت دا.

ئیدی هەودای بیری پیاوەکە پسا. پەرستاران لە سەر تەختەکەی خۆی رایانکێشا و ماوەیەک درێژیان کرد. دواتر وەک ئیفلیجان، بێ جووڵە لە سەر تەختەکەی کەوتبوو. ئەوە وەزعێکە کە هەرچەند پیاوەکە پێی را نەهاتوە، لێکدا لێکدا بۆی دووپات دەبێتەوە، لەو جۆرە کاتانەدا کە ئەو ناتوانێ بجووڵێ، بیری بۆ سەردەمی لاوەتیی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتانەی بابی لێی دەدا. بەڵام ئەمڕۆ ئەو دەورەی نایەتەوە پێش چاوی.

خەیاڵی تەنیا بەو هەژارە بێ ماڵ و حاڵانەوە خەریکە کە لەژێر ڕێژنەی بارانەکە دا وەک باڵندەیەکی تەڕی لێقەوماو بە دوای کەلێن یان پەسیوێکیژێرگوێسوانەیەک دا دەگەڕێن. ئەو پرسیارە دایم لە میشکی دا دەنگ دەداتەوە: "بڵێی بە شێوەیەک بتوانم یارمەتی یان بکەم؟"

ئالیکس لەدەرگای ماڵی پیران نیزیک بۆوە. ئەو پاکەتێکی زەردی دەبن هەنگڵی دا بوو. دیار بوو زۆری ئاگا لە پاکەتەکەیە و دەتگوت پارچە زێڕێکی پێیە. توند توند بە بن هەنگڵییەوە دەگوشی و لێکدا لێکدا وەک ئەوەی ترسی بێ نەکا لێی بکەوێ، ئاوڕی دەداوە و چاوی لێدەکرد. ژووری ڕێنوێنی و زانیاریی ماڵی پیران لە دیوی

نێوەوە، لە نیزیک دەرگای ماڵەکەهەڵکەوتبوو. ئالیکس لەبەر دەربیجەی دیوارە شوشەکەی ژووری ڕێنوێنی ڕاوەستا.

ژنێک کە لە ژوورەکە دانیشتبوو. ژنە پرسیاری لێ کرد:

ـ کارت بە کێیە! هاتووی کەسێک ببینی؟

ئالیکس وەڵامی دایەوە:

ـ دەمەوێ ئاغای جاک ئاندرسۆن ببینم.

ژنە چاوی بەرداوە و لە حاڵێک دا تەمەشای تەختەی پێش دەربیجەکەی دەکرد گوتی:

ـ ئاغای ئاندرسۆن؟... زەحمەتە کەسێک بە ناوی جاک ئاندرسۆن لێرە هەبێ، نا، نەخێر کەسێک بەو ناوە لێرە نیە.

ئالیکس سەری سوڕما. "شتی وا نابێ!... باوەڕ ناکەم بە هەڵە هاتبمە ئێرە". ویستی ژنەکە حاڵی بکا کە ئاغای جاک ئاندرسۆن دبێ لێرە بێ، لەو کاتە دا بە دەنگی پەرستارێک کە لە پشت ئەو ڕاوەستابوو وەخۆهاتەوە:

ـ وادیارە جەنابت دەتەوێ "پیاوەکە" ببینی.

ئالیکس زیاتر سەری سوڕما:

ـ بەڵێ؟ مەبەستت چی یە؟ نەخێر من هاتووم جاک ئاندرسۆنی ببینم.

ـ تکایە"جاک ئاندرسۆن"ی لە بیر بەرەوە. ئەو دەیەوێ بە"پیاوەکە" ناوی بەرن. هەرلەبناخەدا نایەوێ ناو و ناسنامەیەکی هەبێ. ئێمەش لە بەر دڵی وی تەنیا بە"پیاوەکە" بانگی دەکەین .ئێستا پێم بڵێ بزانم دەتەوێ

"پیاوەکە"ببینی یان نا؟!

ـ بەڵێ زۆرم پێ خۆشە ببینم.

ـ باشە تۆ هاوڕێ یان خزم وکەسی ئەوی؟

ـ من نە هاوڕێ و نە خزم و کەسی ئەوم من لە لایەن دامەزراوی.... وە کە دامەزراوێکی گەورەی کولتوری فەرهەنگی یە، هاتووم. دەمەوێ "پیاوەکە" ببینم و هەواڵی پێ بدەم کەئەو بە بۆنەی کتێب و ئاسەوارە بە نرخەکانی خەڵاتێکی گەورەی ئەدەبیی بردۆتەوە. ئەو خەڵاتە سێ میلیۆن کڕۆنیش پووڵ دەگرێتەوە. چەکی ئەو پووڵە لە گەڵ خەڵاتنامەیەک کە بە ناوی ئەوەوەنووسراوە، ئەوەتا لەو پاکەتەی بن هەنگڵم دایە کە ئەمن دەبێ لە لایەن ئەو دامەزراوە فەرهەنگی یەوە پێشکەشی ئەو نووسەرە گەورەیە واتە "پیاوەکە"ی بکەم. من بۆ ئەو مەبەستە هاتووم.

پەرستارەکە حەبەسا. هێندەی سەر سوڕمابوو، کە چەند دەقیقەیەک نەی توانی قسان بکا. پاشان ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە نەی دەزانی چ بڵێ و چۆن وەڵامی ئالیکس بداتەوە. ئەو لە مێژ بوو کاری خزمەت کردن وئاگاداری کردنی جاک ئاندرسۆنی پێ سپێردرابوو و هەر ئەویش لە هەموان زیاتر هەستی بە ناسۆری دەروون و خەمە بێ کۆتایی یەکانی ئەو کردبوو و زگی پێ دەسووتا. جاک ئاندرسۆن کەئیدی لە لای هەموو کاربەڕێوەبەرانی ماڵی پیران بە "پیاوەکە" ناسرابوو، هەرگیز نەی دەویست لە گەڵ کەسێک بدوێ وگرێی دڵی خۆی لە لا بکاتەوە. تەنیا لە گەڵ ئەو پەرستارە، ئەویش جاروبار، هێندێک قسەی ئاسایی دەکرد. هەر کاتێکیش پەرستارەکە دەیەویست پرسیارێک سەبارەت بە هۆی خەمبار بوونی بکا، تەنیا ئەو وڵامەی دەبیست: "لێمگەڕێ، لە کۆڵم بەوە، چت پێ بڵێم" و ئێستا کە دەیدی لەوانەیە بەو مزگێنی یەی ئەو پیاوە پێیەتی، هێندێک ببووژێتەوە، خۆشحاڵ بوو.

لەو ماوەیە دا کە پەرستارەکە کەوتبوە پێش و ڕێگای ژووری پیاوەکەی نیشان دەدا، ئالیکس بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ چۆن دەست بە قسە کردن بکا. بڵێ:"سڵاو من لە لایەن دامەزراوی..." یان بڵێ:"سڵاو ئاغای ئاندرسۆن ئەوە شانازییە بۆ من بە خزمەت جەنابت دەگەم". یان...، نەیتوانی چی دیکە بیر بکاتەوە چونکە پەرستارەکە لەبەر دەرگای ژوورێک راوەستا:

ـ فەرموو ئەوە ژووری" پیاوەکە" یە.

بە پتە لە دەرگایان دا. پیاوەکە وەڵامی نەدایەوە، گوێی لە دەنگی دەرگا هەر نەبوو. چوونکە بیر کردنەوە لەو منداڵانەی لە دەرەوە لە سەرمان هەڵدەلەرزین، بۆ ئەو زۆر گرینگتر بوو. دەیزانی ئەو بەستەزمانانە زۆر جار هەوڵیان داوە بێبە ژووری ماڵی پیران، بۆ ئەوەی خۆیان گەرم کەنەوەو شتێک بخۆن. بەڵام کارمەندەکان بە چاوی بە فرمێسکەوە بەرگریان لە هاتنە ژووریان کردووە. بڵێن چی، چی دیکەیان لە دەست نەهاتوە.

سەرەنجام دەرگا کرایەوە و پیاوێکی باڵا بەرزی موو ڕەشی چاو قاوەیی، کە کۆت و شاڵوارێکی ڕەشی دەبەر دابوو و کراواتێکی سووری لێدابوو، وەژوور کەوت.

ژاک وە خۆ هاتەوە و بە دەنگێکی نزم گوتی؟!

ـ چتان دەوێ؟

ئالیکس کە تا ئێستاش هەر بیری لەوە دەکردەوە چۆن قسەکانی دەست پێ بکا گوتی:

ـ سڵاو! من ناوم ئالیکس داروینسۆنە و لە لایەنداماەزراوی ئەدەبی - فەرهەنگیی"..." وە هاتووم تا خەڵاتێکی شایانت سەبارەت بەو کتێبە بە نرخ و بەرزانە بدەمێ کە تۆ چەند ساڵ زەحمەتت پێوە کێشاون.

جاک چاوێکی لە پەرستارەکە کرد.

ـ ساندرا جێمان بێڵە با قسان بکەین.

پەرستارەکە دەرگاکەی لە سەر پێوەدان. بۆ ماوەیەک بێ دەنگی یەکی ناخۆش باڵی بە سەر ژوورەکە دا کێشا.

ئالیکس چاوەڕوانیی ئەو بێدەنگی یەی نەدەکرد. دەتگوت لەشی بۆتە پارچە سەهۆڵیک و بە عەرزەکەوە بەستوویەتی.

ـ ئاوا، سەرەنجام ئەو هەموو کتێبانەنەی کەمن ساڵانێکی زۆر پێیانەوە ماندوو بووم، بوون بە هۆی ئەوەی خەڵات بکرێم؟!

ـ لە مێژ بوو دامەزراوی ئێمە تۆی بۆ ئەم خەڵاتە لە بەر چاو گرتبو، و چاوەڕوانی بارودۆخی گونجاو بووین، ئێستا من لێرەم و ئەوە بۆ من شانازیی یەکی گەورەیە کە وەک نوێنەری دامەزراوەکەمان چاوم بە تۆ دەکەوێ و ئەم خەڵاتەت پێشکەش دەکەم.

جاک بێ دەنگ بوو. چاوی دەچاوی ئالیکس بڕی و ئەمجار کوڵێکی توند گرتی. فرمێسکەکانی وەک دڵۆپ دڵۆپ بە سەر روومەتە زەرد هەڵگەڕاوەکانی دا رژانە خوار.

ـ ئەوە چی یە ئاغای ئاندرسۆن، توخوا بۆ دەگری؟ بۆ ناڕەحەتی؟!

چەند دەقیقەیەکی پێ چوو تا جاک ئارام بۆوە و توانی قسە بکا:

- من زۆر لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەو دەلاقە روونە بووم. ئێستا نازانم چۆن هەستی خۆم دەربڕم. ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم لە وشەو رستەی ئاسایی دا جێی نابێتەوە. چەند ساڵە کچەکان و کوڕەکانم هەر لێشیان نەپرسیوم. سێ ساڵ پێش ئێستا خێزانم مرد و بە تەنیای بەجێ هێشتم. دوای ئەوە نەخۆش و سیس و کەلەلا لەو گۆشەیەی ماڵی پیران خزاوم و هەزار جار ئارەزووی مەرگم کردووە. هیچ شتێک لەو دنیایە نەمابۆوە کە دڵی پێ خۆش کەم وبە ژیان هیوادارم کا. بەڵام تۆ ئێستا هیوای ژیانت لە من دا زیندوو کردەوە.

ئالیکس نەی دەزانی بڵێ چی ؟! بەسەرهاتی ئەو نووسەرە گەورەیە ئەوی پەشێو و خەمبار کردبوو.

- من زۆر بەختەوەرم کە تۆ ئێستا هەست بە رووناکیی ژیان دەکەی و بە داخم کە دوای خێزانت هەست بەو هەموو تەنیایی یە دەکەی. ئەوەی ئێمە دەیکەین تەنیا ئەمەگناسی یەکە کە لە بەرامبەر خزمەتەکانی تۆ دا شتێکی وا نیە. لە بیرم چوو عەرزت بکەم، خەڵاتەکەت سێ میلیۆن کرۆن پوولیشی لە گەڵە کە هەر ئێستا چەکەکەی دەدەمە خزمەتت.

جاک چوو بۆ لای ئالیکس. راست وەک ئەوە کە کوڕی خۆی بێ و هاتبێتە سەردانی لە باوەشی گرت و گوتی:

- گەلێک سوپاس. بەڵام،... بەڵام پیرەپیاوێکی وەک من ئەو هەموو پووڵەی بۆ چی یە؟! بە راستی من چ لەو پووڵە بکەم؟

- نازانم ئاغای ئاندرسۆن. چۆنی بۆ خۆتان پێتان باشە وای لێ بکەن.

جاک هێندێک ڕاما. پاشان بۆ لای پەنجەرەکە چوو وجارێکی دیکە لە بێ ماڵ وحاڵ و بێ ئەنواکانی ڕوانی. کە ڕووی وەرسووڕاندەوە، نیگای گۆڕابوو. حاڵەتی چاوەکانی لەبڕیارێک دەدوان کە لە ناخی دەروونی ئەو گەورە پیاوەوە سەرچاوەی دەگرت و سوکنایی و رازی بوونی پێ دەبەخشی. دوای بێ دەنگی یەکی کورت بە بزەیەکەوە ڕووی دە ئالیکس کرد و گوتی:

- ئێستا بەوردی دەزانم ئەو پووڵەی چ لێ بکەم. دەبوو ئەوکاتانەی کە ساغ و دەوڵەمەند بووم زۆر جار ئەو کارەم کردبا.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٤

بەرنامەی ئەدەب و هونەر

مانگی بانەمەڕ، ئەوپەڕێ شکۆی بەهاری کوردستان (دەنگ)

بەرنامەیەکی دیکەی ئەدەب و هونەری دەنگی کوردستانی ئێران(بەهاری ١٣٦٨)

بەڵێ ئێستا لە مانگی بانەمەڕ دا، گەرمەی دەسەڵاتی بەهارە. بەهارێکی جوان کە ڕۆژ بە ڕۆژ دڵگرتر و ڕازاوەتر دەبێ و هەر وا دێ و دیمەنی جوانتر بە خۆیەوە دەگرێ. زیندوویی و ژیان لە باوەشی دەرو دەشت، مەرگ و چیمەن و ڕووی زیندەوەران دا سات بە سات زیاتر ڕەنگ دەگرێ و تابڵۆی وێنەگەری کارامەی سروشت هەردەم تەواوتر دەبێ

و ڕووەای شیرنتر و سەرنجڕاکێشتری پێدەدرێ. بە ڕاستی بەهار زۆر جوانە و بە تایبەت بەهاری کوردستان لە دڵی منی کوردی چەوساوەی ستەم لێکراو دا کە بست بە بستی خاکی ئەو وڵاتەم بۆ وەدەست هێنانی مافی مرۆڤانەم بە خوێنی گەشم ئاو داوە و ئاشقی بێقەراری چیمەن و دیمەن و چیا و هەڵدێری ئەو هەرێمەم، لە بەهاری هەموو شوێنێکی دیکەی جیهان خۆشتر و دڵگرترە.

بڕوانە دامێنی کەژ و کێوەکان و بە چاوی دڵ ئەو نیشتمانە ببینە، بە تەرازووی هەستی نیشتمانویستی و جوانی پەرستی بەراوەرد بکە و ئەو دەم بڵێ کام دیمەن دەتوانێ وەک بەهاری کوردستان بێتەوە؟!

مانگی بانەمەڕ سەرێک لە هەوار و ڕەشماڵی کوێستانچیەکان هەڵێنە، گوێت لە کارەی مەڕ و شمشاڵی بەسۆزی شوان ڕاگرە، شەنگەبێریی کێلگەردن و قۆڵ بە بازن ببینە، لە ئاوی ژیانبەخشی کانیاوی وڵاتەکەم بخۆوە، لە نێو بۆڕ و کەما و زەمەند و زنوێری کوێستانەکان بە دووی کارگ و کوڕادە و ڕێواس و بیزا و مەندۆک دا بگەڕێ، گوی لە قاسپەی کەوی لاپاڵ و لووتکەکان بگرە، لە سەر بەردێکی بەرزی ڕەوەزێکی سەرکەش دانیشە و پڕ بە چاوان سەیری ئەو دیمەنە نەخشاوە بکە کە چاوەکانت دەلاوێنێتەوە و ئارامی بە دڵ و دەروونت دەبەخشێ. با ئەو شنەبایەی مامۆستا هێمن گوتەنی:" بە نەرمی بسکی بەڕەزا دەبزێوێ"، کاکۆڵی تۆش بلاوێنێتەوە و دەستی خۆشەویستی بە سینگ و بەرۆکت دا بگێڕێ، ئەو کاتەیە کە تۆش وەک شاعیر شەیدای جوانیی بەهاری کوردستان دەبی و بە چەشنی بولبولی مەست و شەیدای ئەوینی گوڵ بۆی دەخوێنی.

یاران تەمەشا کەن چەمەنی جوانی بەهاری
دەرمانی دڵی پڕ خەمە سەیرانی بەهاری

ڕازانەوە وەک باخی بەهەشت دەشت و چیاکان
ڕەنگاوە دەڵێی بووکە گوڵستانی بەهاری

هەر لایێ دەچی سوورە لە مێلاقە و خاشخاش
دێ بۆنی وەنەوشە و گوڵ و ڕیحانی بەهاری

لێوی بە بزە کردەوە خونچەی گەشی سەر دار
پڕ بوو لە گەڵا و گوڵ لکی دارانی بەهاری

هەر لاخڕ و دۆڵێکی دەچی کانیەیە، ئاوە،
قاسپەی کەوی خۆشخاڵە لە شاخانی بەهاری

پڕ بوو لە هەڵاڵە و لە کەما و سوێسن و بەیبوون
لاپاڵی چیا و دامەنی کوێستانی بەهاری

فێنکەکەرەوەی ڕووح و دڵە و نەشئە بزێوە
کارەی مەڕ و شمشاڵی دەمی شوانی بەهاری

چەند نەرم و بلاوێنە لە دڵ ئەو شنەبایەی
دێ سەرلە بەیان، کاتی سبەینانی بەهاری

سەرمەستە لە عیشقی گوڵی سوور بولبولی شەیدا
دەردی دڵ ئەکا مۆرغی غەزەڵخوانی بەهاری

مەل شاد و بە کەیفن بە هەزار نەغمە دەخوێنن
گۆرانی دەڵێن کۆمەڵی ئاشقانی بەهاری

دەستی گوڵەکەت بگرە ئەتۆش "ئاشق"ی شەیدا
بچنە کەژ و کێو بیکەنە جێژوانی بەهاری.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٠٤

کۆچی دوایی ئازا

بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری ناکام "مامۆستا ئازا سەکری(قادر لوتفیانی)"یەوە

پێکەنینی تاڵی من خەمینترە لە گریان
کار لە شین تێپەڕیوە. پێکەنینی دەمگرێ

ئازا (لە شێعرێکی فارسییەوە وەریگێڕاوە)

کاتێک هەواڵی مەرگی ئازام بیست، دوو هەستی زۆر جیاواز لە دەروونم دا پێکهاتن. یەکێکیان دەیگوت زۆر باش بوو بۆخۆی بە ئاسایش و ئارامی گەیشت و لە دەست ئەو هەموو ڕەنج و ئێشە کە زیاتر لە هەژدە ساڵ پێوەی نااڵاندی، ڕزگار بوو و چیدیکە ئازاری نەچێشت. بەاڵم ئەوی دیکە حەسرەتی بێدەرەتانیی ئازای دەخستمەوەو یاد و ئەوە کە داخی گرانم ئەو هەموو هەست و شارەزایی و زمانپاراوییە لەگەڵ گێژەڵووکەی لەشبەباری، بێدەرەتانی و بێبەختیی ئەو مرۆڤە بێتاوان و بێئەنوایە دا بە حەوا دا چوو و ئەو هەستە ناسکە، ئەو بیرە بەرینە و ئەو زمانە ڕەوانە زۆر زوو شەختەی پاییزی چارەنووسی لێڵ لێبدا و دەرفەتی بووژانەوە و گەشەکردنی لێ ئەستێندرا. کە بیرم لەو بەسەرهات و سەربردە تاڵەی ئەویش کردەوە، تەڕایی فرمێسکم لە سەر گۆنام هەست پێ کرد و منیش بە تەنیایی و لەم نیوەشەوە دا کە هیچ زیندەوەرێک دەنگی نایە و هەموو شتەکانی نێو سروشتی دەوروبەریشم ڕاست وەک خۆم لە تەمی بێدەنگی دا ونن، گریام و تاوێکی باش بە یادکردنەوەی و هێنانەوە پێش چاوی هێندێک بیرەوەریی گەڵ ئەو، تازیەم بۆ داگرت. بڵێم چی، دەست کورتم و لەوە زیاتر چم لە دەست نایە. ئەویش وەک زۆربەی شاعیر و ئەدیبە کوردەکان هەناسە سارد، دەنا ئازا بۆ ئەوە دەبوو کە کۆڕی بیرەوەریی گەورەی بۆ بگیرێ و یادی بە شکۆتر بکرێتەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم هیوادارم بەرهەمەکانی کە بۆخۆم دیتووەن، زۆریشن و بە خۆشییەوە وەک من بزانم لە لای دەستێکی ئەمین و برایەکی دڵسۆز دانراون، ڕۆژێک چاپ کرێن و لە مەترسیی فەوتان ڕزگار بن.

ئازام ساڵی ١٩٨٠ لە کۆمیتەی شارستانی مەهابادی حیزب، کە ئەوکات لە پشت گوندی کۆنەدێ، لە دۆڵێک دا، دە نێو چادر و خێوەتان دا بوو، چاو پێکەوت و ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کرد. یەک ـ دوو ڕۆژان لە لای یەک بووین.

زۆر مەشرەف خۆش و بە دەماخ بوو. هەر ئەوکات شێعرمان بۆ یەکتر خوێندەوە. ئەو شێعرە ڕەوانەی کە ئەم پێنج خشتەکییە سوار و ڕێکوپێکەشی تێدایە، یەکێک لەو شێعرانەی خۆی بوو کە بۆی خوێندمەوە:

لە کاتێک دا نەیاری گەل بە تۆپ جەرگی زەوی دەدڕێ،
کە دایکی کورد لەسەر تەرمی کوڕی ئەسرین بە چەک دەسڕێ،
لەکاتێکا مەلی هیوا بەردەو ئازادی هەڵدەفڕێ،
دەڵێم:"لاوی دێموکڕاتم، سەرم قوربانی ڕێبازی
هەتا مردن وەفادارم بە حیزبی پێشەوا قازی"

دواتر نێوە ـ نێوە یەکترمان دەدیتەوە. نێوانمان خۆش بوو. ساڵی ٨٢ شوێنی کاری من گوێزرایەوە و چوومە دۆڵی گەورەدێی دۆڵی جافەتی کە ئەو کات بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی لێ بوو. ئازاش دوای ماوەیەک لەوێ پەیدا بوو. مامۆستا "بێ بەش" یش لە وێ بوو. ئیدی ئەو سێیانەمان زۆر بە یەکەوە بووین. بیستبووم کە هێندێک وەزعی تێکچووە و نەخۆشە. وا بوو، بەڵام لە سەرەتاوە زۆری پێوە دیار نەبوو. لە وێ لە خوێندنگەی شۆڕش دەرسی بە منداڵان دەگوت، زۆری زەحمەت دەگەڵ دەکێشان و زۆرێشی کارەکە بە کەیفێ بوو.

لە بیرمە بەهاری ٨٣ کتێبێکی بە ناوی "چاڵی بەردین" بە دەستەوە بوو. هەر کاتێک شتی تازەی دەنووسی و لێی زیاد دەکرد، بە پەلە دەهات و بۆ من و بێبەشی دەخوێندەوە. نووسینەکەی لەو کتێبە دا کە من ئەو کاتە چاوم پێکەوتوە و دوای هەژدە - نۆزدە ساڵ ئێستا هەر تارماییەکم لێ دێتەوە بەر چاو، شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بوو. تێکەڵاوێک لە شێعر و پەخشان بوو، بە سەرهاتێکی ئاشقانە - شۆڕشگێڕانە بوو کە لە ئەوینی ناکامی کوڕە پێشمەرگەیەک و شۆخەکچێکی مەهابادی دەدوا کە بە ڕاستی وەستایانە ڕێکی خستبوو و لە باری ئەدەبییەوە شێوەیەکی تازە و بە نرخ بوو.

مامۆستا ئازا بێجگە لە وەی شاعیر و کوردیزانێکی باش بوو، فووتبالێستێکی کارامەش بوو. پێش پێشمەرگایەتی ئەندامی تیمی هەڵبژێردراوی تۆپی پێی شاری مەهاباد بوو و زۆر جار کە لە گەڵ منداڵەکان و پێشمەرگەکان، فووتبالی دەکرد، لێزانی و هەڵسوڕپی پێشووی پێوە دیار بوو.

هێندەی پێ نەچوو بە داخەوە نیشانەی نارەحەتی و ئێش و پەشێویی زیاتری لێ پەیدا بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵی خراپتر بوو. وای لێ هات ئیدی کاری پێ نەدەکرا و تەنانەت لە نووسین و شێعریش هەڵبڕا. سەرەنجام ساڵی ٨٤ چۆوە مەهاباد و بە داخەوە ئیدی چاوم پێی نەکەوتەوە. وەک باس دەکەن پێموانیە دوای گەڕانەوەی توانییێتی بنووسێ و هەر بۆیەش وێدەچی بەرهەمەکانی بێجگە لە وانی پێش شۆڕشی، هەر ئەوانە بن کە لە دەرەوە و لە کاتی پێشمەرگایەتی دا نووسیونی، کە من ئەوەندەم لێ وەبیر دێنەوە:

١- بامیەی شیلەدار. پەخشانی ئەدەبی.
٢- کوردستانی خوێناوی. کتێبێکی چکۆلە بە شێعر لە سەر شێوەی "بەرەوموکوریان" ی مامۆستا هەژار، کە لەودا ئازا و ڕۆای تاریفی زۆر شوێنی کوردستان، ناوی زۆربەی هەرەزۆری ئەو شەهیدانە دێنێ، کە تا ئەو کات گیانیان فیدا کردوە و تاریفی ئازیەتییان دەکا.
٣- چێژی تیرهاوێژی، وەرگێڕراوی شێعری "ارش کمانگیر" ی "سیاوش کسرایی" ، کە بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم وەرگێڕانەکەی ئازا، شان بە شانی دەقە فارسییەکە دەوەستێ و ئەگەر زیاتری نەبێ، چی لە وی کەمتر نیە.
٤- چاڵی بەردین کە لە سەرەوە باسم کرد.
٥- شێعری بڵاو کە دڵنیام ئەگەر نەفەوتابن، زۆریشن.
٦- دەفتەرێکی پڕ لە قسە و بەسەرهاتی خۆشی خۆی و خەڵک.

ئێستاش بۆ یادکردنەوە و هێنانەوەی نموونەیەک لە شێعرەکانی، بەشێکی بچکۆلە لە "کوردستانی خوێناوی"یەکەی، و ئەو شوێنەی باسی شاری مهابادی تێدا دەکا، دەنووسمەوە. پێمخۆشە ئەوەشی لێ زیاد کەم کە من ئەو پارچە شێعرەم ساڵی ٨٧ وێڕای هێندێک باسکردن لە سەر بەرهەمەکانی ئازا، لە بەرنامەیەکی "ئەدەب و هونەر"ی دەنگی کوردستانی ئێران دا خوێندەوە.

بەشێک لە پێشەکیی "کوردستانی خوێناوی"

پاییزە، زیزە سروشتی ئازاد
زەردە خەمڵیوە وڵاتی ناشاد
ڕووەتی زەردە گەڵای داری مات
سوورە ڕووی بووکی هومێد و ئاوات

پێکوڵەی دەشتی ژیان بەرگەوزە
داری چواروەرزی ژیان سەرسەوزە

پاییزە، وشکەگەڵا وەرکەوتن
خۆر و خۆری لە چیا سەرکەوتن

زەردە سەربەندی پەڕاوی تاوە
دوا پەڕی زەردەپەڕی زووخاوە

بایە، پاییزە مچوڕکە و گەردی
تێپەڕی، ون بوو لە چاوم زەردی

شەوە یەکڕەنگە دەروون و چاوی
کوڵی دڵ سۆنگەیە بۆ خاراوی
گۆمی خوێن پڕ بە دەماری شیوە
لانی پاپۆڕی دڵە کازیوە

دوند ودەشت پڕبە دەرووی ڕووئاڵە
سوبحی شادی دێ لە دووی شەوناڵە

دەم لەچەم جامی بە سەردی نۆشی
زێڕەکۆ دەرد و خەمی داپۆشی

دڵ لە دێ، دێ، دێ بەرەو ئازادی
لە شەقەی باڵی دەدا بۆ شادی
سێوە لاسوورە لە سەر ڕووبارە
هەر دەڵێی ڕەشبەڵەکی دڵدارە

بەڵێ دڵ دەفڕێ بەرەو کێوانی
هەڵدەنیشێ لە تـرۆپکی مانی

بەیتی دڵ، ڕوون و ڕەوانیی هەرمان
چوارچرای ڕوونە بە شێعری خـەرمان

نیشتمان باخی گوڵانـی تێـدا
دڵ نەکەی بفرێ بە ڕێی لاڕێ دا

گەرچی لێم دووری گوڵم، لـێم دیاری
دێمەوە و دەس بە چـەکم پـڕ دیاری
دیاریی ژێن دیاری دڵـی هاوینە
بەرو بووی داری بەری بۆ ژیـنە

خوینی دڵ دەتکێ لەپێدەشت و کـەل
ئۆقرەگەم بوو بە دڵی ڕوونی گەل

خەبەری شادیی گـەلان تـا دێنم
باڵی زۆردای زەمان دەشکێـنم

زێدە سەربەرزەکـەمی کوردسـتان
سەنگەری سووری سەری سەربەسـتان

بزە بزوێنە گوڵـی گوڵـزارت
دڵ بڵاوێنە دی دێ و شـارت

با بە جوانی بگەڕێ نۆرەی ئاش
نۆرە هی شاعیرە دوای پەیکەرتاش

هەرچی جێ ماوە لەجیلوەی جوانی
چاو لە ڕووی شاعیرە ئەرکی دوانی

کاتێک دێتە سەر باسی مهاباد:

ئەی مەهابادی بە هەستی هەستان
بووکی تارا بەسەری کوردستان

دیمەنی جوانی تۆ دڵ دەڕفێنێ
تەختی تاراکەتە سوور دەنوێنێ

قیبلەگەی ژین و ئەوین و جوانی
شارەکەی قازیی، هەژار و شوانی

ئەی مەهابادی موعینی پەروەر
ئەی مەهابادی جلی سوور لەبەر
ئەی نەکووژاوە گڕی ئاگردان
دڵی پر تینی خەباتی کوردان

بە دەوی، پڕ بە دڵان دڵخوازی
لانی جوانچاکی، مەکۆی گیانبازی

دڵمەوە و دەچمە"خەزای"ی جوانم
هەر لە وێ ڕا لە گوڵم دەڕوانم

جێگە شوانیی خۆ بە دوژمن نادەم
شەرتە لەو جێیە نەیارم ڕادەم

ئەوە مەنزڵمە خەمی لێ دەرکەم
هێنەری دەرد و تەمی لێ دەرکەم

با بە شمشاڵەکە خەم هەڵڕێژم
با بە چەک دوژمنی خۆم دابێژم

دڵمەوە و دەچمەوە جێی جارانم
دڵمە نێو سەرگوڵی نێو شەمارانم

خۆم و کتری یە ڕەشە و سەرشاخان
ئەو دەمە تێر دەگەڕێم نێو باخان

فەرزە گوێ بۆ شەبا ڕادێرم
تاوێ ئاسوودە ژیان ڕابوێرم.

گیانی پاک و ڕەنجدیتووت لە جیهانی هەرمان دا حەساوە و یادت پیرۆز بێ ئازاگیان! لە بیرت ناکەین!

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠٠٤

بڕیارنامەی ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایش و نیگەرانیی کوردان

دوای دەرچوونی بڕیارنامەی ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خەڵکی عێراق، سێبەری حکوومەت، یان بابڵێین چوارچێوەیەکی تا ڕادەیەک دیار لە شێوەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و بە گشتی چارەنووسی سیاسیی ئەو وڵاتە لە ئایندە دا دەرکەوت. هەرچەند ئەو حکوومەتەش کاتیە و جارێ تا سەقامگیر بوونێکی نیسبیش دەبێ ڕێگایەکی دوور و پڕ گیروگرفت بپێوێ، بەڵام دەرچوونی ئەو بڕیارنامەیە لە بەراوەرد کردن لەگەڵ وەزعی سیاسیی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەی، بارودۆخی ناوچە و سیاسەتی ڕۆژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە گشتی هاوپەیمانان دا، دەکرێ وەک هەنگاوێکی باش و موسبەت بەرەو دانانی بناخە و داکوتانی پایەی حکوومەتێکی قانوونیی دوای دیکتاتۆریی بەعس بژمێردرێ. چونکە بڕیارنامەکە وێڕای بە ڕەسمی ناسین و شەرعیەت دان بە دەوڵەتێک کە ماوەیەکی کەم پێش دەرچوونی بڕیارنامەکە، بە هاوکاریی مەجلیسی حوکم، کاربەدەستە ئەمریکاییەکان و لایەنە خاوەن سوود و پێوەندیدارە عێراقییەکانەوە پێکهاتبوو، و لە ڕۆژی ٣٠ی ژووێن دا قەرارە بە تەواوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، لە ڕاستی دا پشتیوان و پاڵپشتێکی نێو نەتەوەییشە بۆ ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوە کاتیە لە کار و تێکۆشان و لە نێوبردنی گیروگرفتەکانی سەرڕێگای دا، کە دیارە جارێ وێناچی بە هاسانی بەڕێوە بچن و جێبەجێ بکرێن.

وەک دیتمان دەسبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی بڕیارنامەکە، وڵاتانی گرووپی ٨، واتە ئەمریکا، بریتانیا، فەڕانسە، ئالمان، ژاپۆن، ڕووسیە و ئیتالیا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهانیش لە گەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراق پشتیوانیان لە بڕیارنامەکە کرد. لە نێو هێزە سیاسی و لایەنە عێراقییەکان لە نێوخۆی عێراقیش دا پێشوازیی لێکرا. وا دەرکەوت کە حکوومەتی تازە جێگای ڕەزامەندیی ئایەتوڵڵاسیستانی و لایەنە ئایینییە شیعە و سوننییەکانی دیکەشە. تەنانەت موقتەدا سەدری تونددڕەویش ـ کە ئیدی ئەو هاتو هووتی هەوەڵێی نەماوە ـ بە شێوەی مەرجدار حکوومەتەکەی قبووڵ کرد.

بەڵام دەرچوونی بڕیارنامەکە نەک هەر کوردی خۆشحاڵ نەکرد، بەڵکە وێڕای پێکهێنانی ترس و نیگەرانی لە چارەنووسی ئایندەی ، دەکرێ بڵێین زەنگی مەترسییەکیش بوو، کە لایەنی کورد بە گشتی و دوو ڕێکخراوی سەرەکی، واتە یەکیەتی و پارتیی وشیار کردەوە کە بۆ یەکەم جار دوای شەڕی ڕزگاریی عێراق و لە بناخە دا دوای

قۆناخێکی دوور و درێژ، دۆستایەتی و هاوپەیمانیی ئەمریکا و ئینگلیس، هێندێک زیاتر لە وەزعەکە ورد بنەوە و بە چاوێکی گوماناوییەوە چاو لە دەرچوونی بڕیارنامەکە بەو شێوە و نێوەرۆکەوە بکەن.

لە بیرمانە کاتی باس کردن و بڕیاردان لەسەر یاسای بنەڕەتیی کاتیی حکوومەتی عێراق دا کوردەکان تا ڕادەیەکی باش ئیبتیکاری کارەکەیان بە دەستەوە بوو و بە بەشداریی هەڵسووڕاوانە و کەلک وەرگرتن لە وەزنی سیاسی و دیپلۆماتیی خۆیان توانیان هەم ئەسڵی ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی فیدراڵی لە یاساکە دا بگونجێنن و هەم بۆ پاراستنی مافی کەمایەتی (کە کورد بۆخۆی لە عێراق دا کەمایەتییە) و لە ڕاستی دا بۆ ئەوەی سیستیمی فیدراڵیی کوردستان ودەسکەوتە دێمۆکراتییەکانی عێراق پشتیان بە دەقی یاسای بنەڕەتی ئەستووربێ و بە گشتی لە ئایندە دا مەترسییان لە سەر نەبێ، ئەو خاڵەشیان لە یاسای کاتی دا گونجاند، کە باسی ئامادە کردنی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی هەمیشەیی و ڕاپرسیی گشتیی کردن لەسەری دەکا:

" ڕاپرسییەکە بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێ و ڕەشنووسی دەستوورەکە بە پەسندکراو دادەندرێت ئەگەر زۆربەی دەنگدەرانی عێراق ڕازی بوون لە سەری و ئەگەر دوو لە سەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا ڕەفزیان نەکرد" (بەندی ج لە مادەی ٦١، یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی، وەرگێڕانی ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٣٨٢، چوارشەممە ١٠ ـ ٣ ـ ٢٠٠٤)

هێنانی ئەو خاڵە شتێکی زۆر بە جێ بوو کە ترسی خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر دەڕەواند. چونکە ئاشکرایە ئەگەر قەرار بێ گەلاڵەکە، کە دەبێتە پێڕەوێکی هەمیشەیی لە داهاتوو دا، بە پێی کەمایەتی و زۆرایەتیی دەنگ پەسند بکرێ و مافەکان دیاری بکا، لەوانەیە بێجگە لە زۆر ئەسڵی دێمۆکراتی بۆ هەمووی عێراق، هەموو ئەو پەسند کراوانەش کە مافی نەتەوایەتی و دەسەلاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستان دەگرنەوە، ڕەد بکرێنەوە و یاسای تازەی لەو بابەتەش کە قازانج و بەرژەوەندیی کوردی تێدا بێ، قبووڵ نەکرێن. چونکە کورد وەک کەمایەتی ئەوپەڕەکەی دەتوانێ کەمێک زیاتر لە ٢٥ لە سەدی دەنگەکانی هەبێ. بەڵام بە پێی ئەو خاڵە دەتوانێ هەرکات مەترسییەکی ئەوتۆ لە تووێی گەلاڵە، یان ڕەشنووسەکە دا بێنە گۆڕێ، بە پشت بەستن بە دەنگی سێ پارێزگا(ئوستان)ی کوردستان، بەرگری لە پەسند کران و بە ڕەسمی کرانی بکا.

هەرئەوکات هێندێک لایەنی عێراقی و بە تایبەت ئایەتوڵڵا سیستانی کە وا دیارە چاویان بە وەدیهاتنی بەشێک

لە ئاواتە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان هەڵنایە، بە تووندی بە دژی ئەو خاڵە وەستان و ئەوەیان بە لە سەربووونی دەنگی کورد دانا. لە حاڵێک دا دنیا دەزانێ کە کورد نە لە ڕابردوو دا زیانی بۆ ئەوان هەبوە و نە لە داهاتووش دا دەیەوێ مافێکی ئەوان بە کەلک وەرگرتن لەو هەلومەرجە بفەوتێنێ. لە ڕاستی دا بە دایم هەر کورد کەوتۆتە بەر هەڕەشە و مەترسی و زیانی لە دەروجیرانی خۆی دیوە. سەرەنجام سیستانی نامەی بۆ ڕێکخراوی نەتەوەییەکگرتووەکانیش نووسی و وڕایگەیاند کە یاسای کاتی لە بەر ئەو خاڵە کە بە بۆچوونی ئەو و هاوبیرانی مافی وێتۆ دەدا بە کوردان قبووڵ ناکا. تەنانەت بە ئاشکراش ڕایگەیاند کە بە باش ئیشارە پێکرانی ئەو یاسا کاتییە لە بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، دەبێتە هۆی نرانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە سەرانسەری عێراق دا. ئەو وتەیە لە پەردە دا مانای ئەوە بوو کە خۆی بە هەر جۆرێک بکرێ، تەنانەت بە نرخی نرانەوەی ئاژاوە و ناکۆکیش، لە جێگرتنی ئەو یاسایە و گەیشتنی کوردەکان بەو ماف و ئازادییانە کە لە وێ دا دیاری کراون، بەرگری دەکا. دەنا ئەو یاسایە چ زیانێکی بۆ ئەو و لە بناخە دا لایەنی شیعە و خەڵکی عێراق هەبوو، کە ئەو بەو جۆرە هەڵوێستی لە سەر بگرێ و بە نووسینی نامە بۆ کوفی عەنان ئاوا بە ئاشکرا بە دژی ڕاوەستێ.

بەهەرحاڵ بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو شێوەیە کە دیتمان و بە بێ هیچ چەشنە ئیشارەیەک بە یاسای کاتی کە ئەو خاڵەی تێدا گونجابوو، ـ دیارە دوای باسێکی زۆر و چەند جار ئاڵوگۆڕ تێدا پێکهێنان ـ دەرچوو. هەرچەند لە بڕیارنامەکە دا بە ڕاشکاوی باسی سیستیمی فیدراڵی و دێمۆکراتیی عێراق کراوە، بەڵام ئیشارە نەکردن بە یاسای کاتی وەک بناخەیەک، کە کورد لە پەسندکرانی دا هەڵسووڕ بوو، بە دەسکەوتێکی گرینگی لە بواری دابینکرانی ئامانجە کانی خۆی دا دادەنا و خەڵکی کوردستان، تەنانەت لە پارچە دابەش کراوەکانی دیکەش ئاوا بە پیرییەوە چوون و جێژنیان بۆ گرت، جێگای پرسیار و ناهومێدبوون لە دۆستان و بیرکردنەوە بوو.

کورد بە گشتی دوای ئەو ڕووداوە لە خۆی پرسی: "بڵێی ئەو جاریش بەرژەوەندیمان نەخرابێتە پێناوی قازانجی لایەنەکانی دیکە و سەودا بە ماف و چارەنووسمان نەکرابێ؟" ئەوەش پرسیارێکی بە جێ بوو. چونکە وەک لە هەواڵەکان دەردەکەوێ، هەر لەو سەر و بەندە دا لە کەرکووک و ئەو ناوچانەی لە زەمانی ڕێژیمی پێشوو دا بە عەرەب کراون و کێشەیەکی چارەسەرنەکراویان لەسەرە، دەسەڵاتی هاوپەیمانان دەرحەق بە خەڵکی کورد کەمتەرخەمی و ساردییان نیشان داوە. بۆ وێنە کردەوە و هەڵوێستەکانیان لە سەر هێندێک شتی وەک هەڵکردنی

ئـاڵای کوردسـتان و زمـانی کـوردی و مەسـەلەی ئاوارەکـان لـە شـاری کـەرکووک، بـە ئاشکرا لـە خزمـەتی گـۆڕینی پارسەنگی هێز بە قازانجی غەیرە کوردەکان دا بووە، لـە حاڵێـک دا زۆر بـاش دەزانـن کـە مەسـەلەی کـەرکووک بـۆ کورد گرینگیـیەکی تـایبـەتیی هەیـە، یـەکێک لـە گیروگرفتـە هـەرە سـەرەکیـیەکانە کـە چارەسـەر کردنـی بـۆ ئایندە دانراوە و کوردیش بە دەرک کردنـی ناسکبوونی وەزعـی ئـەو شـارە و لـە سـەر ئامۆژگـاریی دەسـەڵاتی هاوپـەیمانان، بەردەوام هەوڵی پاراستنی هێمنایەتی و ڕاگرتنی جەوی هاوکاری و یەکگرتوویی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو شارەی داوە.

لێرە دا پێمخۆشە ئەوە وەبیر بێنمەوە کـە ئـەو قۆناخـە لـەبارەی لـە سـەرەتای دەیـەی نـەوەدەوە بـە قـازانجی کـورد دەستی پێکرد و بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ئازاد کرانی ئـەو وڵاتـە گەیشتە ئاستێکی باشی گەشەکردن، هێشتاش هەر وا درێژەی هەیە و گەلی کورد کەلکی باشی لێوەرگرتوە. ناکرێ بڵێین بـە نـەهێنانی ئـەو خاڵـە لـەو بڕیارنامەیەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ئیدی هەموو شتێک تـەواو بـوو و کـورد دەراوی ڕوونـی نیە ، یان ئەوە دیسان کورد بەرەو ئاشبەتاڵێکی دیکە دەبەن! بە پێچەوانەوە بە بـڕوای من کـورد دەبـێ تێکۆشـانی سیاسی و دیپلۆماتیی خۆی لـە ڕادەی نێوخـۆیی و نێونەتـەوەیی دا ئـەو جـار زیـاتریش بـەرین بکاتـەوە و نـەک هـەر وەی نەیەتە خوار و دوو دڵ نەبێ، بەڵکە بە دڵنیایی و هیوایەکی زۆرترەوە کاری خۆی بکا و هەڵسووڕ بێ.

فاکتۆری کورد هێشتاش لە ڕەوتی سەقامگیرکردنی دێمۆکراتی، ئاشتی و ئاسـایش لـە عێـراق دا، هـەر وا گرینگـە و نـە کـەس دەتـوانێ حاشـای لێبکـا و نـە دەسـەڵاتی هاوپـەیمانان و لـە سـەرەوەی هەمووشـیان ئـەمریکا، دەتـوانێ وەبەرچاوی نەگرێ. لەو پێوەندیـیە دا دیتمان دەسبەجێ دوای ئەوەی بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵـەبانی نامەیان بۆ سەرۆک بوش نووسی و نیگەرانیـیان سەبارەت بە و مەسەلەیە دەربڕی؛ و هاوکات ناڕازی بوونی خەڵکی کوردستانیش لە مێدیای جیهانی دا دەنگی دایەوە، دەسبەجێ هەم ئەمریکا و هەم دەوڵـەتی ئینگلیس وێـڕای ئـەوەی بـە تەلـەفون پێوەنـدیـیان بـە کـاک مەسـعوود و مـام جەلالـەوە کـرد، نوێنـەریان ناردنـە کوردسـتان و لـە گـەڵ حکوومەتـەکانی هـەرێم و دوو حیزبـی سـەرەکی قسـەیان کـرد و جـارێکی دیکـەش پێیـان لەسـەر دۆسـتایەتیی و هاوپەیمانەتیی کورد و پێبەند بوون بە قەرار و بڕیارەکانی پێشتر لە گەڵ کورد داگرتەوە. کە وا بوو کوردستان و کورد لە پرۆسەی ئایندەش دا هەروا لە جێی دیار و گرینگی خۆیان ماونەوە.

پێم وانیە ئەمریکا و ئینگلیس پێش هێرش بۆ سەر عێراق بەراوەردی گیروگرفتەکانیان لەو ڕادەیە دا کە هاتنە

پێش، کردبێ. وەک دەزانین دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزرانی دەسەڵاتی کاتی، گیروگرفتی سیاسی و نیزامیی زۆر لە سەر ڕێگای هاوپەیمانان بوە. بێجگە لە شەڕ و تێکهەڵچوون لە گەڵ پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، کردەوەی تێرۆریستی بەشێوەی دەکرێ بڵێین بەردەوام لە لایەن کۆمەڵە تێرۆریستەکانی سەر بە ئەلقاعیدەوە، شەڕ و کێشەی فەللووجە، ئاژاوەی موقتەدا سەدر لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف، کێبەرکێی نێوان شیعە و سوننی، مەسەلەی ئەشکەنجەدرانی ئەسیران لە زیندانی ئەبووغورەیب و شوێنەکانی دی و زۆر مەسەلەی ئاشکرا و ڕەنگە نەهێنیی دیکەش بوونە گیرو گرفتی ڕۆژانەی حکوومەتی کاتی و دەسەڵاتی هاوپەیمانان کە بە پێی یاسای نێو نەتەوەیی دەبێ لە بەرامبەر چارەسەرکردنیان دا بەرپرس بێ. لە باری سیاسیشەوە پڕ و پاگەندە و دژایەتیی ناسیۆنالیزمی عەرەب و زۆر دەوڵەتی عەرەبی و پیلان و دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەت ئێران بە هۆی دەست هەبوون و نفووز لە نێو شیعەکان دا، بەرچاو بوو و ئەوانە هەموو دەبوونە هۆی ئەوە کە هێندێک ئاڵۆ گۆڕ و خوار و ژوور لە هەڵوێست و سیاسەتی ڕۆژی دەسەڵاتی هاوپەیمانان دا بێتە دی ، کە هێندێک چاوەڕوان نەکراو بوون. بۆ وێنە ئەمریکا دوای زیاتر لە بیست ڕۆژ شەر لە فەللووجە سەرەنجام بۆ هێدیکردنەوەی ئاژاوەی ئەوێ، لەشکرێکی لە سەربازە کۆنەکانی عێراق پێک هێنا و ژێنڕاڵێکی کۆنە بەعسی بۆ کردنە فەرماندە و بەو شێوەیە شەڕەکەی کۆتایی پێهێنا، لە حاڵێک دا ساڵێک پێشتر و دوای ڕووخانی ڕژێم ئەرتەشی بەعسی لەبەریەک هەڵوەشاندبوو و بە هەڵوەشاوەی ڕاگەیاندبوو.

ئەمریکا کە لە گەڵ هاوپەیمانانی، زیاتر لە ساڵێک پێشتر، بە بێ پشت بەستن بە پەسند کردن و یارمەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشی کردبوە سەر عێراق، بە بڕوای من ئەمڕۆ دوای تەجرەبەکردنی ئەو گیروگرفت و گرێوگۆڵانە، و لە بەرەبەری سپاردنی دەسەڵات بە دەوڵەتی کاتی عێراق دا پێویستیی تەواوی بە پەسند کرانی بڕیارنامەیەکی ئەوتۆ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە بواری گوێزتنەوەی دەسەڵات بۆ دەوڵەتی کاتیی تازەی عێراق دا هەبوو. ئەو بڕیارنامەیە یارمەتیان دەدا کە قورسایی باری بەرپرسایەتیی بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق لانی کەم تا ڕادەیەکی بەرچاو لە سەر ئەوان کەم بێتەوە. وێدەچێ هەر بۆیەش لە سەر گونجاندنی ئێشارەیەک بە یاسای بنەڕەتیی کاتی کە پێیان وا بوە باس هەڵایسێن دەبێ، و لایەنی غەیرە کوردی پێ هەڵدەبەزنەوە، پێیان دانەگرتبێ، لە حاڵێک دا گەڵاڵەی یاساکە دەنگی هەموو ئەندامانی مەجلیسی حوکمی لەگەڵ بوو.

دیارە کورد کە لەو قۆناخە دا بە پێی سروشتی خۆی، دۆست و هاوپەیمانێکی ڕاست و بێ ئەملا و ئەولای ئەمریکا و

هاوپەیمانان بوە، لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دا دەوری گرنگی هەبوە و بێجگە لە پشت گرتن بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی و ئازادیی هەرێمی خۆی، ئەویش بە شێوەی فیدڕالی و لە چوارچێوەی عێراقێکی دێمۆکراتی دا، داوایەکی دیکەی نیە، مافی خۆیەتی لە دۆستانی چاوەڕوانیی ئەوەی هەبێ کە لە ڕێگای گەیشتن بەو ماف و ئازادیانە دا تا سەر پشتی بگرن و وادە و بەڵێنەکانیان لەو پێوەندییە دا بەرنە سەرێ.

بەڵام ئێمەی کورد دەبێ ڕاستییەکیشمان لە بیر بێ و فێر بین ژیرانە هەڵوێستی لە بەرامبەر دا بگرین، ئەویش ئەمەیە کە لە دنیای سیاسەت دا فاکتۆری قازانج و بەرژەوەندییە کە دەوری سەرەکی دەگێڕێ و بناخە و چوارچێوەی دۆستایەتی و هاوپەیمانەتیش هەر لە سەر ئەو دەورە دادەنرێ و دەڕواتە پێش. ئەوە قانوونێکە هەبوە و هەیە و بە ئێمە ناگۆڕێ. کە وایە کورد دەبێ لە پلان و مانۆڕی سیاسیی خۆی دا وشیار وردبین بێ، بڕوای بە خۆ هەبێ وبتوانێ لە گەمەی سیاسی دا وەزنی خۆی بنوێنێ، کارتی باشی خۆی بە وەخت و لە جێی خۆی دا بەکار بێنێ و کەلک لە نوختە بەهێزی و کارایییەکانی خۆی لە بەرامبەر نەیارەکان دا وەرگرێ.

ئەڵبەت یەکگرتوویی و یەکدەنگ بوون لە هێنانە گۆڕی لێبڕاوانەی داواکان و بردنە پێشی کێبەرکێی سیاسی دا دەوری هەرە سەرەکییان هەیە، کە بە خۆشییەوە ڕێبەرانی کوردی کوردستانی عێراق لەم قۆناخەی دوایی و بە تایبەت لە مەجلیسی حوکم دا بە باشی پاراستوویانە، بەڵام مخابن! هێشتاش لەو بەشەی کوردستان دوو حکوومەتی هەرێم هەن. لە مێژیشە دەزانین ئەوە باش نیە و هەردووک حکوومەتیش هەر لەمێژە وادەی یەکگرتنەوەیان داوە. بەڵام کەی ئەو وادەیە جێبەجێ دەکەن و ئەو ئاواتەی گەلی کورد وەدی دێنن؟ نازانم!

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٠٤

دەنگی زیندەوەران

دەنگی زیندەوەران لە زمانی کوردی دا

هەر زیندەوەرە و دەنگی خۆێ

هەر زمانێکی ئەم جیهانە ناوی تایبەتیی خۆی بۆ دەنگی هەر زیندەوەر یان هەر دەستە زیندەوەرێک هەیە. جا ئەو زیندەوەرە(ژینەوەر ـ گیاندار. گیانلەبەرە) چ مرۆڤ بێ، چ ماڵات، یان باڵندە و مێش و مەگەس و ژینەوەری دیکە بە هەموو جۆر ودەستە و تاقمێکیانەوە. کوردییش کە زمانێکی بەرین و زیندووە، ناوی جۆراوجۆری بۆدەنگی ژینەوەران هەیە. لێرە دا من ئەو دەنگانە دێنم و دەیانناووسمەوە کە بۆخۆم دەیانزانم و بە بیرم دا دێن. دیارە چونکە لە دایکبووی دێم، زۆر لەو دەنگانە دەناسم و دەزانم کورد چیان پێ دەڵێ، بەڵام بێگومان هێندێکیانم لە بیر نەماون. وەبیرهێنانەوە وباسکردنی ئەم دەنگانە بە تایبەت بۆ ئەو منداڵانە بە سوودە، کە لە هەندەران لە دایک بوون و گەورە بوون، یان بە منداڵی پەڕەوازەی هەندەران بوون، چونکە کەمتر ئەو شتانەیان گوێ لێدەبێ. من بۆخۆم جارێک لە کاتێگوتنەوەی دەرسی کوردی بە گوروپێک منداڵی پۆلەکانی حەوت و هەشت لەم شارەی جێگای ژیانمان لە سوئێد دا، ئەو باسەم هێنا گۆڕێ. منداڵەکان زۆریان پێخۆش بوو. کەمیان بێجگە لە دەنگی مرۆڤ و یەک ـ دوو ژینەوەری دیکەیان دەناسی و دەیانزانی بە کوردی چۆن ناو دەبرێن. جا ئەگەر کەسێک دەتوانێ لەو دەنگانە زیاد کا، زۆرم پێخۆش دەبێ. دەتوانن بە شێوەی پەیام یان ئیمەیل ئاگادارم کەنەوە تا لەم لاپەڕەیەی زیاد کەم.

وا هەیە دوو ژینەوەر لە باری نەوعی و گوروهیەوە دەکەونە لایەک، بەڵام جیاوازیی جینسی، بە پێی ناسکی و گرژیی دەنگی مێ و نێر، دەبێتە هۆی ئەوە کە ناوی دەنگەکانیان یان شێوەی تاریف و ناساندنی دەنگەکانیان جیاوازیی هەبێ. ئەوەش زۆرتر ناساندن یا تاریف کردنی ئەو دەنگانە لە کاتی بەرزکردنەوە دا (جا چ بۆ دەربڕینی کەیف خۆشی یان ڕق و تووڕەیی و ئاگادارکردنەوە و ترسان) دەگرێتەوە.

بۆ نموونە هەر لە ناساندنی دەنگی مرۆڤ دا:

پیاو: دەگوڕێنێ . دەنەڕێنێ.

بەڵام،

ژن: دەقیژێنێ . دەزیڕێنێ.

وا هەیە بۆ پیاویش بگوترێ "دەزیڕێنێ"، بەڵام بۆ ژن قەت ناکرێ بڵێی: فڵانە ژن دەنەڕێنێ، یان دەگوڕێنێ.

وێنەیەک بۆ جیاوازیی دەنگی نێر و مێ لە هێندێک زیندەوەر دا:

مریشک: دەگارێنێ. دەقاسپێنێ: (دوای هێلکە کردن)

بەڵام،

کەڵەشێر(کەڵەباب): دەخوێنێ.

پاشماوەی دەنگەکان:

(ئەگەر دەنگێک تایبەتی مێ، یان نێر بێ، لە کەوانە دا دەینووسم، دەنا دەنگەکە بە گشتی ئی ئەو نەوعە ژینەوەرەیە)

وشتر: دەهۆڕێنێ.

لۆک(وشتری نێر): دەبڵمێنێ.

ماین . ئەسپ: دەحیلێنێ.

گامێش . کەڵ: دەهۆقێنێ . دەنۆقێنێ.

مانگا . گا: دەهۆڕێنێ.

کەر: دەزەڕێنێ.

مەڕ . بەران: دەکارێنێ . دەقارێنێ.

بزن . نێری: دەبێلێنێ. دەهێڕێنێ.

شێر: دەنەڕێنێ.

بەراز: دەمشێنێ.

ورچ: دەهۆڕێنێ . دەبۆڕێنێ . دەبۆڵێنێ.

سەگ: دەوەڕێ . دەمڕێنێ (پێش هێرشکردن و لە کاتی ترس دا)

تاجی (تازی): دەوەڕێ . دەناسکێنێ (کاتێک مەترسی هەست پێبکا، یان لێی بدرێ)

پشیلە: دەمیاوێنێ

کۆتر: دەگمێنێ.

کەو: دەقاسپینی . دەخوێنێ.

چۆلەکە: دەجریوێنێ.

بولبول دەخوێنێ: دەچریکێنێ.

مراوی: دەقیڕێنێ.

قشقەڵە: دەقڕێنێ.

مار: دەفیشقێنێ . دەفیشکێنێ.

کیسەڵ: دەوشێنێ.

بۆق: دەقڕێنێ.

مێشوولە: دەوزێنێ.

مێش: دەهازێنێ . دەوزێنێ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٠٤

کورتەچیرۆک (ئەدەبی)

دیاریی ئەوین

نووسینی بە سوێدی: ئارام ئیسماعیلی

وەرگێڕان بۆ سەر کوردی: ئاشق

(کچە تاوێکی باش قسەی کرد. دوایە بێدەنگییەکی کڕ هاتە پێش کە کچە سەری لێی سوڕ ما. ئەو چاوەڕوان بوو "سیمۆن" لە بەرامبەر قسەکانی دا وەڵامێک بداتەوە. بەڵام سیمۆن لە تەواوی ئەو ماوەیە دا هەر چاوی بڕیبوە ئەو و بێدەنگ بوو. ڕوانینەکەی بێگیان بوو، لە ڕوخساری دا بێهێزی دەخوێندرایەوە و ڕەنگی بە ڕوانەوە نەمابوو.

سەرەنجام کچەکە بێدەنگیی شکاند:

. بۆ هیچ نالێی؟!بۆ وا بێدەنگی؟! ئەو بێدەنگی و ڕامانەت لە قسەکردن بە مانا‌ترن. سیمۆن ئەو ماتبوونەت لە ئەشکەنجە ناخۆشترە. تکایە زارت بکەوە و شتێک بڵێ!

ماوەیەکی دیکەش هیچیان قسەیان نەکرد و پاشان کاتێک بێدەنگییەکە گەیشتە ئەوپەڕی قوولایی خۆی، سیمۆن بە ئارامی وەقسە هات. دەنگی کز و بێهێز و هەر لەوحاڵەش دا لێبڕاو بوو:

. ڕۆژێک من فریشتەیەکم هەبوو کە لە هەموو فریشتەکانی دیکە جوانتر و نازدارتر بوو. ئەو فریشتەیە دڵی منی لە دەریای ئەوین دا وە مەلە خست. وای لێکردم کە پێموابوو خەمە بێکۆتاییەکانی من بۆ هەتا هەتایە دە شەپۆلی شادی دا ون دەکا و ژیانی من بۆ بەهەشتی وادەپێدراو دەگوێزێتەوە. ئێستا هەر ئەو فریشتەیە دڵی منی، بە هۆیەک کە هەر خۆی دەزانێ چییە، شکاندوە. هەرئەو دڵەی کە خۆی لە شووشەی ناسکی ئەوین دروستی کردبوو.

ئێستا من ئەو پرسیارە لە تۆ دەکەم: بڵێی ڕۆژێک کەسێک پەیدا بێ کە بتوانێ ئەو لەتوکوتە شووشە شکاوانەی دڵی من بە یەکەوە بنووسێنێتەوە و دڵێکی ساغی وای لێ پێک بێنێتەوە کە بتوانێ جارێکی دیکە خۆێن بە لەشی من دا بڵاو بکاتەوە؟

کچە دەستی بە گریان کردبوو و فرمێسکەکانی بە سەر گۆنایەوە ڕێزیان بەستبوو، بەڵام سیمۆن هەروا درێژەی بە قسەکانی دەدا:

. دیارە وەڵامەکە بێجگە لە "نا" شتێکی دیکە نیە. ئەو دڵە هەرگیز وەک خۆی لێنایەتەوە، چونکە تۆ نەک هەر ئەو دڵەت شکاند، بەڵکە پارچەکانیشیت وا تووڕ هەڵدان کە کەس ناتوانێ بیاندۆزێتەوە.

سیمۆن دوای ئەوەی ئەو قسانەی بە کچەکە گوت، هەستا سەر پێ و بێ ئەوەی تەنانەت یەک جاریش ئاوڕ بداتەوە دوای خۆی، لە وێ دوور کەوتەوە. کچەکە هەر وا دەگریا، بەڵام هەر لەو کاتە دا کە خەم تا قوواڵایی دڵی چووبوو، هەستی بە چەشنێک سووکبوون دەکرد، چونکە ئیدی داستانەکە کۆتایی پێهاتبوو)

ئیدوارد" لەو شوێنە ڕاوەستا. دەیزانی چی دیکەی درێژە پێنادرێ. لە جیاتیان دە مامۆستاکەیەوە ڕاما کە بە سەرسوڕمانەوە پێی وابوو ئەویش وەک هەموو خوێندکارەکانی دیکە تا ئێستا خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی بوە. پاشان ئیدوارد، وەک جاران ، سەری هەڵێنا، دە میچی خانوەکەوە ڕاما و بیری کردەوە:

"ئەگەر منت خۆشدەوێ، بۆچی من نابەیەوە. من دەمەوێ لە پەنجەرەی دیمەنی جوانی تۆوە ئەو شتە ببینم کە تۆ دەیبینی! دەمەوێ تۆ من بەریەوە چونکە لە قووڵایی ئێش و خەفەتێکی بێکۆتایی دا خنکاوم و دڵی من وەک ئەشکەوتێکی بێ بن، بەتاڵ و کونە"

ئیدوارد دوای ئەو ڕاز و نیازە لە گەڵ دەسەڵاتداری دەسەڵاتداران (خوا)، ویستی درێژە بە نووسینەکەی خۆی بدا. ویستی وەک خوێندکارەکانی دیکە خەریکی جێبەجێکردنی ئەو تەکلیفە بێ، کە مامۆستا بۆی دانابوون، بەڵام بیری خۆی بۆ کۆ نەبۆوە. نەیتوانی. هەروا بە حاڵێکی پەشێو و ڕوخساڕێکی تێکچڕژاو و ڕاماوەوە، کە مرۆڤی لێدەسڵەمیەوە، مایەوە.

کاتێک دەرسەکە تەواو بوو، مامۆستاکە کە مامۆستای زمان بوو، ویستی قسەی لەگەڵ بکا. ئیدوارد دەیزانی کە ئەو سەبارەت بە دەرس و هەوڵ و تێکۆشانی لە خوێندنگە دا پرسیاری لێدەکا. لەسەرەخۆ چوو بۆ لای مامۆستاکە کە ناوی "خانمی ساندریوس" بوو و لە بەرامبەری دانیشت. زۆر ئاسایی، وەک ئەوەی لە ماڵێ لە گەڵی دانیشتبێ. مامۆستاکە چاوێکی لێکرد و پاشان لە ڕووی لاپەڕە کاغەزێکەوە کە بە دەستییەوە بوو، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

." خۆر بە تیشکە هەمیشە زیندووەکانییەوە لە سەرمان دەدرەوشێتەوە و خۆشی و شادیمان پێدەبەخشێ، بەڵام کاتێک درەوشانەوەی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، دەبێ ئێمە وشیاری خۆمان بین، چونکە دوور نیە بە گەرمایەکەی کە ئەوجار وەک گەرمیی نەوازشی دەستی شەیتان خۆی دەگەیەنێتە ئەوسەری دەمارە ورد و درشتەکانی لەشمان، بمانسووتێنێ و بمانکاتە خەڵووز"

هەر کە خانمی ساندریۆس دەستی بە خوێندنەوەی تێکستەکە کرد، ئیدوارد زانی کە ئەو یەکێک لەو لاپەڕە کاغەزانەی دۆزیوەتەوە، کە زمانی حاڵ و ئاوێنەی بیرکردنەوەی ئەون.

. دەتوانی پێم بڵێی مانای ئەو نووسراوەیە چییە؟

دڵی ئیدوارد کەوتە لێدانێکی تووند و سەرتاپێی لەشی وەلەرزین کەوت. هەناسەیەکی قووڵێ هەڵکێشا، کە خانمی ساندریۆس بە باشی گوێی لێ بوو. پاشان بە دەنگێکی دوودڵ و سەبر دەستی بە قسەکردن کرد:

. من ئەوەم هەروا... لە خۆڕا نووسیوە و نازانم یانی چی!

ئەڵبەت خانمی ساندریۆس باوەڕی بەو خوێندکارە میرمندانەی کە وەک باڵندەیەکی ترساو خۆی کۆ کردبۆوە و نەیدەویست لەو بارەوە بدوێ، نەکرد. ئەوەی زۆرتر ئەوی هان دەدا کە وەدوای پێوشوێنی حاڵی ئیدوارد بکەوێ و پرسیاری لێبکا، ئەو بەشەی تێکستەکە بوو کە ڕەشترکرابوو، زەق کرابۆوە و زۆریش جوان بوو. دەیەویست بزانێ بەڕاستی ئیدوارد کە سەرانسەری ئەو نیوەسااڵەی خوێندن هەمیشە بێدەنگ و مات بووە و خەمبار هاتۆتە بەرچاو، حاڵی باشە و پێویستیی بە یارمەتی نیە؟!

ئیدواردهەستا و ڕۆیی. کە گەیشتە دەرەوەی ماڵەکە، هەناسەی قەدیس ماوی نێو سینگی دا دەرێ.

هەر لە کاتی دەرسەکە دا ئیدوارد بڕیاری دابوو، دوای تەواوبوونی ئەو سەعاتە دەرسە بچێتە کتێبخانەی خوێندنگە و درێژە بە نووسینەکەی بدا. ئێستاش هەر وای کرد. بەڵام کاتێک لە کاغەزەکانی گەڕا، نەیدۆزینەوە. وردە وردە پەرێشان بوو. ئەو کاغەزانە بۆ ئەو زۆر بە نرخ بوون. نەیدەزانی چی لێکردوون. لە خۆی ناڕەحەت بوو و لۆمەی خۆی دەکرد کە بۆ دەبێ هێندە فەرامۆشکار و شپرێو بێ!

لە بەختی بەد، خانمی ساندریۆس کە هێشتا لە ژووری پۆلەکە مابۆوە، چاوی بەو کاغەزانە کەوتبوو کە کورتەچیرۆکە ناتەواوەکەیان لێنووسرابۆوە و لە ژێر میزەکەی ئیدوارد کەوتبوون. هەروا لە ڕووی کونجکاوییەوە خوێندبوونیەوە و پاشان هاتبوە دەرێ و بە دوای نووسەرەکەریان دا دەگەڕا.

ئیدوارد کە هێشتا هەر لە کتێبخانەکە دانیشتبوو، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ کاغەزەکان هەر لە ژووری دەرسخوێندن بە جێمابن و ڕاست لەوکاتە دا کە دەیەویست هەستێ بچێتەوە ئەوێ و بیانهێنێتەوە، خانمی ساندریۆسی دیت کە بە هەنگاوە ورد و پتەوەکانی وەژوور کەوت. ئیدوارد دانیشتەوە، چونکە دەسبەجێ زانی کە ئەو نووسراوەکەی ئەوی دیتۆتەوە و هاتوە بیداتەوە. خانمی ساندریۆس لە بەرامبەری ئەو دانیشت و زۆر لە سەرەخۆ و ئارام گوتی:

. ئەو کاغەزانەت لێبەجێمابوون،
. گەلێک سوپاس کە هێناوتنەوە.

پاشان خانمی ساندریۆس چاوێکی لە ئیدوارد کرد و بە تێڕوانینێکەوە کە لە بەر چاوی ئیدوارد جیاواز لە کاتی ئاسایی بوو، گوتی:

- ئیدوارد؛ ئەوەی تۆ لێرە نووسیوتە، زۆر باشە. من نەمدەزانی تۆ دەتوانی شتی ئاوا بنووسی! من دەمدی تۆ بێدەنگ بووی و هەر لە دەروونی خۆت دا دەژیای. ئاکام و پلەی باشیشت لە تاقیکردنەوەکان دا نەهێناوەتەوە، بەڵام ئێستا کە ئەو کورتەچیرۆکە ناتەواوەت دەبینم، وەڵامی زۆر پرسیارم سەبارەت بە تۆ وەدەستکەوتوە.

ئیدوارد نەیدەزانی چ بکا یان چ بڵێ. بیری کردەوە: "بە راستی ئەو دەزانی بۆچی؟! بەڵام ئەگەر بشزانێ، خۆ من لە ڕووم هەڵنایە باسی ئەو هۆیەی لە لا بکەم و لەو بارەوە بدوێم. مرۆڤ شتی وا ڕەنگە لە لای دۆست و هاواڵانی باس بکا، بەڵام لە لای مامۆستای خۆی نا".

خانمی ساندریۆس درێژەی بە قسەکانی دا:

. پێش ئەوەی ئەو بەسەرهاتەت لە گەڵ ئەو کچە بۆ بێتە پێش، دەتتوانی ئاوا بنووسی؟

ئیدوارد پێی خۆش بوو یەکجێ هەستێ لەوێ بڕوا و وەڵامی ئەو پرسیارە ناخۆشانەی خانمی ساندریۆس نەداتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بۆخۆی بیەوێ، وەڵامی دایەوە و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:
. نا، نەمدەتوانی خانمی ساندریۆس!

. کەوابوو چیدی دەربەستی ئەو کچە مەبە و تەنانەت لە ڕوانگەیەکی باشیشەوە چاو لەو ڕووداوە بکە!
ئیدوارد لەو قسەیە سەری سوڕ ما، "چ لایەنێکی باش دەتوانێ دەو بەسەرهاتە دا کە ناخۆشترین ڕووداوی تا ئێستای ژیانیەتی، هەبێ؟!"

خانمی ساندریۆس درێژەی بە ئامۆژگاریەکانی دا:

. ئەتۆ شتێکی بە نرخت وەگیر کەوتوە کە زۆر کەسی دیکە نیانە. ئەوەش بەرهەمی ئەو ڕووداوەیە. نووسین لە ئاستێک دا کە زۆر کەسی دیکە دە توانایان دا نیە، شتێکە کە تۆ بێگومان دەبێ شانازیی پێوە بکەی ئیدوارد! من زۆرتر لەوبارەوە نادوێم و دڵنیا بە ئەو بەسەرهاتەش بۆ کەسی دیکەش ناگێڕمەوە.

خانمی ساندریۆس چی دیکەی نەگوت، تەنیا خواحافیزیی لێکرد و گەڕایەوە بۆ ژووری دەرسگوتن.

دوای ڕۆیشتنی ئەو لە کتێبخانەکە، ئیدوارد هەر دانیشت و بیری کردەوە. هەستی کرد شێوەی بیرکردنەوەی

ئەوجاری جیاوازیی هەیە. دوای ماوەیەک ، وەک جاران(کە لەمێژ بوو پێی ڕاهاتبوو) سەری هەڵێنا و لە گەڵ کەسی بێکەسان کەوتە وتووێژ:

"تروسکەی ڕووناکاییەک لە ژیانی من دا هەیە کە لە دەروونی ڕەشی منەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەو ڕووناکاییە لە بەرامبەر کردەوەیەکی نالەبار دا خۆی دەرخست. بە ڕاستی سەیرە! چارەنووس دەتوانێ ئاوا هەڵس و کەوت لە گەڵ ژیانی ئێمە بکا".

هەر دوای ئەو ڕاز و نیازەش پەڕە کاغەزێکی هەڵگرت و دەستی بە نووسین کرد:

"وشەیەکی وا نادۆزمەوە بتوانم هەستی خۆمی پێ دەربڕم. فرمێسکیشم هێندە نەماون، کە بڵێم بەسە، چیدی مەرژێنەخوار! من خەمبارترین پیاوی دنیا نیم، بەڵام بۆچی، لە دنیای خۆم دا خەمبارترینم.
کوانێ ئەو گوڵە جوانەی کە من چاوەڕوان بووم هەتاهەتایە بۆنی بکەم، یان هەرنەبێ چاوی لێبکەم؟ من هەرگیز ناتوانم جارێکی دیکە بیبینمەوە، چونکە یەکێکی دیکە چنیویە"

کاتێک ئیدوارد ئەوەی نووسی و بیری لێکردەوە، تێگەیشت کە بە قەڵەمێک و کاغەزێک دەتوانێ چ شتێکی جوان و گرینگ بکا. ئیدی دانیشت و سەرانسەری ئەو دوانیوەڕۆیە درێژەی بە نووسین دا. ئەو لایەنە باشەی کە مامۆستاکەی باسی کردبوو و بە ڕاستیش پێویستیی پێی هەبوو، هاتبوە نێو ژیانی ئەوەوە و بە چاکی هەستی پێدەکرد.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٠٤

خەبات خوێنی دەوێ

پەخشان

یادێک لەشەهید"عەلی حوسێنپوور" ناسراو بە (شوان)

[پێموانیە لەو جیهانە پانوبەرینە دا- دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و خوێنخۆرەکان و دارودەستەکەیانی لێدەرچن - هیچ کەس هەبێ کە حەز لە شەڕ و خوێنڕشتن بکا و تەنانەت هەر پێی خۆش بێ باسی خوێن بکا. مرۆڤی کوردیش وەک هەموو ئادەمیزادێکی ئاشتیخوازی دیکە قەتی شەڕ و خوێنڕشتن پێخۆش نەبوە، بەڵام مەخابن دایم بە سەریان دا سەپاندوە، ناچاریان کردوە بۆ مانی خۆی دەست بۆ چەک بەرێ و بەرگری لە خۆی بکا. لەو ڕێگایەش دا بەشێکی گەورە لە باشترین ڕۆڵەکانی بوونەتە قوربانی. مێژووی کوردان پڕە لە نموونەی ئەوتۆ.

ئێمە منەتباری شەهیدەکانمانین، هەر بۆیەش لە بیریان ناکەین و یادیان دەکەینەوە.

ئەم پەخشانەی خوارەوە یادێکە لە شەهیدی نەمر "عەلی حوسێنپوور" ناسراو بە "شوان" کەفەرماندەری لکی یەکی هێزی پێشەوای مەهاباد بوو و ڕۆژی ٢١ - ٨ - ١٩٨١ لە بۆسەیەکی دوژمن دا لە سەر جادەی مەهاباد - میاندواو شەهید کرا.

پەخشانەکەم دوای شەهید بوونی کاک شوان نووسی و ئەو کات لە ژمارەی ٢١ی بڵاوکراوەی "پێشەوا" دا چاپ کرا. دوایی هەم دەستنووسەکەم فەوتا و هەم قەت ئەو ژمارەیەی بڵاوکراوەکەم نەدیتەوە، بەڵام شێوەی نووسین و بەشێک لە دەقی نووسراوەکەم هەر وا لە بیر مابوو و ئێستا جارێکی دیکە لە هەر لە سەر ئەو بناخە کۆنە دامڕشتەوە و بۆ یاد کردنەوەیەک لە کاک شوان لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونەکەی دا، ئامادەم کردەوە]

شەڕ بە تونڈی درێژەی هەبوو. هێزی دوژمن بە هەموو چەکێک سەنگەری پێشمەرگەکانیان دەکوتا. مەیدانی شەر لە بەر تەقینەوەی تۆپ و خۆمپارە و بازووکا گڕی گرتبوو. گرمەی تۆپان و خرمەی تفەنگان گوێی مرۆڤیان ئازار دەدا. پێنج پێشمەرگە، پێنج لاوی بەجەرگ، پێنج ڕۆڵەی ڕێی ڕزگاریی نیشتمان، زیاتر لە سێ سەعات بوو،

کەوتبوونە بۆسەیەکی دوژمنەوە و دەوریان بە سەدان بەکرێگیراو و چەند تانک و زرێپۆشی کۆنەپەرستان گەمارۆ درابوو.

فەرماندەری ئازا بریندار ببوو. سێ جێگای قەڵافەتی دلێرانەی خوێنیان لێدەتکا و ژان هەموو لەشی ئازار دەدا، بەڵام ئیرادەی پتەوی بە سەر ئێش و ئۆف دا زاڵ بوو. بە هەموو لایەک دا هەڵدەسووڕا، وەک شێری بریندار بە گژ دوژمن دا دەچووە و بە هەر گوللەیەک بەکرێگیراوێکی دەپێکا. هەستی نەدەکرد لەشی بریندارە. جار بە جار سەنگەری دەگوێزتەوە و دەور و بەری ئەو پرد و جۆگەیەی تاقی دەکردەوە کە بۆ ئەو و چوار پێشمەرگەکەی هاوڕێی ببوونە قەڵایەکی بە هێزی بەرگری و دوژمن نەیتوانیبوو لەو ماوەیە دا بە سەر ئەو شوێنە بەرتەسکە دا زاڵ بێ.

فەرماندەر بە هەموو لایەک دا دەیڕوانی، بەڵکە ئاڵقەیەکی کز لە گەمارۆی دوژمن دا بدۆزێتەوە کە بکرێ بە هێرشێکی کتوپڕ بیشکێنێ و هاوڕێیانی پێدا ڕزگار بکا، مخابن هەموو لایەکیان وەها تەنرابوو کە هومێدی بیرێکی وا و ڕێگاچارەسەرێکی ئەوتۆی دەبڕی. تەنیا ڕێگا: دەسکردنەوە و دیفاع کردن بوو. خۆڕاگرتن و هەوڵدان بۆ دەرباز بوون، یان شەهید بوون! دەیزانی هەربینا هێزی یارمەتیدەری پێشمەرگە گەیشتە هانایان. فەرماندەر بیری کردەوە:"خۆزیا هێندێک فیشەک و تەنیا چەند گوللە ئار پی جی دیکەمان پێبا!" ئەوجار ڕووی دە هاوالانی کرد و گوتی:

ـ"کوڕینە دەست بە فیشەکانەوە بگرن. هەوڵ بدەن تاق تاق باوێن و گوللەکانتان بە فیڕۆ مەدەن. دڵنیام هێندەی پێناچێ هاوڕێیانمان بە هانامانەوە دێن. دەبێ تا ئەو کاتە فیشەکمان لێنەبڕێ"

ماوەیەک پێچوو. چەند هێرش و دەسڕێژی توندی دوژمن بریندار بوونی سێ هاوڕێی دیکەی لێکەوتەوە و تەنیا هاوالێک بە ساغی مایەوە. دوژمن ئاڵقەی گەمارۆی تەنگتر کردبوەوە، بەڵام هێشتاش نەیدەوێرا لێیان نێزیکتر بێتەوە. فەرماندەر هەستی بە ماندوویی کرد. لە نێو سەنگەرەکەی دا کە جۆگەیەکی قوول بوو، پاڵی دایەوە. هێندێک هێزی هاتەوە بەر. سەری هەڵێنا، چاوی بە بەرزاییەکانی "خەزایی"* کەوت. پێگەی دوژمنی دی کە وەک کوندێکی سیمبولی ماڵوێرانی خۆی بە سەر بەرزترین دوندی ئەو کێوەوە مەڵاس کردبوو. یان دەتگوت دێوەزمەیەکی زۆرداری خوێنتاڵە کە دەستی دە گەرووی "خەزایی" ناوە و دەیەوێ نەفەسی لێ ببڕێ. فەرماندەر هەناسەیەکی

ساردی هەڵکێشا. دڵۆپێک فرمێسک تەڕایی دایە سەر گۆنای و ڕژایە سەر یەکەم بریندی. ئاخر ئەو ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە ڕۆژێک هێزی دوژمن لە وڵاتەکەی وەدەرنرێ و ئاڵای کوردستان لە جێی پێگەکانی دوژمن بشەکێتەوە.

پیلووی چاوەکانی فەرماندەر خەریک بوون دەچوونە سەریەک، زۆری نەمابوو خۆێن لەبەرچوون هێزی لێ ببڕێ و بیباتە خەوێکی قورسەوە. لەو کاتە دا بە دەنگی هاوڕێیەکی کە باسی نێزیکبوونەوەی دوژمنی بۆ دەکرد، ڕاپەڕی. دیسان وەخۆ هاتەوە و هێزی هاتەوە بەر. پیادەکانی دوژمنی دی کە لە ژێر پارێزگاریی تانک و تەقەی زرێپۆشەکانیان دا دەستیان بە هاتنە پێش کردبوو و ئیدی مەودایەکی زۆریان لە گەڵیان نەبوو. وا دیار بوو دوژمن ئێستا دڵنیا بوو کە ئەوان هەر ئەو چەند کەسەن کە بریندار و شەکەتن، و دەتوانێ بە هاسانی بیانگرێ.

فەرماندەر بە دیتنی ئەو دیمەنە وشیار بۆوە. ڕووی دە هاوڕێیانی کرد و ئەوەندەی دە توانای دا بوو دەنگی بەرز کردەوە:

" کوڕینە نابێ دوژمن هەر وا بە هاسانی بە سەرمان دا زاڵ بێ. ئێمە شەهید دەبین، بەڵام هەرگیز تەسلیمی دوژمن نابین. ئێمە تا دواین فیشەکمان بە سینگی دوژمنانەوە دەنێین، بەڵام لە بیرتان بێ دواین فیشەک بۆخۆمان ڕادەگرین، تا ئەگەر پێویست بوو، پێشکەشی دڵی پڕ لە خۆشەویستیی نیشتمانی خۆمانی کەین، چونکە دەبێ وەک پێشمەرگەیەک بمرین، بەڵام دەزگیر نەکرێین" ئەوەی گوت، پاشان بە سەرنێزەکەی کەمێک عەرزی کۆڵی و مۆر و بەڵگەکانی خۆی . بۆ ئەوەی وەدەست دوژمن نەکەون . لە ژێر خاکا شاردەوە و لە حاڵێک دا بە زەحمەت دەیتوانی تفەنگەکەی ڕاگرێ و سێرە بگرێ، دەستی بە تەقەکردن کردەوە.

هاوڕێیانیشی دەستیان بە بەربەرەکانی کردەوە و لە کاتێک دا دوژمن بە تەواوی لێیان هاتبوە پێش و زۆری نەمابوو بگاتە سەر سەنگەرەکەیان، لە پڕ وەزعەکە گۆڕا. لە پشتی هێزی داگیرکەر، لە سێ لاوە تەقەی ڕەشاش و گرمەی ئار،پی،جیی ڕۆڵەکانی پێشەوا کە بە بەسەرهاتی هاوالانیان زانیبوو و بۆ ڕزگار کردنیان هاتبوون، دەنگی دایەوە. دوژمن سەری لێشێوا. مەرگ لە سەر هێزی کۆنەپەرستان تاوڵی هەڵدا و ترس بڕستی لێبڕین. ئەو جار ئەوان بوون کە هەوڵیان دەدا هەرچۆنێک بوە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون بدۆزنەوە و سەر بە سڵامەتی بەرنەوە. ئیدی شەڕ زۆری نەخایاند. سەرەنجام دوژمن بە دانی زیانێکی زۆر خۆی لە دەست پێشمەرگەکان ڕزگار کرد و بەرەو

مۆڵگەکانی خۆی پاشەکشەی کرد.

پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان گەیاندە فەرماندەری ئازا و چوارهاوڕێکەی. فەرماندەر ئیدی توانای لە بەر دا نەمابوو و کاتێک هاوڕێیانی چاوپێکەوت و خاترجەم بوو کە دوژمن بە تێکشکاوی مەیدانی شەڕی بەجێهێشتوە، دەستی لە بەربەرەکانی هەڵگرت و خۆی بەدەست ئەو خەوە قورسەوە دا کە دەمێک بوو دەیەویست بە سەری دا زاڵ بێ و بیباتە دنیای بێهۆشییەوە.

هاوڕێیانی بە پەلە ئەو و پێشمەرگە بریندارەکانی دیکەیان بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لە شاری بۆکان بەڕێکرد. برینی هاوڕێیان سووکتر بوو و هەمووپان لە مەترسی دەرچوون، بەڵام هەوڵ و ماندووبوونی دوکتۆرەکان بۆ ڕزگارکردنی فەرماندەر سوودێکی نەبەخشی و بوو بە فیدای نەتەوە و نیشتمانی خۆشەویستی.

دواپین وتەی هێشتاش لە گوێی هاوسەنگەرانی دا دەنگ دەداتەوە کە گوتی:" هاوڕێیان! بە شەهید بوونی من ناڕەحەت مەبن و تازیەم بۆ دامەگرن، چونکە ڕزگاریی گەلی ئێمە لە ژێر چنگی ئەو دوژمنە کە گاڵتەی بە ئاشتی و ماف مرۆڤ دێ و تەنیا زمانی چەک و زەبروزەنگ دەزانێ، پێویستیی بە فیدا بوونی هەزاران ڕۆڵەی وەک من هەیە. لە ڕاستی دا خەبات خوێنی دەوێ. ئێوە کاتێک دەتوانن ڕووحی من شاد کەن و تۆڵەم بستێننەوە، کە نەهێڵن ئاڵای خەبات بکەوێتە زەوی. دڵنیام هەر واش دەکەن و سەرەنجام ڕۆژێک دادێ کە کوردیش سەربکەوێ و کۆیلەتی و بندەستیی ئەو گەلە دوایی پێ بێ!"

شەوێک دوای شەهیدبوونی مەهاباد بە دەنگی خەڵکی شۆڕشگێڕ وەلەرزین کەوت. شاری پێشەوا قازی یەکدەنگ هاواری دەکرد:

"کاک شوان ڕێگات درێژەی هەیە!"

"کاک شوانی قارەمان، هەرگیز ناچی لەبیرمان!"

---

*"خەزایی" ناوی کێوێکە کە کەوتۆتە باشووری ڕۆژاوای شاری مەهاباد

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٤

شێعرێکی سوێدیی من

شێعرێکی سوێدیی من و وەرگێڕانێکی جوانی مامۆستا ئەنوەری سولتانپەنا

ڕۆژی حەوتی ژوئێنی ساڵی ١٩٩٩ی زایینی. لە شاری وێستروۆسی وڵاتی سوئێد، ئیدارەی "ناوەندی زمانان" کە ئەرکی گوتنەوەی دەرسی زمانی زگماکی و یارمەتیی فێرکاریی بۆ منداڵە بێگانە و پەنابەرەکانی بە ئەستۆوەیە، بەرنامەیەکی بە مەبەستی کورتە ناساندنێکی زمان، فەرهەنگ و کولتووری کوردی پێکهێنا. بەرنامەکە هەر لە لایەن مامۆستایانی زمانی کوردی، کە یازدە کەس بوون و منیشیان لە گەڵ بووم، ڕێکخرا و بەڕێوەچوو، ڕۆژێکی تەواوی درێژە کێشا. لەو بەرنامەیە دا باس لە سەر مێژوو و جوغرافیای کوردستان، شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، کولتوور و شێوەی ژیانی کوردان کرا و چەند شێوە سەما و هەڵپەڕکێی کوردیش نیشانی بەشداران دران.

بێجگە لە کارمەندان و مامۆستایانی ئەو ئیدارەیە کە ژمارەیان نێزیک حەفتا کەس بوو و لە نەتەوەی جۆراوجۆر بوون، ژمارەیەکی بەرچاویش میوان، کە زۆربەیان مامۆستا و بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکانی وێستڕۆس بوون، لەو بەرنامەیە دا کە ناوی نرابوو ڕۆژی کولتووری کوردی، ئامادە بوون.

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی باسێکی کورت لە سەر شێعر و ئەدەبیاتی کوردی ـدیارە بە زمانی سوێدی ـ بۆ من دیاری کرابوو. وتارەکەم ئامادە کرد و لە کاتی دیاریکراو دا پێشکەشم کرد. سەرەڕای ئەوەی لە وتارەکە دا هەوڵم دابوو زۆرتر لە سەر ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی بدوێم، بەو حاڵەش زیاتر بە لای شێعری کوردی دا شکابوومەوە. هەرچۆنێک بوو هەم وتارەکە باش دەرهات و هەم لە قەدەر خۆی سەرنجی بەشدارانی ڕاکێشا. بەڕێوەبەرانی جێژنەکەش لێی ڕازی بوون.

لە ئاخری وتارەکە دا شێعرێکی خۆشم گونجاندبوو، کە پێشتر بە زمانی سوێدی گوتبووم. ماوەیەک دواتر چوومە نۆڕوێژ و سەردانی مام ئەنوەرم کرد(نێزیکەی بیست ساڵێکە لە گەڵ مامۆستا ئەنوەر هاوڕێم. چونکە برا گەورەیە، هەر بە "مام ئەنوەر" بانگم کردوە). لە وێ وەرگێڕراوی شێعرەکەم بۆ خوێندەوە. زۆری پێ جوان بوو و هەر ئەو کاتە بڕیاری دا بە شێعر بیکاتە کوردی. شێعرەکەم بە شێوەی پەخشان وەرگێڕا و دامێ. دوای هاتنەوەم هێندەی

پێنەچوو وەرگێڕانەکەی خۆی بۆ ناردمەوە. بە ڕاستی زۆر جوانی وەرگێڕابوو.
شێعرەکە پێشەکییەکی دوو ـ سێ خەتیشی هەیە کە هۆی هاندانی منی بۆ گوتنی ئەو شێعرە تێدا باس کراوە.

لێرە دا من سەرەتا شێعرەکە بە پێشەکییەکەیەوە بە سوێدی دەنووسمەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەو زمانە دەزانن، دەستیان بە ئەسڵی دەقەکە بە سوێدی ڕابگا. پاشان وەرگێڕراوەکەی خۆم بە پەخشان، کە مام ئەنوەر لە ڕووی ئەوەوە کارەکەی خۆی کردوە دادەنێم و سەرەنجام وەرگێڕانەکەی مام ئەنوەر چاپ دەکەم. سەردێڕی شێعرەکە بە سوئێدی (Jag finns) لە کە بە کوردی دەبێتە "من هەم". مام ئەنوەریش هەر ئەو سەردێڕەی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی داناوە.

(بە داخەوە هەرچی هەوڵم دا نوختە و کاما ونیشانەکانی دیکەی تێکستە سوئێدییەکە لە بلۆگێردا نەکەوتنە جێی خۆیان. پێموایە من باشی لێنازانم، دەنا تێکستی لاتین دەو چوارچێوەیە دا نابێ گرفتی هەبێ)

Den andra april 1995 läste jag en artikel om Kurdistan i tidningen ”Expressen”. Rubriken till artikeln var: ”Välkommen till Kurdistan, landet som inte finns”. Det var en bra artikel och naturligtvis menade inte författaren illa, men i alla fall blev den anledning till att jag skrev den här dikten:

Jag finns

Min vän Förneka inte mig!
Jag finns och jag har funnits i tusentals år.
Jag kanske inte finns på era orättvisa kartor,
som har gjorts för mina fiendernas intresse.
Jag finns med miljontals levande hjärtan.

Jag finns i mitt folks kamp, i deras sorg och glädje.
Mina barn sjunger om mig och mina djärva kämpar ropar mitt namn i frihetskampen.

Jag finns i martyrernas blod, i mina vackra färggranna ängar, i mina floder, skogar och slätter.
Jag finns i Tigris, i Eufrat, i Zagros, Ararat, Agri och Halgord.

När solen tidigt på morgonen med sina första strålar, träffar mina höga bergstoppar, reflekteras min existens.

När fullmånen breder sitt silversken över min långa kropp, stum och kärleksfull tittar på mig och granskar mina fagra delar, vittnar den om att jag finns.
Stjärnorna, när de blinkar på himlen över min stora yta, i mina molnfria kvällar, uppskattar mig och diskuterar min vackra, sällsynta natur.
Jag finns i barnens leende, i unga pojkars och flickornas äkta kärlek,

i de faderlösa barnens tårar, och i mammornas suckande efter sina försvunna barn.
Västvärlden! För länge sedan gömde ni mig i Lausann-överenskommelsen.
Ni tappade bort mig i oljeledningarna, där oljan rinner från min kropp till era fabriker och industrier.

Ni omvärlden! Ni tappade bort mig i politiska lekar med ockupanter som kapade min kropp och delade den mellan sig.
Jag finns, min vän!
Om det är sant att solen finns, om det är sant att månen och himlen finns,
om det är sant att verkligheten finns,
då finns också jag och jag lever med mitt stora folk!

وەرگێڕاوەکەی من (بە پەخشان).

"من هەم"

ڕۆژی دووی ئاپریلی ساڵی ١٩٩٥ی زایینی، وتارێکم لە ڕۆژنامەی "ئێکسپرێسسێن" ی سوئێدی دا، لە سەر کوردستان، خوێندەوە. سەردێڕی وتارەکە ئاوا بوو:" بەخێر بێن بۆ کوردستان، بۆ وڵاتێک کە نیە!". وتارەکە زۆر باش بوو و هەر ئەوکات وەرمگێڕا سەر کوردی و بۆ هاوڕێیانی کوردستانم بەڕێ کردەوە. دیارە نووسەر هیچ مەبەستێکی خراپی لەوە کە گوتبووی "بۆ وڵاتێک کە نیە" نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو وتەیە بوو بە هۆی ئەوە کە من ئەو شێعرە، بە زمانی سوئێدی، بنووسم.

"من هەم"

دۆستم حاشا لە بوونی من مەکە!
من هەم و هەزاران ساڵە دەژیم.
ڕەنگە من لە نەخشە ناحەقەکانی ئێوە دا نەبم، کە بە مەیلی دوژمنانی من کێشراونەوە.
بەڵام من لە گەڵ میلیۆنان دڵی زیندوو دەژیم.
من لە خەباتی خەڵکەکەم و لە خەم و شادیی خەڵکەکەم دام.
ڕۆڵەکانی من سروودی هەبوونی من دەخوێننەوە و،
خەباتگێڕە قارەمانەکانی من،
لە خەباتی ڕزگاریخوازانە دا ناوی من هاوار دەکەن.
من لە خوێنی شەهیدان دام، لە چیمەنە جوان و ڕەنگاوڕەنگەکانم دام،
لە چۆم و دارستان و دەشتەکانم دام.
من لە دیجلە و فوراتم دام. لە زاگرۆس، ئارارات، ئاگری و هەڵگورد دام.
بەیانان، کاتێک خۆر بە یەکەم گزینگەکانی خۆی تڕۆپکی کێوە بەرزەکانم دەنگێوێ،
هەبوونی من ڕەنگ دەداتەوە.
کاتێک مانگی شەوی چاردە تریفەی زێوینی خۆی بە سەر پەیکەری گەورە و بەرینی من دا بڵاو دەکاتەوە،
حەیران و ئەوینداڕانە لە من دەڕوانێ و جوانیی یەک ـ یەکی بەشەکانی من هەڵدەسەنگێنێ، شاهیدی لە سەر بوونی من دەدا.
ئەستێرەکان، کاتێک شەوان لە ئاسمانی ساوی من دا،
لێمدەڕوانن و دەزریوێنن.
شکۆی من هەڵدەسەنگێنن و،
باسی سروشتی سازگار و جوانیی کەموێنەی من دەکەن.
من لە بزەی منداڵان دام،
لە ئەوینی پاک و ڕاستی کوڕان و کچانی کورد دام،
لە فرمێسکی منداڵانی بێباوک دام،

لە ئاخ و هەناسەی دایکانی جیگەرگۆشە بێسەر و شوێن دام.

ڕۆژاواییەکان!

زۆر لەمەوپێش ئێوە منتان لە پەیمانی "لۆزان" دا ون کرد.

ئێوە منتان لەو لوولە نەوتبەرانە دا ون کرد، کە نەوتی هەڵقوڵاو لە لەشی من بەردەوام لە نێو ئەوان دا بەرەو کارگە و دامەزراوە سەنعەتییەکانی ئێوە جاریە.

ئێوە جیهانی دەوروبەر! جیهانییەکان!

ئێوە منتان لە گەمەی سیاسی لە گەڵ ئەو داگیرکەرانە دا ون کرد، کە لەشی منیان پارچە پارچە کردوە ولە نێو خۆیان دا دابەشیان کردوە.

دۆستم! من هەم!

ئەگەر ڕاست بێ کە ڕۆژ هەیە، ئەگەر ڕاست بێ کە مانگ هەیە و ئاسمان هەیە، و لە بناخە دا ئەگەر ڕاست بێ ڕاستی هەیە،

ئەوەڕاستە منیش هەم و لە گەڵ خەڵکە گەورەکەی خۆم لە سەر ئەم جیهانە دەژیم.

٥ی یوونیی ٢٠٠٠

من هەم

ئەنوەری سوڵتانپەنا

دۆستم وەرە بە نارەوا لە بوونی من خۆ مەبوێرە
سەرنج بدە و بە شێنەیی بۆ داستانم گوێ ڕادێرە

ڕەنگە لە نێو نەخشەکان دا ناوی منتان نەهێنابێ
یان بە فیتی ناحەزانم حاشا لە بوونم کرابێ

بەڵام دۆستم دڵنیا بە بووم و هەم و ناتوێمەوە
لە نێو دڵی خەڵکی خۆم دام بەهیچ هێزێک نابڕێمەوە

دەڕیم لە نێو بیر و تاسەی بە میلیۆنان دڵی زیندوو
لە گەڵ مێژووی پڕشنگداری هەزاران ساڵی ڕابردوو

لە نێو خەم و شادیی گەل و لە نێوخوێنی شەهیدان دام
لەنێوچۆم و دەشت و کەژ ولە چیمەنی کەسک وجوان دام

ڕۆڵەکانم هەر سروودی بوونی منە و دەیخوێننەوە
ڕێبوارانی ڕێی ڕزگاریم ناوی منە و دەیڵێنەوە

من ئاوێتەوی پێڵی دیجلە و هاواڵ هەنگاوی فوراتم
ئەمن گەوەی سەختی ئاگریم، ڕژد و ڕکەی ئاراراتم

من لە ناخی زاگرۆس دام و قەندیل و ئاگری و هەڵگوردم
خۆ گێل کردن سوودی نیە، بزر نابم، زێدی کوردم

بەیانیەیان کاتێک گزینگ لووتکەی کێوم ڕادەموسێ
ڕەنگدانەوەی بوونی منە و تاپۆی هەرمانم دەنووسێ

کاتێک مانگی شەوی چاردە زێوئاژنی بەژنم دەکا
ئاشقانە لێمدەڕوانێ و شاهیدیی بوونی من دەدا

چۆن ون دەبم من لە ئەشکی منداڵانی بابکوژراو دام
لە نێوڕەنگ و ڕووەای زەردی دایکانیجیگەرسووتاو دام

من ئاوێتەی عەشقی پاکی کێژ و کوڕی کوردەواریم
لە نێو زەردەی بزرکاوی کۆرپەی دووربەختیاریم

ڕۆژاوایی زۆر لەمەوپێش نکوولیتان لە بوونم کرد
پەیمانی شوومی "لۆزان"تان بە دیـــاری بۆ دوژمنان برد

لەو لوولە نەوتبەرانە دا شاردرامەوە کە بێ وچان
هەڵێنجاوی لەشی منیان دێنا بەردەو کارگەکانتان

لە نێو گەمەی سیاسی دا بە پێی خواستی دوژمنانم
بەشبەش کرام ، بە تاڵان چوو هەموو سەرمایە و سامانم

بەڵام دیارە ئەگەر ڕاست بێ ڕۆژ و مانگ و ئاسمان هەیە
یان لە جێ دا ئەگەرڕاست بێ ڕاستی هەیە و ژیان هەیە

ئەوە ڕاستە منیش هەم و قەت ون نابێ کەسایەتیم
لە گەڵ خەڵکی گەوردی خۆم دا تا هەتایە هەم و دەژیم

ئەنوەری سوڵتانپەنا
پاییزی ٢٠٠٠

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٤

بەرەو هاوڕێ

وتوویژ بە شێعر

نامەیەک بۆ هاوڕێی شاعیرم مامۆستا ئەنوەری سوڵتانپەنا و وەڵامی ئەو کورتە سەرەتایەک

"مام ئەنوەر"م یەکەم جار ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە دۆڵی "گەورەدێ"ی باشووری کوردستان چاو پێکەوت. ئێوارەیەکی هاوین بوو. گەرما حەشری دەکرد. لە گەڵ چەند هاوڕێی هاوشاریی خۆی لە سەر سەکۆیەکی ژێر سێبەری داربەڕوویەک کە لە پێش چادری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی (دەفتەری یەکێک لە بەشەکانی حیزب) هەڵکەوتبوو، دانیشتبوو و خەریکی چاخواردنەوە بوون. کاتێک گەیشتمە نیزیکیان، یەکێک لە وان کە منی دەناسی، بانگی کردم و گوتی: ئاشق وەرە هەم چایەکمان لە لا بخۆوە و هەم لە گەڵ ئەم شاعیرە شیرینکەلامە ئاشنا بە! منیش لامدا و لە لایان دانیشتم. هاوڕێیان مام ئەنوەریان پێناساندم. هەر لەیەکەم چاوپێکەوتن دا هەم هەستم بە تەبعی پاراوی شاعیرانەی کرد و هەم تێگەیشتم کە مرۆڤێکی مەشرەفخۆش و لەسەرەخۆیە.

هەر لەو دانیشتنە دا باسی شێعر و شاعیرانمان کرد و شێعرمان بۆ یەکتر خوێندەوە. ئیدی هەر لەو کاتەوە بوویە هاوڕێی نیزیک و هێندەشی پێنەچوو کە هەردووکمان بوینە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی " کوردستان" و لە بەشی بڵاوکردنەوەی حیزب دا بوویە هاوکار.

ماوەی نێزیک بە سێ ساڵ بەیەکەوەکارکردن لەو بەشە دا ئێمەی زۆر زیاتر لێک نێزیک کردەوە. مام ئەنوەر شێعری چاکی هەبوو و وردە وردە شێعری تازەشی لێزیاد دەکردن. لەو سەردەمە دا ئەو خەریکی تەواوکردنی کۆمەڵەشێعرێک بوو کە ناوی "بەرەومەڵبەند"ی لێنابوو کە ئەمە یەکێک لە بەرهەمە هەرە جوانەکانیەتی. لە بەرەومەڵبەند دا شاعیر تاریفی زێد و ناوچەی خۆشەویستی خۆی، واتە شاری "سەقز" و دەروبەری دەکا و پیاو حەق بڵێ زۆر جوان توانیویەتی دیمەنەکان بە شێوەیەکی شاعیرانە تاریف بکا و وەستایانە بیانخاتە تابلۆی شێعرەوە.

بەهاری ساڵی ٦٧ی هەتاوی (٨٨ی زایینی) دوای لەتبوونی حیزب، مام ئەنوەر بە مەبەستی چوون بۆ دەرەوەی وڵات لە گەڵ چەند هاوڕێی بەرەو تورکیە وەڕێکەوت. ئەو کات وەزعی ڕێگاوبان گەلێک دژوار بوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوی شەڕ لە گەڵ عێراق لە بەشێکی زۆری ناوچە "سنوورییەکان" بڵاو بوونەوە. مام ئەنوەر کەوتە داوی پاسداران و گیرا. ماوەیەکی زۆر لێی بێهەواڵ بووم، پاشان خەبەرم زانی کە دوای چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی زۆر بەربوە و لە شار و زێدەکەی خۆی دەژی.

ساڵی ٩٣، نیزیک بە ساڵێک دوای هاتنم بۆ وڵاتی سوئێد هەواڵم پێگەیشت کە مام ئەنوەر دەرباز بووە و هاتۆتە تورکیە و هێندەی پێنەچوو بە تەلەفۆن گوێم لە دەنگی بوو. بیرەوەریی ڕابردووم زیندوو بوونەوە و بوون بە هۆی وەدیهاتنی ئەو پارچە شێعرە کە لە ژێر سەردێڕی "بەرەو هاوڕێ" دانراوە و وەک نامە بۆ مام ئەنوەر بەڕێ کراوە.

شێعرەکەم ڕاست لە سەر شێوە و وەزنی بەرەومەڵبەند بۆ هاتوە و مام ئەنوەریش بە شێعرێکی زۆر جوان هەر لە تورکیەوە وەڵامی داوەتەوە. لە شێعرەکەی من دا ئیشارە بە هێندێک لەو دیمەن و ناوانە کراوە کە لە "بەرەومەڵبەند دا هاتوون. بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر دە مەبەستم بگا و بچێتە قوواڵایی باسەکەوە، لە پەڕاوێزی ئاخری شێعرەکە دا ئەو ناو و دیمەنانە شی کراونەوە. با ئەوەشم لە بیر نەچێ کە مام ئەنوەر ئێستا لە وڵاتی "ئۆرویژ" دەژی و دیارە بەردەوام پێوەندیمان هەیە. بە داخەوە هێشتاش ئەو شاعیرە ناسک هەستە نەیتوانیوە شێعر و بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو بکاتەوە.

"بەرەو هاوڕێ"

- *نامەی ئاشق بۆ مامۆستا ئەنوەری سوڵتانپەنا*

شنە ئەی قاسیدی خۆشڕەوتی ڕەوان
شارەزای ڕێگە بە ڕۆژان و شەوان

وەرە لوتفێ کە دەسم داوێنت
گیان بە قوربانی پشووی خاوێنت

ئەم پەیامەم بەرە بۆ مام ئەنوەر
پیری دڵ لاو(١)ی وەسای شێعر و هونەر

زۆر لە مێژە تەوەلاین، لێکتر دوور
دیدە دەڕژێنێ بە کوڵ ئەشکی سوور

پیری شێعر و دڵ و دڵداری بوو
وێڵ و شەیدای گوڵی ڕزگاری بوو

داخەکەم ئەو بوو جیایی خولقاند
تانی ئاوریشمی ویسالّی قرتاند

لێڵی دی ڕۆژێ کە ئاسۆی ئیقبالّ
سەفەری دووری دەرێی کەوتە خەیالّ

وادە بوو پێکەوە بین بۆو سەفەرەش
پێکەوە بچین بەرەو ئەو خەتەرەش

منی جێ هێشت کە قورس بوو بارم
مامەوە خۆم و دڵی خەمبارم

خۆی بە تەنیا چوو کە کەوشەن ببڕێ
جلکی خەم بدڕێ، نەوای دڵ بچڕێ

سەد مخابن تەلەسم بوو ڕێباز
پڕ لە دوژمن بوو نشێو و هەوراز

خاکی کوردان پڕی داگیرکەر بوو
ماڵی دۆست بۆ دژی من سەنگەر بوو

دانەکەرخۆر و هەڵۆ تێکەڵ بوون
دێوی خوێنخۆر و پەری هاوەڵ بوون

"ڕێگە" دژوار و" بە کەند و لەند"(٢) بوو
نابەدڵ چوونی بەرەومەڵبەند بوو

دڵ کە ئاڵۆز بوو بە تاڵاوی خەمان
دەرزیئاژن بوو بە تانەی عەجەمان

ئەو هەڕێمەی کە دەپشکووت دڵی لێی
کۆنە زێدێکی کە ڕسکا گوڵی لێی

ئێستە ئێشێنەر و خەمبزوێن بوو
شار چ شار، شار پڕی ئەشک و خوێن بوو

مات و بێدەنگ بوو سەرانسەر مەڵبەند
دەنگی گریان بوو لە جێی قام و بەند

"تاڵەجەر"(٣) بووکی هەڕێم، شەمزابوو
ماڵ بە ماڵ ژاری خەمی تێزابوو

کۆڕەکان بێڕوح و ساردو سڕ بوون
کۆڕی چی، دڵ کە لە مەینەت پڕ بوون

تۆز لە سەر "بەردەجنە"(٤)ی جێژوانی
قەشمەریی بوو دژی ناز و جوانی

گۆمەکە(٥)ی سەردەمێ ڕووگەی دڵ بوو
بازی شۆخان بوو، پڕ ئاسکی سڵ بوو

جێی نەشە و ناز ونیاز وسوێ بوو
"پۆلی پەریانی بە ڕووتی لێ بوو"(٦)

چاوی ڕاوچی دەم و دەست، جاروبار
کۆتری مەمکانی دەپێکا لە حەشار

ئێستە بێدەنگ بوو لە گەڵ مێشە و چەم
بازەبۆق بوو لە بری فرکەی مەم

کورت و کرمانجی هەرێم شێوابوو
هێزی خەم خێوەتی لێ هەڵدابوو

خەم بوو، خۆخواردنەوە بوو، تەنیایی
گاڵە بوو شەشدەری ڕووناکایی

وشک هەڵاتبوو لک و پۆی داری ئەوین
زۆرێ جیاوازی نەبوو مردن و ژین

مامە فەرمووی ئەوە ژینێکی ڕەشە
پێی قبووڵ ناکرێ ئەوەی بیری گەشە

تا سوپای ڕەش دەسەڵاتی زاڵە
شار و مەڵبەند بە دڵی من تاڵە

وێڵی غوربەت بی لە گوێن دەربەدەرێک
نەک بژی لێرە وەکوو دەستبەسەرێک

گەییە بڕیار و لە ناکاو ساز بوو
گورج و ئازا لە سنوور دەرباز بوو

شنە توخوا بە پەلە ڕێ ببڕە
کۆسپ و پەرژینی سنووران بدرە

نەچی هەڵوێستە بکەی لێر و لەوێ
یان وەرەز بی، بکەوی نیوەشەوێ

یانە مەحتەل بی لەلای نازداران
تا بکەی گەردنی ڕووت ماچباران

دەس بە سەر سینگ و مەمان دا بێنی
بسکی سەر کوڵمی کچان ڕاژێنی

مەست و سەرخۆش بی بە بۆی ئارەقی مەم
خۆت بخافڵێنی لە گەڵ ڕوو و پەرچەم

هەر برۆ تا دەگەیە خزمەت ئەو
پێی بڵێ:" مامە بە بێداری و خەو

ناوی تۆ زیکری زمان و بیرە
من مریدم، بەڵێ ئەنوەر پیرە

دڵ وەکوو زەرڕەیە بۆ دیداری
گیان پڕی تاسەیە بۆ گوفتاری

بێژە گەرچی شەکەتی دەربەدەریم
پڕ لە یادی ئەوە تۆیی بیرەوەریم

پەڕاوێز:

١- ئیشارە بە شێعرێکی مام ئەنوەر بە ناوی " کوانێ پیرم".
٢- ئیشارە بە شێعرێکی مام ئەنوەر لە "بەرەومەڵبەند" دا کە دەڵێ:

" گەرچی ئەم ڕێگە بە کەند و لەندە
سەفەرت خێرە، بەرەو مەڵــبەندە"

٣- ناوی گوندی مام ئەنوەرە.

٤- "بەردەجنە"، بەردێک بوە کە لە دۆڵێکی نێزیک ئاوایی ماڵی شاعیر هەڵکەوتوە. ئەو بەردە لە کاتی لاوەتیی شاعیر دا جێژوانی ئەو لە گەڵ شۆخە کچێک بووە و بە سۆزێکی تایبەتییەوە لە بەرەو مەڵبەند دا یادی ئەو سەردەمە و ئەو بەردە دەکاتەوە. سەرنج بدە ئەو تاقە شێعرە کە بەشێک لە ڕاز و نیازی ئەو ژوانە بە شکۆیانە دەگێڕێتەوە:

(لەو "دەنا، گیانە مەکە و وەی وەی" بوو
لە منیش بۆنی گوڵ و ئۆخەی بوو)

٥- ئیشارە بە "گۆمی کچان" ـە، کە ئەویش هەر لە نێزیک ئاوایی و لە نێو مێشەیەک هەڵکەوتوە و لە هاوین دا شوێنی مەلەی کچانی ئاوایی بووە. شاعیر وێڕای تاریفی دیمەنەکانی ئاوایی، باسێکی شاعیرانەی ئەوێش دەکا.
٦- نیوە شێعرێک لە بەرەو مەڵبەند کە باسی "گۆمی کچان" دەکا.

وەڵامی مامۆستا ئەنوەری سوڵتانپەنا

- *مام ئەنوەرەیش بەو پارچە شێعرە جوانە ئاوا وەڵام دەداتەوە:*

شەماڵ ئەی قاسیدی مابەینی یاران
سەفابەخشی ملە و هەردە و هەواران

بەریدی بۆنی کەزیە و گەردن و مەم
هەواڵی باوەفای دێوانەکەی شەم

هەوێنی سۆزی سینەی شەنگەزینان
بنەکداری هەناسەی دڵ خەمینان

ئەتۆی ڕێزانی چینی زولفی عەنبەر
بەرامەی عەنبەرین بۆ مەولەوی بەر

ئەتۆی ڕازێنەری بووکی گوڵانی
بەڕەمزی شیوەنی بولبول دەزانی

لە ودمی تۆیە نەی خاوەن نەوایە
لە تۆوە دەنگ بە ڕێی گوێ ئاشنایە

وەرە ڕاژێنەری بەژنی نەمامان
وەرە هەتوانی ئۆف و ئێشی زامان

وەرە پەردەدڕی خونچەی بەهاران
بریکاریم بکە وەک جاری جاران

شنەی تۆم بێ چ حەوجێمە بە بێتەل
کە ڕاسپێریم بەرێ بۆ "ئاشق"ی گەل

بڵێ بەو هاوەمەی ڕۆژان و ساڵان
کە میوانە لە زێدی کەزیەکاڵان.

" بەڵێ ڕاستە بەڵێن بوو هاوسەفەر بین
شەریکی خۆشی و خێر و زەرەر بین

ئەتۆ جێ مای و ئەمنیش هەڵوەدا بووم
لە هاوڕێیانی دێرینەم جودا بووم

بەڵام چاکتر کە جێ مای و نەهاتی
من ئاسایی نەکەوتیتە نەهاتی

ئەگەرچی پێوەبووی تۆش هەر وەکووەمن
کەویتە نێو تەلەسمی دێوی دوژمن

دەڵێن چووبووی هەتاکوو مەرزی مردن(١)
بەڵام من داوی مەرگم کەوتە گەردن"

وەرە با باسی خۆمت بۆ بەیان کەم
کەمێک تاریفی دەرد و ئێش و ژان کەم

لە پاش گیران و بەند و داوی زیندان
خەلاسیم بوو لە یانەی دەردمەندان

لە تاریی چارەنووس و بەختی چەوتم
لە گرتووخانەییکی گەورە کەوتم

وڵاتم دی چ خاپوورە وڵاتێ
خەفەتباریێ، زگاریێ، خەمخەڵاتێ

بەرەو هەرلا بچوومایە خەتەر بوو
زویری بوو، پەشێوی بوو، کەسەر بوو

لە دەوری وارەکەم پاپۆکی مار بوو
سەرۆکم ورچ و داوەر کەمتیار بوو

هەموو دەور و بەرم فێڵ و کەڵەک بوو
تەراتێن و گەمەی ڕێوی و دەڵەک بوو

چەقەڵ داشدار و ئێشکچیی شەوان بوو
ڕەوەی گورگم لە کۆزێ پاسەوان بوو

قەل و کوندی کەلاوە و پیرەداڵان
بەروبوویان هەموو بردبوو بە تاڵان

مژ و دوو بوو هەواری کۆنەیاران
پشووبڕ بوو شنەی جێژوانی جاران

ئەوەی شۆخی لەبار و کوڵمەگەش بوو
زەلیل و دیلی بن چارشێوی ڕەش بوو

کش و ماتیی کچان و لاوی دڵسۆز
وەکوو ئارامشێکی بەر لە باهۆز

گوڵاڵە و کانی و کێڵگە و شەتاوان
دڵۆپەی ڕووبن ئەشکەوت و کاوان

کەژ و کوێستان و شاخ و چاوگ و چۆم
هەموو ساردوسڕ و بێگانە بوون بۆم

لە نێو خزم و کەس و خێزان و خۆیی
بە نامۆیی ژیانم لێدەڕوێی

بە گیان و دڵ لە مەڵبەندم جودا بووم
غەریبی ئاشنا بووم، بێپەنا بووم

یەقین مابام، ئەجەل بەندی دەکردم
لە ماڵی خۆم لە غوربەت دا دەمردم

بڵێی "ئاشق" زەمانێکی بەدی بێ
کە دواکاتی گرفتاری و بەدی بێ

شنەی ئازادی و سروەی بەهاری
بدا ڕۆژێ لە ئاڵای کوردەواری

ئەگەر من ئەو دەمە میوانی گڵ بووم
ئەسیری خاکی دووری و نابەدڵ بووم

لە گەڵ چەند کیژەکوردی جوان و نازدار
بە ئاهەنگی بە سۆزی "خاڵە ڕێبوار"

بە چەپڵەی خۆشی و ڕەقس و سەماوە
بە شمشاڵ و بە دەنگی نەرمە ناوە

وەرە سەر گۆڕەکەم تۆ بیر و بڕوات
بڵێ:" هەستە زەمانی خەم بەسەرهات!

چ وەختی نوستنە، کاتی سەفایە
لە چوار نیکاڵی کوردستان هەرایە

لە پاش دەوری هەژاری و دڵبەسۆیی
دەگێڕین جێژن و شادیی سەربەخۆیی"

لە ژێر خاکا بە یەکجاریش پوابم
بە موژدەی سەربەخۆیی ڕەنگە ڕابم

ئەنوەری سوڵتانپەنا

تورکیە ١٩٩٣

پەڕاوێز:

١- کاتێک من (ئاشق) لە "تورکیە" بووم، دەوڵەتی تورکیە دەستەیەکی سەد کەسیی لە لەپەنابەران بە مەبەستی تەحویلدانەوە بە ئێران تا دە کیلۆمیتریی سنوور برد، بەڵام بە هۆی وشیاریی پەنابەرەکان و پشتیوانیی خەڵکی کوردستانی تورکیە و ڕێکخراوی "یوو ـ ئێن" ئەو پیلانە پووچەڵ بۆوە. منیش لە گەڵ ئەو دەستەیە بووم. بە ڕاستیش ئێمە لە سنووری مردن گەڕاینەوە. مام ئەنوەر لێرە دا ئیشارە بەو مەبەستە دەکا.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤

هەژار هەر ماوە

ئەو بەینە هێندیک لەو شێعر و نووسراوانەم لە هەوارگەکەم دا بڵاو کردەوە، کە لە ڕابردوو دا بە بۆنەی شەهیدبوون، یان کۆچی دوایی هیندێک لە هاوڕێیانی خەباتکار و خۆبەختکردووی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە چەوساوەکەمانەوە نووسیومن. ئێستاش دەمەوێ شێعرێکی دیکەم بە ناوی "هەژار هەر ماوە" کە ساڵی ١٩٨١ بە بۆنەی شەهیدبوونی کاک هەژار فەرماندەری تێکۆشەرو کارزانی هێزی پێشەوای ئەو کاتی مەهابادەوە نووسیبووم، لێرە دا بڵاو بکەمەوە. پێموایە زۆربەی خوێنەران دەزانن کە هێزی پێشەوا یەکێک لە هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەو شێعرە هەر ئەو ساڵە لە ژمارە ٢١ی بڵاوکراوەی "پێشەوا" ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دا بڵاو کرایەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ نووسین و بڵاوکرنەوەی ئەو چەند شێعر و نووسراوەیە دا کە لە خەمی شەهیدبوونی ئەو ئازیزانە دا نووسیومن، و دەکرێ بشڵێم سەبارەت بە شێعری "حەماسی" بە گشتی، پێمخۆشە ئیشارە بە شتێک بکەم. ئێستا بە خۆشیەوە کورد لە سەریەک کە متر لە گەڵ نەیارانی خۆی تێکهەڵچوونی چەکدارانەی هەیە و ئاشکراشە لەم سەردەمە دا کە دەور دەوری هەڵسووڕانی دیپلۆماتی، ئاخاوتن"دیالۆگ" و سیاسەت کردنە و وەزعی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەو شێوەیەیە کە دەیبینین، نە بیرکرنەوە لە شەڕ مانایەکی هەیە و نە خەباتی چەکدارانەش وەک ڕێگایەک بۆ سەلماندنی ماف و ئازادیەکانی کوردان دەتوانێ باوی هەبێ و ئەقڵپەسند و پێویست بێ. لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆش دا ڕەنگە قسەکردن لە حەماسە، ئازایەتی و خۆبەختکردن، بە قارەمانانی ڕابردووی گەلەکەشمان بگرێتەوە، لە لای هێندێک کەس و بە تایبەت بۆ نەوەی نوێ، ڕەنگدانەوەیەکی تەواو و جێگای سەرنجی نەبێ. من دەمەوێ هەر ئەوەندە بڵێم کە کورد لە ڕابردووش دا بە دڵخواز شەڕی هەڵنەبژاردوە و کاتێکیش ناچار بوە دیفاع لە خۆی بکا و لە ڕێگای وەدەستهێنان و پاراستنی ماف و ئازادیەکانی بە گژ دوژمن دا بچێتەوە، کارێکی پیرۆز و ڕەوای کردوە. هەر لە پێناو ئەو دیفاع و بەرگرییەش دا بوە کە ئەو ڕۆڵە خەباتکارانە گیانی خۆیان فیدا کردوە. ئەو سەرمایەی هەر ئێستاش هەمانە، بەرهەمی ڕەنج و خۆبەختکردنی ئەو انە. کە وابوو دەبێ هەتاهەتایە ناویان و یادیان زیندوو ڕاگرین.

لە ژیانم دا پێم شک نایە شێعری پێهەڵگوتنم بۆ کەس گوتبێ و لە بناخەش دا دژی ئەو شێعرەم کە بە مەبەستی

وەدەستهێنانی پلە و پایە و بۆ کەسانی دەسەڵاتدار، یا سیستیمی دەسەڵات - جا هەر سیستیمێک بێ، چ دەوڵەتی و چ حیزبی - گوترابێ. بەڵام بۆ شەهیدان و بۆ پێشمەرگە شێعرم گوتوە و دیارە شانازیشی پێوە دەکەم. تەنیا هاندەریشم لەو پێوەندییە دا هەستێکی پاکی هاوڕێیەتی و نیشتمانی و ئەوین بە خەبات لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەم دا بوە، کە لە کانگای دڵ و دەروونمەوە سەرچاوەی گرتوە.

ئەو هاوڕێیانەی بە بۆنەی شەهیدبوونیانەوە شێعرم گوتوە، لە نێزیکەوە ناسیومن و هەر بۆیەش کۆچیان شوێنی تایبەتیی لەسەر داناوم، دەنا هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە لای من گەورە و خاوەنی ڕێزن و هەموویان وەک یەک بە شاهیدانی میژووی دێرین و پڕ لە تێکۆشان و کارەساتی نەتەوەکەمان دەزانم. شێعرم بە گشتی بۆ هەموو شەهیدانیش گوتوە. زۆر جار لە دڵی خۆم دا دەڵێم"خۆزگە توانیبام بۆ هەر شەهیدێکی کوردستان شێعرێک بڵێم".

با بێینەوە سەرباسی کاک هەژار و شێعری هەژار هەر ماوە.

کاک هەژار کە ناوی ئەسڵیی "ئەحمەدی جاویدفەڕ" بوو، مرۆڤێکی ئازا و تێگەیشتوو بوو و لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە دایک ببوو و پێگەیشتبوو. ئەو دەردی کۆمەڵانی چەوساوەی کوردستانی بە چاکی هەست پێکردبوو. پێش شۆڕشی ئێران ئەفسەری ئەرتەشی ئێران بوو و لە گەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرگی پێشمەرگایەتیی دەبەرکرد و دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد. کاک هەژار لە نێو خەڵکی ناوچە، و لە نێو پێشمەرگەکان دا یەکجار خۆشەویست بوو و بە ڕاستی نموونەی کادرێکی سیاسیی بە ئەزموون و فەرماندەرێکی کارامەی نیزامی بوو.

کاک هەژار ڕۆژی بیست و دووی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، بەرامبەری دوازدەی دیسامبری ١٩٨١ی زایینی لە ناوچەی بانە شەهید بوو. ئەوەش لە حاڵیک دابوو کە ئەو تەنیا دوو سێ ڕۆژ پێشتر لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. من ئەو شێعرەم دوو ڕۆژ دوای شەهیدبوونی کاک هەژار نووسی.

{ وام دانابوو ئەم بابەتە ڕۆژی دوازدەی دیسامبر ـ حەوت ڕۆژ پێش ئێستاکە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی کاک هەژار

بوو ـ لێرە دابنێم. لە بەر گیروگرفتی ئینتێرنێت نەکرا و کەوتە ئەمڕۆ}

هەژار هەر هاوە

ئاشق ـ ساڵی ١٩٨١

لە کوردستانی خوێناوی سەرانسەر دەنـــــگی ناڵین دێ
لەچاوی خەڵکی دڵ پڕخەم بە ڕێژنە ئەشک و ئەسرین دێ

ڕەشی پۆشیوە شـــــامات و لە دەشتـــی قارەمانانیش*
بڵێسەی ئاوری تـــــۆڵە لە گەڵ گرفـــەی ڕق و قین دێ

هەژاری قارەمان، ڕۆڵەی بە جـــەرگی حیزبی دێموکرات
هەژار ئەو شێرەپیاوەی بەختیـــــاریی کوردی بوو ئاوات

هـــــەژار پێشمەرگەکەی ئازا، هەژار فەرماندەری لێزان
لە ڕێـــی ڕزگاریدا سینگی وەبەر دەسرێژی دوژمن هات

هەژار هەر ئەو هەژارەی ژینـی خۆی بەختی خەباتی کرد،
لە ڕێـــگای خەڵکی چەوساوە ئەوەی هەیبوو خەڵاتی کرد،

بە تەنیا ڕۆحی مابوو تـاقە دەسمایەی گرینگیی خۆی
ئەویشی نایە سەردەست پێشکەشی حیزب و وڵاتی کرد

بەڵام با چاک بزانێ دوژمنی داگیرکەری بەدفەڕ
گوڵاڵەی ژینی پێشمەرگە هەر ئەو کاتەی دەبێ پەڕپەڕ،

کە خوێنە ئاڵەکەی دەڕژێ لە هەر قەتـرە و تنۆکێکی
هەزار پێشمەرگە هەڵـدەستن دەچن بۆ شۆڕش و بۆ شەڕ

لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەگەر بەردێکە، داڕێکە
لە نێو کێو و چیـاکانمان ئەگەر ئەشکەوت و غارێکە،

لە نێوهەر سـەنگەرێکا سەد کوڕی پێشمەرگە دانیشتوون،
کە ڕۆژی تـۆڵە هەریەک شوانەیەک، هەرکام هەژارێکە

هەژاری قـارەمـان ڕۆیی، بەڵام ڕێگەی لە بەرچاوە
کە مامۆستا شەهید بوو، خۆ قـوتـابیی مەدرەسەی ماوە

ئەوینـداری خـەباتین، شەرتە دوژمنمان قەڵاچۆ کەین
کە تینـووی شۆڕشین، قـەول و بەڵێنی تـۆڵەمان داوە

ساڵی ١٩٨١

*** " شامات" و "شاروێران" دوو ناوچەی مەهابادن. مەبەست لـە "دەشتی قـارەمانـان" یـش دەشتی شـاروێرانە. خـەڵکی شـامات و شـاروێران زۆر بـوێر و خـۆڕاگر بـوون، هـەر بۆیـە دەشـتی شـاروێران بـە "دەشـتی قـارەمانـان" ناوبـانگی دەرکردبوو.**

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٤

"دەرۆیش عەبدوڵڵا"

یادێک لە شاعیری گەورەی کورد مامۆستا گۆران (عەبدوڵڵا بەگ).

ڕۆژی هەژدەی مانگی نوامبر، بەرامبەری بیست و هەشتی سەرماوەز ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا گۆران بوو. بەم بۆنەیەوە و بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یاد و گەورەیی و جێگای ئەو شاعیرە مەزنە لە خزمەت بە شێعری کوردی دا، بەرهەمێکی بە ناوبانگی ئەو لە خوارەوە دەنووسمەوە. هەروەها پارچەیەکی بچووک لە بەرنامەیەکی" دیداری ئازیزان"ی تەلەویزیۆنی "مەد" دادەنێم کە ساڵی١٩٩٧ بلاو بۆوە، من تێیدا بەشدار بووم و ئەوکاتێش شێعرەکەم هەر بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دنیا دەرچوونی مامۆستا گۆرانەوە خوێندەوە.

با ئەوە یادێکیش بێ لە تەلەویزیۆنی مەد کە ئەو کات وەک تەنیا تەلەویزیۆنی کوردی خزمەتێکی باشی بە هونەر و ئەدەبی کوردی کرد.

شوکور ئێستا تەلەویزیۆنمان زۆرن کە هەرکام بە پێی توانای خۆیان خزمەت دەکەن و من پێمواید بوون و هەڵسووڕانی هەموویان لە پێناو خزمەت بە کولتوور و هونەر و زمانی کوردی دا گرینگە و بۆ هەموومان جێگای ڕێز و پێزانینە.

شێعری "دەرۆیش عەبدوڵڵا" ی مامۆستا گۆران بۆ بیرەوەری و ڕێزگرتن لەو شاعیرە مەزنە.
(دەنگ و ڕەنگ) دەتوانی بیبینی و گوێی لێبگرێ. دەقی شێعرەکەم لە خوارەوەش نووسیوەتەوە.
شوێن : تەلەویزیۆنی "مەد"
کات : ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٧
بەرنامە: "دیداری ئازیزان"، کە کاک حوسێنی ڕەهبەر بەڕێوەی دەبرد.
خوێندنەوەی شێعر: ئاشق
نەی : مامۆستا ئەحمەدی ئەنووشە

ئەوانەی لە وێن و لە بەرنامەکە دا بەشدارن: کاک حوسێنی ڕەهبەر، بەڕێوەبەری بەرنامە و هونەرمەندان: کاک نەجمەی غولامی، مامۆستا عارفی ئیبڕاهیم پوور و کاک ئەردەشیری زەبەردەست.

(بە داخەوە من هەر ئەو کاسێتەم هەیە کە ئەوکات لە ماڵی خۆمان لە سوئێد تۆمار کرابوو. دیارە ئەوکاتیش "مەد تێ ڤێ" بە شێوەی ئانالۆگ و لە سەر فرێکانسێک بڵاو دەبۆوە، کە جارجار ڕەنگ کز دەبوو و بە هەرحاڵ وەک سیستیمی دیگیتاڵی ئێستا بە هێز و جوان نەبوو. ئەو کلیپە کە من دامناوە هەرچەند چۆنیەتیی زۆر باش نیە و هێندێک جار چەند نوختەیەیەکیشی بە سەر دا هاتوچۆ دەکەن، بەڵام خراپیش نیە و من پێم‌خۆش بوو بەو بۆنەیەوە هەر لێرە دایبنێم)

دەرۆێش عەبدوڵڵا

مامۆستا گۆران

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەرۆێش،
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم، سەراسەر حوزن و ماتەم بێ!

لە سیماتابەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ

بەڵێ دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار،
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخن دا

بەڵام تاجی ڕوفاهو تەختی حورمەت میللەتی هۆشیار،
بە ئوستادێ دەدا وەک تۆ لە ناو شمشاڵی کونکون دا

سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەریی نەغمە،
بڕای دەرۆیش دەزانم بۆ مەعیشت وێڵ و ئاوارەی

بە زەهری ناعیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە،
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی

بەڵام چیبکەین لە ناوچاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە،
وەکوو تۆوی گوڵی دەم با لە سەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە،
نەکردایە، خوا عالم لە کام عەرشت ئەسوو داوێن

نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی،
سیرف بەرزیی زەکا ئەم سەنعەتەی فێر کرد بە شمشاڵت

هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە تووڵانی هەتا کورتی،
بە سەرپەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت

ئەوندەم بیست لە مۆسیقا خورۆشی ڕۆحی بێگانە،
میزاجی کوردەواریم تێکچووە دەرۆیش عەبدوڵڵا!

دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئایئای و حەیرانە،
شەپۆلی زەوقی میللی پر دەروونی مات و چۆڵم کە

لە" بێتهۆڤن" گەلێک زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەڵلا
دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لە گەڵ ڕۆحی کوڵوڵم کە

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤

کۆچی بێوادە

ئەمڕۆ دووی دێسامبری دووهەزاروچوار، حەوت ساڵ بە سەر کۆچی دوایی هاوڕێی خەباتکار و خۆشەویست کاک نەبی قادری دا تێپەڕی.

کاک نەبی کە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە پێی نایە ڕێگای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوە ستەملێکراوەکەی و پاشماوەی تەمەنی لە پێناو ئەو خەباتە پیرۆزە دا بەخت کرد، نێزیک بە پازدە ساڵ و لە کاتی مەرگی بێوادەشی دا ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

کاک نەبی مرۆڤێکی مەشرەفخۆش، براگەورەیەکی بەوەج و هاوڕێیەکی دڵسۆز بوو. من لە ڕۆژانی سەرەتای خەباتەوە لە گەڵی بووم بە ئاشنا، و بە تایبەت لە چەند ساڵی پێش لە دنیادەرچوونی دا زۆری لێ نێزیک بووم. دەمزانی مرۆڤێکی بە وەر و فیداکارە، بەڵام لووتکەی ئازایەتیی کاک نەبیم ئەو کاتە هەست پێکرد کە بۆ دواین جار، تەنیا بیست ڕۆژێک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکا و بۆ هەمیشە بەجێمان بێڵێ، لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانم چووینە ماڵەکەیان لە "کۆپێنهاک" و سەردانمان کرد. ئەوە کاتێک بوو کە نەخۆشیی سەرەتان بە تەواوی بڕستی لێبڕیبوو و لەو مرۆڤە ورزشکار و بە هێزە، تەنیا یەسک و ڕەگ و پێست مابۆوە. بەڵام بەو حاڵەش وەری هەروا لە سەر بوو.

ئەو ڕۆژە کاک نەبی بەرگی پێشمەرگایەتییەکەی ـ کە لە وێش هەر پێی بوو ـ دەبەر کردبوو، ریشی تاشیبوو و جامانەی لە سەرنابوو. بە سەر و ڕوویەکی خۆشەوەنانی نیوەڕۆی لەگەڵ خواردین. زۆر بە ئۆگریەوە باسی

هەلومەرجی سیاسیی ئەو کات و بار و دۆخی خەباتی لە گەڵ کردین. چەند وێنەی جوانی لەگەڵ گرتین، کە یەک ـ دووانێکیانم هەن و هەمیشە وەک یادگارێکی بە نرخ ڕایاندەگرم. تەنانەت لە کار و تێکۆشانی هەموو هاوڕێیانیشی پرسی و ڕێنوێنیی سەبارەت بە هێندێک مەسەلە دا.

قەتم لە بیرناچێ، کاتێک دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پێمانگوت دەمانەوێ بە جێی بێڵین و بەرەو سوێد بگەڕێینەوە، گوتی:

ـ "هاوڕێیان! هێندێک سەبر بگرن، بۆخۆتان دەزانن ئەوە دواییین دیدارمانە. من دەزانم نەخۆشیی سەرەتان (شێرپەنجە) بێ ئامانە و من هەر بەو زووانە سەفەری کۆتایی خۆم دەکەم، بەڵام دەمەوێ لە لای ئێوە هاوڕێیانی ئازیزم ئەوە بڵێم کە من لە سەریەک لە ژیانی خۆم ڕازیم و ئەو تەمەنەی لە ڕێگای خەباتم دا بەخت کردوە، بە پربەرهەمترین و باشترین بڕگەی ژیانی خۆمی دەزانم و پڕ بە دڵ شانازیی پێوە دەکەم. تا ئەو کاتەش چاو لە سەریەک دادەنێم و دڵم لە لێدان دەکەوێ، ئاواتم هەر ڕزگاریی کورد و کوردستانە"

(من قسەکانی کاک نەبیم بەو شێوەیە لەبیر ماون. دڵنیام دەقی ڕاستەوڕاستی قسەکانی کە لەوانەیە من نەمتوانیبێ بە تەواوی لە زەینم دا تۆماریان بکەم، لە وەی من هێناومە، زۆر گەرمتر و بە نێوەرۆکتریش بوون)

دوای ئەو قسانە دڵۆپێک فرمێسک لە قولینچکی چاوی هاتە دەر و بە سەر ڕوومەتی دا شۆڕ بۆوە، کە بە ئارامی سڕیەوە. هەوەڵی دا بە بزەیەک لە خەفەت و کوڵی دڵی ئێمە کەم کاتەوە.

ئیدی هەموومان دڵمان پڕ بوو و گریاین. هەموومانی ماچ کرد و ڕۆیشتین. وەک بۆخۆی گوتبووی زۆری پێنەچوو، هەر بیست ڕۆژێک دواتر بۆ بەڕێکردن و ناشتنی تەرمەکەی چووینەوە کۆپێنهاک و لە ڕێوڕەسمی ناشتن و سەرەخۆشیەکەی دا بەشداربووین.

ئەو دیمەنەی باسم کرد شوێنێکی زۆری لە سەر دانام و بوو بە هۆی خولقاندنی پەخشانێک و پارچە شێعرێک بە ناوی "کۆچی بێوادە" کە هەردووکیانم لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی کاک نەبی لە سوئید، خوێندەوە. ئێستا بۆ یادکردنەوە لەو هاوڕێ بە وەج و خۆشەویستە شێعرەکە چاپ دەکەم و چاپی پەخشانەکەش بۆ دەرفەتێکی دیکە

دەهێڵمەوە.

کۆچی بێوادە

لێمگەڕێ با کول و کۆم هەڵڕێژم
دەرد و داخی دڵە پێتی ئێژم

دڵ بریندارە، دەروون ئاڵۆزە
چی وشەم پێیە بەتین و سۆزە

قوڕس و ناخۆشە بەجێهێشتنی تۆ
گیان خەفەتبارە بە ڕۆیشتنی تۆ

بەفری خەم باری لە سەر باخی‌خەیاڵ*
بەرگی هۆنراوە لە ئەشکایە شەڵاڵ

تۆ کە ڕێبازی خەباتت لە بـــەرە
کاکە کوا ئێستەکە کـاتی سەفەرە

هێشتە زۆر ماوە بەرەوسەر مەنزڵ
کەند و لەند زۆرە لە ڕێی کـاوی دڵ

هێشتە هەن لەمپەر و پەرژینی چەقیو
زۆرە هەر ترسی تەڵە و داوی نەدیو

گەل لە سەد ڕۆژ و چڕان سەردەکەوێ
ڕۆژی گەش تاکوو لە کەل دەردەکەوێ

هێزی هەنگاو بردەوی بیری دەوێ
گەینە سەرلووتکە نەوەی ژیری دەوەێ

شۆڕنەواری بوو وردە و ڕاپەڕی تۆ
جێی نەبوو جارێ بپڕوێ پەڕی تۆ

باغی بیری تۆ بەهاری بەری بوو
کوانێ ئێستاکە دەمی گوڵەری بوو

کۆچی تۆ کاکە گەلێک بێوەختە
زامی دووریی تۆ لە سەر دڵ سەختە

چاو بە فرمێسکە، هەناو گڕ دەگرێ
خەم گەلێک قورسە، بەڵام چی دەکرێ

سوودێ نابەخشێ سکاڵا کردن
چی لە گەڵ نایە ڕەموزنی مردن

*خێزانی کاک نەبی ناوی خەیاڵە. کەوابوو شێعرەکە دووماناى هەیە.

دیسامبری ١٩٩٦

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤

لەمێژە لێرە دوورم

لەمێژە نەپەرژاومە سەر سەر و بەر کردنی هەوارگەکەم. لەوانەیە ئەگەر چەند هاوڕێی بەوەفا ـ کە بەردەوام میوانم دەبن و سەرلەو هەوارگە هەژارانەیە دەدەن ـ بە ئێمەیل ئاگاداریان نەکردبامەوە، جارێ هەر بیرم لەوە نەکردباوە کە ئاوڕێکی لێبدەمەوە، دەستێکی پێ دا بێنم، هێندێکی هەڵوێژێرم و سەر و سیمای بگۆڕم. ئێستا کە سەرێکم لێهەڵێنا و چاوێکم لە ڕێکەوتی دواییین نووسینم کرد، دیتم کە بە ڕاستی لە مێژە چی تازەم لێزیاد نەکردوە. دەزانم نابێ وابێ، بەڵام جاری وایە مرۆڤ بە دەست خۆی نیە. سەرقاڵبوون و ئاڵۆزی وای لێدەکا هەوارگە سەهلە، خوشی لە بیر بچێتەوە.

ئەو بەینە کار و کوێرەوەری پرزەیان لێبڕیوم. لە دەور و بەریشم ئەوەی گوزەراوە و هاتۆتە کایەوە، بێجگە لە شڵەقاندنی گۆمی خەیاڵ، ئاڵۆزکردنی بیر و ماندووکردنی لەش و گیان، بەرهەمێکی دیکەیان بۆم نەبوە. سەرباقیی ئەو دەردانەش خەریکم بە پیرێیە سەری فێری پڵاوخواردنێ دەبم و بە حیساب دەخوێنم، ئەویش دوور بە دوور و بە نووسراوە. ناچار دەبم ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر کامپیۆتێرەکەم دانیشم و بە خیر" تەکلیف" ان بە سوێدی جێبەجێ بکەم و وەڵامی پرسیاران بدەمەوە. کەسیش نیە بڵێ بابە چت لەو قوڕەکارییەی داوە. سەرت نایەشی، پرێسکەی لێدەبەستی.

ڕاستت بوێ مەبەست بۆ نووسین زۆرە و بەرهەمی ماوەوەی چاپ نەکراویش هەن. هیوادارم دەرفەت هەبێ، ناسازی و بێوازیش دەستم لێهەڵگرن و لەمەوبەدوا مەودای تازەکردنەوەی هەوارگەکەم هێندە درێژ نەبێ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٥

شکۆی یەکگرتوویی لە پەنجەرەی هونەرەوە

لە پەڕاوێزی فستیوالّی هونەریی کوردستان دا
(ئەم وتارە تازە کراوەتەوە)

لە ڕۆژانی ١٤ - ١٨ی دیسامبری ئەمساڵ دا فستیوالّێکی هونەری لە شاری هەولێر پێکهات. زۆر گۆرووپی هونەری گۆرانی و مۆسیقا کە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بانگهیشتن کرابوون، لەو فستیوالّە دا بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان پێشکەش کرد

وابزانم بەشی هەرەزۆری بەرنامەکانی ئەو فستیوالّە بە شیوەی ڕاستەوخۆ لە ڕۆژانی بەڕیوەچوونی فستیوالّەکە دا لە "کوردستان تێڤێ" وە بلاّو بوونەوە و دواتریش هەر لەو کانالّە تەلەویزیۆنییەوە دووبارە بلاّو کرانەوە. ئەوەش ئەو دەرفەتەی بۆ هەموو کورد، و بە گشتی خەڵکی دیکەش لە سەرانسەری جیهان کەبایەخ بە هونەری کورد دەدەن، پێکهێناکە زۆر نموونەی جوان لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی ببینن و ببیسن.

بە داخەوە من لەبەرکار نەمتوانی هەموو بەشەکانی ئەم جێژنە هونەرییە ببینم، چونکە بەشی زۆری بە ڕۆژ و لە کاتی ئاسایی کار دا بلاّو بۆوە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوەی دیتم زۆری پێگەشامەوە و خۆشحاڵی کردم. ئەو چەند دیڕەش کە لێرە و بە درەنگەوە دەیاننووسم، دەتوانن تەنیا وەک دەربڕینی هەست و کورتە لێدوانێک، و ئیدی نەک وەک ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندن، بژمێردرێن.

من بێجگە لە چەند گۆرووپی باشووری کوردستان، بەرهەمی چەند گۆرووپی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستانم دی. بەرنامەی گۆرووپێکی "ئێرەوان"یش هاتە سەر سەکۆی بەرنامەکە، کە زۆر خۆش بوو و بۆ من وەبیرهێنەرەوەی

هێندێک بیرەوەریی سەردەمی منداڵی و لاوەتی بوو. لە بیرمە ئەو کات کە من لە دەورەی سەرەتایی دەمخوێندن، لە دێیەکەمان، ئەو ماڵانەی ڕادیۆیان هەبوو، هەموو ئێواران "ڕادیۆ ئێرەوان" یان دەگرت، کە وا بزانم نیوسەعاتێک بەرنامەی بڵاو دەکردەوە و بەرنامەکەشی بە دیالێکتی کوردیی سەروو(کورمانجی) بوو، و نیوەی هەواڵ و نیوەشی چەند گۆرانیی زۆر خۆش بوون. کۆمەڵێک خەڵک زۆرجار لە دەوری ئەو ڕادیۆیانە کۆ دەبوونەوە و گوێیان لێ دەگرت. لە بیرمە دەیانگوت :" ئەوە بەرنامەی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتە. لە وێ کوردیش دەتوانێ بە زمانی خۆی بخوێنێ و تێکۆشانی کولتووری و فەرهەنگیی خۆی هەبێ" منیش بە بی ئەوەی چەند و چۆنیی مەسەلەکەم بۆ لێکبدرێتەوە، هەر بەوە کە لەوێ خوێندن بە زمانی کوردی هەیە، خوشحاڵ دەبووم و زۆرم کەیف بەو قسەیە دەهات.

چەند بڕگەی هەرە جوانی فستیوانەکە ئەو بەشانە بوون کە گوروویە هونەرییەکانی سنە و کرماشان واتە "کامگارەکان"، "عەندەلیبیی‌یەکان" و گوروویی" شەمس" بەڕێوەیان بردن. بە تایبەت گوروویی شەمس کە بە ناوی کرماشانەوە هونەری خۆی نواند ومن بۆ یەکەم جار بوو دەمدیتن، هەستێکی تایبەتیی لە هومێد و خۆشیی بە من بەخشی. لە دڵی خۆم دا گوتم چەند خۆشە کە ئێستا بە چاوی خۆمان دەبینین کە هونەرمەندانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بە کەرکووک و کرماشانیەوە لە پارچەیەکی ڕزگارکراوی ئەم وڵاتە ڕەنجدیتووە، بەو هەستە جوانەوە بۆ کورد و کوردستان دەچڕن و هونەری خۆیان خۆیان نیشانی خەڵکی جیهان دەدەن. تایبەتی‌یەکی بەرچاوی دیکەی ئەو گوروویانە کە زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو، هەبوونی هونەرمەندانی ژن و دەوری هەڵسووڕاوانەی ئەوان هەم لە مۆسیقا و هەم لە گۆرانی دابوو. بە ڕاستی ئەو ژنە هونەرمەندانە گوروویەکانیان زیاتر ڕازاندبۆوە و بایەخ و چۆنیەتیی ئەوانیان بردبوە سەر.

هەروا کە چاوم لەو بەرنامە جوانانە دەکرد، مەسەلەیەک کە هەر لەو پێوەندی‌یە دا وەبیرم هاتەوە و لە مێشکی خۆم دا لێکمدایەوە، ئەوە بوو کە نەیارانی کورد بە دایم و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە بیری زیانباری "ناوچەگەریتی" لە نێو خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکان کوردستان دا بڵاو بکەنەوە، بەم شێوەیە تۆوی ناکۆکی‌یان لە نێو دا بچێنن، لە یەکتریان دوور کەنەوە ولاوازیانکەن و تەنانەت زۆر جاریش بە گژ یەکیان دا بکەن و بە شەڕیان دەن. دیارە ئەوەش بەو مەبەستە کە بۆ خۆیان بتوانن بە باشی لە ناوی لێڵ ماسی بگرن و دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان بە سەر خەڵکەکە دا بپارێزن. ڕابردووی نەتەوەی ئێمە نموونەی زۆری لەو چەشنە پیلانانەی دوژمنان تێدا بەدی دەکرێ. بیرم کردەوە، بە ڕاستی ئێستا کە هەم هەل لەبارتر و هەم کوردیش بە

حوکمی زۆر لێکدانەوە لە جاران وشیارترە، جێی خۆیەتی بەپەرەپێدانی بیری یەکگرتوویی‌یەکی پتەو لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، و لە ڕێگای سەرکەوتنمان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیمان دا، بوار لە دیاردەی ناوچەگەری بەربەست کەین و بڕستی خۆنواندنی لێببڕین.

ئەو دیمەنەش یەکجار جوان بوو کە لە ڕۆژی ئاخری فستیوالّەکە دا هەموو هونەرمەندەکان چوونە سەر سەکۆی پێشکەش کردنی بەرنامە و هەموویان بە یەکەوە وبە بێ مۆسیقا چەند بڕگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" یان خوێندەوە. ئەوەش بە بڕوای من نیشانەی یەکدڵی و یەکهەستیی بەشداران بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان بوو. بە ڕاستی جوان بوو. کاتێک چاوت لە ڕیزی ئەو هونەرمەندانە دەکرد، لە نێویان دا سنەیی، کرماشانی، هەولێری, دیاربەکری، کەرکووکی و... وەبەرچاو دەهات. دەنگیش هەر هەمان "خوایە وەتەن ئاوا کەی" بوو کە لە فەزای سالۆنەکە دا دەلەرایەوە و پەیامی یەکدەنگی دەدایەوە.

بە دیتنی ئەو دیمەنە دیسان بە خۆم گوت بە ڕاستی کوردستان بە کرماشان، کەرکووک، سنە، سلێمانی، دیاربەکر،هەورامان، مەهاباد، ورمێ و هەموو ناوچەکانیەوە جوانە و دەتوانێ هەموو شکۆی خۆی بنوێنێ. ئەگەر کەرکووک دڵی کوردستانە، بێگومان کرماشانیش جەرگی کوردستان و هەرکام لە شار و ناوچەکانی دیکەش ئەندامێکی لەشی ئەم وڵاتە دێرینەن. ئەو جار ئەو پرسیارەم بە بیر دا هات کە تو خوا حەیف نیە هێشتاش و لەو قۆناخە ناسکەی ژیانی نەتەوەی کورد دا کەس، کەسان، یان لایەنی کوردی وا هەبن کە دەور و گرینگیی یەکیەتی و یەکدڵی لە چارەنووس و ئایندەی نەتەوەکەمان دا تێنەگەیشتبن و هێشتاش لە چوارچێوەی بیری تەسکی ناوچەگەری دا مابنەوە؟

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆڕی ٢٠٠٥

هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کوردستان

نیزیک بە حەوتوویەک پێش ئێستا بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلانی عێراق دا هەڵبژاردنێکی گشتی کە لە راستی دا سێ هەڵبژاردن لە ڕۆژێک دا، واتە هەڵبژاردن بۆ پارڵمانی عێراق، هەڵبژاردن بۆ پارڵمانی کوردستان و هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگاکانی عێراقی لە خۆی دا جێ کردبۆوە، لەو وڵاتە بەڕێوە چوو. ئێستا ژمارەی دەنگەکان دەگۆڕێ دایە و هەرچەند هێندێک زانیاری لە سەر ڕادیۆ و سایتە ئینتێرنێتیەکان دا بڵاو بۆتەوە، بەڵام جارێ چەند ڕۆژی دیکەش دەرفەت پێویستە تا ئاکامی تەواو و یەکجاریی ئەم هەڵبژاردنە، یان ئەو هەڵبژاردنانە دەرکەوێ و بڵاو بێتەوە.

سەبارەت بەو هەڵبژاردنانە بە گشتی چەند خاڵ هەن کە بێگومان لە پێوەندی لە گەڵ لێکدانەوەی وەزعی ئێستا، داهاتووی وڵاتی عێراق، داهاتووی کوردستان و چۆنیەتی و ئاڵوگۆڕەکانی مەیدانی سیاسی و دیپلۆماتی لەو مەڵبەندە دا بەرچاون و دەبێ سەرنجیان بدرێتێ. ئەو خاڵانە تا ئەو ڕادەیە کە بە کورتی بە بیری من دا هاتبن، ئەمانەن:

یەکەم: ڕەنگە کەم چاوەدێری سیاسی، یان پسپۆڕی باس و مەسەلەکانی عێراقیش هەبووبن کە تەنانەت ڕۆژی پێش هەڵبژاردنەکانیش هێمنایەتیی شوێنەکانی دەنگدان، شێوەی بەڕێوەچوون، ئاکامە خێراکان و ڕەنگدانەوەکانی ئەو ڕووداوەیان بەو چەشنەی کە هاتە پێش و دیتمان، پێشبینی کردبێ. گوروویە تێرۆریستیەکان و لە سەرەوەی هەموویانەوە "ئەلقاعیدە" ی "زەرقاوی" لە سەروبەندی نێزیک بوونەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن دا هێرشی تێرۆریستیان زۆر لە جاران بە هێزتر کردبوو و ئەوەندەش کە توانیبوویان هەڕەشەیان کردبوو و ئەوەیان بڵاو کردبۆوە کە لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا زەبری زیاتر دەوەشینن و ئاڵۆزیی زیاتر دروست دەکەن. بەو پێیە وا وێدەچوو کە خەڵک ترسیان لە ئاڵۆزیی باری هێمنایەتی هەبێ و هەر بۆیەش بەشێکی زۆرنەوێرن تخوون شوێنەکانی دەنگدان بکەون، بەڵام وەک دیتمان سەرەڕای ئەو مەترسیانە ڕێژەی بەشداران لە هەموو ناوچە ومەڵبەندەکانی عێراق دا لە ڕادەی چاوەڕوانکراو زۆرتر بوو و هەموو ناوەندەکانی هەواڵ و ڕاگەیەنە گشتیەکانیش پێش هەموو شتێکی دیکە قامکیان لە سەر ئەو مەسەلەیە دانا و وەک خاڵێکی گرینگ دەستنیشانیان کرد. ئەوەش بە ڕوونی ئەو ڕاستیەی دەرخست کە هەرچەند گوروویە تێرۆریستیەکان و دوژمنانی سیستیمی تازەی عێراق ئاڵۆزیەکی زۆریان دروست کردوە و بە

بەڕێوەبردن و تەشەنا پێدانی کوشتار، تێرۆر، تەقاندنەوە و خۆکوژی وبڵاوکردنەوەی جەوی ترس و تۆقاندن نەیانهێشتوە هیمنایەتی بەسەر وڵاتەکە دا زاڵ بێ و بەردەوام توانیویانە تەگەرە بخەنە سەر ڕێی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەو حاڵەش زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق لە گەڵ ئەوان هاودەنگ نین و دەیانەوێ یارمەتیی ڕەوتی بە دێمۆکراتی کردنی عێراق کە باوەڕیان وایە بەهەرحاڵ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس دەستی پێکردوە، بدەن و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان لە ڕێگای دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵی . دێمۆکراتیەوە هەڵسووڕ بن.

بە بڕوای من هەرچەند جارێ تا دەرکەوتنی چۆنیەتی و چوارچێوەی بەڕێوەچوونی ئەو ڕەوتە دێمۆکراتیە و دوای ئەوەش ئاکامە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی ماوەیەکی دوور و ڕێگایەکی درێژ لە پێشە، بەڵام هەر ئەو بەشداریکردنەی زۆربەی خەڵکەکە لە هەڵبژاردن دا نیشانەی مەیل و ئۆگریی ئەو خەڵکە بە بنەما و ئاڵوگۆڕە دێمۆکراتیەکان و هەر نەبێ هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێش لەو ڕێگایە دایە و دیارە شوێن و کارتێکردنی تایبەتیی خۆی لە ئایندە و داڕشتنی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەش دا دەبێ.

دووهەم: لە باشووری کوردستان هەڵبژاردن مانا ونێوەرۆکێکی تایبەتیی هەبوو. ئەوە لە لای هەموو کەس سوور و ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان خوازیاری گەیشتن بە دەسەڵاتی تەواو و بێ ئەملا و ئەو لای نەتەوایەتیی خۆیان لە شێوەی سەربەخۆیی دان و ئەوەش مافێکی ڕەوا و حاشا هەڵنەگرە. بەڵام ئێستا کە هەل و مەرجی سیاسی بەهەر حاڵ تا ئێستا مەودای وەدیهاتنی ئەو ئامانجە لەمێژینەیەی پێنەداون، یەکدەنگ هاتنە مەیدان تا بە بەشداربوونی هەڵسووڕاوانەی خۆیان وەدیهاتنی سیستیمیکی دێمۆکراتی . پارلمانی . پلۆڕالی(فرەیی) و فیدراڵی بۆ هەموو عێراق دەستەبەر بکەن. دەتوانم بڵێم بەشداربوونی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان دا ئەو مانا و مەبەستانەی دەخۆی دا کۆ کردبۆوە:

ئەلف . پتەوکردنی بناخەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان واتە ئەو دەسەڵاتە کوردییەی کە پتر لە سێزدە ساڵە بە کردەوە و بە کەلکوەرگرتن لە هێز و بیر و توانای خۆی لە کوردستان دامەزراوە و خۆی بەڕێوەبردوە و لە پێش چاوی هەموو خەڵکی جیهانیش و سەرەڕای گەلێک کوسپ و لەمپەری لاوەکی و نێوخۆیی و تەنانەت دوچار بوون بە شەڕی نێوخۆییش سەربەرزانە لە تاقیکردنەوەی ئەم قۆناخە هاتۆتە دەر و نەک هەر وا ماوە و گەشەی کردوە، بەڵکوو بۆتە نموونەی دێمۆکراتی و شارستانیەت بۆ هەموو عێراق و دراوسێکانیشی و هەروەها بۆتە ئاسۆی

هومێد بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو پارچە دابەشکراوەکانی دیکەی کوردستانیش.

ب . بڕنەسەری بڕیست و توانای سیاسی و دیپلۆماتیی کورد و حکوومەتی هەرێم لە ئایندەی مەیدانی هەڵسووڕانی سیاسیی عێراق دا. دەزانین زۆر کێشەی سیاسی هەن کە کورد دەبێ لە قۆناخی ئایندە دا هەڵسووڕاوانە بەرەنگاریان بێتەوە و بتوانێ بە شێوەیەکی ڕاست و ژیرانە و بە جۆرێک کە مافی کوردیان جارێکی دیکە تێدا پێشێل نەکرێ، چارەسەریان بکا. بەرچاوترینی کێشەکان ئەمانەن:

مەسەلەی کەرکووک، خانەقین، ناوچەکانی دەوروبەری ئەم شارانە و بە گشتی هەموو ئەو ناوچانە کە لە دەوری حکوومەتی پێشووی عێراق دا بە عەرەب کرابوون و لە کوردستانیان دابڕیبوون. ئەو شوێنانە دەبێ بگەڕێنەوە نێو بازنەی جوغرافیایی کوردستان و بە ڕەسمی بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

کورد لە میژە ڕایگەیاندوە کە ئامادە نیە لە سەر کوردستانی بوونی شاری کەرکووک، کە مەسەلەیەکی ئاشکرایە، قسە بکا و دیارە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی دیکەش مافی خۆیانە و سروشتییە کە دەبێ لە سەر هەرێمی کوردستان حیساب بکرێن، لە بناخە دا ئاو داخوازانە داوایەک نین کە کورد بۆ جێ بەجێ کردنیان لە بەرامبەر حکوومونی ناوەندی، یان هەر دەسەڵاتێکی دیکە دا منەتبار بێ، یان بپارێتەوە، بەڵام بە هەرحاڵ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلانە دەڕوانێتە کێشە، بێنە و بەرە و دەمەتەقەیەکی زۆر لە گەڵ لایەنە عێراقییەکان لە حکوومەتی ناوەندی دا و چاوەڕوان ناکرێ بە هاسانی جێبەجێ بکرێن. مەسەلەی بەڕێوەبردنی مادەی پەنجاو هەشتی یاسای کاتییش کە حوکم بە ئاسایی کردنەوەی وەزعی کەرکووک دەدا و لە سەردەمی حکوومەتی کاتیی عێراق دا لە ئاکامی کار و هەوڵدانی ئەندامانی کوردی ئەو کاتەی ئەو مەجلیسە لە یاسای کاتی دا گونجێندرا، هەر دەکەوێتە بەرنامەی کاری نوێنەرانی کورد لە مەجلیس ودەوڵەتی ئایندەی عێراق دا. چونکە ئەو قانوونە، سەرەڕای پشتگری کردنی ئەمریکا و واده و بەڵێنی دەسەڵاتی کاتی لە بەغدا، هێشتاش هەر لە سەر کاغەز ماوەتەوە و نەهاتۆتە قۆناخی کردەوەوە.

پ . دەزانین کە لە مەودوا دەوری "یاسای بنەڕەتیی کاتیی عێراق" بە سەر چوە و دەبێ یاسایەکی هەمیشەیی بۆ عێراقی فیدراڵی ئایندە کە کوردستان یەکێک لە هەرێمە فیدراڵەکانییەتی، دابڕێژرێ و پەسند بکرێ. بە بڕوای من هەوڵ و تێکۆشانێکی تەواو پێویست دەبێ بۆ ئەوەی نەک هەر نەهێشترێ بناخە دێمۆکراتییەکانی یاسای

بنەڕەتی لە یاسای هەمیشەیی دا لاواز بکرێن، بەڵکە نێوەرۆکی پێشکەوتنخوازانەی یاساکە بە هێزتر بکرێ و هەرچی زیاتر بە بناخە و بیری شارستانیەت و خاڵە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ نێوئاخن بکرێ.

ئەو خاڵانەی من لێرە بە کورتی ئیشارەم پێکردن و زۆر مەسەلە و بابەتی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراق دا، بە گشتی خەبات و هەڵسووڕانێکی بەرینی ژیرانە و وردی دەوێ، کە بەشێکی هەرە سەرەکی و دیاریکەری ئەو خەباتە دەبێتە ئەرکی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پارڵمانەکانی عێراق و کوردستان دا. خەڵکی کوردستان ئەو پێشوازییە گەرمەیان لە هەڵبژاردنەکان کرد، بۆ ئەوەی دەنگی کورد بە گرتنەوەی کورسی زیاتر بە گوڕتر و بەرزتربێ، توانای بەرەنگار بوونەوەی لە گەڵ نەیاران لە مەیدانی سیاسەت دا زۆرتر بێ و بەم شێوەیە ڕێگای گەیشتن بە ویست و داخوازەکانی ئەو خەڵکە ستەملێکراوە کورتتر بێتەوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠٠٥

ئاواتی دڵ و هێلانەی شێواو

بۆ دیتنی ئەو پارچە فیلمە و گوێگرتن لە شێعرەکە لە سەر ئێرە(دەنگ و ڕەنگ) کلیک بکە. شێعرەکە لە خوارەوەش نووسراوەتەوە و دەتوانی بیخوێنیەوە.

ویۆلۆن (کەمان): مامۆستا عارفی ئیبڕاهیم‌پوور.

خوێندنەوەی شێعر: ئاشق

بەڕێوەبەری بەرنامە: کاک حوسێنی ڕەهبەر

شوێن: مەد تێوێ، بەرنامەی دیداری ئازیزان.

کات: زستانی ١٩٩٧ی زایینی.

سالّی ١٣٥٢ی هەتاوی، واتە ١٩٧٣ی زایینی لە شاری کرماشانی ڕازاوە و جوان سەرباز بووم. ڕۆژێک گوێم لە ڕادیۆ ڕاگرتبوو. شێعرێکی شاعیری گەورەی فارس " ڕەهی موعەییری" لە بەرنامەیەکی ئەدەبیی ڕادیۆ تاران دا بڵاو بۆوە. وێژەری بەرنامەکە لە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر شێعرەکە دا گوتی:" ئەو شێعرە دواییین شێعری "ڕەهی" بوە. ناوبراو کاتێک نەخۆش بوە و لە جێیە دا کەوتوە، ئەو شێعرەی داناوە و چونکە خۆی ئیدی توانای نووسینی نەبوە، شێعر بە شێعر وەک دیکتە بە برازاکەی گوتوە و ئەویش بۆی نووسیوەتەوە". هەر دوای ئەوە کە وێژەری بەرنامەکە شێعرەکەی خوێندەوە، هونەرمەندێکی دەنگخۆش - کە ئێستا لە بیرم نەماوە کێ بوو - شێعرەکەی لە تۆپی ئاهەنگێکی زۆر خۆش دا دووپات کردەوە و منیش کە زۆر کەوتبوومە ژێر شوێنەواری ئەو بەرهەمەجوانە، دەرفەتی ئەوەم بۆ پێکهات، کە لە گەڵ گوێگرتن لە ئاهەنگەکە، شێعرەکە بە تەواوی بنووسمەوە. هەر ئەو ڕۆژە بڕیارم دا پێنجخشتەکی"تەخمیس" یێکی لە سەر دانێم. زۆری پێنەچوو، بڕیارەکەم جێبەجێ کرد. سەردێڕی پێنج خشتەکییەکە ئی منە و نازانم ڕەهی چ ناوێکی لە سەر شێعرەکەی خۆی دانابوو.

زستانی سالّی ١٩٩٧ئەو شێعرەم لە بەرنامەیەکی" دیداری ئازیزان"ی" مەد تێوێ" دا کە ڕاستەوخۆ بڵاو دەبۆوە و من میوانی بەرنامەکە بووم، خوێندەوە. ئەو پارچە فیلمە ویدیۆییەی لە سەرەوە دامناوە، لەو بەرنامەیە وەرگیراوە.

ناواتی دڵ و هێلانەی شێواو

بڵێی ڕۆژێکی ڕاموسم نیگاری سەروقەد یانە؟
نەجاتی دێ دڵی شەیدا لە زیندانی ئەبەد یانە؟

ئەویندار ماوە یاری خۆشکەلامی لالـە خەد یانە؟
ندانم کان مە نامهربان یادم کند یانە؟

فریبانگیز من با وعدەای شادم کند یا نە.
دەڵێن شەیدای، بەڵی من شێتی ڕووی ئەو یارە شیرینەم

شەهیدی تیری غەمزەی ئەو گوڵە لێوشەهد و نەخشینەم
بریندارێ خەدەنگی دڵبڕی ئەو شۆخە ڕەنگینەم

خرابم آنچنان کز باده هم تسکین نمی‌بینم
لب گرمی شود پیدا که آبادم کند یا نه؟

بڵێن بەو زاڵمەی ئاشقکوژی بی ڕوحمی چاو پڕکل
بە بێ وی ژینەکەم تاڵە دەناڵێنم وەکوو بولبول
بڵێن توخوا بەسە چیدی نەکا ماڵی دڵم کاول

صبا از من پیامی ده به آن صیاد سنگین دل
که جانم در کمند اوست آزادم کند یا نه

هەموو خۆشیی ژیانم چوو بە من هەر مەینەت و خەم ما
دڵ و ڕووحێکی سووتاوی وەکوو پەروانە بۆ شەم ما
گوڵم ڕۆیی و لە دڵما یادی ئەبرۆ و لێو و پەرچەم ما

من از یاد عزیزان یک نفس غافل نیم اما
نمیدانم که بعد از من کسی یادم کند یا نه

دەبا بگریم بە حاڵی خۆم کە شێوا ماڵ و هێلانەم
شکا پیاڵەی شەرابم بوومەلەرزە کەوتە مەیخانەم
وەکوو "ئاشق" دەناڵێنم لە دەردی ئیشقە دێوانەم

"رهی" از ناله‌ام خون می‌چکد اما نمیدانم
که آن بیدادگر گوشی به فریادم کند یا نه

١٩٧٣

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٠٥

شەهیدم

دوێنێ لە شارەکەی ئێمە، ڤێستڕۆس، ڕێوڕەسمی دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو و یادی شەهیدانی کوردستان کرایەوە.

شەهیدان دڵی میللەتن.

برا مەگری لە سەر تەرمم، شەهیدم
ڕۆژاوە خوێنەکەی گەرمم، شەهـــیدم

بە گوللەی دوژمنی شەڕخوازی زاڵم
دڕاوە سینگەکەی نەرمم، شەهیدم

ئەمن بۆ بەختیاریی نیشتمانم،
لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵ شەهیدم

بە سووچی ویستنی مافی ڕەوای کورد
بەگرفەی ئاگر و دووکەڵ شەهیدم

لە نێوچاوانی جووتێری هەژارا
تەم و پەردەی پەژارەم هاتە بەرچاو

سەرنجم دایە ئاوایی بە گشتی

لە هەر شوێنێ هــەژاری بوو بە لێشاو
هەموو دەسهاتی ڕەنجی چینی وەرزێــر،
سەرەوژێر بــۆ گەرووی چەوسێــنەران بوو

فەقیری و بێبەشی و ڕووتــی و ڕەجاڵــی
بەشی ڕەنجــــکێش و بەرهەمهێنەران بــوو

لە دێ را بۆ ڕوانیــن چــوومە شــاری
لــەوێش کەمتر نــەبوو ڕادەی هەژاری

کرێکاری بەســزمانیش بە دایــم
شڵێوەی دەرد و داخی بۆ دەبــاری

هەناسەی ساردی هــاواڵی کرێکار
لە ناخی دڵیەوە سەرچاوەگر بــوو

لە هەر کارخانەیەک چووم و سەرم دا
زەلیلی و مەینــەت و دیلی پتر بوو

گەلی کوردم لە ژێر چرنووکــی زاڵم
دەناڵی وەک کەوی ژێر چنگی داڵاش
لە خوێنی سووری لاوانی شەهیدا،
وڵاتم سوور دەچــوو وەک پۆلی خاشخاش

تەماشام کرد هەزاران لاوی ئازا
لە ڕێگای نیشتمان خۆیان بەخت کرد

بە پێشکەشکردنی گیان و سەر و ماڵ
گوزەرگای شۆڕشی گەلیان تەخت کرد

منیش هاتم لە ڕێگای میللەتی خۆم
سەرم دانا، شەهید بووم، بەختیارم

لە مێژووی پڕ لە شانازیی وڵاتا
بە خوێنە سوورەکەم نووسرام، دیارم

ئەمن "ئاشق" بە خەڵک و نیشتمان و
ئەوینداری خەباتی بێوچانم

دڵی کۆمەڵ لەمەودوا جێ ژیانمە
کە من قەت نامرم، ماوم، دەزانم

١٩٨٢

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠٠٥

پێشەرگە

ئەگەر ئەم شێعرە گرژ و بە تـەوژم و هەڕەشـەیە، هەست و دروشم و مانـای تێکـەڵ کـردوە و بـانگی بەربـەرەکانی، بەرگریکردن و فیداکاریی تێدا بەرز کراوەتەوە، بە سروشتی بزانن، چونکە دە سەردەمێک دا گـوتراوە، کـە پاسـدار و چەکداری دڵڕەشی داردەستی داگیرکەری زۆردار، کۆ کۆ پیـاو و ژن، پیـر و لاو و سـاغ و پەککەوتـەی کوردیـان لـە گوندەکانی قـارنی، قەڵاتـان، ئیندرقـاش، سەروکانی، سۆفیان و زۆر شوێنی دیکە لە سەرانسەری کوردستان قەتڵ و عام دەکرد، ڕشتنی خوێنی کوردیان بە حەڵاڵ دەزانی و بە کردەوەش هەرچی لەو بارە و لەم بوارە دا بۆیان کرابا، درێغییان نەدەکرد.

ئەو کاتە بە ڕوونی دیار بوو کە: " دار لە دار و بەرد لە بەرد دەگەڕێتەوە"* و هەر بۆیەش کوردی ئـەو مەڵبەنـدە لە نانی شەوێ زیـاتر پێویستیان بە پێشمەرگە هەبوو، چونکـە دیـالۆگ و میـالۆگ لـە قـاموسی دوژمـن دا نـەبوو و مـەودای بـاس لـە دێمۆکڕاسـی، مـافی مـرۆڤ و تەنانـەت بـەزەیی هـاودینی، ئـەرکی بەیەکـەوە ژیـان و ئەمـەگی جیرانەتیش بە قەدەر پانایی ڕیشی فتوادەرە کۆنەپەرستەکان و فەرماندەرە هێرشکەرەکان نـەمابۆوە. زمـان تـەنیا زمانی چەک و بەرگری بوو. هەتبا، وێدەچوو دەرەتانی مانت هەبێ، نەتبا، ئیدی دیـار بـوو چت بـە سـەر دەهـات. یان ڕەو یان ئەلفاتیحا..

من ئەوکات ئەم شێعرەم بۆ ئەو قارەمانانە گوت کە دەمدی چۆن سینگیان کردبوە مەتـاڵی بەرگریی لە خەڵکەکەیان و و بە دەست و دڵاوانەییەوەئامادەبوون گیانیان لەو پێناوە دا ببەخشن، کە زۆریشیان بەخشیان.

مێژوو ئەو کاتە ناسکانەی تۆمار کردوە و یادی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەش هەر لە دڵان دا دەمێنێتەوە.

لە بەرنامەیەکی "دیداری ئازیزان" ی "مەد تێ وێ" لە زستانی ١٩٩٧ دا خوێندراوەتەوە.

- وێلۆن: مامۆستا عارفی ئیبڕاهیمپوور.

- خوێندنەوەی شێعر: ئاشق

پێشمەرگە

دوژمنی بەدفەڕ بزانە من فیداکاری گەلم
لاوی پێشمەرگەی بە جەرگ و شانی زۆرداری گەلم
بانگی ئازادیی وڵات و دەستی هاواری گـەلم
گیانفیدام بۆ نیشتمان و هێزی چەکداری گەلم

چوکڵی چاو، ناسۆری جەرگی دوژمنی هاری گەلم.

چەک بە دەستم بۆ نیگابانی لە خـاکی نیشتمان
ئەرکی سەرشانم دەزانم بۆیە قەت نادەم وچان
پڕ بە دڵ هاوار دەکـەم کاتی شەڕ و دوژمن کوتـان:
"یان بە سەربەرزی شەهیدبوون، یان بە سەربەستی ژیان"

شەرتە ناوەستم هەتـاکوو ڕۆژی ڕزگـاریی گەلـم

هاوبەشی خەڵکی هەژارم من لە شین و شایی‌یا
خەمڕەوێنی خەڵکی چەوساوەم بە بێ فـێڵ و ڕیا
هاودەم و خەمخۆری داماوم لە شـار و دێ و چیا
چونکە ڕۆڵەی ئەو گـەلەم هەرگـیز لە گەل نابم جیا

گیان لە مستێکی بە نرخی پاک و ساکاری گەلم

هێرشی دوژمن کە دێ ئازا لە سەنگەر جێ دەکەم
سینگی ناپاکی نیشانەی برێنەو و ژێ - سێ دەکەم
وەک پڵینگی نێری کوێستان سەد برینی تێدەکەم
یان وەکوو شیر دەیشکێنم لاشەکەی بەرپێ دەکەم

نایەڵم داگیر بکا ئاو و زەویوزاری گەلم

ناشکێم و نارەوم سەرکەوتنیش هەر بۆ منە
ملکەچی و سەردانەواندن بۆ نەیار و دوژمنە
ئەو کەسەی بۆ گرتنی خاکم مەبەستی هاتنە
بێگومان ئەو شێتە بڕیاری لە سەرە خۆکوشتنە

چونکە دەرناچێ لە ژێر زەبر و پەلاماری گەلم

لاوی ئازای کوردم و مافی ڕەوای خۆمم دەوێ
نابەزم، من ناسرەوم تاکوو خەباتم سەرکەوێ
پاسەوانی نیشتمانم هەوڵ ئەدەم ڕۆژ و شەوێ
شۆڕشم بەرزە وەی ئیدی بە دوژمن نارەوێ

دێتە دی بەوزووانە ڕۆژێ مەرج و بڕیاری گەلم

من بە بایی خوێنی ئاڵم قەول و پەیمانم هەیە
تا زمانم وێژەر و تاکوو لەش و گیانم هەیە
تا لە سەر ئەو نیشتمانە دەرفەتی مانم هەیە
تا لە شان و دەست وسینگا هێزی لێدانم هەیە

"ئاشق"ی گیانباز و پێشمەرگەی ئەویندارە گەلم

* "دار لە دار و بەرد لە بەرد دەگەڕێتەوە"، پەندێکە لە پەندە جوانەکانی پێشینیان.

١٩٨٠ (١٣٥٩ی هەتاوی)

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٠٥

هەموو کەس بکا دەنگێ، ئەتۆ بچۆ بن بێژینگێ

ئەوەی لە سەرەوە هاتوە، مەسەل (زاراوە) یێکی بە نێوبانگە، کە لە نێو ژنانی موکوریان دا باوە و لە بارەی کەسێک دا، یان بە کەسێک دەگوترێ کەڕابردوویەکی باشی لە بواریک دا نەبێ، بەڵام سەبارەت بە هەمان شت و هەمان بوار خەڵک لۆمە بکا، یان ئامۆژگاریان بکا کە بۆ وێنە ئەو کارە ناحەقیە و ئەم قسەیە خراپە و نابێ بکرێ.

ئەم مەسەلە ئێستا راست لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ڕوو داوە کە بەو پاشەڵە خاوێنە و بەو ڕابردوە جوانە! یەوە کە لە بواری مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی دا هەیەتی، لۆمەی دەوڵەتی ئەڵمان دەکا و ئامۆژگاریی دەکا کە: "ئەو دەوڵەتە تەوهین بە میللەتی ئێران نەکا و ڕێز بۆ بناخەکانی دێمۆکراسی دابنێ".

ئەو مەبەستەم کە سەردێڕەکەی "هێرشی زارەکیی توندی دەوڵەتی ئەڵمان بۆ سەر ئێران"ـە، لە سایتی بەشی فارسیی بی، بی، سی دا خوێندەوە و وەرمگێڕا. خراپ نیە ئێوەش بیخوێننەوە:

ئوتو شیلی وەزیری نێوخۆی وڵاتی ئەڵمان لە وتوویژێک دا کە ڕۆژی دووشەممە(حەوتەی ڕابردوو) لە حەوتەنامەیەکی ئەڵمانی دا چاپ بوو، گوتبووی کە:" نەبوونی پێوەندیی مەحموودی ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئێران لە گەڵ تێرۆریزم قەتعی نیە"

بە پیی ڕاپۆرتی ئاژانسەکان قسەکەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەم شێوەیە دژکردەوەی لە بەرامبەر قسەکانی ئاغای شیلی دا نیشان دابوو کە گوتبووی:" ئەوە بێحورمەتی کردن بە دەنگی میللەتی ئێرانە و ولاتی ئەڵمان دەبێ ڕێز بۆ بناخەکانی دیمۆکراسی دا بنێ"

قسەکەری وەزارەتی نێوخۆی دەوڵەتی ئەڵمان ڕۆژی چوارشەممە دەربارەی ئەم وتانە گوتی:

دژکردەوە نیشاندان لە بەرامبەر ئەم وتە بێسەروبەرانە دا بە ڕاستی زەحمەتە، بە تایبەت کاتێک کە ئەوەمان لە بەرچاوبی کە ئەو قسانە لە لایەن ولاتێکەوە دەکرێن، کە مافی مرۆڤی بەردوام تێدا پێشیل دەکرێ، ژنان دوای هێندێک مەحکەمەی گوماناوی وەبەر قەمچیان دەدرێن و ئەوانەی ڕەخنە لە ڕێژیم دەگرن، بە بێ تێپەڕاندنی قۆناخە دیاریکراوە حوقووقییەکان چەندین مانگ دەسبەسەر دەکرێن"

ئەو پاشان گوتی:

"ئەگەر بەوشێوەیە کەهاوکاری ئێمە لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران دا دەڵێ، پێویستیی ڕیزگرتن لە بناخە دیمۆکراتییەکان دەگۆڕێ دایە، لەو حاڵە دا ئامۆژگاریی دەکەم سەرنج بداتە ولاتەکەی خۆی".

ئوتو شیلی لە وتوویژەکەی لە گەڵ گۆڤارە ئەڵمانییەکە دا گوتبووی:

" زۆر جێگای نیگەرانییە کە بناخەئاژۆیەک لە ئێران دا دێتە سەر کار، کە" مەودای لە گەڵ تێرۆریزم" ڕوون نیە". ئەو دەمقاڵەیە نیشانەیەکی دیکەی زیادبوونی دڕدۆنگی لەنێوان ئێران و ولاتانی ئوروپایی، لەم ڕۆژانەی دوایی دایە.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاش ڕۆژی سێشەممە ڕەخنەی لە وتەکانی دەبیری شۆڕای نیگابان و وەزیری ئینتیلاعاتی ئێران گرتبوو.

ئەو وەزارەتخانەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕەخنەی خۆی بە محەممەد ڕەزا عادڵی باڵوێزی ئێران لە لەندەن،

لیکدانەوەی ئەو دوو کاربەدەستە ئێرانییە سەبارەت بە تەقینەوەکانی ڕۆژی حەوتی ژووییەی لەندەنی بە " گاڵتەجاڕی، نابەرپرسانە و بێحورمەتی" ناو برد.

ئەحمەدی جەننەتی، دەبیری شۆڕای نیگابانی ئێران لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی تاران دا گوتبووی وێدەچێ دەوڵەتی بریتانیا بۆخۆی تەقینەوەکانی لەندەنی پێکهێنابێ و عەلی یوونسی، وەزیری ئیتتیلاعاتیش لە دانیشتنێکی خەبەری دا گوتی کە لەوانەیە مەئموورە ئەمریکایی و ئیسرائیلییەکان ئەو هێرشانەیان بەڕێوەبردبێ، تا تۆڵە لە سیاسەتی بریتانیا بکەنەوە(کە بە وتەی ئەو)، ڕیگا دەدا ڕووما ناسراوەکانی ئەلقاعیدە لەو وڵاتە بژین.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٠٥

مەهاباد شوانەی لە داوێن نابڕێن

سەبارەت بە شەهیدبوونی "شوانەی سەید قادری" و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی قارەمانی مەهاباد

ماوەی نێزیک بە بیست و چوار ساڵ پێش ئێستا، کاتێک لە پاییزی ١٩٨١ دا کاک هەژار فەرماندەری هێزی پێشەوای مەهاباد شەهید بوو، لە پارچە شێعری"هەژار هەر ماوە" دا کە بە بۆنەی شەهیدبوونی ئەو فەرماندە بەوجەوە نووسیبووم، هاتبوو:

"لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەگەر بەردێکە، دارێکە
لە نێو کێو و چیاکانمان ئەگەر ئەشکەوت و غارێکە

لە نێو هەر سەنگەرێکا سەد کوڕی پێشمەرگە دانیشتوون
کە ڕۆژێ تۆڵە هەریەک شوانەیەک، هەرکام هەژارێکە"

دیارە مەبەست لە شوانە "کاک عەلی حوسێن‌پوور" فەرماندەری لکی یەکی هێزی شەهید پێشەوای مەهاباد بوو، کە ئەویش هەر هاوینی ئەو ساڵە لە شەڕێکی حەماسی لە گەڵ هێزی کۆنەپەرستی دا، لە دەشتی شاروێران شەهید بوو. هەردووکی ئەو شەهیدانە لە لای خەڵکی ئەو هەرێمە ناسراو و بە ئازایەتی و فیداکاری بە ناوبانگ بوون.

ئەم بەینە کە "شوانەی سەید قادری" بە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید بوو و منیش لە ڕێگای نووسراوەکانی نێو سایتەکان و پرسیار لە دۆست و ئاشناکانمەوە لە بەسەرهاتی ناوبراو ئاگادار بووم، وەبیر ئەو پارچە شێعرە کەوتمەوە.

گومان لەوە دا نیە تا کاتێک ولاتەکەمان و نەتەوەکەمان ڕزگار نەبن، خەبات بە شیوەی جۆراوجۆر هەر درێژەی دەبێ، چونکە دوژمنیش بێبەزە و درندەیە، زۆر کەس لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەبنە قوربانی و دیارە تا گەیشتن بە سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەمان، ڕیزی کاروانی شەهیدانمان زۆر زیاتر لەوە کە ئێستا هەیە درێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەو ڕاستیەش ئاشکرایە، کە ئەگەر دوژمن پێوابێ بە قەڵتوبڕکردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ـ وەک ئەوەی ئێستا دەرحەق بە شوانەی سەیدقادر و پێشتریش زۆرجار دەرحەق بە زۆر لە خەباتگێڕانی کردوە ـ دەتوانێ چۆک بەو نەتەوە زیندووە دا بدا، چاوترسێنی بکا، و ڕێگای هەوڵدان بۆ مافی ڕەوای خۆی لێببڕێ، بە هەڵە دا چووە.

دوژمنی کۆنەپرست بە چاوی خۆی دەبینێ کە دوای "کاک شوان"ی فەرماندەر کە وەک گوتمان نێزیک بە 23 ساڵ پیش ئێستا شەهید بوو، کۆمەڵکۆمەڵ ڕۆڵەی ئەویندارای ئازادی ڕێچکەی هەمان خەباتی پیرۆزیان گرت و تەنانەت زۆریشیان لەو ڕێگەیە دا سەریان دانا، بەڵام سەرەڕای بوونی کەندولەند، هەورازونشێو و قۆناخی جۆراوجۆر و ئاستەم، ڕێگا بێڕێبوار نەمایەوە و ئالای خەباتی دەستی هەژار و شوان کە میراتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و تێکۆشەرانی سەردەمی پێشووتر بوو لە سەر شانی نەوەی نوێ هەر شەکاوە مایەوە.

وەک دەڵێن شوانەی سەیدقادر ئەندامی ڕێکخراوێکی تایبەتی نەبوە، بەڵام وەک کوردێک کە بە چاکی هەستی بە ستەملێکراوی و چەوساوەیی نەتەوەکەی کردوە، لە هەر دەرفەتێکی گونجاو دا بێزاریی خۆی لە دژی ستەمی ڕێژیم دەربڕیوە و ئالای کوردستانی بە نیشانەی زیندوویی و بوونی نەتەوەکەی بەرزکردۆتەوە.

فیداکاری و ئازایەتیی شوانەی سەیدقادر، لەخۆبووردوویی و قارەمانەتیی کاک شوان و هەزاران شەهیدی ئەو مەڵبەندە نەسرەوتووەمان وەبیردێنێتەوە و ئەو ڕاستییەش لە پێش چاوی دۆست و دوژمن دێنێتەوە ڕوو کە مەهاباد شوانەی لە داوێن نابڕێن و سەرکوت ناتوانێ کوردان لە خەبات بوەستێنێ.

شوانەی سەید قادری چۆتە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، بەڵام دەستە دەستە شوانەی دیکە، بەڕیوەن کە ئاڵای کوردستانیان لە سەر شان دەشەکێتەوە و سبەینێ دەنگی "بژی کورد و کوردستان" یان کۆڵان و شەقامەکانی مەهابادی مەکۆی خەبات پڕ دەکاتەوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠٠٥

کاتێک ڕەفسەنجانی ئێشی وێڕادەگا

ماوەیەک پێش دەسپێکردنی هەرا و هەنگامەی کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار بۆ ئێران، ئەو کاتەی ئاغای هاشمیی ڕەفسەنجانی، هێندێکیش بە درەنگەوە، خۆی بۆ بەشداربوون لە کێبەرکێی وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری ئێران دا پاڵاوت، بەشی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە تایبەت لەدەرەوەی وڵات و دەکرێ بڵێین زۆربەی خاوەن نەزەرە سیاسییە ئێرانی و دەرەوەییەکان و نێوخۆی ئێرانیش وای بۆ دەچوون کە ئیدی ئاکامی هەڵبژاردن ڕوونە و ئەوەی ئەمجار، یان بڵێین ئەمجاریش لە سەر کورسیی سەرۆککۆماری دادەنیشێ، بێجگە لە ڕەفسەنجانی کەسێکی دیکە نابێ.

ئەو بۆچوونە دەگەڕاوە سەر هێندێک هۆکار کە بە هاتنە مەیدانی مۆرەیەکی جێکەوتوو و خاراوی وەک ڕەفسەنجانی بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی ناوبراو لە سیستیمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، زەق دەبوونەوە و دەبوونە پاڵپشتی لێکدانەوەکە. ئاخر ئاغای ڕەفسەنجانی بێجگە لە کۆڵێک بەرپرسایەتیی ئاشکرا و شاراوە لە پۆستە گرینگەکان دا و لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو سیستیمەوە ، کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ڕاگرتنی ئەو نیزامە بوە. ناوبراو کەسێک بوە کە شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای ڕاپەڕینەوە سەرنجی تایبەتیی

داوەتێ و کەلکی لە ڕاوێژ و بۆچوونەکانی وەرگرتوە. ناوبراو هەشت ساڵ لە ناسکترین ڕۆژەکانی تەمەنی ڕێژیم دا سەرکۆماربوە و و ئەم هەشت ساڵەی دواییش سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام (مجمع تشخیص مصلحت نظام) بوە و لە سەریەک لە قەوارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا و بە تایبەت لە بەرچاوی باڵی تووندڕۆ کە جڵەوی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، ڕووماییەکی جێگای متمانەیە. بێجگە لەوانەش وا دەهاتە بەرچاو کە لە حاڵ و وەزعی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران دا، کە ئەو ولاتە کەوتۆتە بەرامبەر ئاڵۆگۆڕە دێمۆکراتییەکانی ناوچە و تەوژمی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیاد بوونی بزووتنەوەی دێمۆکراتی و ئازادیخوازیی نێوخۆیی، دەرکەوتنی ماهیەتی فریودەرانەی خاتەمی بۆ خەڵکی ئێران و شکست و بێئیعتیباربوونی "ئیسلاحتەڵەبەکان" لە نێو بیروڕای گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و بە دەیان گیروگرفتی گەورە و بچووکی دیکە لە بواری شکاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان، مافی مرۆڤ، هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە، لە گۆڕێ دان، سپاردنی کورسیی سەرۆککۆماری بە ئاغای ڕەفسەنجانی، کە لە گەمەی سیاسی و فێڵ و تەڵەکەی دیپلۆماسی دا سەرتۆپی هەموو مۆرەکانی ئەو دەسەڵاتەیە، بۆ حاڵوباڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەر ئاڵتێرناتیوێکی دیکە گونجاوتر و لەبارتر بێ، بەڵام وەک دیتمان کاراکتەری ناوبراو تەنیا ئەوەندەی بڕ کرد کە ئەوی گەیاندە دەوری دووهەمی هەڵبژاردن و لەو دەورە دا ئاغای ڕەفسەنجانی بە جیاوازییەکی گەلێک بەرچاوەوە لە بەرامبەر ئاغای ئەحمەدی نژاد دا دۆڕاندی. ڕەنگە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە ناوبراو تامی شکستێکی ئاوای چێشت و تێگەیشت دۆڕاندن یانی چی!

پێموانیە هەرکەس تۆسقاڵێک لە مانای مافی مرۆڤ و دێمۆکراتی تێبگا، گومانی لەوە دا هەبێ کە هەڵبژاردنی نازاد و دێمۆکراتییانە لە چوارچێوەی سیستێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا شتێکی نەگونجاوە و لە بناخە دا مانایەکی نیە، چونکە ناوی هەموو پاڵێوراوانی پارڵمان و سەرۆککۆماری دەبێ لە پاڵوێنەی" شۆڕای نیگەهبان" تێپەڕێ و دیارە شۆڕای نیگەهبانیش کە لە چەند ئاخوند و نیوەئاخوندی مۆرەی سەرەکیی ئەو نیزامە کۆنەپەرستە پیکهاتوە و نوێنەری هیچ لایەنێکی دیکەی تێدا نیە، هەرگیز ڕێگا نادا کەسایەتییەک کە تەنانەت بۆنی بەرهەڵستکاریشی لێ بێ، بکەوێتە لیستەی هەڵبژاردنەوە، تەنیا کەسانێک قبووڵ دەکا کە مۆرەی ناسراو و وەفاداری ڕێژیمەکەیان بن و وەک باسمان کرد ڕەفسەنجانی ئەو مەرجانەی بە زیادیشەوە تێدایە، بەڵام پرسیار لەوە دایە کە بۆچی کاتێک ڕەفسەنجانی لە گەڵ ئەحمەدی نەژاد لە دەوری دووهەم دا کەوتنە بەریەک، باڵی دەسەڵاتدار بە ئاشکرا یارمەتیی بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد کرد، هەموو فێڵ و تەڵەکەیەکی بۆ لە مەیدانەدەرکردنی ڕەفسەنجانی بە کار هێنا و نەیهێشت ناوبراو دەنگ بێنێتەوە. بە بڕوای من هۆی ئەو کارە ئەمەیە

که ڕێژیم مەترسیی لە دەستدانەی دەسەڵات و لە ئەنجام دا تێکڕمان لە پەنا گوێی خۆی دەبینێ و هەست دەکا بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە خۆ کۆکردنەوە، کۆنترۆڵی زیاتر بە سەر وەزع سیاسی دا و پێشگرتن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دێمۆکراتیی ڕوو لە گەشەی گەلانی ئێران هەیە و وا دیارە کە گەیشتن بەو ستراتێژیانە زیاتر لە سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد دا – کە مۆرەیەکی ئاماژە پێکراوی وەلی فەقیهیشە - دەبینێ، دەنا هەردووکی ئەو کەسانە مۆرەی سەرەکیی ئەو نیزامەن و پێموانیە لە بواری وەفاداربوون بە بناخەکانی کۆماری ئیسلامی و خزمەت بە سیستێمی دەسەڵاتدار دا ناکۆکییەکیان هەبێ.

لە مێژە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران هاواریان کردوە کە بابە ئەو ڕێژیمە هەموو شتێکی لە سەر ئاکار و کردەوەی دزێو و ناڕەوا و قێڵ و تەڵەکە دامەزراوە. شتێکی سەیر و خۆش ئەوەیە کە ئێستا کەڕوبی و ڕەفسەنجانیش کە لە نیزامەکەی خۆیان زەبریان وێکەوتوە و دار، دەستەی "وەلی فەقیهـ"ەکەیان لە هەڵبژاردن دا قێڵیان لێکردوون و لە هێندێک شوێن تەنانەت بێحورمەتیشیان پێکردوون، بە ئاشکرا وە جواب هاتوون و شتێکیان لە قاو داوە کە لە ماوەی نێزیک بە دوو دەیە و نیو تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا بۆخۆشیان تێی دا شەریک بوون و تا ئێستا تەنانەت بۆ یەکجاریش زاریان نەکردۆتەوە و بە ئیشارەش نارەزایییان لە بەرامبەر دا دەرنەبڕیوە، بەڵام ئێستا کە مەسەلەکە ڕووی دە خۆیان بوە ئەوەندە ئێشیان پێگەیوە کە بۆ دەمێک بەرژەوەندیی سیستیمەکەشیان لەبیرچۆتەوە و هاواریان لێ بەرز بۆتەوە کە:" فێڵمان لێکراوە و زۆرمان بە سەر دا سەپاوە".

ڕەفسەنجانی لە نامەیەکی سەراوانە بۆ خەڵکی ئێران دا، کە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن بڵاوی کردەوە و لە ڕاگەیەنەگشتییەکانیش دا بە بەربڵاوی دەنگی دایەوە، دەنووسێ:"

بە تەما نیم سکاڵای خۆم بەرمە لای ئەو داوەرانە کە نیشانیان داوە نایانەوێ یان ناتوانن کارێک بکەن و سکاڵای خۆم هەروەک پێشوو لە دادگەی عەدڵی خوا دێنمە گۆڕێ.

بە شێوەیەکی بێوێنە، بە خەرجکردنی دەیان میلیارد لە سامانی گشتی (بیتالمال)، من و و خزم و قەومەکانمیان، بە شێوەیەکی زۆردارانە ناحەز نیشان دا(تەخریبیان کرد) و بە کەلک وەرگرتن لە کەرەسە و ئیمکاناتی نیزام بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ناڕەوا دەستیان لە هەڵبژاردن وەردا. هیچ گومانم لەوە دا نیە کە سزای ستەمێکی ئەوتۆ بێجگە لە زیان لە دنیا و قیامەت دا شتێکی دیکە نابێ".(بەشێک لە نامەی ڕەفسەنجانی کە بڵاوکراوەی" ایران

امروزیش بڵاوی کردۆتەوە)

منیش گومانم لەوە دا نیە کە قسەکانی ئاغای ڕەفسەنجانی بە تەواوی ڕاستن، هەڵبژاردن پڕ بوو لە فێڵ و تەڵەکە و ستەم و دەستتێوەردان و باندبازی، کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا شتێکی تازە نین و لەمێژە باون. کەوابوو جێی خۆی بوو ناوبراو کە ئێستا یەشاوە و ئاوا ئاواڵە دەسەڵاتی زاڵی ستەمکار و سەرەڕۆی نیزامەکەی لەقاو دەدا، بیرێکی لەو هەموو ئازار، ئێش، ستەم و ناحەقیانە کردباوە کە گەلانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا کێشاویانە و ئەوکات خۆشی وەک هەڵسووڕێنەرێکی پلەسەرووی ئەو سیستیمە سەرەڕۆ و ستەمکارە کە سااڵنێکی زۆر دەوری سەرەکیی لە بڕیار و هەڵسووڕاندنی دا هەبوە، هەر لە بەر دەرگای دادگەی ویجدان و ئەو خەڵکەی کە ئێستا بەم شێوەیە هاواری بۆ بردوون، مەحکەمە بکردایە، بۆ سووکبوونی ڕووحیش بوایە دانی بە تاوانەکانی خۆی دا هێنابایە و دوای لێبووردنی لەو خەڵکە کردبایە کە بە چاکی ڕابردوو و دەوری ئەو لەو نیزامە ستەمکارە دا دەناسن.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠٠٥

کۆچی ناوەختی خاتوو مەرزیەی فەریقی

ئەمڕۆ بەیانی هەواڵی کۆچیدوایی هونەرمەند خاتوو مەرزیەی فەریقیم بیست. بە ڕاستی هەواڵەکە زۆر ناخۆش و کوتوپڕ بوو.

خاتوو مرزیە ڕێبوارێکی دڵگەرم و خەباتکارێکی بە وەفای ڕێگای هونەری کوردی بوو و بە حەق لەو بوارە دا شایستەیی لە خۆی نیشان دا و لە ماوەی تەمەنی دا کە بە داخەوە کورتیش بوو، خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە هونەری گۆرانی و سروودی کوردیی سەردەمی خۆی کرد.

هەرچەند مەرزیە مااڵوایی یەکجاریی کردوە و ئیدی لە نێومان دا نیە، بەاڵم دەنگی خۆشی لە تۆپی دەیان گۆرانیی

دڵبزوێن و سروودی شۆڕشگێڕانەی تۆمارکراوی ئەو دا هەروا بێدەنگی دەشکێنێ، دڵان دەلاوێنێتەوە و هەستی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی کورد دەجووڵێنێ.

من وێڕای دەربڕینی خەم و کەسەری خۆم بە بۆنەی ئەو ڕووداوە خەمبزوێنەوە، سەرەخۆشی لە هونەرمەندی ناسراو و بەڕێزی گەلەکەمان کاک ناسری ڕەزازی هاوسەری مەرزەخانی کۆچکردوو و تێکڕای بنەماڵە و کەسوکاری ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە دەکەم و بەدڵ هاوخەمیانم.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥

بە بۆنەی ١٧ی سێپتامبر، ساڵڕۆژی کارەساتی میکۆنۆسەوە

یادی شەهیدانی کارەساتی"میکۆنۆس"، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی و هومایوونی ئەردەڵان زیندوو ڕادەگرین.

(میکۆنۆس پێناسەی ئاشکرای تێرۆریست بوونی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە)

ساڵانێکی زۆر پێش کارەساتی تێرۆریستیی یازدەی سێپتامبری ٢٠٠١، کە پەیکەری گەورە هێزێکی وەک ئەمریکای ڕاتڵەکاند، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی تێگەیاند کە بریتی ئەو دیاردە دزێوە چەند بەژانە و وای لێکردن کە وەبیری هەنگاونانی بە پەلە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵی و تۆڵە سەندنەوە بکەون،

زۆر پێش ئەوەی کە تێرۆریزم لە پڕ و لە ناکامی ئەو ڕووداوە دا ببێتە سەر تیتری باس و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامە و تەلەویزیۆن و هەموو ڕاگەیەنەگشتییەکانی جیهان،

زۆر پێش ئەوەی کە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ناوەندە دەوڵەتی، کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی سەرانسەری

جیهان ئاوا به جیددی مەسەلەی تیرۆریزم وەک ملۆزمێکی ترسێنەر و سامناک بۆ کۆمەڵی مرۆڤایەتی و" نەزمی نوێی جیهان" بخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە و وەبیری چارەسەرێک بۆ کزکردن و لەنێوبردنی بکەون و سەرەنجام دەیان ساڵ پێش ئەوەی دەوڵەتە گەورە و چووکەکانی جیهان و بەتایبەت ئەمریکا و ڕۆژاوا به هەوڵ بدەن خەباتی هاوبەش به دژی تێرۆریزم بکەنە بابەتێکی هەرە گرینگ بۆ هاوکاری و ڕێوشوێنی بۆ دابنێن،

بەڵێ زۆر پێشتر و هەر دوای ماوەیەکی کەم لەدەسەڵات بەدەستەوەگرتنی ئاخوندەکان لە ئێران دا، خەڵکی کوردی کوردستانی ئێران و خیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، گوتیان کە: "ئەی هاوار خەڵکی جیهان! کۆمەڵی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی! ئەو کەسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسووڕێنن، تێرۆریست پەروەرن و لەسەریەک ماهیەتی ئەو نیزامەش تێرۆرخواز و ئینسان کوژە!" بەڵام ئەو هاوارانە کەمتر گوێیان درایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی بە قەڵتوبڕکردنی خەڵک کرد، بە کۆمەڵ خەڵکی نەیاری سیاسەتەکانی خۆی لەسەرانسەری ئێران گوللەباران کرد، هەر لە کوردستانی ئێران کارەساتی نەورۆزی خوێناویی سنە، بۆمبارانی سەقز و سەردەشت و مەهاباد، قەتڵوعامی قارنێ، قەڵاتان، سەروکانی وهەزاران جینایەت و کردەوەی تێرۆریستیی دیکەی خولقاند. هەموو جارێکیش خەڵکی قوربانیی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هاواریان کرد و داوایان کرد کە کۆمەڵی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی بە دەنگیانەوە بێ و پشتیوانییان لێ بکا، بەڵام ئەو دەنگانە کەمتر بیستران و کە سیش ئاوڕێکی بە ڕاستی لەو داوایانە نەدایەوە.

ئەو کەمتەر خەمییەی جیهانی دەرەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی تا ئەو ڕادەیە ڕژد کرد کە ئەو جار دەستیان بە تێرۆرکردنی نەیارە سیاسی یەکانی خۆیان لە دەرەوەی ئێرانێش کرد و تیمە تێرۆریستی یەکانی ڕێژیم وڵاتانی دەرەوەشیان کردە مەیدانی ڕمبازیی خۆیان و دەیان ناودار و هەڵسووڕی سیاسیی نەیاری ئەو ڕێژیمەیان لە پێش چاوی بە ڕواڵەت ئاوادڵە و بە دێمۆکراسی و عەدادڵەت پشکوتووی دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا، کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تێرۆر کرد.

پیاو حەق بڵێ، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یە کگرتوەکان پەیتا پەیتا حکوومەتی ئێرانی لە سەر لادان لە بناخە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ مەحکووم دەکرد، بەڵام ئەو هەنگاوە هیچ چەشنە سزایەکی بە کردەوەی ئەوتۆی لەپشت نەبوو، کە ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو حکوومەتە لە تێرۆر و بچووکترین شوێنی لە سەر

ڕەفتار و کرداری بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە نەبوو. ئەوان بە پێی ویستی خۆیان جووڵانەوە، بەرنامەکانیان دابەزاند و هەرگیزبایەخیان بۆ ڕێوشوێن و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان دانەنا.

ساڵی ٨٨ ،کاتێک دوکتور قاسملوو، سیاسەتزانی گەورەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرا، هەرچەند ڕوون و ئاشکرابوو کە هەر ئەو بە ناو دیپلۆماتانە کە "وتووێژ"یان لەگەڵ دوکتور دەکرد، خودی تێرۆریستەکان بوون و بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش لەو پێوەندییە دا بە دەستەوە بوو، دادگای ئوتریش حەق و عەدالەتی خستە پێناوی سات و سەودای ئابووری و سیاسی و حکوومەتی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر قازانجی ئابووریی خۆی دا نەک هەر تێرۆریستەکانی سزا نەدا، بەڵکە ڕێگاشی بۆکردنەوە کە بە بێ دەردی سەر و بە ئاسوودەیی بگەڕێنەوە ئێران و سەرەڕای ڕەخنە و داوای حیزبی دێمۆکرات و زۆرمرۆڤی حەقخواز و ڕێکخراوی لایەنگری مافی مرۆڤ، هەر ئاوڕیشی نەدایەوە سەر پەروەندەی تێرۆرەکە و بەمجۆرە مەودای بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕایەڵکە تێرۆریستییەکانی دا کە بەرنامەکانیان سە بارەت بە لە نێوبردنی نەیارەکانی خۆیان بە کەڵک وەرگرتن لە" فەزای لە باری دەرەوە" درێژە بدەن. ئەو "فەزا لەبارە" کە لەسایەی پێوەندیی بازرگانییەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکهاتبوو، وەک پێشتر باسمان کرد، بوو بە هۆی تێرۆرکرانی دەیان تێکۆشەری سیاسیی کورد وئێرانی کە ئەگەر فەزای ڕەخساوی ئوروپا نەبوایە، بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز نەیاندەتوانی ئاوا سووک و هاسان بیانکوژن و بە قەولی خۆیان لە "شەڕ"ی وان ئاسوودەبن. بە ڕاستی لەنێوەڕاستی دەیەی هەشتاوە بارو دۆخەکە وای لێهاتبوو، کە پەنابەرێکی ئاساییش – مادام ڕێژیمی ئێرانی خۆش نەویستبایە- لە گیانی خۆی دڵنیا نەبوو. کەسێکت بە تەواوی نەناسیبا، نەتدەتوانی خۆتی پێ بناسێنی و ژمارە تەلەفۆن و شوێنی ژیانی خۆتی پێ بڵێی. هێشتا هەواڵی تێرۆرکرانی هەڵسووڕێکی سیاسی لە گۆشەیەکی ئوروپا کۆن نەدەبوو، کە لە شوێنێکی دیکە هێرشێکی ڕەشەکوژیی تازە بۆ سەر مرۆڤێکی سیاسیی دیکە دەقەوما. عەزیای تێرۆری ئەو ڕێژیمە تەنانەت نووسەر و هونەرمەندیشی وەپاش نەدەدان. سەیریش ئەوە بوو کە سەرەڕای دیاربوونی شوێنپێی ڕایەڵکەی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران- لانی کەم لەزۆربەی ئەوڕووداوانەدا-، پیاوکوژەکان قیتوقنج بۆی دەردەچوون و لە تۆڕی سزا و عەدالەت - کە لەو وڵاتانە زۆر شاش و هەراو بوو - نەدەکەوتن.

کارەساتی میکۆنۆس، دژکردەوەی دەزگای پۆلیسی ئەڵمان ، ڕەوتی بەڕیوەچوونی دادگا و سەرەنجام پێڕاگەیشتن و دەرکردنی بڕیاری دادگا، هەرکامە بە بەشی خۆی و هەمووی ڕووداوەکەش لە سەر یەک نوختە گۆڕانێک بوون کە

جلکی ڕیا و ساتو سەودا یان لەلەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی داڕنی و بە شێوەیەک خستیانە بەرچاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان، کە ئیدی بە تەواوی ماهیەتی ڕەشی ئەو ڕێژیمە دەرکەوت و ڕیسوا بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەنجام لێرە کلکی بەتەڵەوە بوو. ئەوجار وەک جارەکانی پێشوو وادە و بەڵێنی ئابووری و ساتو سەودای نەهێنی - کە ئەو زۆریان پێ پشتئەستوور بوو - بە فریایەوە نەهاتن. بەڕێوەبەرانی پلەسەرووی ڕێژیمی ئێران کە پێشترگەڵاڵەی تێرۆرکردنی دوکتورشەرەفکەندی و هاوڕێیانییان پەسند کردبوو و دەستووری بەڕێوەبردنییان دابوو، ئەوجاریش دەیانەویست هەر ئەو فڕ و فێڵە بە کار بێنن کە لە کاتی تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو سکرتێری پێشووی حیزب دا بە کاریان هێنابوو. دەسبەجێ دوای قەومانی کارەساتەکە ڕایانگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک دەستی ئەوان لە و جینایەتە دا نیە و تەنانەت باڵوێزخانەی ڕێژیم لە ئەڵمان بە دە زگای پۆلیسی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاند کە ئامادەیە بۆ دۆزینەوەی تێرۆریستەکان هاوکاریی پۆلیس بکا. ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە لە پشتی پەردەدا هەوڵدانێکی چڕ و پڕیان بۆ پووشبە سەرکردنی ڕووداوەکە دەست پێکردبوو و تا ڕادەیەکی زۆریش دڵنیا بوون کە ئەوجاریش بە وادە و بەڵێنی بازرگانی دەتوانن ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان چەواشە بکەن و نەهێڵن دادگا ئەرکی خۆی بەڕێوەبەرێ. بەڵام سیستیمی قەزایی و دەزگای لێکۆڵینەوەی وڵاتی ئەڵمان هەر زۆر زوو نیشانیان دا کە ناکەونە ژێر شوێنەواری فێڵ و تەڵەکەی ئەو ڕێژیمە و سەربەخۆیی و پڕێنسیپی قەزایی خۆیان دەپارێزن. ئەوەبوو کە زۆر بە جیددی ئەرکی خۆیان بۆ دۆزینەوە و سزادانی قاتڵەکان درێژە پێدا کە ئاکامەکەی خستنەڕووی چۆنیەتی و ڕاستیی ڕووداوەکە، ناساندنی تاوانباران و مەحکووم کردنیان بوو. ئە و دادگایە ڕوونی کردەوە کە ماکەی ڕەشەکوژی لەتاران و لە نێو بەرپرسە سەرەکییەکانی ڕێژیم دایە و بە و پێیەش دنیا تێگەیشت کە لە ڕاستی دا بە ڕپرسی سەرەکیی ئەو ڕەشەکوژییانە هەر دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیانن.

لەو پێوەندییە و لە پەڕاوێزی دادگای مێکۆنۆس دا چەند خاڵ هەن کە بە بڕوای من جێگای سەرنجن و بە جێیە قامکیان لە سە ر دابنرێ:

یەکەم: هەنگاوی وشیارانە، ئازایانە و بێلایەنانەی دادگا و پۆلیسی ئەڵمان و ڕاگرتنی سەربە خۆیی قەزایی لە سەرانسەری ڕەوتی لێکۆڵینەوە وبڕیاردان دا وەک شانازییەکی مێژوویی بۆ دەزگای قەزایی و گەلی ئەڵمان دەمێنێتەوە.

دووهەم: شک لەوەدا نیە نەتەوەی کورد بە گشتی هەتا هەتایە بە منەتباری و ڕێزەوە یادی قازییەکان و

لێکۆڵەرەوەکانی پەروەندەی مێکۆنۆس دەکاتەوە کە دیفاعیان لە سەرکەوتنی حەق و ڕاستی کرد و بەو شێوەیە نەیانهێشت خوێنی شەهیدانی بێڕلین لە ژێر پەردەی ڕیا، فێڵوتەڵەکە و ساتوسەودای کۆماری ئیسلامی دا ون بێ.

سێیەم: لایەنی دیار و بەرچاوی دادگای مێکۆنۆس هەروەک هێندێک کەسی دیکەش ئیشارەیان پێکردوە، تەنیا مەسەلەی ڕوونکردنەوەی تاوانێکی ئینسانکوژیی ئاسایی و سزادانی تاوانبار یان چەند تاوانبار نیە، بەڵکوو لە بناخە دا داستانی هاتنە گۆڕی چەوساوەیی و مەزلوومیەتی نەتەوەی کوردە، کە ڕوڵەکانی تەنیا بە تاوانی خەباتکردن بۆ مافی ئینسانیی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوت و تێرۆر دەکرێن. لە دادگای بێرلین دا کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرەخوێنمژەکانی لە لایەک و گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەکی دیکەوە لە بەرامبەر یەکتر دا ڕاوەستابوون. دادگای بێرلین بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی کارەساتەکە و دە رکردنی بڕیاری عادڵانەی خۆی، بە کردەوە بە شێکی گەورەی لە مەینەت و ڕەنجی گەلی کورد خستە پیش چاوی بیروڕای گشتیی جیهان و نیشانی دا کە ئەو گەلە چەند بە ناشکرا ناحەقی لێدەکرێ و لە ژێن بێبەش دەکرێ.

چوارەم: کارەساتی مێکۆنۆس دەرسێک و ئەزموونێکی بۆ ڕێبەرانی کورد تێدایە کە پێشتریش وبۆ وینە دەبوایە لە ڕووداوی سامناکی شەهیدکرانی بلیمەتی کورد دوکتور قاسملووەوە فێری بووبان وئیدی دوژمن نەیتوانیبا ئاوا سووک و هاسان لە نێویان بەرێ. گومان لەوەدا نیە کە شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنی هێمنایەتی دا کەمتەرخەمییان کردبوو. با ئەو جار لەبیرمان بێ کەئەو ئەزموونە بە نرخێکی یەکجار گران وەدەست هاتوە. کەوایە باتێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی گەلی ئێمە بە ڕاستی ڕەچاوی کەن و لە هیچ هەل و مەرجێک دا لە فێڵ و تەڵەکەی دوژمن خافڵ نەبن.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥

چاردەهەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس

ئەمڕۆ شەممە،حەڤدەی سێپتامبری ساڵی دووهەزار و شەش، چاردە ساڵ بە سەر کارەساتی ڕێستۆڕانی "میکۆنۆس"دا تێپەڕی. لەو کارەساتە دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیی ئێران، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی ناسراو بە "دوکتۆر سەعید"، کاک فەتاحی عەبدولی بەرپرسی دەفتەری ئوروپای حیزب و کاک هومایونی ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزب، بە پێی پیلانێکی بە وردی داڕێژراو و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە لایەن چەند تێرۆریستی دەستپەروەردە و نێردراوی ئەو ڕێژیمەوە، لە ڕێستۆرانی میکۆنۆسی بێرلین ، کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللە و شەهید کران.

لە سەر چۆنیەتیی ئەو ڕووداوە و ڕەوتی گیرانی تێرۆریستەکان و دادگایی کردنیان کە قۆناخێکی دوورودرێژ بوو و ڕەنگدانەوەیەکی بەرینیشی لە نێو ڕاگەیەنەگشتییەکان و بیروڕای گشتی دا هەبوو، زۆر وتار و تەنانەت کتێبیش نووسراون و بەو پێیە دەتوانم بڵێم چ پرسیارێکی جێگای شیکردنەوە لەو بوارە دا نەماوەتەوە، بەو حاڵەش بە بڕوای من هەموو ساڵێ لەم کاتە دا و لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەریی ئەو شەهیدانە و وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕووداوە تاڵە دا، پێویستە ئەو چەند خاڵە بدەینەوە بەر سەرنج و وەردیان بدەینەوە.

یەکەم: شەهیدان دوکتۆر سەعید، کاک فەتاح و کاک هومایون هەر سێکیان میوانی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست بوون و وەک نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمیی بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە دا، کە حیزبی دێمۆکرات بۆخۆشی یەکێک لە ئەندامانیەتی، چووبوونە بێرلین و هێشتاش کۆنگرەکە تەواو نەببوو، کە دەستووری تێرۆرەکەیان لە سەر جێبەجی کرا و شەهید کران. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش دەیانزانی کە ولاتی ئاڵمان بەرپرسی گیانی هەموو میوانانی ئەو کۆنگرەیەیە کە کۆنگرەی ڕێکخراوێکی گەورەی نێونەتەوەییە و زۆر حیزب و ڕێکخراو لە سەرانسەری جیهان ئەندامنی، بەڵام ڕێزیان بۆ سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەتی ئاڵمان دانەنا و بە خولقاندنی ئەو کارەساتە پێیان لە سەر پێبەند نەبوونی خۆیان بە پرینسیپە دیپلۆماتییەکان و نەریت و یاسا نێونەتەوەییەکان داگرتەوە.

دووهەم: دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێیانوابوو کە دەتوانن تێرۆری میکۆنۆسیش هەروەک تێرۆری

سکرتێری پێشووی حیزب، سیاسەتوانی گەورەی کورد، دوکتۆر قاسملوو، لە وییەن، لێبکەن و بە کەلکوەرگرتن لە ساتوسەودای ئابووری - سیاسی پێش بە شوێنهەڵگرتنی تێرۆریستەکان و لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی ئەو جینایەتەش بگرن. بە ڕاستیش لەو پێوەندییە دا پەنایان بۆ هەر چەشنە فێل و تەڵەکەیەکیش برد و هەوڵیان دا دەوڵەتی ئاڵمان ڕازی بکەن کە بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتی ئاڵمان پێش بە درێژەدانی لێکۆڵینەوەکە بگرێ، بەڵام سەربەخۆیی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە، هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلا و تەنانەت هەڕەشە و گوڕەشەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پووچەڵ کردەوە، لێکۆڵینەوە ڕەوتی ئاسایی خۆی پێوا و سەرەنجام نەک هەر تێرۆریستەکان ئاشکرا بوون و بە پێی قانوونی دادگای ئاڵمان سزایان بۆ دیاری کرا، بەڵکوو ڕێبەرانی پلە سەرووی کۆماری ئیسلامیش بە تاوانی دانی دەستووری ئەو تێرۆرە مەحکووم کران و دەستووری دەستبەسەرکردنی "عەلی فەللاحیان" وەزیری ئیتتلاعاتی ئەو ڕێژیمەش دەرکرا. هەرچەند ئەو حوکمە بە کردەوە جێبەجێ نەکرا، یان با بڵێین بەڕێوەبردنی نەلوا، مۆری ڕیسوایی هەتاهەتایەی لە نێوچاوانی ئەو ڕێژیمە و ڕێبەرەکانی دا و لە پێشوو زیاتر لە بەرچاوی بیروڕای گشتی بێزراوی کردن.

سێیەم: سووربوونی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان لە سەر لێکۆڵینەوە و بە ئاکام گەیاندنی ئەو پەروەندەیە، نیشانی دا کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە وییەن و لە پێوەندی لە گەڵ تێرۆرکردنی دۆکتۆر قاسملووی نەمر دا هاتە پێش و سیستیمی قەزایی و پۆلیسی ئوتریش کەوتنە ژێر تەئسیری ساتوسەودای دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئەو کاتە و سەربەخۆیی یاسایی خۆیان نەپاراست، لە دادگای بێرلین دا یاسا، دیفاع لە مافی ئینسانەکان و سەربەخۆیی بڕیاردانی قەزایی بە سەر فێلۆتەڵەکەی دیپلۆماسی دا زاڵ بوو و ئەوەش شانازییەکە کە بە تێکۆشان و لەخۆبووردوویی قازیی ئەو پەروەندەیە، وەکیلەکانی شەهیدەکان و هەموو ئەو پۆلیس و کارمەندانەی کاریان لە سەر پەروەندەکە کردوە، پێکهاتوە و هەر بۆ ئەوانیش دەمێنێتەوە. بێگومان گەلی کوردیش ئەو هەڵوێستە بەجێ و ڕەوایەی ئەوانی لە بیر ناچێ و تاهەتایە ستایشی دڵسۆزی و بوێرییان دەکا و بە ئەمەگناسییەوە یادیان دەکاتەوە.

چوارەم: ڕاستە لە دادگەی بێرلین دا چەند تێرۆریست بە تاوانی بەڕێوە بردنی جینایەتێکی سامناک دادگایی دەکران و دادگە بە شێوەیەکی ئاسایی، هەوڵی دەدا چۆنیەتیی ئەو کارەساتە بە کانالی یاسا و ڕێوشوینە قەزاییەکان دا بخاتە ڕوو و سزای پێویست بۆ تاوانباران دیاری بکا، بەڵام چوارچێوە و نێوەرۆکی ئەو موحاکەمەیە گەلێک بەرینتر و ئاستی مەسەلەکە بەرزتر لەوە بوو کە بەرچاو دەکەوت. لە ڕاستی دا، ئەوە سکاڵای گەلی

ژێردەست و چەوساوەی کورد بوو، کە لە بەرامبەر سیستیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دادگەی بێڕلین دا دەگۆڕی دابوو و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە بوون موحاکەمە دەکران. هەروەتر بڕیاری دادگەش بەڵگەیەکی مێژووییە لە سەر ئەو ستەمە گەورەیەی لە گەلی کورد دەکرێ. گەلێک کە تەنیا بە تاوانی داواکردنی سەرەتاییترین مافەکانی خۆی سەرکوت دەکرێ و ڕێبەرانی ئاوا بە ئاشکرا و لە پێش چاوی بیروڕای گشتیی جیهان تێرۆر دەکرێن.

پێنجەم: دوابەدوای بڕیاری دادگە لە سەر جینایەتی میکۆنۆس، وڵاتی ئاڵمان پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگرت و باڵوێزی خۆشی لە ئێران بانگ کردەوە. چەند وڵاتی ئوروپایی دیکەش باڵوێزی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە و یەکیەتیی ئوروپا کۆتایی بە"دیالۆگی ڕەخنەگرانە" لە گەڵ ئێران هێنا، بەڵام ئەو هەنگاوانە بە داخەوە زۆر شێلگیرانە نەبوون، چەند مانگێک زیاتر درێژەیان نەکێشا و پاشان ئەو وڵاتانە لە پێناوی بەرژەوەندیی ئابووری دا پێوەندیی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاسایی کردەوە. لە ڕاستی دا هیچ کاتێکیش ئەو وڵاتانە هەڵوێستێکی ڕوون و لێبڕاوانەیان لە بەرامبەر سیاسەتی سەرەڕۆیی و یاساشکێنیی کۆماری ئیسلامی نەبوە و هەربۆیەش تا ئێستا ڕێژیمی ئێران حیسابێکی جیددی بۆ فشاری کاتیی وڵاتانی ئوروپایی لەو قۆناخانە دا نەکردوە.

شەشەم: ڕاستە کە بە تێرۆرکرانی سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور سەعید و هاوڕێیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی کورد بە گشتی زەبرێکی قورسی وێکەوت، بەڵام خەمیان بوو بە هەوێنی پتەوتر بوونی ئیرادەی هەموو خەباتکارانی کورد و هاوسەنگەرانیان، خوێنیان بۆ بە مەشخەڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕێگای خەباتی پڕکەندولەندی نەوەی نوێ و کارەساتی شەهیدبوونیان بوو بە بەڵگەیەکی زیندووی دیکە لە سەر درندەیی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر لەو حاڵەش دا ڕەوابوونی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییەی خستەوە بەرچاو کە نەتەوەیەک بە سەرکوت و زەبروزەنگ لە نێو ناچی و سەرەنجام ئەوە نیزامە خوێنخۆر و سەرکوتکەرەکانن کە مەحکووم بە ڕیسوابوون و لە نێوچوونن.

بەڕێز بی یادی شەهیدانی نەمر دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی و هومایونی ئەردەڵان!

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥

دین و دەوڵەت لە دەستووری تازەی عێراق دا: سیکۆلاریزم یان دەوڵەتی دینی؟

نووسینی بە فارسی: ئەحمەد زەیدابادی کارناسی مەسەلەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی: ئاشق

ئەم وتارە بە فارسی لە سایتی بەشی فارسیی بی.بی.سی دا چاپکراوە. وێنەکەش هەر لە و سایتە وەرگیراوە

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاندوە کە پێشنووسی دەستووری تازەی ئەو وڵاتە لە ڕاپرسیی ئەم دواییانەی ئەو وڵاتە دا قبووڵ کراوە.

ئەگەرچی ئەو دەستوورە تازەیە یەکجاری نیە و پارڵمانی ئەو وڵاتە دەتوانێ بە دەنگی زۆربە، واتە دوو لە سەر سێی نوێنەرانی پارڵمان هێندێک ڕاستکردنەوە و هەمواورکردنی تێدا پێکبێنێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەو خاڵانەی لە سەر پێوەندیی نێوان دین و دەوڵەت لەو دەستوورە دا هاتوون، بە شێوەی ئێستا بمێننەوە، دەوری دین لە ڕێکخستنی دەوڵەتی ئایندەی عێراق دا چ دەبێ؟

مۆدێرنیتە و ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامی

گرینگیی هێنانە گۆڕی ئەو پرسیارە لەوە دایە کە وا دیارە کۆمەڵە ئیسلامییەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا بۆ چوونە نێو ئەو شتەی پێیدەگوترێ "مۆدێرنیتە"، هێندێک گیروگرفتیان لە پێشە و بە وتەی بەشێک لە خاوەنبیران، میرات و نەریتە ئایینییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شێوەی بارهێنانی کۆمەڵایەتیی ئیسلام، گرینگترین لەمپەری پێش ئەو کۆمەڵانە لە ڕێگای وەرگرتنی بایەخەکانی مودێرنیتەن.

ئەو لەمپەرە لە ڕاستی دا لەمێژە بۆتە مایەی نیگەرانیی خاوەنبیرە مسوڵمانەکان، ئەو خاوەنبیرانەی کە لە لایەکەوە ستایشی دەسکەوتەکانی "مۆدێرنیتە" دەکەن و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدەن ئەو دەسکەوتانە لە گەڵ

بایەخەکانی دینی ئیسلام سازاو و هاواهەنگ بکەن.

لەو جێیەوە کە ئیسلام بە پێچەوانەی خوێندنەوە نەریتییەکان لە مەسیحییەت خاوەنی فێرکردە کۆمەڵایەتییەکانە، هێندێک لە خاوەنبیران پێیانوانیە کە جیایی دین لە دەوڵەت، ئەوەی لە ڕۆژاوا پێی دەگوترێ "سیکۆلاریزم"، لە گەڵ شێوە بیرکردنەوەی ئیسلامی بسازێ و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئۆگریی مسوڵمانان بە دینی خۆیان، بتەوێ . نەتەوێ ئەوان بەرەو تێکەڵکردنی دین لە گەڵ دەوڵەت دەبا.

ئەو باسە بە تایبەت پاش ئەزموونی دامەزرانی دەسەڵاتی دینی لە ئێران دوای شۆڕشی ساڵی 1357، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە جیهانی ئیسلام و ڕۆژاوا دا پەرەیگرتوە. زۆر خاوەنبیر بە سەرنجدان بە ئەزموونی دەسەڵاتی دینی لە ئێران دا هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوە کە قسەکەرە ڕەسمییەکانی دین کەلکی سیاسی لە دین وەرگرن و لەونیوەش دا تێکەڵکردنەکە نەک هەر دێمۆکڕاسی و مافی مرۆڤ بە پێی پێوانە و ستانداردە جیهانییەکان دابین ناکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی لاوازبوونی بایەخ و ڕێوشوێنە مەزهەبییەکان لە ئاستی کۆمەڵ دا، ئەو ڕێوشوێنانە کە بە وتەی ئەو کۆمەڵە خاوەنبیرانە ، پاراستنی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی و ساغیی هەڵسوکەوتی تاکی و گشتیی لە گەڵە.

بەراوەردی ئیسلام و دێمۆکڕاسی

لەگەڵ بیرکردنەوە لەو بوارانە کە پێشتر هەستپێکراو بوون، باس لە سەر دەوری ئیسلام لە دەستووری عێراق دا بە وردی و تیژبینییەکی زۆری خاوەنبیرە مسوڵمان و سیکۆلارەکانەوە درێژەی پێدرا.

وەک دەڵێن لە کاتی ئامادەکردنی دەستووری عێراق دا زۆر باسی گەرم و دوور و درێژ و لە سەر جێگای شەرعی ئیسلام لە سیستیمی سیاسیی ئایندەی عێراق دا لە نێوان لایەنە جۆراوجۆرە عێراقییەکان دا هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام سەرەنجام ئەوان گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە وا دێتە بەرچاو بکرێ بە سوودی سیکۆلاریزم لێکبدرێتەوە.

بە پێی ئەو دەقەی کە ڕۆژنامەی" نیۆیۆرک تایمز" لە دەستووری عێراقی بڵاو کردەوە، ئەو دەستوورە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ئیسلام دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان لە عێراق. پێداگرتن لە سەر ئیسلامیش وەک

یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان دژایەتییەکی لە گەڵ ئەسڵی سیکۆلاریزم نیە، چونکە شەرعی ئیسلام، کۆیەکی گەلێک دەوڵەمەندی ئەو یاسایانەیە کە یاسادانەرە بێباوەڕ بە ئیسلامەکانی نێو کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش لێی بێنیاز نین. شتێک کە دەیتوانی دەستووری عێراق بەرەو تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت بەرێ، پێداگرتن لە سەر ئیسلام وەک "تەنیا" سەرچاوەی یاسادانان بوو، کە نووسەرانی دەستوور بە نەرمی (خۆیان لێبواردوە و) ملیان بۆ ڕانەکێشاوە.

دەستووری عێراق لە هەمان حاڵ دا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە هیچ یاسایەک لە عێراق نابێ دژ بە بناخە بێنەملاوئەولاکانی ئیسلام بێ، بەڵام لە خاڵی دواتر دا دەسبەجێ دەڵێ کە هیچ یاسایەکی عێراق نابێ بە پێچەوانەی بناخەکانی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ بێ.

ئەم دوو خاڵانەی دەستوور ئەگەرچی بە واتای ڕەسمییەتدان بە لێکدانەوەیەک لە ئیسلامە کە لە گەل دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ تەبایی هەبێ، بەڵام بە ئاشکرا ڕێگای باس و وتووێژ لە نێوان لایەنگرانی سیکۆلاریزم و حکوومەتی دینی بۆ لێکدانەوەی دەستوور ئاوادە دێلێتەوە. ئەوەی کە ئەو باس و کێشانە بە قازانجی سیکۆلاریزم یان حکوومەتی دینی یەکلا دەکاتەوە، ئەو بنیاتەیە کە یاساکانی عێراق لە گەل بناخە بێنەملاوئەولاکانی شەرع و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ بەراوەرد دەکا.

بنیاتی هەڵبژێردراو، بنکەی سیکۆلاریزم

لە ڕاستی دا پێکهاتەی ئەو بنکەیە و شێوەی پێکهێنانییەتی کە دەتوانی سەبارەت بە سیکۆلار یان دینی بوونی یاساکانی عێراق یەکلاکەرەوە بێ.

بە پێی دەستووری عێراق "دیوانی بەرز" بەرپرسی بەراوەردکردنی یاسا ئاساییەکان لە گەل دەستوورە. ئەو دیوانە لە کۆمەڵێک یاسازان و شەرعزان پێکدێ، کە پارڵمانی عێراق ژمارەیان دیاریدەکا و ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ.

بەو شێوەیە لە دەستووری عێراق دا، مافی ماناکردنەوە و شیکردنەوەی دەستوور دراوە بە دیوانی بەرز، بەڵام پێکهاتەی ئەو دیوانە و ئەوە کە ئەندامانی دیوان بە لای چ چەشنە بیرکردنەوەیەک دا دەشکێنەوە، لە ئەستۆی

پارڵمانە. بە واتایەکی دیکە پارڵمانی عێراق کە بنیاتێکی هەڵبژاردەیە، لە هەموو بنکە و بنیاتەکانی دیکە بە دەسەڵاتترە و قسەی ئاخری دەکا و هەر ئەو مەسەلەیەش ماهیەتی سیکۆلار بە دەستووری عێراق دەبەخشێ.

لە ڕاستی دا مانای سیکۆلاریزم ئەوە نیە کە یاساکانی شەرع لە سیستیمی یاسادانانی وڵاتێک دا جێگایان نەبێ، بەڵکوو ئەگەر یاساکانی شەرع لە ڕێگای بنیاتێکی عورفی و هەڵبژاردەوە پەسند بکرێن، سیکۆلاریزم زەدەدار نابێ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

سەرەنجام ڕاپرسی

ئەو کێشە و باس و مشتومڕانەی لە سەر پێشنووسی دەستوری هەمیشەیی عێراق و بە مەبەستی ئاڵوگۆڕپێکهێنان لەو دەستوورە دا، لە نێو هەمووخەڵکی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ دابوون، ئەمشۆ کۆتاییان پێ دێ و سبەینێ واتە پازدەی ئۆکتۆبر شاهیدی بەرەنگاریی بەرەی "ئا" و "نا" واتە ئەسڵی دەنگدانەکە دەبین کە مەسەلەکە یەکلا دەکاتەوە و سەرەنجام دەریدەخا کە ئەو دەستوورە پێ دەنێتە قۆناخی بە قانوونی بوون و کارپێکردن و خەڵکەکە ـ بەتایبەت ئەوانەی لە ئاڵۆزی و بێسەروبەرەیی وەزاڵە هاتوون ـ هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشن، یان هەر بە دەسنووسی "ڕەشنووسی" جوانەمەرگ دەبێ و ئەو کات حیزب و لایەن و بەرە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە وەدوای ڕێگایەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی دامەزراندنی دەوڵەت دەکەون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئامادەکردن و پێکەوەنانی دەستووریکی ئەوتۆ کە بتوانێ جێگای پەسندی هەموو نەتەوە و پێکهاتە و چین و توێژەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە بێ کە تا ئێستا بە عێراق ناسراوە و نێزیکەی هەشتا سال بە سەر دامەزرانی دا تێدەپەڕێ، دە توانا و تاقەتی هیچ کەس و گرووپێک دا نیە و تەنانەت ئەگەر زاناترین و باشترین یاساناس وکۆمەڵناسانی جیهان بۆ ئەو کارە کۆ بکرێنەوە، ناتوانن لەو پێوەندییە دا بە ئاکامێکی تەواو و بڕاوەوە بگەن، چونکە ئەو پێکهاتە و نەتەوە و گرووپە کۆمەلایەتییانە کە لە ڕۆژی پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقەوە بە عێراقی ناسراون و ناوی خەڵکی عێراقیان لێناوە، ئەوەندە لە هەموو بارێکەوە نابەرابەر و

لێکدوور و بە سروشت، کولتوور، کردار و ڕەفتار جیاوازن، کە بە کردەوە کۆکردنەوە و ڕازیکردنیان لە سەر یاسایەکی بنەڕەتیی ئەوتۆ کە دیارە دەبێتە سەرچاوە بۆ هەموو یاساکانی دیکەی وڵات، دوورەدەست دەکا. پێکەوەژیانی تا ئێستاشیان نەک لەڕووی ویست و دڵخواز، بەڵکوو بە ناچاری، لە ئاکامی بەسەرداسەپان و لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی دەسەڵاتێکی زاڵی دیکەوە بوە، دەنا هیچ کاتێک تا ئێستا خەڵکی عێراق بۆخۆی هەلومەرجێکی لەباری ئەوتۆی بۆ نەڕەخساوە کە بە ویستی خۆی لە سەر دامەزراندنی سیستیمێکی حکوومەتی بڕیار بدا و دەسەڵاتێک دابمەزرێنێ کە بۆخۆی هەڵیبژاردبێ و پێی ڕازی بووبێ.

بە گشتی لە مەیدانی سیاسیی عێراق دا سێ لایەنی شیعە، کورد و سوننە بەهێزترین لایەنەکانن و لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەو وڵاتە دا دا دەوری سەرەکییان هەیە. کەمایەتییە نەتەوەییەکانی وەک تورکمان، ئاسۆری، کلدانی و .. هەرچەند بە ڕادەی خۆیان شوێن دادەنێن، بەڵام لە پارسەنگی هێز دا هەر لە ئاستی کەمایەتی دا دەتوانن خۆ بنوێنن و بەهەرحاڵ زۆرتر دەکەونە بەرەی یەکێک لەو هێزە گەورانەوە. چاوخشاندنێکی سەرپێیی بە چەندی و چۆنیی ئەم سێ هێزە گەورانە و تەنیا جیاوازییە سەرەکییەکانیان دا دەتوانی باشتر لێکدووربوونیانمان نیشان بدا و دەرىبخا کە بۆچی ڕێککەوتن و هاواهەنگی لە نێوان ئەو هێزانە دا لە سەر چارەنووسی عێراق ئەوەندە زەحمەتە.

یەکەم لایەنی شیعە:

شیعە لە باری حەشیمەتەوە زۆربەن.

. وەک لە قۆناخی سیاسیی ئەم دواییە دا دەردەکەوێ دین و دەوڵەت تێکەڵ دەکەن و خوازیاری هێنانە سەرکاری سیستیمێک لە چەشنی سیستیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. (دیارە شەخسیەت و گرووپی واشیان تێدا هەن کە دەیانەوێ سیستیمیکی دێمۆکراتی بێتە سەر کار و لە سەریەک دەوڵەت و دین لێک جیا دەکەنەوە، بەڵام ئەوانە کەمن).

. شیعە سەرەڕای ئەوەی لە عێراق زۆربە بوە، قەت دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی بە دەستەوە نەبوە و تەنانەت مافی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە تایبەتییە ئاینییەکانی لێ زەوت کراوە و لە لایەن دەسەڵاتەوە کە هەمیشە بە دەست

سوننەوە بوە سەرکوت کراوە.

. شیعە بە ئاشکرا کارتێکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێوە دیارە و ئەو مەترسییەی تێدا زەقە کە لە ئایندە دا ببێتە بواریکی لە بار بۆ دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە کاروباری نێوخۆی عێراق و پێکهێنانی ئاژاوە.

ـ شیعە وەک سوننە لە نەتەوەی عەرەبن و لەو بوارە دا هیچ جیاوازییەکیان نیە، بەڵام بە هۆی جیاوازیی ئاینییەوە ئاویان بە جۆگەیەک دا ناڕوا و بەیەکەوە ناسازێن.

دووهەم لایەنی کورد:

. کورد نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەبە و نەتەوەیەکی بە زۆرلێکدابڕاو و دابەشکراوە و و بە پێی هەموو پێوەر و لێکدانەوەکان دەبوو زۆر لەمێژ با وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبا.

. کورد، دەکرێ بڵێین لە سەرانسەری تەمەنی دەوڵەتی عێراق دا پۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمەکانی پێشووی عێراق خەباتی کردوە.

. کوردەکان دین و دەوڵەت لێک جیادەکەنەوە و بە پێویست نازانن ئایین لە بەڕێوەبردنی وڵات دا دەوری سەرەکیی هەبێ.

. کورد لە ئاکامی خەبات و قوربانیدان دا لە ساڵی ١٩٧٤ەوە مافی ئۆتۆنۆمی هەبوە، بەڵام ڕێژیمی دیکتاتۆر پێێ ڕەوا نەدیوە و ئەوەش ئەزموونێکە بۆ ئەوەی بۆ وادە و بەڵێنی بێ پاڵپشت مل ڕانەکێشن.

ـ کورد لە دوای ڕەوە مێژوویییەکەی ساڵی ١٩٩١ ەوە ناوچەی پارێزراوی خۆی هەبوە. پارڵمانی خۆ و دەوڵەتی هەرێمیی خۆی پێکهێناوە و ئەزموونی نێزیک بە چارەد ساڵ دەسەڵاتداریی سەربەخۆی هەیە.

. شتێکی تەواو سروشتییە کە کورد نەک هەر نایەوێ لەو دەسەڵاتەی تا ئێستا هەیبوە کەم بکرێتەوە، بەڵکوو

دەیەوێ چوارچێوەی ئەو ماف و دەسەڵاتانە بەرینتر بکاتەوە و ناوچە بە عەرەبکراوەکانیش بخاتەوە سەر کوردستان، ئەوەش بۆ لایەنەکانی دیکە کە عەرەبن، قووت نادرێ و وەک نیشانیان داوە تا پێیان بکرێ لەو بارەوە کارشکێنیی دەکەن.

سێهەم لایەنی سوونە:

. سوننە لە باری حەشیمەتەوە لە لایەنەکانی دیکە کەمترە، بەڵام بەو حاڵەش لە سەرانسەری مێژووی دەوڵەتی عێراق دا هەر دەسەڵاتی زاڵ بوە و دەوڵەت و سەرۆکایەتیی بە دەستەوە بوە.

. سوننە هێشتاش نایەوێ قبووڵ بکا کە ناکرێ بە تەنیا (سەیید) و سەرۆکی نەتەوە و لایەنە ئاینییەکانی دیکەی عێراق بێ و وا دیارە زیاتر لە گرووپە توندڕەوە شیعەکانیش بۆی زەحمەتە خۆی لەگەڵ حکوومەتێکی پارڵمانی کە بناخەی لە سەر هەڵبژاردنی ئازاد و دێمۆکراتی بێ، ڕێکبخا.

. سوننە پشتی بە هێزە ناسیۆنالیست و وڵاتە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی ناوچە ئەستووڕە و هەوڵ دەدا لە ڕێگای زەخت و زۆرەوە تەگەرە بخاتە سەر ڕێگای دامەزراندنی حکوومەتێکی دێمۆکراتی. (دیارە کەسایەتی و گرووپی واشیان هەن کە خوازیاری بە یەکەوە ژیان و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکین. مەبەستم ئەوان نیە)

. سوننەبە هیچ شێوەیەک لە گەڵ سیستیمی فیدراڵی نیە، کە کورد لەوەی کەمتر ناوێ و تەنانەت شیعەش پێی ڕازییە.

. هێشتاش حیزبی بەعس پێگەی خۆی لە نێو سوننە دا پاراستوە و بە ئاشکرا لە لایەن بەشێکی بەرچاوی ئەوانەوە پشتیوانی لێدەکرێ، لە حاڵێک دا هەموو لایەنەکانی دیکە بە تووندی خوازیاری سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بەعسن.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بە سەرنجدان بەو جیاوازی و ناتەباییانە کە لێرە دا بەکورتی و هەر بەرچاوترینیان باسکراون، ساغبوونەوە و ڕازیبوونی هەموان لە سەر دەستوورێکی هاوبەش گەلێک زەحمەتە، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوە دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ئەو دەستوورەی ئێستا ئامادە کراوە و سبەینێ دەخرێتە بەر

ڕاپرسییەوە. بابزانین ئاکامەکەی چ دەبێ.

بە هەرحاڵ و تەنانەت بە چاوپۆشی لە ئاکامی ئەو ڕاپرسییەش، بەبڕوای من دوو ڕێگا چارە زیاتر نابینرێ: یان دەبێ ئەو نەتەوە و لایەنانە جیا ببنەوە و هەرکام دەوڵەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکبێنن، کە ئەگەر هەلومەرجە سیاسییەکە بە گشتی ڕێگای دابایە لە هەر ڕێگا چارەسەرێکی دیکە بنەڕەتیتر و باشتر بوو، یان ناچارن سیستیمێک بۆ بەیەکەوەژیانی خۆیان هەڵبژێرن کە ئەوەندەی بکرێ لە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند خۆبپارێزرێ و چوارچێوەی دەسەڵاتی نێوخۆیی هەرێمەکان بە مەبەستی پتر بەشداربوونی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی نیشتمانی خۆیان دا بەرینتر بکرێتەوە. ئەوەش هەر ئەو فیدراڵیزمەیە کەلایەنی کورد لەمێژە لە پارڵمانی خۆی دا پەسندی کردوە، بنەمای دەسەڵاتی هەریمی کوردستانی لە سەر داناوە و بۆ جێگیرکردنی لە هەموو عیراقیش دا هەوڵی داوە.

دیارە لەو بێنەوبەرە سیاسییەی ئێستا دا کورد نابێ بە هیچ شێوەیەک ئاستی داخوازەکانی خۆی دابەزێنێ، چونکە لایەنەکانی بەرامبەری، بە هاوپەیمان و ناهاوپەیمانیانەوە ئەگەر دەسەڵاتیان بێ، نایانەوێ کورد بە مافی ڕەوا و سروشتیی خۆی بگا.

بەگشتی دەسکەوتەکانی ئەم قۆناخە بۆ گەلی ئێمە دەبێ بکرێنە بناخە بۆ دەسەڵات و کیانی تەواوی نەتەوەیی لە ئایندە دا و ئەوەش لە لای یاران و نەیارانی گەلی کورد ڕوون و ئاشکرایە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

بەهەشتی من

نووسینی بە سوێدی: ئارام ئیسماعیلی

وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی: ئاشق

کاتێک بە نێو حەشیمەتی ئینسانە جۆراوجۆرەکان دا تێدەپەڕم، ڕووحم لە سەر سەری خۆم دەبینم. ڕوخسار و تێڕوانینی، وەک ئەوەی شتێکی ترسێنەری دیتبێ، ترساو دەنوێنن. باسکەکانی تێکبەزاندوە و سەرتاپێی لەشی دە غەورێکی تەسک وەرگیراوە، بە شیوەیەک کاتێک دەمەوێ بە نێو ئەو ڕووحە دا بڕوانم بۆ ئەوەی شەبەقی خۆر ببینم، یان چاو لە عاسمانی شین بکەم، ناتوانم. چونکە ئەو ڕووحە پێشم دەگرێ.

ئایندەم بە ڕوونی بۆ نابینرێ و ناتوانم هۆی ئەو کارە بزانم کە بە تەمام بیکەم. چ شتێکم لەو پێوەندییە دا بۆ لێکنادرێتەوە. تەنیا ئەوە دەزانم کە دەمەوێ پێش ئەوەی شتێک بقەومێ، بە ئاسایشی "هەرمان" بگەم و ڕاست ئەو کاتەی لە سەر لووتکەی ئاواتەکانم دەوەستم، واز بێنم. ئەمە بە شێوەی ئاسایی دەتوانرێ زیاتر وەک ترس و دڵەخورپە لێکبدرێتەوە، نەک هاندەر، بەڵام وا دیارە من دەگرێتەوە و لە گەڵ ئامانجی من ڕێکدەکەوێ.

کاتێک دەگەمە ئامانج، یان باشتر بڵێین ئەو شوێنەی بە" بەهەشت" ناو دەبرێ، دەرگاوانێکی نێوچاوانگرژی کەڵەگەتی بەخۆوەم لە بەر دەرگا چاو پێدەکەوێ. کابرا ڕەزاگران و شەڕانی دێتە بەرچاو، بەڵام بڵێی چۆنیەتی و سروشتی ئینسانەکان هەر بە پێی ڕواڵەتیان لێکبدرێتەوە؟! مرۆڤ چووزانێ خەڵک دیوی دیکەیان چۆنە؟ وا هەیە هەر ئەم کابرایە جارێک سەروسەکوتی خەڵک تێکگاتەوە و جارێکی دیکە هەر دوای ئەوە یارمەتیی خەڵک بکا و لە ڕاستی دا وەک بنەماڵەی خۆی خۆشی بوێن.

دەرگام بۆ دەکرێتەوە و دەچمە ژووری. بە ئەسپایی بە دالانێک دا تێدەپەڕم. زۆر دەرگا بە سەر دالانەکە دا دەکرێنەوە و لە سەر هەر دەرگایەکیش شتێک نووسراوە: " بوودایییەکان"، "مسوڵمانەکان"، "هیندووەکان"، " مەسیحییەکان"، "جوولەکەکان"، " بێبڕواکان" و لە سەر یەکێکیشیان نووسراوە"ئەوانی دیکە".

دواییین دەرگا وشەی "سەرۆک"ی لە سەر نووسراوە. پیاوێک لەوێ چاوەڕوانی منە. پیاوەکە لە پشت میزێکی ڕازاوە دانیشتوە، هەردووک لاقی هاویشتۆتە سەر میزەکە و ڕاست دەڕوانێتە پێش دەرگاکە، واتە دە منەوە ڕاماوە کە هەر ئێستا هاتوومە ژووری هۆدەکەوە و ڕاوەستاوم. کابراچەند چرکەیەک بێ ئەوەی تەنانەت یەک وشەشی لە زار بێتەدەرێ، تێمەوە ڕادەمێنێ. پاشان شانێک دەبزێوی و دەڵێ:

. پێتخۆشە بە کام دەرگا دا بڕۆی؟

دەرگای خۆمی پێدەڵێم. پیاوەکە هەڵدەستی و لەگەڵم دێتە دالانەکە، کە دەرگا جۆراوجۆرەکانی بە سەر دا دەکرێتەوە. بەڕێوە، بەرەو "بەهەشتی من" پیاوەکە ئامۆژگاریم دەکا و دڵنیاییم سەبارەت بەوشتەی دەمەوێ بیکەم، دەداتێ. نەرم، دڵسۆزانە و دۆستانە دەدوێ:

ـ دوای ئەوەی تۆ کارەکەت جێبەجێ کرد، هیچکەس نازانێ چ ڕووی داوە، کەی ڕووی داوە و بۆ ڕووی داوە، بە تەواوی دڵنیابە!

لە پێش دەرگاکە هەڵوێستەیەک دەکەین. پیاوەکە بە پرسیارێک درێژە بە قسەکانی خۆی دەدا:

. ڕاوەستە بزانم، شتێک هەیە من تێیناگەم. پێمسەیرە بۆ دەبێ من ئەو نامەیەی تۆ نووسیوتە بۆ کەسوکارت بنێرمەوە، بەڵام خۆت نەنێرمەوە!

. ئەوە تەنیا ڕاسپێرێی منە. ئەو جار بە دەنگێکی هێدی و تاڕادەیەک خەماوی دەڵێم: دەزانی من ئەو ڕێکەوتە لە دایک بووم کە دەمەوێتۆ نامەکەی منی تێدا بەڕێکەیەوە و ئەمەش نیشانەیەکە بۆ ئەوان کە من کارەکە دەکەم.

پێاوەکە دەڵێ:

. تێدەگەم.

بەئەسپایی دەچمە ژوورەوە. لە سەر میزێک دادەنیشم کە دوو کورسیی بەرامبەر بە یەکی لە دەور دانراون. نە پیاوەکە دێتە ژوورەوە و و نە کەسی دیکەم لە لایە کە کورسیی دووهەم بۆخۆی بگرێتەوە. .....

لەوە بە دواوە دەکرێ بڵێم ئەمە خەون بوو.

بە نەرمی و ئەهوەنی لەو خەونە وەناگا نایەم، بەڵکوو (وەک لە بەرزاییەک ڕا بکەومە خوارەوە) هەڵدەدڕێم.

دەکەومە خوارەوە، هەرە خوارێ. بەڵام نا، ئەو شوێنەی منی لێدەگیرسێمەوە، ئەو بەشە نیە کە ڕەش و تاریکە، بەڵکوو نێوەندە، ئەو شوێنەیە کە ڕووناکی خۆی دەگەیەنێتێ و تێشکی ئەو ڕووناکییە هومێد بە من دەبەخشێ. لە هەمان کاتیش دا شتێک هەیە دەیەوێ من بەرەوخوارەوە ڕابکێشێ، بەرەوشوێنێک کە مرۆڤ لە وێ دا هەست دەکا تەریک و تەنیایە و لە هەموو شتێک وەڕەزە.

ئەمن دەزانم کە دەژیم، چونکە هەست بە دوودڵی دەکەم و هەرئەوەش شتێکە کە هەستی دیتن و تێگەیشتنی ڕاستییەکانم پێدەبەخشێ.

ئای خوایە من چەندم ئەو هەستە خۆشدەوێ!

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥

ئەستێرەی سەربەستی

پەسنیژیم پێ شتێکی پەسند نیە و هەمیشە خۆم لێپاراستوە، بەڵام ئەگەر تا دواین ساتەکانی ژیانم پەسنیژی پێشمەرگەی کوردستان"بە شەهید وزیندووەکانییەوە" بم، پێم شانازییە و پێشموایە هەر کەمم گوتوە.

بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان. بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

من کوردێکی ڕاپەڕیوم
تێکۆشەری ڕێی ڕزگاریم
هەڵوێی چالاک و تیژبالێ
چیای بەرزی کوردەواریم

چەک لە شان گیان لە سەر دەستم
لاوی بـە زیپـک و دلێرم
ڕۆڵەی وەفـاداری گـەلم
نەتـرسـم، ئـازام بـوێرم

لە بەر گـوڕەی دلێرانەم
خوێـنمژ سـەری نەوی دەبـێ
لە حاست هەڵـمەتـی شێرانەم
دوژمـن نوقـمی زەوی دەبـێ

شاهیدی گیانبـازیی منە
بستـبستی خاکـی وڵاتـم
سـوورە بە خوێنی گەشی من
پەرتـووکی مێژووی خـەباتم

من پێشـمەرگـەم کوڕی گەلم
بـیـروبـڕوام ڕێـنوێـنە
خـەبات، خـەباتی بێ وچان
تـا سـەرکەوتنـم بەڵێنە

ڕێگام دژوار و درێـژە
مەتـرسیی زۆرم لە بەرە

بـەڵام دەڕۆم و نـاوەستم
لادەبـەم کـۆسپ و تەگەرە

ژینی خۆم فیـدا کردوە
من خۆشـڕابواردنم نـاوێ
سـەرشـۆڕ لە بن سێبەر ناژیم
سەربەرزم لە بەر هـەتـاوێ

پشتم ڕەنجبەری وڵاتـە
چەوساوەکان پەنای منن
دوژمنمن ئەو خوێنمژانەی
بـە زەحـمەتکێـشان دوژمـنن

تـیشکی خوێنی هاوڕێی شەهید
مەشـخـەڵی ڕووناکی ڕێمە
خەبـاتی ڕابـردووی گەلم
ئەزموونی ئێستـامە، پـێمە

شـەبەقی مانـگی ئاواتم
لە نـێو شەوی ڕەش دەدرەوشـم
ئەستێرەی سووری سەربەستیم
بەردو ئاسۆی ژیان دەخوشـم

ناسرەوم تا ئەو سەردەمەی
وڵات لە خۆشی پڕ دەکەم
زنجیری قورسی کۆیلەتی
لە پێی گەلم بڕبڕ دەکەم

* ئەم شێعرە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی بۆ سروود گوتراوە. شەهید حەسەنی پوورخزریی هونەرمەند کە ئەوکات لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا بوو، ئاهەنگێکی سروودی لە سەر دروست کردبوو.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٥

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٦

دووی ڕێبەندان پیرۆز بێ

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ بۆ ئێمەی کورد دوو جێژن بوو. یەکەمیان جێژنی شەستەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دووەمیان جێژنی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان (کە ڕۆژی یەکی ڕێبەندان ڕاگەیەنرا).

ئەو دوو جێژنە هەرچەند مەودایەکی دووری شەست ساڵەیان لە باری کات و سەردەمەوە لە گەڵ یەکتر هەیە، هەردووکیان لە میژووی نەتەوەی ئێمە دا نوختەگۆڕانی گرینگن و جێگای تایبەتییان لە دیرۆکی خەباتی گەلی بەشخوراو، بەڵام نەسرەوتووی ئێمە دا هەیە.

یەکێک لە ئەزموونە گرینگەکانی کۆماری کوردستان و ئامۆژگارییە هەرە بە نرخەکانی پێشەوای شەهیدی کوردستان، قازی محەممەد، ئەوە بوو کە یەکگرتنی ڕیزەکان و هێزەکانی گەلی کورد ڕەمزی سەرکەوتنە و ئەوەش بە خۆشییەوە ئەمڕۆ لە پارچەیەکی کوردستان کە جێی هومێدی هەموو پارچەکانی دیکەشە، هاتۆتە دی. کەوابوو ئامانجێکی کۆمار ئەمڕۆ ڕەنگی داوەتەوە و پەیامی "یەکگرن"ی شەهیدان دەنگی داوەتەوە.

هەربەڕێز و پڕشکۆ بێ دووی ڕێبەندان سانڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان!

پیرۆز بێ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان !
ئەم شێعر و نووسراوانەش پێشتر سەبارەت بە دووی ڕێبەندان هەر لەم وێبلاگە دا بڵاو بوونەوە

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆیری ٢٠٠٦

کۆنەیاد

تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو. پیاوێکی داڵگۆشتی کەڵەگەت، لە سێمای دا داستانی تەمەنێک ڕاکردن بە دوای ژیان دا دەخوێندرایەوە. چرچولۆچەکانی دەموچاوی نیشانەی سەردەمێکی پڕجموجۆڵ و ڕەنجکێشان و کارکردنێکی تاقەت پرووکێن بۆ دابینکردنی ئاسایشی سەردەمی پیری بوون. لە بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆی دا نوقم بوو و ئاگای لە دەوروبەری خۆی بڕابوو.

چەندجار درێژایی شەقامەکەی کە دووسەد میترێک دەبوو و لەوسەرەوسەران تێکەڵی دوو خەیابانی گەورەتری دیکە دەبۆوە، پێوا. هەر سێ - چوار شەقاو دەڕۆیی و ڕادەوستا، بە وردی دە خانووەکان، پیادەڕێکان، قولینچکی دیوارەکان، دارەکان و هەموو شتێکی دەوروبەریەوە ڕادەما. هێندێک بیری دەکردەوە و دیسان چەند شەقاوێکی دیکە دەڕۆیی، هەڵویستەیەکی دیکەی دەکرد و ڕامان و سەرنجەکانی دووپات دەبوونەوە. دەتگوت شتێکی گرینگی لێون بوە و بست بە بستی ئەو دەور و بەرە بۆ دۆزینەوەی ئەو شتە دەپشکنێ.

دەمێک بوو لە هەیوانی چێشتخانەی هاوڕێکەم کە لە قولینچکێکی ئەو شەقامە هەڵکەوتوە، ڕاوەستابووم و سەرنجم دابوە هاتوچۆ و پشکنینەکەی. ئەو پرسیارەم بۆ هاتبوە پێش کە ئەو کابرایە دەبێ چی لێ ون بووبێ، کە ئاوا بە ئۆگریـیـەوە لێیدەگـەڕێ و هـەوڵ دەدا بێدۆزێتـەوە! سـەرەنجام کـابرا دوای ئـەوەی بـۆ چەنـدەمین جـار لەوسـەری شەقامەکەوە گەڕایەوە، هەستی بە بوونی من لە سەر هەیوانەکە کرد. ڕاست هات بۆ لام. سڵاوی کرد و گوتی:

ـ وابزانم تۆ لە بناخە دا ئاوارەی و خەڵکی ئێرە نی؟

وەڵامم دایەوە:

ـ چاکی بۆچووی، من خەڵکی ئێرە نیم.
ـ چەند ساڵە لێرە دەژی؟
ـ بەهاری داهاتوو دەبێتە چاردە ساڵی تەواو.

بـە دیـالێکتی سـوێدیی خـوارووە دەدوا. بـەڵام لـە گـەڵ ئـەوەی سـوێدیـیەکی باشـی دەزانـی، شـێوەی ئاخاوتنەکـەی غەوارەبوونی پێوەدیار بوو. گوتێ:

ـ چاردە ساڵ زۆر نیە، بەڵام هەرچۆنێک بێ دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.
ـ فەرموو!
ـ لـەو ماوەیـە دا کـە تـۆ لێـرە ژیـاوی، دیتووتـە ئـاڵوگۆڕ لـەو شـەقامە دا پێـکبێنن، مەبەسـتم ئەوەیـە بەشـێکی تێکدرابێ و شتی تـازەی لێ دروست کرابێ؟
گوتم:
ـ ئەمن زۆرم سەرنج نەداوەتە ئەو جۆرە شتانە، بەڵام ئەوەندەی ئاگادار بم ئەو ساڵانەی دوایی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لێرە دا نەکراوە. بۆچی ئەو پرسیارە دەکەی؟
گوتێ:
ـ لە شەستەکان دا من ماڵم لەم شەقامە بوو. ئەوکات تـازە لە یۆگۆسڵاوییەوە هاتبوومە ئێرە. لاو بووم و ڕەبـەن، تەمەنم کەمێک لە سەرەوەی بیست بوو. گەلێک بیرەوەریی تـاڵ و شیرنم لێـرەوە بـۆ ماوەتـەوە. بـاوەڕ کـە ماڵەکـەم

لێرە...، لە هۆوەندەی... یان نا... دووسێ شەقاو واوەتر بوو... بڵێم چی؟... وەڵڵاهی هەر لەو دەوروبەرە بوو. ئێستا من دوای ساڵانێکی زۆر ڕێگام دێرە کەوتۆتەوە و پێمخۆشە چاوم بە ماڵەکەم، یان لانی کەم شوێنەکەی بکەوێتەوە، هەر دەرگا و دیوارەکانی ببینم سوکناییم دێتێ.

گوتم:

ـ باشە وەک بۆخۆت دەڵێی دوای دەیان ساڵ کە ڕێگات دێرە کەوتۆتەوە، بیرەوەرییەکانت زیندوو بوونەوە. ئەوە بیرەوەریان چیان تێدایە، کە ئاوا بە تاسەوە لێیان دەدوێی؟

ـ من قەت لەو بیرەوەریانە جیا نەبوومەوە، بەڵام لەو ماوە درێژە دا پێمخۆش نەبوە بێمەوە ئێرەو کۆنە برینەکانم بکولێنمەوە. ئەگەر کاتت هەیە با بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە، تا بزانی بۆ من هێندە گیرۆدەی ئەو بیرەوەرییانەم.

گوتم:

ـ زۆرم پێخۆشە، وەرە با لەو بەرهەیوانە دانیشین قاوەیەک بخۆینەوە و بەسەرهاتەکەشم بۆ بگێڕەوە.

هات، لە سەر کورسییەک دامنا، چووم دووفینجان قاوەم هێنان، یەکم لە پێش وی دانا و یەکیش لە پێش خۆم. ئەو جار لە بەرامبەری دانیشتم و گوتم:

ـ ئێستا بیرەوەرییەکەتم بۆ بگێڕەوە، بە دڵ گوێت بۆ ڕادەگرم.

پاکەتە سیغارێکی لە گیرفانی دەرهێنا، سیغارێکی داگیرساند، پاشان قومێکی لە قاوەکەی خواردەوە و گوتی:

ـ ئەو کات لاو بووم. ژیان هەمووی بۆ من خۆش بوو و ڕووی دزیوی نەبوو. هەرچەند لە ولاتی خۆم تەرە ببووم، بەڵام زۆر دەربەست نەبووم. تەواوی لەشم هێز و توانا بوو. لە کارخانەیەکی ئێرە کارم دەکردو پووڵێکی چاکم وەردەگرت...

لێرە دا بێدەنگ بوو، یەکـ دوو مژی دیکەی لە سیغارەکەی دا، ئاخێکی هەڵکێشا و ئەو جار درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ یەکـدوو ساڵان خۆشگوزەرانییەکی زۆرم کـرد، تـا ڕۆژێـک بـە داوی ئـەوینی جوانـە کێژێکـی قژکـاڵی بـاڵابـەرزەوە بـووم. دڵ و هەسـتم بـە تـاڵان چـوو. کاتێـک لـە لای دادەنیشـتم و دە چـاوە شـینە مەندەکانیـیـەوە ڕادەمـام وەک سیحرلێکراوانم لێدەهات. لە باوەشی دا دەتوامەوە و لە داوی زولفی دا بەندی و بێدەسـەلات بـووم. دڵـم دەربەسـت ئـی وی بـوو. سـەرەنجام پەیمانمان بە یەکتر دا کە ئەوینەکەمان بکەینە ئەستوندەکی تـاوڵی ژیـانی تـا سـەرمان. ئـەو خانووەی کە ئێستا من وا بە تـاسـەوە لێی دەگەڕێم و دەزانم هەر لەو شەقامە دا بوو، هێلانەی ئەو ئەوینە ئـاگرینە بوو.

دیسـان بێـدەنگ بـۆوە. سـیغارەکەی لـە ژێرسـیغارەکەی سـەر مێزەکـەی بـەردەممان دا کوژانـدەوە و دواقـومی قـاوەکـەی خواردەوە. چاوێکی بە سەرانسەری شەقامەکە دا خشاندەوە. پاشان بۆ ساتێک دیسان دە بیرەوە ڕاچوو.
لەسەرەخۆ گوتم:

ـ دەی دوایی چ بوو و داستانی ئەو ئەوینە بە کوێ گەیی؟
وەخۆ هاتەوە. سەری ڕاوەشاند و پاشان بە دەنگێکی خەماوییەوە گوتی:

ـ هێلانـەی ئـەو ئەوینـە زوو شـێوا. شـەش مانـگ لـە بەهەشـتی ئـەو ئەوینـە دا ژیـاین، تـا شـەوێک لـە ناکـاو خۆشەویستەکەم گوتی دەیەوێ بـەجێم بێڵـێ. گـوتی هـەواری حـەزی خـۆی دەگـوێزێتـەوە بـاوەشـی پیـاوێکی دی! پێمـوا نـەبوو بـە ڕاسـتییەتـی. دوای چەنـد ڕۆژ، شـەوێک ئیـدی نەهاتـەوە ودواتـریش،... هـەروا سـووک و هاسـان هـەودای پێوەندیی پساند . منیش هێلانەم لێشێوا... ئیدی نەمتوانی لێرە بم. کارێکم لە باشووری وڵات پەیدا کرد و مـاڵم گوێزتەوە. دوای چەند سـاڵێک ژنـم هێنـا و ئێسـتا دوو منـدالّی گـەورەم هـەن. ئـەمڕۆ کـە دوای ئـەو هـەموو سـاڵانە ڕێگـام دەم شـارە کەوتۆتـەوە، بـەخۆم نـەبوو هاتمـەوە ئێـرە. هێزێـک بـۆ لای ئـەم جێژوانـە کۆنـەی ڕاکێشـام، کـە نـەمتوانی بەربـەرەکانیی لـە گـەڵ بکـەم... بیـرەوەرییـەکانم وا زیندوو بوونـەوە دەتگـوت ڕاست دەورۆژانـە دام کـە هەرگیز بۆم فەرامۆش ناکرێن.

کـابرا لـە گـەڵ دەربـڕینـی دوایـین ڕستەی قسـەکانی هەسـتا، دەسـتی بـۆ لام درێـژ کـرد، دەسـتم دە دەسـتی نـا. لـە چاوەکـانی دا نیشـانەی حەسـرەت و کولانـەوەی بـرینـی دڵداریـیـەکی ناکـامی کـۆن بـە ڕوونـی دیـار بـوو. کـە گـوتی" ماڵاوا"، دیسان چاوێکی بە دەوروبەر دا گێڕا و ئەو جار ڕۆیی. هێندەی پێنەچوو لە پێچی خەیابانەکە ئاوا بوو و

لە پێش چاوم ون بوو.

دوای ڕۆیشتنی ئەو ماوەیەک لە جێی خۆم مامەوە و بیرم کردەوە. پاشان کە وەخۆ هاتمەوە، هەستم کرد ئەو جار من لە جیاتیی کابرای چاو بە گۆشە و کەناری خەیابانەکە دا دەگێڕم، هەرچەند من چ بیرەوەریی کۆنی ئاشقانەم لەو گەڕەکە، لەو شارە، یان لەو ولاتە نەبوو. مەلی خەیاڵی من لە ئاسمانی موکریان و گوندەکەی خۆم دەخولایەوە. کتوپڕ ئەو شێعرە جوانەی مامۆستا هێمنی مەزنم بە زار دا هات:

" خەیاڵ دەمباتە جێژوانی شەوانی لاوەتی، ئەمما
خرینگەی بازنە و خرخاڵ و بەرمووری ئەوم نایە"

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١ی جانیۆیری ٢٠٠٦

رایس: ئێران ناوەندی سەرەکیی بژیوی تێرۆریزم لە جیهان دایە

ئەم وتارە لە سایتی (بەشی فارسیی بی.بی.سی)یەوە وەرگێڕدراوە و وێنەی ذوکتۆر ڕایسیش هەر لەو سایتە وەرگیراوە.

کاندۆلیزا رایس وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بۆ دووهەمین ڕۆژی لە دوای یەک دریژەی بە هێرشی دیپلۆماتی بۆ سەر ئێران داوە و ئەو ولاتەی بە هێشتنەوەی دەوری خۆی وەک ناوەندی سەرەکیی بژیوی تێرۆریزم لە جیهان دا و هاوکاریی لە گەڵ سووریە بۆ ناسەقامگیر کردنی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست تاوانبار کردوە.

دوکتۆر رایس لە بەرامبەر کۆمیتەی بودجەی سەنای ئەمریکا دا شاهیدیی دەدا.

ئەو ڕۆژی چوارشەممە لە دانیشتنی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنا دا، تارانی لەبەر دەستپێکردنەوەی

پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ڕادەیەکی بچووک دا ، بە سەرپێچی کردنی ئاشکرا لە (بڕیارەکانی) کۆمەڵی نێو نەتەوەیی تاوانبار کردبوو و گوتبووی کاخی سپی داوا لە کۆنگرە دەکا کە ڕادەی ٧٥ میلیۆن دۆلاری دیکە بۆ یارمەتی بە ئاڵوگۆڕە دێمۆکراتییەکان لە ئێران دا تەرخان بکا.

خانمی ڕایس لە دانیشتنی ڕۆژی پێنجشەممە دا گوتی کە واشینگتۆن بۆ پێکهاتنی یکگرتنێکی نێونەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بە سیاسەتی دوژمنانەی ئێران، سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەی ناو برد، بە توندی هەوڵی داوە.

لە گەڵ ئەوەش ئەو پێی لە سەر ئەمە داگرت کە هەر تەنیا سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران نیە کە جێی نیگەرانییە، بەڵکوو ئەوەش کە ئەو وەک پشتیوانیی ئەو وڵاتە لە تێرۆریزم ناوی برد، جێگای نیگەرانییە.

ڕایس ئیددیعای ئەوەی کرد کە ئێران دەوری ناوەندی سەرەکیی بژیوی تێرۆریزمی لە جیهان دا هەیە و بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە لە گەڵ سووریە هاوکاری دەکا.

واشینگتۆن هەمیشە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی بە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی هەوڵ و ئاکامەکانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەستتێوەردان لە وڵاتانێکی وەک عێراق دا تاوانبار کردوە . تاران هەمیشە ئەو تاوانانەی ڕەد کردۆتەوە.

لە گەڵ ئەوەش تاران پشتیوانی(خۆی) لەو گوروپانە کە ئەمریکا بە تێرۆریستیان دەزانێ، بە "مەعنەوی" ناو دەبا.

حەمید ڕەزا ئاسفی قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەم دواییانە داوەک دژکردەوە نیشاندان بەرمبەر بەو تاوانوەپاڵدانانە گوتبووی:" پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئامانجەکانی خەڵکی فەلەستین و خەڵکی بێدیفاعی ئەو وڵاتە تەنیا (بە شێوەی) "مەعنەوی"ییە.

دوکتۆر ڕایس هەروەها جارێکی دیکەش کارنامەی تارانی لە بواری مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی دا، خستە بەرهێرش.

ئەو ڕۆژی چوارشەممە لە کۆمیتەیەکی دیکەی سەنا دا گوتبووی دەوڵەتی بووش لە کۆنگرە دەخوازێ کە ٧٥ میلیۆن دۆلاری دیکە بۆ ئەوەی کە ئەو وەک پشتیوانی لە دێمۆکراسی لە ئێران دا ناوی برد، تەرخان بکا.

ڕادیۆی دەوڵەتیی تاران ئەو سیاسەتەی وەک مانۆڕێکی باونەماوی دیپلۆماتیی زەمانی شەڕی سارد، ڕەد کردەوە.

بەو حاڵەش "پم ئۆتۆل"، هەواڵنێری بی،بی.سی دەڵێ ئەوە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانە کە هەر ئێستا لە بەرەبەری دانیشتنێکی گرینگی ئاژانسی ئەتۆمیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرەتای مانگی ئایندە دا بە بەرینی سەرنجیی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

فەڕانسە بۆ یەکەم جار ڕۆژی پێنجشەممە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی وەک پرۆژەیەکی نەهێنیی نیزامی ناو برد کە دژکردەوەی تارانی بە دواوە بوو.

"فیلیپ دوستبلازی" وەزیری دەرەوەی فەڕانسە ڕۆژی پێنجشەممە لە وتوێژ لە گەڵ ڕایەڵکەیەکی تەلەویزیۆنیی ئەو وڵاتە گوتی:" هیچ بەرنامەیەکی نێوکیی غەیرەنیزامی ناتوانێ هەڵسووڕانەکانی ئێران پاساو بدا و لە ئاکام دا ئەو بەرنامانە نێوەرۆکی نیزامییان هەیە.

عەلی لاریجانی دەبیری شۆڕای بەرزی هێمنایەتیی نەتەوایەتیی ئێران لە وەڵامی قسەکانی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە دا پێشنیار دەکا کە (ئەو) لە شێوە قسەکردنێکی دیپلۆماتییانە کەلک وەرگرێ و بە پارێز کردن لەو شێوە دەربڕینانە دەربارەی بەرنامە نێوکییەکانی ئێران، لە پەرەگرتنی گرفتەکە بەرگری بکا.

فەڕانسە یەکێک لە سێ دەوڵەتە ئوروپاییەکانی بەشداری وتوێژەکانی سەبارەت بە مەسەلەی نێوکیی ئێران و یەکێک لە ئەندامانی هەمیشەیی شۆڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە ئامادە کردن و پەسندکردنی بڕیارنامەی ئەم دواییانەی شۆڕای دەسەڵاتدارییەتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی ئێنێرژیی ئەتۆمی بۆ ڕاپۆرتدانی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بە شۆڕای هێمنایەتی دا هەڵسووراوانە بەشدار بووە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠٠٦

جێژنی بەهار

ساڵی نوێتان پیرۆز بێ!

جێژنی بەهار

بەهارە دەشت و کێو یەکسەر لیباسی ئەتڵەسیی پۆشی
بەسەرچوو کاتی دڵتەنگی و وەدەرهات سەردەمی خۆشی
تەماشای گوڵشەن و چیمەن دڵان دێنێتە سەرخۆشی
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

بگێڕە جامی مەی ساقی بە دوو دەستی بلووریەنت
سەما کە و لەنجە بێنە، ناز بدە چاوانی نەخشینت
بە عیشوە تێبکە بۆمان شەڕابی کۆنی ڕەنگینت
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە خەو چاوی هەڵێنا گوڵ کە دیتی عەرزی ڕەنگاوڕەنگ
بە قاقا پێکەنی پشکووت، لەتیف و جوان و شۆخ و شەنگ
گوتی:"بولبول دەمی وەسڵە وەرە بخوێنە بۆم ئاهەنگ"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبیعەت پڕ گوڵە کۆشی

شنەی بای بەربەیان هێنای لە گەڵ خۆی بۆنی عەتری گوڵ

دەخوێنن بولبول و قومری لە نێو باخا بە سۆز و کوڵ
خەریکی بەزم و گۆرانین مەلی خۆشخوێن لە بانی چڵ
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە شاخا دەنگی کەو هەروا لە نێو باخا هەزاردەستان
بە نەرمی ڕازی زیندوومان دەچرپێنێتە گوێی مەستان:
"دەمی کار و ژیان ئێستایە، سبحەی دووڕە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

تەوژمی خێروخۆشی دایچەماند پشتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی، هەڵقوڵی فرمێسکی ڕووتی هەرد
بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەندە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبیعەت پر گوڵە کۆشی

لە هەر شوێنێ کە دەڕوانی بیساتی عەیشە بەرپایە
بە دەستە بۆ سەیاحەت کۆمەڵی عالەم لە سەحرایە
قریوەی بەزم و خۆشحاڵی لە هەرگۆشە و لە هەر لایە
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

ئەتۆش "ئاشق" مەکە سستی بچۆ سەیرانی نێو گوڵزار
لە بن دارێکی دانیشە و بە یادی لێو و کوڵمەی یار
تەماشا کە گوڵ و سەوزە و بە دڵگەرمی بڵێ ئەشعار

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی

لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

بەڵێ خۆشە بەهارت کوردەواری نیشتمانی خۆم

بەهەشتم، ڕووگەکەم، ئەی دڵبەر و دڵداری جوانی خۆم

لە ڕێگەت دا وەتەن هەرگیز درێغ ناکەم لە گیانی خۆم

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی

سروودی ڕاپەڕین لێدە کە گەل دێنێتە سەرخۆشی

بەهاری ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠٠٦

لە یادی بیست ساڵەی کۆچی‌دوایی "مامۆستا هێمن"دا

(ئەم وتارەم بۆ سێمیناری "یادی مامۆستا هێمن" ، کە ڕۆژی ٢٣ - ٤ - ٢٠٠٦ لە شاری "ستۆکهۆڵم" بەڕێوەچوو، ئامادە کردوە و هەر لەو سێمینارەش دا خوێندوومەتەوە).

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم

دونیای قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم

بەردەو بەرزایی دەچم، گەرچـــی وردم

خاکی بەر پێی تێکۆشـــەرێکی کوردم

خوشکان و برایانی بەڕێز

ڕۆژباش !

ئەمڕۆ ئێمە، لێرە، یادی بیست ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی نەمر دەکەینەوە. بێگومان هەرکام لە ئێمەش کە دێینە سەر ئەم سەکۆیە و بەم بۆنەیەوە قسە دەکەین، هەوڵ دەدەین ئەوەندەی لە دەستمان بێ، بەرهەمەکانی هێمن هەڵسەنگێنین و ئاسەوارەکانی بنرخێنین، بەڵام داخوا مەودای بیر، بڕستی خەیاڵ و توانای لێکدانەوەی بۆ وێنە منی دەستکورت و ئەویندارى شێعری هێمن، ئەوەندە یارمەتییم دەکەن کە وێنەیەکی ڕوون لە دنیای بەرینی بیری هێمن بخەمە بەرچاو و ئاستێکی تەواو و ڕاست بۆ پلە و پایەی زمانزانی، ناسکوێژی، نیشتمانویستی و هێزی تاریفی سروشت و ڕادەی ڕەوانوێژی و پشوودرێژیی ئەو لە شێعر و ئەدەبی کوردی دا دیاری بکەم؟ بێگومان نا. لەو ڕێگایە دا من دەتوانم تەنیا پیادەیەکی هاوڕێی کاراوانی ئۆگرانی شێعری هێمن بم، کە لەقەدەر هێزی پێی هەنگاو داوێ، جارێ تەنیا چەند مەنزڵێکی ئەو ڕێگایەی پێواوە و بۆ سەرمنزڵی مەبەست زۆری ماوە. ئاخر هێمن تەنانەت دوای مەرگیشی هەروەک خۆی لەو شێعرە دا گوتوویەتی، بەردەوام بەرەو بەرزایی دەڕوا و لووتکەیەکی دیاریکراو ناناسێ کە لە سەری بگیرسێتەوە و بوەستێ. ئەوە نیە ئێستا دوای تێپەڕینی دوو دەیە لە کووژانەوەی چرای تەمەنی، هەزاران مۆمی بیرەوەریی لە دڵی ئەویندارانی بەرهەمەکانی دا بۆ هەڵدەکرێ و لێرەو لەوێ، لە هەرشوێنێک کە کوردی لێدەژی، و لەو کوردستانە پارچە پارچە کراوە بە "بستوو سنوور بۆ دیاریکراوەی"ی کە کانگای ئەوین و سەرچاوەی ئیلهامی شێعری ئەو بوو، کچان، کوڕان، پیاوان و ژنانی کورد، شێعر و بەرهەمەکانی دەکەنە سوکناییدەری هەناوی تینووی ئەدەبیان، لە ڕێگای ئەوین، ژیان، خەبات بۆ سەربەستی و نەهێشتنی دیلی و ژێردەستی دا تین و توانایان لێوەردەگرن، لێکیان دەدەنەوە، توانانامەی زانستگەیان لە سەر دەنووسن و وشەی پاراوی کوردییان لێفێر دەبن! بڵێی ئەو دوو شێعرەی مامۆستا، هەرچەند مەبەستی سەرەکیی ئەو تاریفی بارودۆخی کورد بە گشتیی بێ، زمانی حاڵی خۆی و شێعرەکانیشی نەبن کە دەڵێ:

کێ وەکوو من سارد و گەرمی ڕۆژگـاری چێشتوە
گا لە دەشتی گەرمەسێر و گا لە کۆێستانی گەدەم

وەک شەپۆلی زێی خورم، ساتێ هەدادانم نیە
گێژ دەدەم، پێچێ دەدەم، من ڕۆڵەکوردی ئەم سەدەم

ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشن دەکا
ئەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم

بەڕێزان!

نێزیک بە دە ساڵ پێش ئێستا، واتە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی دەرفەتی بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامەیەکی شێعرو ئەدەبم لە تەلەویزیۆنی کوردیی" مەد" بۆ هاتە پێش. بەرنامەکەم ناونابوو "سەفەرێک بۆ جیهانی شێعر و ئەدەب". باسێکی کورت لە سەر مامۆستا هێمنی مەزنم کردبوە یەکەم ئاڵقەی ئەو بەرنامەیە و بۆ پێرۆزیوەرگرتن، مامۆستا هێمنم کردبوە سەرقافڵەی کاروانی ئەو سەفەرە. بەشێک لەو باسە دەکەمە نێوئاخنی ئەم لێدوانەی ئێستاشم.

لە گەڵ تەیری تیژبااڵی سنوورنەناسی خەیاڵ دەچینە سەفەرێکی دڵبزوێن. دەڕۆین تا برینی دەردوخەم بە مەرهەمی وشەی جوان و سوکناییدەری کوردی تیمار کەین. دەڕۆین تا دەمێک لە ژێر شوێنەواری بیرلاوێنەرەوەی بەرهەمی شاعیرێکی ناسکخەیاڵ دا خەم و پەژارە لە بیر بەرینەوە و تاوێک مەست و سەرخۆشی بیستنی وشەی شیرین، بەیانی پاراو و تەعبیری بەرزی شاعیرانە بین.

دەچینە موکوریان، ئەو مەڵبەندە جوانەی کوردستان کە گەلێک شاعیر و ئەدیبی ناودار لە باوەشی دا چاویان کردۆتەوە، پێگەیشتوون و لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دا درەوشاونەوە. دەچینە خزمەت شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هێمن. گەشتێک بە نێو گوڵزاری بەرهەمەکانی دا لێدەدەین و لە جوانی و بۆن و بەرامەی شێعرەکانی بەهرە وەردەگرین. لە "تاریک و ڕوون"ی بەیان دا گوێی دڵ بە "نااڵەی جودایی" دەسپێرین و لە باغی پڕبەرەکەت و خێروبێری پیری تەریقەتی شێعر و جوانی و ئەوین دا" پاشەرۆک"ی پوخت و بە بایەخ دەستچن دەکەین و بۆ دڵی تامزرۆی بە دیاری دێنینەوە.

جوانکاری و ڕێکخستنی ڕواڵەت و نێوەرۆک لە شێعری هێمن دا وەستایەتییەکی تایبەت بەو شاعیرەیان تێدا دەناسرێتەوە. بۆ وێنە بڕوانە لە پارچە شێعری "چارەنووسی شاعیر" دا، مامۆستا چۆن بیر و ویستی شاعیرانەی خۆی لە گەڵ کۆمەڵێک پەندی پێشینیان تێکەڵ دەکا و چ دیمەنێکی جوان دەخولقێنێ.

لە سەر بەفرێ بەکار نایە وەکوو بیستوومە داوی ڕەش
لە سەر کۆڵەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بسکە تاتایە

هونەر ناتوانێ جوانیی تۆ بە هیچ شێوێکی بنوێنێ
لە مەڕەڕ چۆن دەتاشرێ هەیکەلی ئەم بەژن و باڵایە

بە ڕیشی بۆزەوە سوژدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە

هەر لەو پارچە شێعرە دا مامۆستا ئاماژە بە ڕاستییەکی تاڵ دەکا، ئەویش ژیانی ناخۆش و پەرێشانی هونەرمەندان و شاعیرانی کورد و بێبەرەویی کاڵای هونەر لە بازاڕی ژیانی سەردەم دایە، کە ڕاستەوڕاست ڕەنگدانەوەی کەسەر و خەفەتی دڵ و داستانی ژیانی خۆشیەتی:

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم
لە بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە

بە تووتووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کە زانیبام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت، بەشی ئینسانی زانایە

لە گەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و مەینەت دەبێ هەڵکەم
لەمێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەر وایە

بێگومان ئێمە نامانەوێ بە هێنانەوەی ئەو چەند نموونەیە لەم باسە زۆر کورتە دا بڵێین هیچ دەناسێنین، چونکە:

لە لایەکەوە هیچ پێویستیی بە ناساندن نیە. ناو و ناوبانگی ئەو شاعیرە مەزنە و بۆن و بەرامەی گوڵی

شیعرەکانی لە گەڵ سروەی بەیانانی بەهاران دە گەرمێن و کوێستانی کوردستان گەڕاون، گەیشتوونە زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان و بەهرەیان کەم و زۆر بە هەموو ئەو ئەوێندارانە بەخشیوە، کە دڵیان بۆ شێعر و ئەدەبیاتی کوردی لێدەدا و لە بازاڕی هونەر دا کڕیاری حەسڵە گەوهەرن.

لە لایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە هێمنناسی و لێکدانەوەی گشتی لە سەر ئاسەوار و بەرهەمەکانی هێمن، نەک لە کات و باسێکی ئاوا کورت دا، بەڵکوو بە شێنەیی، بە تەرخانکردنی کاتی پێویست و لە درێژخایەن دا بە نووسینی کتێب و وتاری زۆر دەکرێ. ئەم باسە دەتوانێ تەنیا بە یادکردنەوەیەکی گەلێک کورت دابنرێ، کە ڕەنگە بکرێ ناوی" گوڵێک لە گوڵزارێک" یان "دڵۆپێک لە ڕووبارێک"ی لێبنرێ.

بەرچاوترین و لە هەمانکات دا گەورەترین تایبەتیی شێعری هێمن ئەوەیە کە بە زمانی پەتی و ساکاری کوردی گوتراون، ئەوەندە پاراو و ڕەوان کە جووتێرێکی لادێی دەتوانێ وەک خوێندەوارێکی شارەیی تێبگا وە چێژی لێوەرگرێ. هێمن نە بۆ چینێکی تایبەتیی شێعر گوتوە و نە ویستوویەتی ڕێبازی "هونەر بۆ هونەر" ڕەچاو بکا و بەم چەشنە مەیدانی تێگەیشتن لە شێعرەکانی بەرتەسک بکاتەوە. ئەوەش بە بڕوای من یەکێک لەو هۆیانەیە کە "هێمن" ناوی "شاعیری گەل"ی لێدەوەشێتەوە.

لە سەر خوانی شێعری هێمن، هەرکەس، لە هەر چێن و تۆێژێکی کۆمەڵی کوردەواری، مادام ئۆگری شێعری کوردی بێ، بەشی هەیە و بەهرە وەردەگرێ. جوانیی ئەو زمانە ڕەسەنەش کاتێک دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، کە شوبهاندن و زاراوەی شاعیرانە، داهێنەرانە و تازەی تێدا بە کار دێ.

باسەرنجێک بدەینە ئەو دوو ـ سێ بەیتە لە پارچەشێعری "ناسۆری تەشەنا" کە بە شێوەی ئاسایی شێعری هێمن هەم زمانی دەربڕینی تێدا جوانە و هەم تاریف و نێوەرۆکی تێدا بەهێزە:

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ، نامەوێ جورعەی کەمکەم

تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بە مەی کۆنی دەبێ مەرهەم کەم

مشتومالّی دەوی ئاوێنەی ژەنگاویی خەیاڵ
مەست و گێژم کە، هەتا گاڵە بە جامی جەم کەم

ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم

هێمن وەک هەموو شاعیرەکانی دیکە ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی دە شێعرەکانی دا باس دەکا، بەڵام ئەو ویست و ئاواتانە زۆرتر چوارچێوەیەکی گەلێک بەرینتریان لە ویستی شەخسی و تاکەکەسی هەیە. ئەو وەک شاعیرێکی بەرپرس، باری گرانی مەینەت و ژێردەستی لە سەرشانی نەتەوەکەی هەست پێدەکا و هێز و بڕستی بیرکرنەوە و توانای شاعیریی خۆی بۆ بەیانی هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشییانە و خەم و شادییانە تەرخان دەکا، کە لە ژیان و میژووی نەتەوەکەی دا شاهیدیان بوە و هەستی پێکردوون.

نێوەرۆکی شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە قالبی وشکی نەریتی هاتۆتە دەر و نوێ و پێشکەوتنخوازانەیە. زمانی شێعری هێمن تەنانەت ئەو کاتەش کە هۆی دەربڕینی هەستی سروشتیی دڵداری و ئەویندارییە، لە باسی خەبات و ئازادی و چارەنووسی وڵات و نەتەوە و تاریفی سروشتی جوانی کوردستانی خۆشەویستی دانابڕێ. بە ڕاستیش ئەو شاعیرە زمانپاراوە گەلێک سەرکەوتوانە توانیویەتی ئەو ڕێبازە، واتە، تێکەڵکردنی ئەوین و سروشت و خەبات لە ژیانی ئەدەبیی خۆی دا گەشە پێبدا و ئەوەش یەکێک لەو تایبەتییانەیە کە شێعری هێمن دەگەیەنێتە لووتکەی جوانی و بەهێزی.

ئەو تایبەتمەندییە لە زۆربەی شێعرەکانی هێمن دا ڕەنگ دەداتەوە. نموونەیەکی جوان لەو هونەرە، لەو چەند شێعرەی گوڵبژێر لە "فرمێسکی ڕنوو" دا ببینە:

شاعیرم، جوانییەرستم، دڵتەڕم، شێتم لە شۆق
کێوی بژوێن، دیمەنی جوان، دەشتی ڕەنگینم دەوێ

من بە فرمێسکی ڕِنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کوڵمی سوور و چاوی شین و سینگی بەفرینم دەوێ

خۆشەویستی من کچە کوردێکە پاک و نازەنین
باغەوانە پیرەم و باغی بە پەڕژینم دەوێ

نایەڵن قەت چێژی ئازادی بچێژم من دەنا
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ

نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە لاپاڵی چیام
قاسپەقاسپی خاسەکەو بێ، گرمەی مینم دەوێ؟

هەڵپەڕین و پێکەنین دەبزێوێ هەستی ناسکم
کوا دڵی پڕ ئێش و ئۆف و جەرگی بە برینم دەوێ؟

جێی گەرم، پاروویی نەرم خۆشە، بەڵام بۆ مافی خۆم
سێبەری ئەشکەوتی سارد و نوێنی بەردینم دەوێ

هێمن نە خوێندنی بەرزی هەبووە و نە زانستگەدیتووش بووە، لە گەڵ ئەوەش بە بڕوای من هێمن سوارچاکێکە زەحمەتە مامۆستای زانستگە هەبێ بتوانێ لە "مەیدانی شەڕانخێوی"ی وشەی کوردی دا تۆزی پێی بشکێنێ و بێگومان لە ئایندە دا بەرهەمەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبنە جێگای کەلکلێوەرگرتنی مامۆستایانی زمان و کتێبە دەرسییەکان دەوڵەمەند دەکەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە هێمن هەر لە سەر دەمی منداڵییەوە نێو کۆمەڵی کوردەواری، بە تایبەت دێهات و هەوارو هۆبە و مەجلیسی پیر و کەیخودا و مامۆستاکان و مزگەوت و حوجرەی کردۆتە زانستگەی خۆی، لە گەڵیان ژیاوە و وشەی ڕەسەنی کورددییان لێفێر بوە.

تەنیا سەرنجدان بە چەند شێعرێکی نالەی جودایی، بۆمان دەردەخا کە وشەی کوردی چەند لە دەستی هێمن دا

دەستەمۆ بوە، کە وەک ملوانکەیەکی مرواری هۆندوونیەوە.

ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمـــما ملە

هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەردەو کانی، بەردەو باخی بەهەشت

دێم بەردەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم

دێم بەردەو ئەو داروبەردو بەندەنە
دێم بەردەو ئـەو باغ و مێرگ و چیمەنە

دێم بەردەو زورک و تـەلان و کەندولەند
دێم بەردەو بژوێن و زەنـوێر و زەمەند

دێم بەردەو پانـاوک و هەوراز و نشێو
دێم بەردەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو

دێم بەردەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەک
دێم بەردەو شیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک

دێم بەردەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم
دێم بەردەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگەی وەفا

ژن لە شێعری مامۆستا هێمن دا سەرچاوەیەکی بەرین و بنەڕەتیی ئیلهامە و جوانیی ژن ڕووحێکی ناسک و نێوەرۆکێکی نەخشین و نیان بە شێعرەکانی دەبەخشێ. دیارە پەری شێعریش کە مامۆستا زۆر جار باسی دەکا، بە سروشت کچێکی جوانە کە جاروبار نازی لە سەر دەکا و دە ژوانی خەیاڵی شاعیرانەی نایە.

بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
ڕێگبێ ئەم نوکتە نەزانی
پەریی شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان

کاتێکیش کە قسە دێتە سەر مافی ژن، ئەو بۆچوونەوەی ڕواڵەتێکی ڕووتی ڕووناکبیرانە بە خۆوە بگرێ، و خۆی پێوە ڕابنێ، بە زمانێکی ساکار و ڕەوانی کوردی کە وەک گوتمان شوانێکی نەخوێندەواریش بۆی لێکدەدرێتەوە، دەڵێ ئیدی دەوری چەوساندنەوە، بێبەشکردن و بە نیوەمرۆڤزانینی ژنان بە سەرچوە و ژن لە مەیدانی تێکۆشان و لە نێو کۆمەڵ دا هیچ شتێکی لە پیاوان کەمتر نیە و دەبێ ئازاد بێ. لە شێعری "یادگاری شیرن" دا کە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە ٦١ ساڵ پێش ئیستا دایناوە، دەڵێ:

با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێن)ی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

کۆیلەتی باوی نەماوە کێژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە

یان دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ دا دەڵێ:

من تەشیرێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییە؟
کیژی وریای چاوکراوەی فـێرەزانـینم دەوێ

مەسەلەیەک کە پێموایە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێبکەم ئەوەیە، کە ژیانی مامۆستا هێمن لانیکەم لە کـاتی لاوەتییـەوە تـا قۆنـاخێکی کـورتی کۆتـایی تەمەنی لـە گـەڵ سیاسـەت تێکـەڵاو بـووە و تەنانـەت بیـر و تێکۆشـانی سیاسی بوونە هۆی گەشەکردنی تێکۆشانە ئەدەبییەکەشی. نازانم بۆ هێندێک کەس دەڵێن خۆزیا هێمن هەرگیز خۆی دە سیاسەت هەڵنەقوتاندبا. لە حاڵێک دا ئەگەر سیاسەت و بەشداربوون لە خەباتی سیاسی لە ڕێگای نەتەوەکەی دا نەبوایـە، زۆربـەی هـەرەزۆری شـێعرەکانی هـێمن هـەر لـە دایـک نـەدەبوون. هـێمن سیاسـەتی بـە ئەنـدامبوون لـە کۆمەڵەی ژ. ک دا دەستپێکردوە و دواتر بە تێکۆشان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا درێژەی پـێداوە. دە سـاڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دوو ساڵ ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە بووە.

لە پێوەندی لە گەڵ کێشەیەک کە ساڵی ٥٩، دوای جیابوونەوەی حەوت کەس لە ڕێبەرایەتیی حیزب، بـۆ مامۆسـتا هێمن پێکهات و ئەو و حیزبی دێمۆکڕاتی لێکدوور کردەوە، هێنـدێک بۆچـوون دەربـڕاون و دەردەبـڕین کـە جاروبـار زێدەڕەوییان تێدایە و زۆرتر ڕا و داوەریی شەخسیی خاوەنەکانی ئەو بۆچوونانەن.

دیـارەهەرکەس هەرچۆنێک بیر دەکاتەوە و دەنووسێ، ئـازادە، بـەڵام بـا لـەبیرمان بـێ، وانەکـەین لـەو بـارەوە ئـەو شێعرە بەرزەی مەولەوی کە مامۆستا هێمنی خۆشەویستمان ئیلهامی بۆ ناڵەی جودایی لێوەرگرتوە، بمانگڕێتـەوە کـە دەڵێ:

هرکسی از ظن خود شد یار من
از درون من نجست اسرار من

بە بڕوای من ئەگەر ئـەو ڕووداوەی ژیـانی مامۆسـتا هێمنیش لـە لایـەن لێکۆڵەرەوەیـەک، یـان کەسێکی هەڵسـووڕ و ئاگاداری بارودۆخی ئەو سەردەمە ناسکەی خەباتی گەلەکەمان بە شێوەیەکی بێلایەنانە و وەک خـۆی بـاس بکـرێ، ئەوە باشە و دیارە بمانەوێ و نەمانەوێ دەکرێ و دەشبێ بکرێ، بەڵام ئەگەر تەنیا بە مەبەستی کوتانی حیزبـی دێمۆکڕات، یان پاکانە حیسابی کۆن لە گەڵ ئەو حیزبە بێ، یان بە پێچەوانەوە حەریمی حورمەتی مامۆستا هێمنی

تێدا بشکێ، ئەوە نەک هەر باش نیە، بەڵکوو پێموایە زۆڵمێکە لە هەردووک لایەنی باسەکە دەکرێ و ئاکامێکی باشیشی لێوەرناگیرێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە هەڵسوکەوتی ئەو کاتەی حیزب لە گەڵ مامۆستا هێمن ـ کە لە ڕوانگەی ڕێبەرایەتیی ئەو کاتەی حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت ـ نە ڕەوا بوو و نە لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیش دا جێی گرت. لە بەرامبەر دا مامۆستا هێمنیش وەک هەموو ئینسانێک کە ئیمکانی هەڵەکردنی هەیە، هەڵەی کرد، هەڵەیەک کە نەدەبوو بیکا. ئەندامانی حیزب پێیانوابوو کە مامۆستا هێمن جێگای لە سەرەوەی کێشەکان بوو و جێی خۆی نەبوو خۆ دەو کێشە نێوخۆییە بگەیەنێ کە دەو بارودۆخە ناسکە دا بەرۆکی بزووتنەوەکەمانی گرت و بە ئاشکراش بە سوودی دوژمن بوو و زەبری لێدایِن. بەهەرحاڵ وەک دواتر دیتمان مامۆستا هێمن هەروا وەک شاعیری گەل و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران مایەوە. من پێموایە وا باشترە بڕیارەکۆنەکان نەکولێنینەوە. بێگومان نەوەکانی ئایندە مامۆستا هێمن لە ڕووی بەرهەمە پڕبایەخ و نێوەرۆکەکانیەوە کە گەنجینەیەکیان لە ئەدەبیات و زمانی کوردی دا زیاد کردوە، دەناسن، بەهرەی لێوەردەگرن، و دەرسی خەبات و تێکۆشانی لێ فێر دەبن.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٦

وتوویژ لە گەڵ گۆڤاری "ڕێژوان"

ئەم وتوویژە لە لایەن گۆڤاری "ڕێژوان"ـ ەوە سەبارەت بە "پرسی بەرە ی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کراوە و ڕۆژی چواری ئاپریل لەو گۆڤارە دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕێژوان: ئێوە گرینگیی پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵات دا لە چی دا دەبینن. پێتانوایە بەرەیەک دەبێ پێکبهێنرێ؟ بە گشتی تایبەتمەندییەکانی بەرە دەبێ چۆن بن؟

ئاشق: وێڕای داوای سەرکەوتن بۆ ئێوە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری "ڕێژوان"، پرسیاری یەکەمتان لە ڕاستی دا سێ بەشە. کە دەکرێ هەرکامیان پرسیارێکی سەربەخۆ بێ. من لە بەشی دووهەمی ئەو پرسیارەوە دەستپێدەکەم کە دەڵێ داخوا پێویستە بەرەیەک پێکبهێنرێ؟

بەڕاستی ئێستا لە هەر کوردێکی ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان ئەو پرسیارە بکرێ، بێگومان وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە بەڵێ بوونی بەرەیەک لە هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان، بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستا دا پێویستییەکە حاشای لێناکرێ. خەڵک بە گشتی "بەرە" بە پاڵوێکدانی هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان و یەکیەتیی کردەوە و هاوکاریی ئەوان لە پێناوی وەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد دا لێکدەدەنەوە و دیارەکاتێک ئەو هێزانە بتوانن بە پاڵوێکدان و هاودەنگییەکی ئەوتۆ بگەن، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری چۆنی و چەندییەوە گوڕ و تینێکی تازەی دێتە بەر و سەرکەوتنی بە سەر نەیاران دا چ لە مەیدانی سیاسی و چ لە ئەگەری تووشهاتنی شەڕ دا ئاسانتر دەبێ. بە کورتی هەر ئەو لێکدانەوەیەشە کە پێویستیی پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەق دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین بە تەواوی گرینگیی پێکهاتنی بەرە بێجگە لەوەی لە پاراگرافی پێشوو دا باسمان کرد، دەربخەین، ناچارین بە کورتی چاوێک بە وەزعی سیاسیی دەوروبەری خۆشمان دا بگێڕین.

هەموومان دەزانین دوابەدوای هێرشی نیزامیی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و ئازادبوونی ئەو وڵاتە لە ژێر ستەم و دیکتاتۆریی حیزبی بەعس، زۆر پێوەر و هاوسەنگیی سیاسیی نوێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، کە کوردستانی ئێمەش دەخۆ دا جێدەکاتەوە، هاتنە گۆڕی. بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچە، گەڵاڵەی" ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ بڕەوپێدانی دێمۆکڕاسی لەو ناوچەیە دا، لە سەرێک قۆناخێکی سیاسیی تازە و ڕەوتی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی سیاسییان لەو ناوچەیە دا خستە بەرچاوان، کە هەرچەند لە لایەن زۆر دەسەڵاتی کۆن و نەریتپارێز و ڕێژیمی کۆنەپەرستی وەک ئێران و سووریەوە بە ئاشکرا و نەهێنی کۆسپ و تەگەرەی دەخرێتە سەر ڕێگا و هەوڵی بەربەستکردن، یان لانیکەم شلکردنەوەی دەدرێ، وێناچێ، یان بە بڵێین زەحمەتە بوەستێ و درێژەی دەبێ. ئەو دەسکەوتە نەتەوایەتییەش کە تائێستابەشێک لە نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان وەدەستی هێناوە، هەر بەرهەمی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە لە درێژەی ڕووداوانی ئەو ئاڵوگۆڕانە دا هاتوونە پێش.

هەرچەند ئایندە بە وردی بۆ هیچکەس پێشبینی ناکرێ و تەنانەت وردبینترین و وشیارترین مرۆڤی سیاسیش ناتوانی بە دڵنیاییەوە سنوور و چوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دادێ دا دیاری بکا، لانی کەم ئەوەندە بە تەواوی ڕوونە کە ئەو قۆناخە سیاسییە بەشێکی هەرە سەرکیی ڕووی دە وڵاتی ئێرانە و درەنگ یا زووش هەرچۆنێک بێ ئاکام و شوێنەوارەکانی دەردەکەون. کەوابوو بە بێلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئێران دا بە چ شێوەیەک ڕوو دەدەن و داخوا ڕەوتەکە هەر لە گەشەکردنی سیاسیی قۆناخەکە دا ڕەنگ دەداتەوە، یان شەڕ و کێشەی چەکدارانەش دێتە پێش، بە هەرحاڵ خەڵکی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەونە بەرامبەر هێندێک بارودۆخی لەبارەوە کە دەبێ بتوانن بیانقوازنەوە و لە دەستیان نەدەن.

بێگومان گەلی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێویستیی بە یەکهەڵوێستی، یەکیەتیی کردەوە و یەکدەنگی هەیە، تا بتوانێ لەمەودوا بەوەخت و لەڕووی بەشداربوونێکی گشتی و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەوە بڕیار بدا، لە ئاکام دا لەو ڕەوتە بەجێنەمێنێ و بە قازانجی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە لانیکەم سەدەیەکە قوربانی بۆ دەدا و ڕەنجی بۆ دەکێشێ، کەلکی لێوەرگرێ. ئەو تایبەتییانەش دەتوانن تەنیا لە بووندا بەرەیەکی ڕێکوپێک و یەکگرتوو دا ڕەنگ بدەنەوە و بینەدی.

گرینگترین لایەنی موسبەت و باشی بەرە لەوە دایە کە بنکەیەکی بڕیاردان دروست دەبێ و پەڕشوبڵاوی نامێنێ. ئێمە ئەزموونی پێشووتریشمان لەو بارەوە هەیە کە کاتێک چەند حیزب و ڕێکخراو لە وڵات دا هەڵسووڕانیان هەیە، پرس و ڕا بە یەکتر ناکەن و هەرکام بڕیاری خۆی لە سەر مەسەلەکان و گیروگرفتەکان دەدا و بە پێی تاکتیک و بۆچوونی خۆی لێیدەخوڕی، نەک هەر لە بەرامبەر نەیاری هاوبەش دا سەرکەوتن بە دەست ناهێنن، بەڵکوو لە نێوخۆشیان دا تووشی کێشە و گیروگرفت و شەڕ دەبن. لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دا خەڵکی ئاساییش دابەش دەبن و هەر بەشەی ـ جا چ کەم چ زۆرـ پشتیوانیی لە حیزبێک، یان ڕێکخراوێک دەکەن و لە ئاکام دا ئاڵۆزی دێتە پێش، هێزی فکری و توانای ڕاپەڕی ڕێکخراوەکان لە کێبەرکێ، دەمبەدەمە و کێشەی نێوخۆیی دا بە فیڕۆ دەچێ و لەوانەیە دەرفەتەکانیش لە دەست بچن، بەڵام ئەگەر یەک بنکەی بڕیاردان و هەڵوێستگرتن هەبێ، بەومانایە دەبێ کە بڕیارەکان ئی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانن و ئیدی هەم ئەو گیروگرفتانە نایەنە پێش و هەم ڕاپەڕ و بەرهەمی کاری خەباتەکە زۆرتر دەبێ.

با لە بیرمان نەچی یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی خێرای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان ئەوە

بوو کە پێشتر ڕێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەرەی کوردستانییان پێکهێنابوو و پلانی هاوبەشیان بۆ دانابوو.

ئیشارەکردن بەو خاڵەش لەوانەیە گرینگ بێ کە کارایی بەرە تا کاتی ڕەخسانی بارودۆخ بۆ هەڵبژاردنی ئازاد بۆ پارڵمان و دامەزرانی دامودەزگای بەڕێوەبەردنی کاروباری وڵات دەبێ و لەوە بەدەدواوە دەبێ حیزب و ڕێکخراوەکان کاری حیزبایەتی و سیاسەتی خۆیان بکەن و خۆیان دە کاری ئیدارەکردنی وڵات هەڵنەقوتێنن.

ڕەنگە بکرێ زۆر تایبەتمەندی بۆ بەرە ڕیزکەین، بەڵام بە بڕوای من گرینگترینی ئەو تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

١- هەموحیزب و ڕێکخراوەکانی هەڵسووڕی مەیدانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خۆی دا جێبکاتەوە و لە ئەزموونی کەسایەتییە سیاسییە ناسراو و خەباتکارەکان کەلکوەرگرێ.
٢- هاوکاری، تەبایی و ڕێزدانان بۆ بیروڕای ئەندامان و بەهێندگرتنی یەکتری هەم بە قەوارە و هەم بە بڕیار و هەڵسووڕانیەوە دیار بێ.
٣- پلاتفۆرمێکی گونجاو و دێمۆکراتیانەی بۆ تێکۆشانی خۆی هەبێ و هەروەها هەر لە ئێستاوە بەرنامەیەکی لەباری بۆ ئیدارەکردنی کوردستان لە ئایندە و لە کاتی پێکهاتنی بۆشایی دەسەڵاتدا هەبێ.
٤- لە بەرە دا بڕیار ئیهەموانە. هەر ڕێکخراوەی لە قەدەر دەسمایەی ئینسانی و مەعنەویی خۆی چاوەڕوانیی بەشداربوون لە دەسەڵاتی دا دەبێ. بەرە نابێ هێژمۆنی، پاوانخوازی و دەسەڵاتی تاکە ڕێکخراویشی پێوە دیار بێ.
٥- بەرنامەی بەرە دەبێ وەڵامدەرەوەی قۆناخێ سیاسیی سەردەم بێ و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی دەنێوخۆی دا جێکردبێتەوە. هەروەها بەرە دەبێ دەوری مەیدانێکی لەباری بۆ تەمرینی دێمۆکراسی هەبێ.

ڕێڕەوان: هەتا ئێستا زۆر باسی پێکهێنانی بەرە کراوە و لە لایەن حیزبەکانیشەوە هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێک لە بەردەست نیە. بە بۆچوونی ئێوە کۆسپەکانی بەردەم پێکهێنانی بەرە کامانەن؟

ئاشق: باسکردن بە تەنیا خێر ناداتەوە. وایە، هەموو حیزبەکان باسی پێویستیی پێکهێنانی بەرە یان "ئیئتلاف" دەکەن و هەمووشیان بە ڕواڵەت ئامادەی هەنگاوهەڵێنانەوە لەو ڕێگایە دان. لە ڕاستیش دا هەلومەرجە سیاسییەکە ئەوەندە پێویستیی پێکهاتنی بەرەی زەقکردۆتەوە، کە ناکرێ باسی نەکەن، بەڵام کاتێک دێنە سەر کردەوە،

تێدەمێنن و گرێپووچکەکان خۆدەنوێنن. بە بڕوای من کۆسپەکانی سەر ڕێگای پێکهێنانی بەرە ئەمانەن:

١- مەزنیخوازی و دەسەڵاتخوازیی حیزب و ڕێکخراوەکان.

٢- نەبوونی متمانە بە یەکتر لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکان دا.

٣- نەبوونی تەجرەبەی هاوکاری و یەکیەتیی کردەوەیەکی شێلگیرانە لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕابردوو دا.

٤- نەبوونی باوەڕی تەواو بە پێکهێنانی بەرە و هەستنەکردن بە پێویستیی پێکهێنانی بەرە.

٥- گیرۆدەبوونی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکان بە کێشەی نێوخۆیی و دووبەرەکی. (بۆ وێنە کێشەی نێوان دوو کۆمەڵەکان. دوو خەباتەکان و ناکۆکیی نێوخۆیی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، کە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە خۆیان بۆ کۆ نەکرێتەوە و نەپەرژێنە سەر بیرکردنەوە لە بەرە و هەوڵدان بۆ بەرە).

٦- جیاوازیی زۆری شێوەی کار و بیرکردنەوە، لێکدانەوە و بۆچوون، بەرنامەی کار و ئیدیۆلۆژیی حیزبەکان، کە شتێکی سروشتییە تێکگەیشتن و پێکگەیشتن بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی هاوکاریی ئەوتۆ دژوار دەکا. (لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لە کۆمۆنیستەوە تا ئیسلامی هەن)

دیارە وەنەبێ ئەو کۆسپانە شتێک بن، کە نەکرێ لە بەر دەم هەڵگیرێن و ڕێگایەک بۆ پشترێکردنیان بدۆزرێتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەوانە هەن و هەست بە بەرپرسایەتیکردن، چاوپۆشی، نیازپاکی، لەخۆبووردوویی و کاری هاوبەشی زۆری دەوێ تا چارەسەر بکرێن و ڕێگای گەیشتن بە بەرە خۆش بکرێ.

ڕێڕەوان: چاوەڕوانیی گۆڕانکاری لە ئێران بە هۆی کیشە ئەتۆمییەکەی و قەیرانەکانی ئەو ڕێژیمە و نارەزایەتیی گشتیی خەڵکی ئێران و کوردستان کاریگەریی لە سەر پێکهاتنی بەرە دەبێ؟ ئاستی ئەم کاریگەرییە چۆن لێکدەدەنەوە؟

ئاشق: بەڵێ هەمووی ئەوانەی باست کردن بە شێوەی سروشتی دەبێ کاریگەرییان لە سەر پێکهێنانی بەرە هەبێ و لە ڕاستی دا ئەوانە بەشێک لەو هۆیانەن کە پێویستیی دروستبوونی بەرەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخەنە بەرچاو. ڕێژیمی ئێران هیچکاتێک وەک ئێستا نەکەوتووتە ژێر تەوژمی گوشاری نێونەتەوەییەوە. قەیرانە نێوخۆییەکانی و ناڕازیبوونی خەڵکیش ڕۆژبەڕۆژ پەردەدەستێنن و هەر بەو پێیەش چاوەڕوانیی پێکهاتنی ئالۆگۆڕ لە وڵات دا زۆرتر دەبێ.

بە بڕوای من ئاستی ئەو کاریگەرییە لە لای ڕێکخراوەکان پێوەندیی بەو پێوەر و فاکتۆرانەوە هەیە کەئەوان لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان دا سەبارەت بە وەزعی سیاسیی جیهان، ئێران و کوردستان دەیانخەنە بەر سەرنج و بەکاریان دێنن. هەروەها پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەوان تا چ ڕادەیەک پێویستیی پێکهاتنی بەرە هەستپێدەکەن، باوەڕیان پێیهەیە و ئامادەن کاری بۆ بکەن.

ڕێژوان: *ئێرانێکی فیدراڵ کە ئێستا درۆشمی بەشێکی زۆر لە حیزبەکانە، پێتانوایە کە هەبوونی درۆشمی هاوبەش تا چەند لە لێکنیزیککردنەوەی حیزبەکان دا ڕۆڵی دەبێ.*

ئاشق: هەرچەند فیدراڵیسم لە هیچکام لەو وڵاتانەی ئەو سیستیمەی لێدامەزراوە، وەک یەک نیە و ڕەنگە بۆچوونی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سەر نێوەرۆک و چوارچێوەی سیستیمی فیدراڵی بۆ ئایندەی ئێران و کوردستان، تا ڕادەیەک جیاوازیی هەبێ، بەڵام بێگومان ئەو درۆشمە هاوبەشە دەتوانێ کارهاسانی بۆ لێکنێزیککردنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکان بکا و هاوکات کاری ڕێکخستنی بەرنامەی سیاسیی بەرەش هاسانتر بکا، چونکە یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی بەرە دیاریکردنی درۆشم بۆ کار و تێکۆشانی ئایندە دەبێ.

بەو حاڵەش ئەمن پێمەوایە گیروگرفتی سەر ڕێگای پێکهێنانی بەرە لە هەڵبژاردنی درۆشمێکی ئاوا سەرەکی دا نیە، بەڵکوو زیاتر دەگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسکراون.

ڕێژوان: *پێکهێنانی بەرە دەتوانێ گوڕوتینێکی نوێ بە خەبات و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات بدا، یان پێکهێنانی بەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حیزبەکان و خۆئامادەکردنە بۆ قۆناخی دواتر؟*

ئاشق: هەردووکیان. پاڵوێکدان و کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکان ئەو گوڕوتینە لە گەڵ خۆی دێنێ و هەر لەو حاڵەش دا کاتێک چەند حیزب و ڕێکخراو لێکگۆ ببنەوە و هاوکاری بکەن، ئەوە بەو مانایەیە کە لەو بەرنامە هاوبەشە دا کە هەیانە، هاوبیرن و لەو بارەوە کێشەیان نیە.

هەرگیز نابێ لە ڕێکخراوەکانی ئەندامی بەرە ئەو چاوەڕوانییە هەبێ کە کێشە و ناکۆکییان لە سەر بیرو بۆچوون، مەسەلەی فکری، تاکتیکی یا ستراتیژی نەبێ. ئەوە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ. بەڵکوو چاوەڕوانییەکە ئەوە دەبێ

کە هەموو ئەندامانی بەرە لە چوارچێوەی پرێنسیپەکانی ئەو بەرنامە پەسندکراوە دا کار بکەن، کە بۆخۆیان بە پێی تێگەیشتن لە بارودۆخی وڵات و ئامانجی دیاریکراو بۆ ئایندە، بۆ ئەو قۆناخە سیاسییەیان دیاریکردوە.

دیارە ئەوەش سروشتییە کە کاتێک ئەو حیزب و ڕێکخراوانە دە پەڕشوبڵاوی دا بن و پێوەندی و هاوکارییان بە یەکەوە نەبێ، کێشە و ناکۆکییەکانیان لە جێی خۆی دەمێنێ و کەم نابێ، بەڵام کاتێک لە سەر گەڵالەیەکی دیاریکراوی هاوبەش کاریان کرد و ئەزموونی ماوەیەک هاوکاریی بە یەکەوەیان هەبوو، زۆر وێدەچی کێشەکانیشیان بەرەبەرە کەمڕەنگتر بن، بەرەو چارەسەرکردن بچن و لە ئاکام دا ئامادەبوونی زیاتر بۆ قۆناخێکی تازەی تێکۆشانی هاوبەشیش مەیسەر بێ.

ڕێژوان: تا چەند خۆشبینن بۆ پێکهاتنی بەرە؟ پێتانوایە لە ماوەیەکی نێزیک دا بەرە پێکدێ؟

ئاشق: **بەشبەحاڵی خۆم نامەوێ لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتنی بەرە دا خۆشبین یان ڕەشبین بم. پێمخۆشە لەو بارە دا ڕاستبین بم و سەرنج بدەمە نیشانەکان، وەزعی حیزب و ڕێکخراوەکوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو بیرو بۆچوونانە کە ئەوان تا ئێستا لێرە و لەوێ و لە ئۆرگانە تەبلیغاتییەکانیان دا دەربارەبڕیون و ئەو کۆسپانەش وەبەرچاو بگرم کە لەو چەندخاڵەی سەرەوە دا باسمانکردن. بەو پێیە بەراوەردی من ئەوەیە کە لانیکەم جارێ مەودامان لە گەڵ پێکهاتنی بەرە زۆرە.**

هەر لەوکاتەش دا لەوانەیە ڕۆژێک گەشەکردنی بارودۆخی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران و کوردستان، بە تایبەت لە ژێر شۆڕەواری فشاری جیهانی و ئەمریکا دا ئەوەندە خێرا بێ، کە ڕێکخراو و حیزبە کوردییەکان ناچار بن بە پەلە میکانیزمێک بۆ پاڵوێکدان و لێکنێزیکبوونەوە ببینن‌ەوە و لە ئاڵقەیەک دا بە مەبەستی هاوکاری و هاواهەنگی بۆ ڕێکخستنی تێکۆشانی ئایندە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کۆ ببنەوە. لەو حاڵەتەش دا - بە بڕوای من- زۆرتر دروستبوونی یەکگرتن"ئیئتلاف"یک لە نێو هەموو ئەو هێزانە، یان دوو- سێ هێزی سەرەکی دا زیاتر وێدەچێ، تا بەرەیەک کە لەم وتارە دا باسمان لێکردوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٦

بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایش

سەرەنجام دوای ماوەیەکی زۆر وتوویژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان پێنج ئەندامی سەرەکیی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، ڕۆژی ٢٩ی مارس، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لە سەر دەقی بەیاننامەیەک سەبارەت بە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران ڕیککەوتن و ئەو بەیاننامەیەیان پەسند کرد و بڵاویان کردەوە.

بەیاننامەی ناوبراو بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی جیاوازی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی سەبارەت بە شێوەی دژکردەوە نیشاندان لە بەرامبەر لاساریی ئێران لە پێوەندیی لە گەڵ بەرنامە ئەتۆمییەکەی دا، تێدا دەبینرێ، بەڵام لە سەریەک دەکرێ بگوترێ کە بەیاننامەکە نە ئەوەندە تونده کە کورد گوتەنی گوریسی لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیاندبێتە یەچکی و نە ئەوەندەش نەرمە کە دەرفەتی دەربازبوونێکی کاتیش لە فشاری نێونەتەوەییی لە سەر ئەو ڕێژیمەی هێشتبێتەوە.

بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایش هەر لەو کاتە دا کە "پێ لە سەر گرینگیی ڕاگرتنی تەواو و هەتا سەری هەڵسووڕانەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم" و تەنانەت لێکۆڵینەوەش لەو بوارە دا دادەگرێ، باسێک لە سزادانی ئێران ناکا و لە بەرامبەر دا قورسایی دەخاتە سەر هەوڵدانی دیپلۆماتی بۆ هێنانە سەر ڕێگای ئێران و چارەسەر کردنی قەیرانەکە و ئاژانسی ئەتۆمی و سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە ڕادەسپێرێ کە تێکۆشانی خۆیان لەو بوارە دا دریژە بدەن. مۆڵەتێکی ٣٠ ڕۆژەش دەدا بە ئێران کە دەست لە کەللەڕەقی هەڵگرێ و لەو ماوەیە دا پێبەندبوونی خۆی بە پێشنیار و ڕێوشوێنەکانی ئاژانس نیشان بدا، بە واتایەکی دیکە ئەنجومەن، یان با بڵێین پێنج دەوڵەتی گەورەی ئەندامانی ئەنجومەن، ڕەوتی هەڵسوکەوت لە گەڵ مەسەلەکەیان بە کردەوە کردۆتە پەیڕەوی سیاسەتێکی هەنگاو بە هەنگاو، کە جارێ کۆتاییەکەی دیار نیە و ڕوون نیە چۆن تەواو دەبێ.

تا ئێستا و لە قۆناخەکانی ڕابردوو دا هەڵوێستی چین و ڕووسیە، دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کە سوودێکی زۆریان لە ڕێگای پێوەندی ئابووری و بازرگانییەوە لە لایەن ئێرانەوە پێدەگا، لەو بارەوە بە پارێزەوە بووە و ڕاگەیشتن بە مەسەلەکەی دریژ کردۆتەوە، لە حاڵێکدا هەڵوێستی سێ وڵاتی دیکەی ئەندامی ئەنجومەن، واتە فەڕانسە، ئینگلیس و ئەمریکا ڕژد و ڕوون بوە و ویستوویانە زووتر هەڵوێست لە سەر مەسەلەکە بگیرێ،

هەرچەند سەرەنجام هەڵوێستی دوو وڵاتی ناوبراو تا ڕادەیەکی زۆر بە لای هەڵوێستی ئەمریکا و دوو هاوهەڵوێستەکەی دیکەی دا شکاوەتەوە.

دژکردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر ئەو ڕاگەیەندراوەی ئەنجومەنی ئاسایش دا هەر بە شێوەی جاران بوو و جارێ ئەو ڕێژیمە نەک هەر لەو بارەوە هیچ نەرمبوونێکی پێوە دیار نیە، بەڵکوو بە تاقیکردنەوەی مووشەکێکی تازە بە ناوی "فجر3" و پێکهێنانی مانۆڕێکی دەریایی وای نیشان داوە کە لە سەر کەللە شەقی و هەڵوێستی پێشووی خۆی بەردەوام دەبێ و لە ئەگەری هەڕەشەی نیزامیش ناترسێ.

٣٠ ڕۆژ ماوەیەکی زۆر نیە. بڵێی دەو ماوەیە دا ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو بێتە پێش؟ دواتر چێ؟ ئەگەر ئەو سی ڕۆژە تەواو بوو و ئێران ڕاسپێرییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی پشتگوێ خست، ئەو دەم چ ڕوو دەدا؟
بە بڕوای من جارێ ئەوانە هیچیان ڕوون نین، بەڵام لانیکەم ئەوەندە ڕوونە کە ڕەوتی گەشەکردنی مەسەلەکە بە سوودی ئێران نیە و دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو سیاسەتەی گرتوویانەتە پێش، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر وڵات بەرەو تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەبەن و ئەوەش بێجگە لە زیان لە هەموو بوارەکانی ژیان دا، شتێکی دیکەی بۆ گەلانی ئێران تێدا نیە.

لە خوارەوە دەقی بە کوردی وەرگێڕراوی بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئاگادریی خوێنەرانی بەڕێز دادەنێم.
ئەو وەرگێڕانە کورددییەم لە ڕووی دەقی وەرگێردراوی فارسیی ئەو بەیاننامەیە کە لە بەشی فارسیی سایتی B:B:C دا، ڕۆژی ٣٠ - ٣ - ٢٠٠٦ چاپ بوە، کردوە.

دەقی بەیاننامەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران

بەیاننامەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر گرینگیی ڕاگرتنی تەواو و هەتا سەری هەڵسووڕانەکانی پێوەندیدار بە پێتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە پێدادەگرێ.

ئەنجومەنی ئاسایش جارێکی دیکەش لە سەر بەڵێنی خۆی سەبارەت بە پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە نێوکییەکان پێدادەگرێ و وەبیردێنێتەوە کە وڵاتانی ئەندام بە بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک مافی ئەوەیان هەیە کە بە پیی خاڵەکانی یەک و دووی ئەو پەیمانە، بە مەبەستی ئاشتیخوازانە لە بواری لێکۆڵینەوە، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی وزەی نێوکی دا هەنگاو هەڵێننەوە.

ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نیگەرانییەکی جیددییەوە لە هەنگاوهەڵێنانەوەی ئێران لە بواری دەستپێکردنەوەی هەڵسووڕانەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و ڕاگرتنی هاوکارییەکانی لە گەڵ ئاژانسی ئەتۆمی دا، ئاگادار بوە. ئەو ئەنجومەنە لە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممە (29ی مارس) دا لە سەر گرینگیی ڕاگرتنی تەواو و هەتا سەری هەڵسووڕانەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و لە وانە لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانی لە لایەن ئێرانەوە، پێدادەگرێتەوە.

بە پێی بەیاننامەیەک کە لە لایەن "سزار میورا" سەرۆکی ئارژانتینیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە لە مانگی مارس دا خوێندراوەتەوە، ئەو ئەنجومەنە باوەڕی پتەوی بەوە هەیە کە ڕاگرتنی هەڵسووڕانە ئەتۆمییەکان لە لایەن ئێرانەوە، پێبەندبوونی تەواوی ئەو وڵاتە بە مەرجەکانی شۆڕای دەسەڵاتداریەتیی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و قبووڵکردنی ئەو مەرجانە لە لایەن ئەو وڵاتەوە، یارمەتی بە چارەسەرکردنی دیپلۆماتییانەی ئەو قەیرانە لە ڕێگای وتووێژەوە دەکا و دەستەبەری ئەوە دەکا کە بەرنامەی نێوکیی ئێران تەنیا لە بواری ئامانجی ئاشتیخوازانە دا دەچێتە پێشەوە. ئەنجومەنی ئاسایش هەروەها لە سەر ئامادەبوونی کۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ هاوکاریی موسبەت لە گەڵ ئیران بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەسەرێکی ئەوتۆ پێدادەگرێ، کە (ئەو هاوکارییە) دەتوانێ بۆ پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە نێوکییەکان لە شوێنەکانی دیکەی جیهانیش بەسوود بێ.

ئەنجومەنی ئاسایش بە نیگەرانییەکی جیددییەوە لە ڕاپۆرتی حەوتی فێوریە(بەڵگەی GOV/2006/14) ی سکرتێری گشتی، کە دەو ڕاپۆرتە دا هێندێک مەبەست(سەبارەت بە مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران) هەن، کە دەتوانن لایەنی نیزامییان هەبێ و ئەوە کە ئاژانسی ئەتۆمی ناتوانێ بەو ئاکامە بگا کە "ئیزهارنامە"ی ئەتۆمیی ئێران تەواوە، ئاگادار بوە. ئەو ئەنجومەنە داوا لە ئێران دەکا کە بە مەبەستی دروستکردنی متمانە سەبارەت بە ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ئەتۆمییەکانی، ئەو هەنگاوە پێویستانەی لە لایەن شۆڕای دەسەڵاتداریەتیی ئاژانسی ئەتۆمییەوە دیاریکراون، هەڵێنێتەوە و مەسەلە گرینگەکان چارەسەر بکا.

ئەنجومەنی ئاسایش بە توندی پشتیوانی لە شۆڕای دەسەڵاتداریەتیی ئاژانسی ئەتۆمی دەکا و هەوڵدانی شێلگیرانە و بێلایەنانەی سکرتێری گشتی و دەبیرخانەی ئەو ئاژانسە لەو پێوەندییە دا بەرز هەڵدەسەنگێنێ.

ئەو ئەنجومەنە لە سەر پێویستیی درێژەدانی کاری ئاژانسی ئەتۆمی بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە بەرنامەی نێوکیی ئێرانەوە هەیە، پێدادەگرێ.

ئەنجومەنی ئاسایش داوای کردوە کە سکرتێری گشتیی ئاژانسی ئەتۆمی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژان دا ڕاپۆرتێک سەبارەت بە پێبەندبوونی ئێران بە هەنگاوە دیاریکراوەکان لە لایەن شۆڕای دەسەڵاتداریەتییەوە، بدا بەو ئاژانسە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦

لێرە ماوم

دۆستێکی خۆشەویستم مەیلێکی بۆناردووم و نووسیویەتی فلانی ئەوە چ خەبەرە؟ هەوارگەکەت پەپووی لێدەخوێنێ! کە بۆخۆشم سەرم دا، تەماشام کرد بەڵێ، خۆزیا پەپووی تەتەر و قاسیدی سولەیمان پێغەمبەری لێی‌خوێندبا، چونکە ئەودەم لانیکەم هەمیشە ئاوازێکی تازەی لێدەهات و جێگای خاوەنماڵێکی کەمتەرخەمی وەک من پڕ دەبۆوە.

بەڵێ، بە ڕاستی لەمێژە هەوارگەکەم تازە نەکراوەتەوە و دیاریی نوێی بۆ دۆستان کە تا ئێستا بەردەوام سەریان داوم، تێدا دانەنراوە.

بە ڕاستی پێمواندبوو کات ئەوەندە خێرا تێپەڕێ و مرۆڤ ئاوا بخافڵێ و لە دەوروبەری خۆی بێخەبەر بێ. ئەو بەینە ماوەیەک لە سەفەر دا بووم. زۆریش دوور نەڕۆیشتبووم و هەر لەو دەوروبەرانە بووم. پێشتریش ماوەیەک سەرقاڵ بووم و نەدەپەرژامە سەر نووسین، بەڵام با ددان بە شتێکیش دا بێنم، جاری واش هەبوە هیچ گیروگرفت و بەرگرێک دەگۆڕێ دا نەبوە، بابەتیش کە هەمیشە دەست دەکەوێ، بەڵام وازی نووسینم نەبوە. پێمواید زۆر کەس

وەک من لە دەست دەردی بێوازی دەنالێنن. هۆی ئەو دەردە، ژینگە یا دەوروبەرە، ماندوویی بیرە، بێزاریی لە گزە و دووڕوویی و درۆزنییە، کە بە داخەوە هەر هەن، یان شتی دی؟ (کە ئێستا وەبیرم نایەنەوە و ئەگەر وازتان هەیە بۆخۆتان لە جیاتیی من وەک هۆی بێوازی بەراوەردیان بکەن) نازانم.

ئەمشۆ تەماشای لیستی میوانانم کرد و دیتم هەرچەند ئەمن لە ماڵ نەبووم، ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆستان بەسەریان کردوومەوە و سەریان داوم. سوپاسیان دەکەم و هیوادارم بتوانم لەمەودوا مەودای تازەکردنەوەی ڕووەمای هەوارگەکەم کەمتر کەمەوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٠٦

حیزبوڵڵا لە نێوان ئێران و دەوڵەتی سینیۆرە دا

نووسینی: ئەحمەدی زەیدابادی، کارناسی مەسەلە سیاسییەکانی ئێران و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست

وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی: ئاشق

هەوڵە دیپلۆماتییەکان، وێچوونی کۆتاییهاتنی شەڕ و وەگەڕکەوتنی هەوڵە دیپلۆماتییەکانی دیکە لە لوبنان دا ڕەنگە ڕەوتێکی سانا نەبێ و ئەو ڕەوتە بە تایبەت بۆ حیزبوڵڵا لە لایەک و ئێران و سووریە(وەک دوو پشتیوانی حیزبوڵڵا لە لایەکی دیکەوە) دەردەسەرێکی زۆری لە گەڵ دەبێ.

ئێران خوازیاری ئاگربەسی خیرا لە شەڕی لوبنان دایە و لە گەڵ هەر پێشنیارێکی سیاسی کە بە چەککردنی حیزبوڵڵا کۆتایی بێ، دژایەتی دەکا. هەڵوێستی سووریەش هەر وەک ئی ئێرانە بەڵام وا دیارە سووریە وەک ئێران ڕاشکاوانە دەرنابڕێ.

بەڵام حیزبوڵڵا هەڵوێستێکی ڕوونی سەبارەت بە ئایندەی خۆی نەگرتوە. سەید حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری ئەو حیزبە لە قسەکانی ئەم دواییانەی خۆی دا تەنیا پێی لە سەر سووربوونی حیزبەکەی لە سەر شکاندنی ئیسرائیل داگرتوە و بۆچوونێکی ڕوونی سەبارەت بە ڕێگا چارەسەرە سیاسییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە وڵاتەکەی دەرنەبڕیوە.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە دەوڵەتی فوئاد سینیۆرە، سەرۆکوەزیری لوبنان، ڕایگەیاندوە کە ئەندامانی دەوڵەتەکەی، بە وەزیرەکانی سەر بە حیزبوڵڵاشەوە، لە گەڵ گەڵالەی سینیۆرە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ هاودەنگن.

هەرچەند گەڵالەی سینیۆرە ئاگربەسی خێرا و کشانەوەی ئەرتەشی ئیسرائیل لە خاکی لوبنان وەک یەکەم هەنگاو بۆ ڕێگاچارەسەرێکی سیاسی دەستنیشان دەکا، بەڵام بە ئاشکرا لە سەر بەرینکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لوبنان بە سەر هەموو خاکی لوبنان دا و دامەزرانی ئەرتەش لە ناوچەکانی باشووری لوبنانیش دا پێدادەگرێ.

چوونەدەری حیزبوڵڵا لە باشووری لوبنان؟

دامەزرانی ئەرتەشی لوبنان لە باشووری ئەو وڵاتە واتایەکی بێجگە لە کۆتایی هاتنی هەبوونی چەکدارانەی حیزبوڵڵا لە باشووری لوبنان و دەرهاتنی ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سەید حەسەن نەسروڵڵا نیە. لە ڕاستی دا سینیۆرە هیچ کاتێک بە بوونی چەکدارەکانی حیزبوڵڵا لە باشووری لوبنان ڕازی نەبوە و زۆرجاران وەک "بوونی دەوڵەت لە دەوڵەت دا" ڕەخنەی لێگرتوە.

دەوڵەتی سینیۆرە سەرەڕای دژایەتیی توندی لە گەڵ هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی لوبنان، هەوڵی داوە ئاکامی شەڕی ئێستا بە لای قازانجی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بە سەر هەموو خاکی لوبنان دا بشکێنێتەوە و ئاغای سێنیۆرەش گەڵاڵەی پێشنیارکراوی خۆی هەر لە سەر بناخەی ئەو سیاسەتە ڕێکخستوە.

داخوا هاودەنگیی وەزیرەکانی سەر بە حیزبوڵڵا لە گەڵ گەلاڵەی سینیۆرە، بە واتای ڕازیبوونی ئەو گوروپە بە دامەزرانی ئەرتەشی لوبنان لە ناوچە باشوورییەکانی ئەو وڵاتەیە؟

ئەو مەسەلەیە هێندە ڕوون نیە و وا دێتە بەر چاو کە حیزبوڵڵا بە مەبەستی پێشگرتن لە تێکچوونی پێوەندیی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی لوبنان لانیکەم مەیلی دژایەتیکردنی گەلاڵەی سینیۆرەی نیە.

. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە "مەنووچیهری موتتەکی" وەزیری دەرەوەی ئێران ناڕاستەوخۆ گەلاڵەی سینیۆرەی ڕەد کردۆتەوە و ئەو هەنگاوەش بە نۆرەی خۆی دژکردەوەی سەرۆکوەزیرانی لوبنانی بە دواوە بوە.

ئاکامەکانی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش

لە گەڵ هەمووی ئەوانە پەسندکرانی گەلاڵەی پێشنیارکراو لە لایەن فەڕانسە و ئەمریکاوە لە ئەنجومەنی ئاسایش دا، کارهاسانی بۆ دەوڵەتی سینیۆرە و پشتیوانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دەکا و حیزبوڵڵا و ئێران دەخاتە هەلومەرجێکی دژوارەوە.

وا دێتە بەرچاو ئەو بڕیارنامەیەی کە دەگوترێ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەردەچێ، زۆر وەک گەلاڵەی سینیۆرە بچێ، هەرچەند زۆر وێدەچێ ڕێزکردن و ڕێکخستنی هەنگاوەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو قەیرانە لە بڕیارنامەکە دا، لە گەڵ شێوەی پێشنیارکراوی سینیۆرە، بە تەواوی جیاواز بێ.

لە گەل ئەوەش زۆر وێدەچێ کە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بە شێوەیەک ڕێکبخرێ، کە دەوڵەتی سینیۆرە پێی ڕازی بێ و قبووڵی بکا، بەڵام داخوا حیزبوڵڵا و ئێرانیش بۆیان قبووڵ دەکرێ؟

وا دێتە بەرچاو کە دەوڵەتی ئێران هەر چەشنە بڕیارنامەیەک کە ئاماژە بە چەککردنی حیزبوڵڵا بکا، ڕەد دەکاتەوە و بۆ بەڕێوەبردنی هاوکاری ناکا. هەڵوێستێکی ئەوتۆ بۆ ئێران کە لە شوێنی قەیرانەکە دوورە، گرفتێکی ڕاستەوخۆ نایەنێتە پێش. هەرچەند دەبێتە هۆی تەریککەوتنەوەی سیاسیی زیاتری ئەو وڵاتە لە رادەی ناوچە و جیهان دا.

بەڵام حیزبوڵڵا وەک حیزبێک کە لە نێوەڕاستی قەیرانەکە دایە، هەروا سووک و هاسان ناتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵ بڕیارنامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بکا، ئەگەرچی قبووڵکردنیشی هەر بەو ڕادەیە ناڕەحەتی دەکا.

هەرچۆنێک بێ، هەر چەندەی نمای کۆتاییهاتنی شەڕ نێزیکتر بێتەوە، حیزبوڵڵاش زیاتر لە پێشوو خۆی بۆ هەڵبژاردن لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی سینیۆرە دا لە ژێر گوشار دا دەبینێ.

(ئەم وتارە لە بەشی فارسیی "سایتی بی.بی.سی "یەوە وەرگێڕدراوە.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

عەدالەت یانی چی؟

تووماس هاماربێری Tomas Hammarberg کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٥ دا، سکرتێری گشتیی ناوەندی نێونەتەوەیی "ئوولۆف پالمە" بوە، پێشتر سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون و نوینەری تایبەتیی ڕێکخراوی یوونێن لە" کامبووجیا"ش بوە.

تووماس هاماربێری یەکێک لە شارەزاترین کەسایەتییە سوێدییەکان لە بواری مافی مرۆڤ دایە.

ناوبراو کتێبێکی بە ناوی "Social rattvisa" واتە " عەدالەتی کۆمەلایەتی" نووسیوە، کە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن "ناوەندی نێونەتەوەیی ئوولۆف پالمە"وە بڵاو کراوەتەوە. کتێبەکە وەڵامی بیست پرسیار سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤی لە خۆی دا جێ کردۆتەوە.

لە بەر ئەوەی کتێبەکەم زۆر پێ باش بوو، بڕیارم دا بەرە بەرە بیکەمە کوردی و هەرجارەی وەڵامی پرسیارێک وەرگێڕم و لە هەوارگەکەم دا پێشکەشی میوانەکانمی بکەم. ئەگەر بەخت یار بوو و دوای تەواو کردنی وەرگێڕانەکە دەرفەتی چاپی تەواوی کتێبەکەشم بۆ ڕەخسا، ئەوە باشتر و لەو بوارەش دا هەوڵی پێویست دەدەم.

پرسیاری یەکەم:

عەدالّەت یانی چی؟

ئێمە ئەو کاتە جیاوازیی ڕەوا و ناڕەوا لێکدەکەینەوە کە کردەوەیەکی ناڕەوامان دەربارە کرابێ، بەڵام داخوا کۆمەڵێک کە بناخەی لە سەر سیستێمێکی عادڵانە دامەزرابێ، دەبێ چۆن بێتە بەرچاو؟

وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کە ئێوەرۆکێکی زۆر ئیدیۆلۆژییانەی هەیە، دژوارە. ئەو مەسەلەیە سەدان ساڵە لە وڵاتی ئێمە و لە وڵاتانی دیکەش بۆتە بەستێنی باسە سیاسییەکان، بە بێ ئەوەی وەڵامێکی ڕوونی بۆ دۆزرابێتەوە.

کاتێک منداڵ بووین، ئەو پرسیارەمان بۆ وێنە لە کاتی دابەشکردنی کێکی خامەدار دا بۆ دەهاتە پێش. لە بەر ئەوەی ئەوکات {پێش ئەوەی کێکەکە دابەش بکرێ} نەماندەزانی کێ کامە لەت لە کێکەکەی وەبەر دەکەوێ، دەمانگوت دەبێ لەتەکان تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ وەک یەک بن، لە گەڵ ئەوەش ئەوەی لە کۆتایی دا بچووکترین لەتی پێدەبڕا، بەشێکی باشی هەر وەبەر دەکەوت، چونکە جیاوازیی بەشەکان زۆر کەم بوو.

فەیلەسووفی ئەمریکایی "جۆن ڕۆڵس " میتۆدێکی لەو شێوەیەی لە تێئۆریی سەرنجڕاکێشی خۆی دا سەبارەت بە "عەدالّەت" بە کار هێناوە. ئەویش مۆدێلێکی ئەوتۆی سەبارەت بە وە کە چۆن دەبێ کارەکان، حەقدەستەکان و مووچەکان دابەش بکرێن، وەبەر چاو گرتوە. بەڵام ئەو کاتە لە مۆدیلی ئەو دا پێشبینی نەکراوە کێ دەبێ چیی بدرێتێ.

مەسەلەی کۆمەڵ زۆر لە کێکە خامەدارەکە پێچراوەتر و ئاڵۆزترە. ڕۆڵس دەڵێ هێندێک لە جیاوازییەکان بە ئاشکرا پێویستن. خەڵک مەودایان لە گەڵ یەکتر زۆرە. بارودۆخی تاکەکانی کۆمەڵ، توانا و چاوەڕوونییەکانیان جیاوازە و پێداویستییەکانیشیان وەک یەک نیە. بەڵام جیاوازییەکان نابێ لەوەندە زیاتر بن کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دا نەگونجێن. ئەو جیاوازییانە تەنیا دەبێ بە مەرجێک ڕێگا(بە بوون)یان پێبدری، کە بە سوودی ئەوانە بن، کە لە بارودۆخێکی خراپتر دان.

تێئۆریی "عەداڵەت"ی "ڕۆڵس" تێئۆرییەکی ڕادیکاڵە کە داوا دەکا هێمنایەتییەکی بنەڕەتی بۆ هەموو کەس هەبێ و جیاوازییەکان سنووردار بن. هێندێک جیاوازیی کەمیش کە لە کۆمەڵ دا دەمێننەوە، دەبێ لە خزمەتی سوودی هاوبەشی هەموو لایەک دا بن.
لە گەڵ ئەوەش دەبێ یەکسانی لە گەڵ ئابووریی بازاڕی کار و ڕەوت و چوارچێوەی هەڵسووڕانی ئەو بازاڕە دا موتوربە بکرێ. بۆ وێنە لە وانەیە بە قازانجی هەموو کۆمەڵ بێ، ئەگەر داهاتی پزیشکێک لە رادەی نێونجیی داهاتەکان زیاتر بێ.

ئەوە لایەنێکی تێئۆریی ڕۆڵس بوو، بەڵام ئەو بەو ئاکامەش گەیشت کە پێویستە پرینسیپێک لەو تێئۆرییە زیاد بکرێ. ئەو پرێنسیپە کە دەڵێ عەداڵەت ئەوەیە کە هەموو ئینسانەکان هەل و دەرەتانی وەک یەکیان بۆ بڕەخسێ کە هەر کارێکی پێیان خۆش بوو و هەر شوێن و پۆستێکی کۆمەڵیان ویست، داوای بکەن و لە ڕێگای خۆ پێگەیاندن و فێربوونەوە هەوڵی وەدەستهێنانی بدەن. دەبێ دەرگا بۆ ئەو کەسانە ئاواڵە بێ، کە بۆ وێنە دەیانەوێ ببنە پزیشک و زانستی پیویست بۆ ئەو کارە فێر بن. هەموو کەس دەبێ ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێ.

بۆ پێکهێنانی ئەو دەرەتانە ئازادی پێویستە. هەروەها لەو پێوەندییە دا پێویستە ئەو کۆسپانەی کە ڕێگا بەرتەسک دەکەنەوە، لاببرێن. دەبێ ئەو دەرفەتە هەبێ کە مرۆڤ شکایەت بکا و پێڕاگەیشتنیش بکرێ. بەو شێوەیە ڕۆڵس مافی مرۆڤ بۆ هەموان شی دەکاتەوە و بانگاوازی بۆ دەکا. هەر ئەو ماف و ئازادییانە کە بناخەی ئۆرگانە نێونەتەوەییەکانیان لە سەر دامەزراوە و ئازادییە کلاسیکەکان دەخۆ دا جێ دەکەنەوە، بەڵام هەروەها ئەو مافەش کە مرۆڤ دەبێ لە بەرامبەر دەستدرێژی و بێڕێزیپێکران دا پارێزراو بێ و مافی ژیان لە ئاستێکی شیاوی دا هەبێ، دەگرێتەوە.

گەیشتن بە کۆمەڵێک کە بە تەواوی لە سەر سیستێمێکی یەکسانی بەراوەردکراو لە گەڵ مافی مرۆڤ دامەزرابێ، دوورەدەستە، بەڵام ئەوە گرینگە کە ئێمە بەردەوام لەو ڕێگایە دا و بەرەو گەیشتن بە ئامانجێکی ئەوتۆ هەنگاو هەڵێنینەوە، دژی دیاردە ناڕەواکان بوەستین و خەباتی خۆمان درێژە بدەین.

مافەکانی مرۆڤ لەو خەبات و تێکۆشانە دا باشترین ڕێنوێن و ڕیشاندەری ئێمەن.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦

مافەکان چین؟

پرسیاری سێهەم لە کتێبەکەی "تووماس هامماربێری"

(بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر کتێبەکە و نووسەرەکەی بگەڕێوە پێشەکیی پرسیاری ژمارە ١)

چونکە مافەکان لە سەرەتاوە نەبوون و بەرهەمی پێکهاتنە سیاسییەکانن، کەوابوو ئەو مافانە شتێکن کە مرۆف لە سەر بوونیان بە ماف ساغ بۆتەوە.

بۆ یەکەم جار مافەکانی مرۆڤ بە نووسراوە لە ڕاگەیەندراوی سانی ١٩٤٨ی یوونێن دا هاتن. ئەو ڕاگەیەندراوە ڕۆژی دەی دێسامبری سانی ١٩٤٨، لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەرکرا. لە پاراگرافەکانی ئەو ڕاگەیەندراوە دا، لە سەر وەکیەکبوونی بایەخی ئینسانەکان، یەکسانبوونی مافەکانیان و ئەوە کە نابێ فەرق و جیاوازی بۆ هیچکەس دابنرێ، پێ دادەگیرێ. ڕاگەیەندراوەکە لە سەر ئازادییە کلاسیکەکانی وەک ئازادیی بێئەملاو ئەولای بیر و بۆچوون، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ئایین و هەروەها ئازادیی ڕێکخستن و کۆبوونەوەش دەوەستێ و پێیان لە سەر دادەگرێ. هەروەهابڕیار لە سەر ئەوەش دەدرێ کە مرۆف مافی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەشێک لە وڵاتی خۆی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانی خۆیەوە هەیە.

دیارە لەو ڕاگەیەندراوە دا چەند خاڵیش سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی ژیانی مرۆڤ وەک مافی ژیان و قەدەغە بوونی بێئەملاوئەولای ئەشکەنجە و ئازاردان، هاتوون و یەکسانبوونی هەموو ئینسانەکان لە بەرامبەر قانوون دا و دەستەبەرکردنی پارێزراوبوونی مافی تاک بە تۆندی پێیان لە سەر داگیراوە. لە بەشێکیش دا ئەو مافە گونجێندراوە کە ئەوانەی مەترسیی ڕاونانیان لە سەرە، دەتوانن هەوڵی دۆزینەوەی شوێنێکی هێمن و نیشتەجێ بوون لە وڵاتێکی ئازاد بدەن. هەرکەس دەبێ مافی ئەوەی هەبێ کە وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ و دوایەش بگەڕێتەوە ئەوێ.

پڕێنسیپە بناخەییەکانی بواری کارکردنیش وەک: مافی کارکردن، ئازادیی هەڵبژاردنی کار، بارودۆخی عادڵانە و

لەبار بۆ کارکردن و پاراستن لە بەرامبەر بێکاری دا، لەو ڕاگەیەندراوە دا هاتوون. مافی مووچە و حەقدەستی وەک یەک لە بەرامبەر کاری وەک یەک دا بە بێ جیاوازی دەبێ بۆ هەموان وەبەرچاو بگیرێ. دیارە مافی پێکهێنانی سەندیکا و ئەندامبوون لە سەندیکاکانیش دا لە ڕاگەیەندراوەکە دا نووسراون.

مافی خاوەندارییەتی شوێنێکی تایبەتیی لەو ڕاگەیەندراوە دا بۆ تەرخان کراوە. لەو بارەوە گوتراوە کە نابێ هیچکەس ماڵ و سامانی لێبستێندرێ. ئاستێکی ژیان کە لەشساغی و بەڕێچوونێکی باشیش دابین بکا، وەکا مافێک بڕیاری لە سەر دراوە. ڕاگەیەندراوەکە دەڵێ: ئاسایشی کۆمەڵایەتی مافی هەر ئەندامێکی کۆمەڵە و هەرلەو حاڵەش دا ئیشارە بەوە دەکا کە ئەو ئاسایشە لە وانەیە لە ڕێگای هاوکاریی کۆمەڵایەتی و بۆ وێنە یارمەتیپێکردنەوە، وەدی بێ.

مافی فێربوون و پەروەردەبوون بە تۆندی پێی لە سەر داگیراوە. خوێندن لە ڕادەی سەرەتایی دا دەبێ زۆرەملی و بە خۆڕایی بێ. دەرسەکان دەبێ بە تەواوی لە بواری گەشەکردنی کەسایەتی و بەهێزکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دا بن.

مافەکان لە ڕاگەیەندراوی ساڵی ١٩٤٨ دا بەو شێوەیە دارێژران، دواتر بۆ ئەوەی بە یاساوە گرێ بدرێن و لە هەرکام لە وڵاتەکان دا باری قانوونی پەیدا بکەن، لە هێندێک پەیماننامەی دیکە دا پەرەیان پێدرا و کاریان لە سەر کرا،

ئێستا لە یووئێن دا ئەو چەشنە کۆنوانسیۆن {پەیماننامە} انە هەن کە مافەکان ڕیزبەندی دەکەن و سیستێمیک بۆ چاوەدێریکردن، پاراستن و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونیان دەخەنە بەرچاو. وەک: پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریییەکان، پەیماننامەی مافە سیاسییەکانی هاونیشتمانان، پەیماننامەی لە نێوبردنی هەرچەشنە جیاوازیدانانێکی ڕەگەزی، پەیماننامەی لە نێوبردنی هەرچەشنە جیاوازیدانانێک بۆ ژنان، پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە و ئازار، پەیماننامەی مافی منداڵان و پەیماننامەی مافی کرێکارە ئاوارەکان.

کارکردن لە سەر پەیماننامەیەکی تایبەتی بۆ مافی کەمئەندامانیش دەستی پێکردوە. وێدەچێ ئەوە دواپین پەیماننامەی یووئێن لە بواری مافی مرۆڤ دا بێ. بۆچوونی ئاسایی لەو بوارە دا ئەوەیە کە کارکردن بۆ پێکهێنانی

پەیماننامەی زیاتر پێویست نیە.

هۆیەک بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە لە یەکیەتیی ئەفریقا، شۆڕای ئوروپا و ڕێکخراوە هاوکارەکانی ئەمریکا (OAS)ش دا هێندێک پەیماننامە بۆ مافی مرۆڤ هەن کە هەمان ئەسپاردەیان سەبارەت بە چاوەدێریکردن و دژکردەوە نیشاندان لە بەرامبەر دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئەو مافانە لە ئەستۆیە. تەنانەت لە نێو ئەنجومەنی عەرەبیش دا پەیماننامەیەک سەبارەت بە مافەکان هەیە، لە حاڵێک دا تا ئێستا هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی ئەوتۆ لە سەر بناخەی نێوخۆیی لە ئاسیا دا نەلواوە. ئەو پەیماننامە و کۆمیتە نێوخۆییانە بواری هێندێک تاقیکردنەوەی وردتر و ڕوونتریان ڕەخساندوە، بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ قۆناخەکانی کاری یووئێن دا دووبەرامبەر کارکردن پێویست بوە.

هەروەها ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار(ILO)ش سیستێمێکی تایبەتیی بە مەبەستی پەرەپێدانی باس و پرسیارەکانی سەبارەت بە ماف و یاساکانی کار و بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکیان، هەیە. (ILO) هێندێک پەیماننامەی بنەڕەتیی وەک بناخە بۆ مافی مرۆڤ لە بواری کارکردن دا پێناسە کردوە. پەیماننامەکان ئەو مافانە دەگرنەوە: مافی ڕێکخستنی سەندیکاکان، مافی باس و وتووێژکردن{لە سەر بارودۆخی کار و مووچە}، مافی هەڵوەشاندنەوەی قەرارادی دوولایەنە، قەدەغەبوونی جیاوازیدانان لە کار دا، مووچە و حەقدەستی وەک یەک لە بەرامبەر کاری وەک یەک دا، قەدەغەبوونی کاری زۆرەملی و کاری کۆیلانە و قەدەغەبوونی کاری زیانبەخش بۆ منداڵان. لە جێ دا هەموو ئەو ولاتانەی دەبنە ئەندامی(ILO)، ڕێزگرتن لەو پەیماننامە بنەڕەتییانەنەیان دەکەوێتە ئەستۆ.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

مافەکان سیاسین؟

مافەکان سیاسین، یان لە سەرترن؟

پرسیاری دووهەم لە کتێبی"عەداڵەتی کۆمەڵایەتی"ی "تووماس هاماربێری "

لە کۆمەڵێک دا کە لە سەر بناخەی عەداڵەت و یەکسانی دامەزرابێ، پێویستە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێ و ئەو مافانە پارێزگارییان لێبکرێ. ئەو ماف و ئازادییانە لە ڕیزە پەیماننامەیەکی نێونەتەوەیی، لە چوارچیوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ئۆرگانە ناوچەییەکانی وەک شووڕای ئوروپا دا پێناسە کراون.

ڕێژیمەکان لە ئۆرگان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا، باس و وتووێژیان لە سەر ئەو ماف و ئازادییانە کردوە. ئەو مافانە لە سەر هێندێک ڕێککەوتنی سیاسی بنیات نراون، بەڵام ئەوە جێگای مەترسی نیە کە ئەوانە وەک مافەسروشتییەکان چاو لێبکرێن، یان لە لایەن هێزە گەورەترەکانەوە پێکهاتبن. ئەو چەشنە تێئۆرییانە دەبنە هۆی ئەوە کە مافەکان بکەونە بازنەی خەیاڵەوە و ئەو خاڵانە لە دەست بدەن کە تا ئێستا لە ڕێگای سیاسییەوە وەدەست هاتوون، جا ئەو خاڵانە چ لایەنی بەهێزکردنیان هەبێ، چ لاوازکردن. سازانە سیاسییەکان ناڕوونییان دروست کردوە، بەڵام خاوەندارییەتی بە شێوەی بەرین، ئیمکانی ڕێزگرتن لەو ماف و ئازادییانەی بەهێز کردوە.

ئەوە ڕوونە کە ئیدەی "مافی مرۆڤ" لە سەردەمی ئێمە دا هێزێکی تاقانەی تەقێنەرەوەی هەبوە. ئەو هێزە بۆتە هۆی ئەوە کە کۆڵۆنییەکان هەڵوەشێنەوە، یەکیەتیی سۆڤیەت تێکبچێ، سیستێمی ڕەگەزپەرستی(ئاپارتاید) تێکبشکێ و گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاوی بە دیمۆکراتیزەکردن(دیمۆکراتیزەکردن) کارێکی وای کردوە کە زیاتر لە نیوەی وڵاتانی جیهان, ئەمڕۆ لە لایەن ڕێژیمە هەڵبژێردراوەکانەوە بەڕێوە بچن.

هەر لەو حاڵەش دا، وڵات دوای وڵات، مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لە ڕیزی سەرەوەی بەرنامەی سیاسیی ڕۆژانەی خۆیان دادەنێن. ئەوەش لە ڕاستی دا شتێکی سەیر نیە. ئەو مافانە هێندێک پرسیار دەخەنە ڕوو کە لە ناوەندی

مەسەلەکانی ڕۆژ دان و هاتنە گۆڕ و کێشە لە سەرکردنیان لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی سیاسەت دا دەگمەن نیە. با لە بیرمان بێ، کە مافەکانی مرۆڤ هەر لەو کاتە دا کە بە مانای ئازادی، ئاسایش و هێمنایەتیی هەر تاکێکی ئینسانەکانن، هێندێک چوارچێوە و سنووریش لە پێوەندی لە گەڵ بەڕێوەبردنی دەسەڵات دا دەگرنەوە.

کە وا بوو ئەو مافانە تا ڕادەیەکی زۆر سیاسین، بەو مانایە کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان ڕێڕەوکانن، باس لە سەرکردنیان شوێن لە سەر موناقەشە سیاسییەکان دادەنێ و بەرگری لە پێشێلکردنیان زۆرتر لە ڕێگای بڕیاری سیاسییەوە دەلوێ. دەکرێ بڵێین مرۆڤە سیاسییەکان لە ڕێگای فۆرمۆلە کردن و بڕیاردان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ، خۆیان بە چەشنە سیاسەتێک دەبەستنەوە، سیاسەتێک کە پشتی مافەکانی تاک دەگرێ و ڕێزیان بۆ دادەنێ.

بەڵام ئەوەی کە مانایەکی تایبەتی بەو هەوڵە سیاسییانە دەدا، ئەوەیە کە هەوڵەکان شێوازێکیان هەیە، کە پڕێنسیپیان تێدا ڕەچاو دەکرێ. مەبەست ئەوە نیە کە مافەکان بە پێی هەڵکشان و داکشانی سیاسی فۆرمۆلە بکرێنەوە، یان لە لە سەر بناخەی سات و سەودای پارتە سیاسییەکان دارێژرێن. ئەوان ڕیشەیان دە بایەخە ئەخلاقییەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و پاراستنی مافی تاک دا دەبێ و هەربۆیەش دەبێ لە بیری خەڵک و لە نێو کۆمەڵ دا، وەک دێمۆکراتی، لە سەرەوەی ئیدیۆلۆگی بێ.

هێندێک ڕێکخراوی وەک ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون زۆر جار سەبارەت بە "بە سیاسی کردن"ی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنە لە ڕێژیمەکان و لایەنی دیکە دەگرن و ئەوەش ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە، کە دەیانەوێ ئەو مافانە، یان ڕاستییەکان بە پێی مەیل و (سوود)ی خۆیان لێکدەنەوە. بەشێوەی ئاسایی ڕیژیمەکان گرفتی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان{ لەو بوارە دا} لە بن بەڕەی حەشار دەدەن و هەر لەو کاتەش دا پێشێلکرانی ئەو مافانە بە هۆی بە سیاسی کردنیانەوە لە لایەن کە سانی دیکەوە، گەورە دەکەنەوە.

پڕێنسیپە بناخەییەکانی مافی مرۆڤ دەبێ لە لایەن هەموو حیزبە دێمۆکراتەکانەوە پشتگیری بکرێن. ئەوە بە نۆرەی خۆی چەسپاندنی ئەو مافانە لە یاسا بنەڕەتییەکان و یاسا تایبەتییەکان دا هاسانتر دەکا. کاتیکیش مافەکان بوون بە یاسا، ڕێگای هێنانە کایە و جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی گشتی و بێلایەنانە لە کۆمەڵ دا تەخت دەبێ.

بەڵام لە پرۆسەی سیاسی دا ڕێزە هەنگاوێک دەمێننەوە کە دەبێ لە لایەن هێندێک ئیدارە و بنیادەوە هەڵێندرێنەوە و بەرپرسایەتییان وە ئەستۆ بگیرێ. بڕیار سەبارەت بە بوودجەی وڵات {ڕاست وەک ئابووریی کۆمۆنەکان} هێندێک هەڵسەنگاندن و بیر لێکردنەوە دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ بە مافەکانی مرۆڤەوە دەبەسرێنەوە. کۆمەڵە سیاسییەکان دەبێ هەروەها باس لە سەر ئەوەش بکەن کە چۆن دەکرێ ئامرازە حوقووقییەکان گەشەیان پێبدرێ، تا ئەو مافانە دەستەبەر بکەن. لە بیرمان بێ وەک چۆن گرینگە کە بناخە پرێنسیپییەکان دەبێ بە پتەوی بمێننەوە، هەر بەو شێوەیەش ئەوە گرینگە کە بەردەوام باس و وتووێژ لە سەر ئەوە بکرێ کە چۆن شێوە و مێتۆدەکان بۆ وەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانە، کاریان لە سەر بکرێ و مشتوماڵ بدرێن.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٧

کلکی کتکی

تەنز

عەببباس تۆفیق بە فارسی نووسیویەتی

ئاشق کردوویەتە کوردی

("عباس توفیق"، سەرنووسەری ڕۆژنامەی تەنزی بەناوبانگی "توفیق" ئەو کورتە چیرۆکە تەنزەی پێش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران نووسیوە. دواتر من وەرمگێڕاوە و لە ژمارە ٦ی گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز، دەورەی دووهەم، هاوینی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی دا چاپ کراوە. تۆفیق لەو چیرۆکە دا دیاردەی بەرتیلخواردن لە نێو دەزگای ئیداریی گەندەڵی ئەو سەردەم دا دەداتە بەر ڕەخنە. وەک دەزانین هێشتاش، لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، وەزعەکە بە گشتی و بە تایبەت لەو بارەوە، لەو کات باشتر نیە. بۆیە هێشتاش ئەو کورتە تەنزە لە گەڵ دەرد و کەماسییەکانی کۆمەڵی ئێمە نامۆ نیە.)

سەوەڕ تازە بێدەنگ ببوو. تەزوویەکی سارد هەست پێدەکرا و جاروبار تاکسییەک بە چەند موسافیری سەرخۆشەوە بە شەقام دا تێدەپەڕی.

"ئەسغەر جەڵلاد"، پاسەوانی پۆستی "مەیدانی شاپوور" بە کڵاوە سورمەیی و دەرەجە پانە بە سامەکەی سەرشانییەوە، لە حاڵێک دا لە داخی کێشکەکێشانی شەوی رابردوو و شەونخووننیی کێشانی تا بەیانی بە تووڕەییەوە لاقی دەعەرزی دەکوتا، قوفڵی دوکانەکانی بە تاقی دەکردەوە.

تازە ولّات رووناک ببوو. شەقام وردە وردە قەرەبالّخ دەبوو و ئەسغەر جەللادیش کە دەیزانی دەبێ تا لای نیوەڕۆ لە سەر پۆست بمێنێتەوە، نارەحەت و ناقایل بوو، بە تایبەت ئەوەی بۆ ناخۆش بوو کە کێشکی شەوانە هیچ "خێر و بەرەکەت"یکی تێدا نەبوو.

لە پڕ دەنگی ڕاچلەکێن و ترسێنەری تۆرمز(ستۆپ)گرتنێکی کتوپڕ بیسترا. ماشینێکی سێرەنگ، لە نێوەڕاستی جادەکە پیاوێکی هێلکەفرۆشی بە قەرتالّە هێلکەوە دوو میتر بۆولاتر فڕێ دا و... ئاغای بەڕێوەبەری گشتی کە مەست و خەوالّوو لە گەل خانمە سێکرێتێرە جوان و دڵڕفێنەکەی لە گەڕان و ڕابواردنی شەو دەگەڕایەوە، بە چاوی سوورهەڵگەڕاوەوە لە ماشێن دەڕپەڕی.

ـ ... وەی وەی ئەی هاوار پشتم شکا!

ـ سەگباب... بۆچما کوێری؟!

ـ ئەی هاوار... خۆ... خۆ...

ـ خۆ و ژەهری مار، خۆ چی؟

ـ خۆ من تاوانم نیە... ئێوە منتان نەدی!

ـ پیاوی گەوج ئەتۆ ئەو ماشێنە زلەی منت نەدیتوە، چاوت لەوەیە کە من، تۆ، واتە بستە بنیادەمێک، ببینم؟ دەنگ هەڵدینێ:

ـ ئەرێ پاسەوانی پۆستی ئێرە کێیە؟ با بێ بزانم!

ئەسغەر جەللاد چاوی بە ژمارەی ماشێنە سێرەنگەکە دەکەوێ و بە ڕاکردن دەچیتە پێش.

ـ بەڵێ جەنابی بەڕێوەبەر، نۆکەری خۆت ئەسغەر دە خزمەتت دایە!

ـ بەو گەوجەی بڵێ گۆڕی گوم کا، بەیانییەک نەبوو ئەو حەمبالّانە تووڕەم نەکەن.

ـ بە سەرچاو قوربان!

ئەو جار ڕوو دەکاتە کابرا:

ـ هەستە سەگباب، جا چاو، وەڵا پێوایە کارێکی باشیشی کردوە، لە قەستی خۆی دەمرێنێ. هەستە یاڵا زووکە... (ڕادەکاتە قەرتاڵە هێلکەکە، کە هێشتاش هێندێکی تێدا ماون و شەقێکی لێدەدا)

ـ بۆ وا دەکەی؟ بۆ جنێوان دەدەی؟ لە کوێی قانوون دا نووسراوە وەبەر ماشینم دەن و دوایەش جنێوم پێبدەن؟

ـ بەڵێ؟! قانوون؟! غەڵەتی چۆن دەکا؟... لەعنەت لە بابی ئەو کەسەی ئێوەی ئاوا بێحەیا کردوە. هەستە گۆڕت گوم کە!...(لەقەیەک دە کەلەکەی کابرای دەکوتێ و هەڵێدەستێنێ). چاو.. سەگباب سەرتاپێی لەشی پەنابادێک(١) ناهێنێ، کە چی دەیەوێ خۆی وەبەر ماشێنی پەنجاهەزار تمەنیی(٢) ئاغای بەڕێوەبەری گشتییش بدا! کێ ئێوەی ئاوا "لەخۆبایی" کردوە؟ هەر جارێ ئەوەندەم پێبڵێ بە چ حەقێک چوویە نێوەراستی شەقامێک کە ماشێنی سێڕەنگی پێدا تێپەڕ دەبێ، ها؟!

ئەو جار ڕوو دەکاتە ئاغای بەڕێوەبەری گشتی و بە نیشانەی ڕێزگرتن دەست هەڵدێنی و دەڵێ:

"ـ قوربان ئێوە فەرموون! نۆکەری خۆتان بە خزمەتی دەگا.

ـ خوا حافیز!

ـ سەرچاوم قوربان!

ماشێنی سێڕەنگ گاز دەخوا، ویڕەیەکی تووندی لێدێ و بە خێرایی لە وی دوور دەکەوێتەوە.

کات بەرەبەری نیوەڕۆیەیە. "ڕەزا"ی کرێکار شەکەت و ماندوو، بە سواری دووچەرخە سێتفەنگەکەی(٣) لە سەر کار دەگەڕێتەوە. لە حاڵێک دا نوقمی بیروخەیاڵە، وردە وردە بەرەوماڵ پێدادڵ لێدەدا. لە پڕ هەست دەکا شتێکی باریک دەکەوێتە ژێر تایەی پشتەوەی دووچەرخەکە و هاوکات قیژەی پشیلەیەک لە پشتەوەی بەرز دەبێتەوە. ڕەزا رادەچڵەکێ و ئاوڕ دەداتەوە. دەبینێ پشیلەیەکی بەڵەکی قەڵەوە کلکی وەبەر دووچەرخەکە کەوتوە.

... ئەسغەر جەللاد کە لە شەوێوە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ئەوتۆیە بۆ ئەوەی بیانوو بە کەسیک بگرێ، دەسبەجێ هەڵدەکوتێتە سەر ڕەزا و لێی دەبێتە بەڵای لابەلا.

ـ ڕاوەستە بزانم!

ڕەزا خۆ گێل دەکا و بە هیوای ئەوەی خۆی ڕزگار کا، وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ، خێراتر پێ لە پێدادڵ

دەبزێوێ.

ـ هۆ بێشەرەف... دەستووری پاسەوانی پۆست بە هێند ناگرێ! رانەوەستی پەلت دەپەڕێنم!... یاڵڵا ڕاوەستە!

ڕەزا ناوێرێ زیاتر بڕوا. ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە، بەڵام لە حاڵێک دا هەوڵ دەدا ئەوەندەی لە دەستی دێ، خۆی کۆ کاتەوە و لە سەرەخۆ قسە بکا، لە دووچەرخەکە دادەبەزێ.

ئەسغەر جەللاد چاوی لێ زەق دەکا:

ـ پشیلەش وەبەر دەدەی و هەڵیشدێی؟

ـ سەرکار چم کردوە،...خۆ... خۆ ئینسانم نەکوشتوە.

ـ سەگباب بۆ چما پشیلە کەسایەتییەکی کەمە؟! پێتوایە لە ئەفریقایە دەژی کە هەرچی پێتخۆش بوو بە سەر گیانلەبەرانی دا بێنی؟! مەگەر نازانی ئێمە لەم وڵاتە دا" ئەنجومەنی پاراستنی گیانلەبەران"مان هەیە؟ ئەدی ڕادیۆ بۆ کێ، ڕۆژ هەتا ئێوارێ دەڵێ:

"میازار موری که دانه‌کش است

که جان دارد و جان شیرین خوش است"

(مێرووی دانەکێش ئازار مەدە، چونکە ئەویش گیانی هەیە و گیانیش خۆشەویستە)

ـ وەڵڵاهی سەرکار من بێتاوانم. تاوانی پشیلەکە بوو کە کوتوپڕ لە جۆگەکەوە خۆی فڕێدایە نێوەڕاستی جادەکە.

ـ حەرامزادە... پشیلەی بەستەزمان چووزانێ کە گێژێکی وەک تۆ دووچەرخەی لێدەخوڕێ؟ ئێستا ئەمن وەڵامی دەوڵەتێ چۆن بدەمەوە، کە لە پۆستی من دا پشیلەیەکی بەستەزمان وەبەر دووچەرخەی کەوتوە؟ یاڵڵا وەپێشم کەوە، دەبێ بتدەمە دەست قانوون.

ـ سەرکار گیان، ناکرێ ئەمجار، ... تەنیا هەر ئەمجار بۆ ئەم تاوانە بچکۆلەیە قانوون وەبەرچاو نەگری؟

ـ وەڕێکەوە سەگباب، شتی وا چۆن دەبێ؟ قانوون چۆن پشتگوێ دەخرێ؟ ... دەبێ هەر ئێستا بتبەم تا لە دادگە

لێت بپرسنەوە و ئەو کاتەی چوارسااڵ زیندانیان بۆ بڕیەوە، تێدەگەی کە نەک هەر پشیلە، بەڵکوو ئەگەر میشوولەیەکیش وەبەردەی، سزای هەیە.

ـ ئێستا....

ئەسغەر جەللاد چاوی بریسکانەوە و هێندێک نەرم بوو.

ـ ئێستا چی؟!

ـ ئێستا ناکرێ بە شێوەیەک لوتفمان لە گەڵ بکەی و نەمانبەی بۆ دادگە؟ پیاوی چاک بە، من زۆر لە دادگە دەترسم.

ـ کە وابوو من خۆم دەبێ قانوونت لە سەر بەڕیوەبەرم.

ـ باشە سەرکار گیان، قسەیەکم نیە.

ـ دەی قەیدێ ناکا، لە بەر دڵی تۆ ڕێگات دەدەم هەر لێرە جەریمەکەی بەی و ئیدی نە چیەە دادگە. جەریمەکەی دەبێتە چل تمەنی نەغد. یاڵاڵا زوو بە بیدە و لە پێش چاوم ون بە!

ـ چل تمەن؟! ئاخر سەرکار من تەنیا کلکی کتکێکم وەبەر داوە. ...

ـ چاکە بیست تمەن!

ـ کوڕە بە قوربانت بم تۆزێک بەزەییت پێم دا بێ. نیمە.

ـ زۆری لە سەر دەڕۆی، دە تمەن.

ـ وەڵاهی نیمە. باوەڕم پێبکە دە تمەن حەقدەستی دوو ڕۆژی منە... ئاخر دەبێ خوشکم و دایکیشم بەخێو بکەم.

ـ باشە پێنج تمەن دەرێنە. ئیدی لەوە کەمتر نابێ.

ـ بیلا پێنج تمەنیشم نیە.

ـ ئەدی سەگباب شاییەکت دە گیرفانی دا نیە و لە گەڵ قانوونیش بە شەڕ دێی؟ یاڵاڵا وەپێشم کەوە قاتڵ!...

۱- پەنابا بەرامبەری دە شایی، یان نیوەی قرانێک بوو و ئەو کات هەبوو.

۲- پەنجا هەزار تمەنی ئەو کاتە لە بیست میلیۆن تمەنی ئێستا زۆرتر بوو.

۳- "سێ تفەنگ" مارکی نەوعە دووچەرخەیەکی باش و قایم بوو.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ۲۰ی فێبریوێری ۲۰۰۷

نەورۆزتان پیرۆزبێ

دیاری بە بۆنەی جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە.

بەشێک لە شریتی بەرنامەیەکی بەهاریی "ئەدەب و هونەر" ی دەنگی کوردستانی ئێران.

بەهاری کوردستان، (دەنگ و ڕەنگ) دەتوانی وێڕای بیستن و دیتن، شێعر و پەخشانەکەش، ئەگەر پێت خۆشبوو، لە خوارەوە بخوێنیەوە.

کات: نەورۆزی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی.

شوێن: چیا (ستۆدیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)

نووسەر و ئامادەکار: ئاشق

وێژەرەکان: خەجیج سواره و ئاشق

تۆمارکار: حوسێن چەمەک

بەشی زۆری وێنەکان: وەفا ئیسماعیلی

مونتاژ و ڕێکخستنی وێنەکان: فاروق ئیسماعیلی

ئەم پەخشان و شێعرەم نەورۆزی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە بەرنامەیەکی ئەدەب و هونەری دەنگی کوردستانی ئێران دا خوێندەوە. پەخشانەکەم هەر ئەوکات نووسی، بەڵام شێعرەکەم ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی داناوە.

بەهارە. ئاسەوار و نیشانەکانی وەرزی نوێ سەر بە کەلێن و قوژبنی هۆدە بچکۆڵانەکەم دا دەکەن. تیشکی خۆر بە ئەسپایی لە پەردەی ڕوونی شووشەی پەنجەرەکان تێدەپەڕێ و گەرمایەکی شادیدەر دەخاتە خوێنی دەمارەکانی لەشم. گەرمایەک، کە تینی ئاگری دەسکردی نێو ماڵم لە پێش چاو دەخا و وەبیرم دێنێتەوە کە کاتی هەڵکورمان و دوشدامان لە گۆشەی دیوی تەمگرتوو و لە پاڵ کووڕەی نێڵدراو بە سەرچووە. بە ناخی دڵمەوە هەست دەکەم و حەز دەکەم دەرگا و پەنجەران بکەمەوە و لەمپەران هەڵگرم، تا شەپۆلی تیشکی هەتاو بە سانایی بڕژێتە ژوورەکەم و ئاسەوار و بۆنی خەمی زستان پاک کاتەوە.

سەیر کە! جریوەی چۆلەکە و مەلی جۆراوجۆر چ ئاهەنگێکێ جێژنیان لەسەر دار و بنچک و قەراخ ڕووبار و گوێسوانەی ماڵەکان وەڕێخستوە. هەر دەڵێی شای بەهار دوای سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای زستان دا دەستووری ڕازاندنەوەی زەوی و پێکهاتنی کۆنسێرتی خۆشخونانی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوە.

ئەوەی دەیبینم خەون و خەیاڵ نیە. پێلوو و مژۆڵەکانم هێدی هێدی وەک پەردەیەکی دووبەر ئاواڵە دەبن و لەشی شەکەت و خەماوی و خەوالّووی چاوەکانم بەجێدێڵن. لەرانەوەی ئاهەنگی کۆنسێرتی دەنگخۆشانی بەهار لەسەر پەردەی گوێم و تینی هەتاو کە وەک دەستی دڵداری بێئۆقرەی خەیاڵ لەشم دەلاوێننەوە، وشیارم دەکەنەوە:" هەستە! چ کاتی دانیشتن و بیرکردنەوە و دوورکەوتنەوەیە. بڕوانە وەستای سروشت چۆن دیمەنی بووکی دنیای ڕازاندۆتەوە. حەف نیە ئەو هەموو جوانیەی لە ئاوێنەی هەست دا ڕەنگ نەداتەوە و نەبێتە ئیلهام و سووژەی ستایشێکی بەجێ و ڕاستگۆیانە؟!"

هەڵدەستم دێمە دەر. پڕ بەسینگم هەوای بێگەردی بەهاری هەڵدەمژم و و پڕ بە چاوان لە دیمەنی سەوز و جوانی زەوی دەڕوانم. لە پڕ پرسیارێک بە میشکم دادێ. بڵێی هیچ بەهارێک لە بەهاری کوردەواری جوانتر و ڕازاوەتر بێ؟....بڵێمچی ڕەنگە هەشبێ. بەڵام جوانی لەیل تەنیا بە ڕوانین لە پەنجەرەی چاوی مەجنوونەوە دەردەکەوێ. ئەوەندە دەزانم بەهاری هیچ شوێنێک کوێستان و هەوارگە و هەوارچی و بێری و بانەمەڕ و هۆبە و هەوارچی و ڕەشماڵ و ڕان و کانیاوی بە جوانیی کوردستان نیە.

ڕەنگە ئەم پارچە شێعرە تەنیا وەسفی دڵگریی گۆشەیەکی بەهاری کوردستان بێ، بەڵام هەڵگری هەستێکی بەسۆز پاک و جوانی‌پەرستانەیە.

نەورۆزە هەوای خۆشی بەهار دڵ دەڕفێنێ
داوێنی چیا سەوز و گەشە هەست دەبزوێنێ
گوڵشەن لە گوڵا سوورە وەکوو بووک دەنوێنێ
بولبول بە ئەوینی گوڵەوە بەستە دەخوێنێ

ئاهەنگی بە هەستی لە دڵان خەم دەڕەوێنێ

شاسواری شەماڵ کردی بە مەیدان سەری شاخان
کۆبەفری سەران تواوە لە شەرمان و لە داخان

پیرێژنی زستان دڵی تاپۆ بوو لە ئاخان
دیتی کە گەڵای سەوز و شکۆفەی گوڵە باخان
بێ ماڵ و پەنا ماوە بە کۆڵ ئەشک ئەڕژێنێ

ڕۆژ چادری هەوری لە سەری کردەوە دەرهات
گرشا و تەمەنی دێوی ڕەشی ساردی بەسەر هات
گیا شین بوو، لە باخا لکی دارمیوە وەبەرهات
بۆنی گوڵ و ڕیحانە لە گەڵ بادی سەحەر هات
بەزم و تەرەب و عەیشە لە هەر کونج و کەلێنێ

قومری بە نەوا موژدە دەدا:" وەرزی بەهارە"
وادەی گەپ و سەیرانە نەما کاتی پەژارە
ڕۆژی فەرەح و کەیفە، دەمی ڕاو و شکارە
بۆ گەشت و هەڕان دەشت و چەمەن ساز و تەیارە
جوانی کەژ و کێو بۆ دڵی پڕ شادی دەهێنێ

دڵپەروەرە سەیری دەوەن و دیمەنی سارا
نەوبووکی گوڵی سوور لەسەری کردوە تارا
ئەو چۆم و دەراوەی کە وەنەوشەی لە کەنارا
دەستێنێ لە عالەم دڵ و هۆش، سەبر و مودارا
هێند جوانە تەنانەت دڵی مردووش دەبزوێنێ

"ئاشق" لە دڵی خۆتی وەدەرخە کەسەر و خەم
بڕوانە لە سەیران و گەڕانن هەموو عالەم
تۆش ڕابە سەیاحەت لە دڵی خۆت بکە مەرهەم
وا چاکە بە شادی بدەیە سەر تەمەنی کەم
خەمبار مەبە خەمناکی دڵ و لەش دەڕژێنێ

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠٠٧

مافەکان چ شوێنەوارێکیان لە سەر ئاشتی هەیە؟

* پرسیاری ژمارە ٤ لە کتێبی "عەداڵەتی کۆمەڵایەتی"ی "تووماس هامماربێری"

(بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر کتێبەکە و نووسەرەکەی بگەڕێوە پێشەکیی پرسیاری ژمارە: ١)

ئاشتیی ڕاستەقینە لە سەر بناخەی مافە ڕەواکانی مرۆڤ دادەمەزرێ. خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی ئینسانەکان لە تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئاشتی جیا نیە. ئەوە ڕاستە کە دیکتاتۆرێک دەتوانێ بە کەلکوەرگرتن لە شێوەکانی زەبروزەنگ، بۆ ماوەیەک وڵات لە" ئارامی" و" سەقامگرتوو" یی دا ڕاگرێ، بەڵام ئەو ئارامییە قەڵب و ڕواڵەتییە و زوو یان درەنگ ڕاپەڕین{ بە دژی ئەو سیستیمە دیکتاتۆرییە} هەر ڕوو دەدا.

ئەو بە یەکەوە گرێدرانە لە پێشەکیی ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤیش دا، لەو جێگایە دا کە ئیشارە بە گرینگیی پاراستنی ئەو مافانە دەکرێ، پێی لە سەر داگیراوە:" بۆ ئەوەی مرۆڤ ناچار نەبێ وەک دواپین ڕێگا، لە بەرامبەر ستەم و زەبروزەنگ دا، پەنا بۆ ڕاپەڕین بەرێ".

تێکۆشان لە پیناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دا دەبێتە هۆی ئەوە کە بناخەیەکی ڕاست و دروست بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کێشەکان و چارەسەرکردنیان دابندرێ. ئاشکرایە کە پێوەندیی نێوان پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و کێشەکان، شتێکی میکانیکی(لەخۆوە) نیە و زیاتر مەسەلەی دەگۆڕێ دا بوونی هێندێک هۆکارە، تا زنجیرە کارتێکەرێکی لەخۆوە. باس و گفتوگۆ سەبارەت بە هۆیەکانی تێرۆریزم ئەو تێگەیشتنەی داوەتە دەست کە بوونی ئەو دیاردەیە لە بەر بێعەداڵەتی یان ناحەقی نیە، بەڵکوو مەسەلەکە مەسەلەی باوەڕی توند و وشکی مەزهەبی، یان سیاسییە. هۆیەکی دیکە کە لەو پێوەندییە دا دێتە بەرچاو، ئەوەیە کە گوروپە تووندڕەوەکان لە بەشێکی کۆمەڵگە دا کە ناڕازیبوونێکی قوواڵی تێدایە، جێگا پەیدا دەکەن. ئەوانەی دەیانەوێ گرژی و تووندوتیژی بخولقێنن، لەو چەشنە جەو و ژینگانە دا، هاسانتر دەتوانن کەسانی داخواز بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان دەنگ بدەن و خەڵکیش لێیان وەدەنگ نەیە.

لەو عەمەلیاتانە دا کە یووئێن بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی بەڕێوەیان دەبا، هەوڵێکی زۆر دەدرێ چوارچێوەیەک لە کۆمەڵگەکان دا پێکبێ، کە مافەکانی مرۆڤی تێدا بێنە ڕوو. ئامانج ئەوەیە کە بناخەی ڕێوشوێنێکی نوێ بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ گرژی و بنبڕکردنی تونـدوتیژی دابمەزرێ. هەربۆیەش یاسا، عەدالەت و کارلێهاتوویی دەزگای پۆلیس دەبێ وەک بەشە هەرە گرینگەکان بۆ پێکهێنانی ڕێفۆررم و چاککردن چاویان لێبکرێ. گرفتێکی تایبەتی لەو پێوەندییە دا لەوانەیە ئەوە بێ، کە مرۆڤ چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەو دەستدرێژییانە بکا کە زووتر کراون و بۆ وێنە بوونە هۆی سازبوونی شەڕ، یان لە ماوەی شەڕ دا ڕوویان داوە. پێکهێنانی دادگە لەو چەشنە بارودۆخانە و لە کورتخایەن دا، دەتوانێ وتوویژ بۆ ئاشتی وەزەحمەت بخا و ئەوە دەبێتە کۆسپێکی سەر ڕێگای یووئێن، کە دەیەوێ سەرەڕای ئەوە، عەدالەت درەنگ یان زوو جێگیر بێ.

پێوەندیی نێوان ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ دوولایەنەیە. لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێن و پرێنسیپەکانی ئاشتی دەبنە هۆی ئەوە کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ هاسانتر جێبکەوێ. هەر وەکوو (Dag Hammarskjöld) جارێک ئیشارەی بە دوولایەنە بوونی ئەو پێوەندییە کرد و گوتی:

" بەبێ دانهێنان بە مافەکانی مرۆڤ دا، هەرگیز بە ئاشتی ناگەین و هەر لە چوارچێوەی ئاشتیش دایە کە دەکرێ مافەکانی مرۆڤ بە تەواوی گەشە بکەن". (لە قسەکانی Dag Hammarskjöld لە وتارێک دا، ڕۆژی ١٠ی ئاپریلی ١٩٥٧)

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠٠٧

مافەکان چ شوینەوارێکیان لە سەر دێمۆکراتی هەیە؟

* پرسیاری ژمارە ٥ لە کتێبی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"ی "تووماس هامماربێری"

ئەو دوو مەسەلانە، واتە مافی مرۆڤ و دێمۆکڕاتی یەکتر دەگرنەوە(پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە)، بەڵام

پێناسەی جیاوازیان هەیە. دێمۆکراتی بە مانای ڕێکخستنی ئۆرگانەکان لە سەر بناخەی بەڕێوەبەرایەتیی خەڵک (دەسەڵاتی خەڵک)ـە، لە حاڵێک دا مافەکانی مرۆڤ پارێزگاری لە ئازادی، شوێندانانی هاوبەش و ئاسایشی سەرەکیی تاکەکانی مرۆڤ دەکەن.

ئاشکرایە کاتێک مافەکانی وەک ئازادیی دەربڕین(بەیان) و ئازادیی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە دەستەبەر بکرێن، دێمۆکراتی باشتر بەڕێوە دەچێ. هەروەها ئەوەش کە" مرۆف مافی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بەشێک لە وڵاتی خۆی، لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانی خۆیەوە هەیە"، مافێکە کە لە ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە.

شتێکی دەگمەن نیە کە ئەو وڵاتانەی ئێمە وەک وڵاتی دێمۆکراتی دەیانناسین، مافی مرۆڤ پێشێل بکەن، بەڵام ئەگەر پڕۆسەی دێمۆکراتی دەگۆڕێ دا بێ، دەبێ ئەو هەڵەیە لە ڕێگای گفتوگۆی ئازادەوە ڕاست بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە وا هەیە جاروبار وڵاتی بە سیستیمی بەڕێوەبەرایەتیی نادێمۆکراتیشەوە مەرجەکانی هێندێک لەو مافانە پڕ دەکەن. مافی خزمەتەکانی لەشساغی و خوێندن دەتوانن وێنەی ئەو مافانە بن، کە هێندێک وڵاتی کۆمۆنیستی بە شێوەیەک لە پێشکەشکردنیان دا سەرکەوتوو بوون، هەرچەند کەموکوڕییەکانی ئەو خزمەتانە بە دەگمەن هاتنە ڕوو.

ئەو چەشنە ڕەنگگۆڕینانە ئاڵوگۆڕ دەو مەبەستە سەرەکییە دا پێکناهێنن کە: کاتێک مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بن، ئەوە بارودۆخ بۆ دێمۆکراتییەکی ڕەسەن لەبارە. بە بارێکی دیکەش دا دەسەڵاتێکی ڕەسەنی خەڵکی مافەکانی تاک لە کۆمەڵگە دا سەقامگرتوو دەکا.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠٠٧

سپێدەی هومێد لە بوومەلێڵی خەم و بێدەرەتانی دا

بە بۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیەوە

بەرەبەیانیی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، ئەو کاتەی سپێدە وردە وردە پاشەکشەی بە تاریکی دەکرد و ڕووناکی بەرەبەرە لووتکەی چیای "زاواوبووک" و "قوڵقوڵاغ"ی دە ئامێز دەگرت، پارێزەرانی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی داری بێدادیان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، پێتەختی کۆمارە ناکامەکەی کوردستان چەقاند و پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان، حەمەحوسێنی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی ئەو کۆمارە و سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێرانیان لە سێدارە دا.

پێشەوای گەورەی کوردستان کە بەڵێنی دابوو خۆی لە ڕێگای ئامانجی نەتەوەکەی و پارێزگاری کردن لە گیان و ماڵومندالی هاونیشتمانانی بکاتە قوربانی، لە ژێر داری ئیعدام دا، دوو مەبەستی لە چەند وشە دا بەیان کرد، کە مانایەکی بەرینیان لە خۆیان دا حەشار دابوو.

ڕەنگە ئەو کات و لەو هەلومەرجە دژوار و ساماناکە دا کە کۆمار ڕووخابوو، بزووتنەوەی کورد کارەساتێکی ئاوا جەرگبڕی بە سەر هاتبوو و دوژمن خۆی لە لووتکەی سەرکەوتن دا دەدی، مانا و نێوەرۆکی ئەو وتانە بۆ یار و نەیار زۆر دیار و بەرچاو نەبوون، بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەوراز و نشێوەکانی قۆناخەکانی خەبات و سەرەنجام هەستانەوەی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، نێوەرۆکی ئەو وتانەی پێشەوا قازیان باشتر ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە ئەو مرۆڤە مەزنەی مێژووی کوردستان، لەو کاتە دا کە دێوەزمەی مەرگی لە بەرامبەر خۆی دا دیوە، مەبەستی لە دەربڕینی ئەو وتانە درۆشمدان نەبووە و پێشبینییەکی کردوە، کە دواتر بە تەواوی ڕاستبوونی دەرکەوتووە.

پێشەوا فەرمووی: "ئێوە بە لە سێدارەدانی من تەنیا قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوەتان لە بیر نیە کە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد قازی محەممەدێکە و ڕێگای ئەو خەباتە دردێژە دەدا"

لە ڕاستیش دا هەر وا بوو. ئێستا شەست ساڵ دوای شەهیدبوونی پێشەوا، دەبینین بیری قازی و ئامانجی قازی لە مێشک، هەڵسوکەوت، بزووتنەوە و خەباتی بە میلیۆنان ڕۆڵەی گەلی کورد دا زیندوو ماوەتەوە و ئەو ئاڵایەش کە بە دەستی ئەو و هاوبیرانی هەڵکرا، هێشتاش لە دەستی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد دا دەشەکێتەوە.

پاشان کاتێک ویستیان چاوی ببەستن، ئەوجار قوڵفی تەنافی سێدارەی بخەنە ئەستۆی، فەرمووی:

" ئەی خاینان، من لە حاست نەتەوە و نیشتمانم دا شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لە دواییین ساتەکانی ژیانم دا لە سپێدەی بەرەبەیانی ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم و ببینم چۆن درِ بە تاریکی دەدا. بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاریی کوردستان!"

ئەو وتەبەرزە شاعیرانەیە ئەوەندە بەهێز بوو، کە سامی تەناف و داری بەزاند. ڕووحی پێشەوا لە گەڵ جیهانی هەرمان تێکەڵ بوو. هەر لەو کاتە دا شنەیەکی نەرمی بەهاری لە " کلکەی خەزایی" و "مەحموودکان"ـەوە هەڵیکردێ و دوای ئەوەی خۆی بە بۆن و بەرامەی وەنەوشەکانی دەم جۆگەکانی "باغی گوڵان" بۆنخۆش کرد، لە مەیدانی "چوارچرا" سەروڕووی سێ سەرداری سەربەرزی سەرداری لاواندەوە، پاشان بە پانایی مەهاباد و کوردستان بڵاو بۆوە، خۆی بە هەموو ماڵە کوردێک دا کرد و تۆوی هومێد بە هەستانەوە و هیوا بە ڕزگاریی کوردستانی لە دڵی کوڕان و کچانی کورد دا چاند.

لە ڕۆژی دوای ئەو کارەساتەوە، بەیانان، خۆر، کاتێک لە سەری "داشامەجید"ەوە دەردەکەوێ، پاش ئەوەی سڵاوێک لە تاقەداری دوشداماوی هێشتاش تازیەدار دەکا و شەبەقی زێڕینی خۆی بە سەر "چوارچرا"، شوێنی ماڵ و بارەگای حکوومەتی پێشەوا و شەقام و گەڕەکەکانی پێتەختی کۆمار دا بڵاو دەکاتەوە، بەرەبەرە ڕووپۆشی سێبەر لە سەر گڵکۆی سەرکۆمار لادەدا، کڕنۆش بۆ مەزاری زیارەتگەی میلیۆنان ئۆگر و ڕێبوارێ ڕێگای دەبا و پاشان پەیامەکەی پێشەوا لە تۆپی تیشکی گەرمی خۆی دا بڵاو دەکاتەوە کە:

" تاریکی ناتوانێ هەتا سەر بێ و سەرکەوتن سەرەنجام بۆ ڕووناکی دەبێ"

یان:

"زستان هەرچەندە تووش و تەمەندرێژیش بێ، سەرەنجامی هەر نابوودی و چۆڵکردنی ڕێگا و بەجێهێشتنی جێگا بۆ سوپای بەهارە!"

دەی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠٠٧

بێچووە هەڵۆ

نووسینی : ویلیس لاسیس

فەتاحی کاویان لە ئینگلیسییەوە کردوویە بە فارسی

ئاشق کردوویە بە کوردی

بێچووەهەڵۆ لە ڕاستی دا باڵندە نەبوو، کوڕێکی بچکۆلەی هەنگاوورد و چابوک بوو. دەموچاوی چیل و قژەکانی لووس و هێندێک کاڵ بوون. ڕاست وەک هەموو منداڵەکانی هاوتەمەنی خۆی بوو. لە بەهاری ئەمساڵەوە پێی نابووە تەمەنی پێنج ساڵییەوە، تەمەنێک کە ئەڵبەت دەبێ ڕێزی ڕابگیرێ.

ناوی ڕاستی ئەو "بێچووەهەڵۆ" نەبوو، ناوی جانیس جانیتیس بوو. هەر بابی پێیدەگوت"بێچووە هەڵۆ".

کاتێک "بابە" لە ماسیگرتن دەگەڕایەوە، چەکمە زلەکانی داویشتە قولینچکێک، دادەنیشت و کوڕەکەی لە سەر کۆشی، کە وەک دەست و چەکمەکانی بۆنی ماسی و قەوزەیان لێدەهات، دادەنا. هەموو شتێک ئەو بۆنەی لێدەهات. تۆڕی ماسیگرتن، لۆتکە ڕەشەکە و ئەو هۆدەیەش کە تێیدا دەژیان، هەر ئەو بۆنەیان لێدەهات.

"بابە" لە حاڵێک دا منداڵەکەی لە سەر کۆشی هەڵدەپەڕاند، لێی دەپرسی:" دەی بێچووەهەڵۆ چۆنی؟ جاروبارێش بە گاڵتە پێیدەگوت:" ئەتۆ چ بێچووەهەڵۆیەکی؟ هیچکوێت وەک ئەو بێچووەهەڵۆیەی لە مەزرایە ڕاوی مشک و کەرۆشکان دەکا، ناچێ". ئەو کات کوڕەکە لە شەرمان سەری دەبردە بن چاکەتەکەی بابی و دەیگوت:" بێچووەهەڵۆی بابەم".

ئەو جار هەردووکیان پێدەکەنین. بابە دەستە زبر و تاوەسووتبووەکانی بە سەری کوڕەکەی دا دێنا و بە بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە، لە سەرەخۆ لە سەر عەرزیی دادەنا. ئەو دەستە زبرانە کە بە هۆی کارکردن لە نێو ئاوی دەریا دا شەقارشەقار و پیرەڵۆک ببوون، دەیانتوانی بە شێوەیەکی سەیر لاوێنەرەوە بن. قامکەکانی کە هەموویان گرێگرێ بوون و جێبلۆقی ڕەقهەڵاتوویان پێوە بوو، دەیانتوانی ئەو نووسەکانەی بە سەری کوڕەکەوە نووسابوون، دەربێنن و نەشهێڵن ئێشی وێڕابگا.

ژیانێکی خۆشیان ڕادەبوارد. هەر دووکەس بوون. خانووە چکۆڵەکەیان لە هەموو خانووەکانی دیکە لە دەریا نێزیکتر بوو.
سەردەمێک سێ کەس بوون. بابە ئەوکاتی باش لە بیر مابوو، بەڵام بێچووەهەڵۆ هەر ئەوەندەی دەزانی کە ئەوی سێهەمیان دایکی بوو. ئەو لەو چەشنە ژنانە بوو کە لەچکە لە سەر دەنێن و کوڕ، یا کچی چکۆڵە لە کۆڵ دەکەن، یان لە ڕێیە دەستیان دەگرن.

هەموو کوڕ و کچانی گوندەکە دایکیان هەبوو. کاتێک دەگریان، دایکەکان فرمێسکەکانیان بۆ دەسڕینەوە و دەیانبردنە پیاسەکردن. هەموو دایکیان هەبوو، هەر ئەو دایکی نەبوو. بێچووەهەڵۆ نەیدەزانی ئەگەر مرۆڤ دایکی هەبێ، باشە یان خراپە. ئەو بابی هەبوو، بابێکی بە قەڵافەت و بەهێز و میهرەبان، کە ئەوی لە سەر کۆشی دادەنا و گەمەی لە گەڵ دەکرد. جارجاریش بابە لە قەراغ دەریایەڕا لە سەر قەڵاندۆشی دادەنا و دەیهێناوە ماڵێ. باوکی لە هەموو بارێکەوە وەک ئەوانەی لەچکەیان بە سەرەوە بوو، باش بوو. زۆریش لەوان کەڵەگەتتر و بەهێزتر بوو. زۆر جاران بێچووەهەڵۆ دەیدیت کە بابی بەتەنێ لۆتکە قورسەکەی ماسیگرتنێی بۆ نێو ئاوێ پاڵ پێوەدەنا. کەس ئەو کارەی پێنەدەکرا.

هەرکاتێک " بابە" بۆ ماوەیەکی درێژ چووبا ماسیگرتنێ(بە شێوەی ئاسایی بەهاران)، بێچووەهەڵۆی دەبردە ئاوایی،

لای"پووره ئانیا"ی، بۆ ئەوەی شەوێ لە لای ئەو بمێنێتەوە. ماڵە پووره ئانیای چەند کوڕ و کچی چکۆڵەیان هەبوو، بەڵام پووره ئانیا لەوانی دیکەی پتر ڕوو دەدایە، یان لانیکەم ئەو وای هەست پێدەکرد. منداڵەکان زۆر گەمەی جۆراوجۆریان دەکردن و دوایەش وێکڕا شێویان دەخوارد.

لەگەڵ ئەوەش بێچووەهەڵۆ ماڵی خۆیانی پێخۆشتر بوو، ئەگەرچی بێجگە لە پشیلەکەی، "مینکا"، کە لە یاسای گەمەکردن هیچ تێنەدەگەیشت، کەسی دیکە نەبوو گەمەی لەگەڵ بکا. بەڵام مینکا زۆریش فێڵەزان بوو. هەرئەوەندە بێچووەهەڵۆ کوتەپەڕۆیەک، یان چیلکەیەکی بە بەنێکەوە بەستبا و بە نێو هۆدەکە دا ڕایکردبا، مینکا لە پڕ دەگۆڕا. لە قولینچکێک خۆی مات دەکرد، سینگی بە عەرزییەوە دەنووساند و چاوی دەبڕیە پەڕۆکە کە بە هەڵبەز هەڵبەز بە دوای بێچووەهەڵۆ دا دەکێشرا. ئەوکات چاوە شینەکانی دەبریقانەوە، کلکی هەڵدەسووڕاند، وەک گوڵۆڵە خڕ دەبۆوە و لە پڕ خۆی داویشت. بەستەزمانە پێیوابوو ئەو شتەی بە بەنەکەوە دەجووڵێتەوە، زیندووە. لە سەریەک پشیلەیەکی خوێنشیرین بوو. فێڵەزان و ئارام. کاتێک لە کایەکردن ماندوو دەبوو، خۆی ڕەبەلەکی بێچووەهەڵۆ دەخست و مڕخەمڕخی دەکرد، پاشان سەری هەڵدێنا. دەتگوت بە چاوە شینە وشیارەکانی قسە دەکا و دەڵێ:" زۆر چاکە ، گەمەیەکی باشمان کرد، ئیدی بەسە".

بەڵێ مینکا زۆر ئاقڵ بوو. شەوانە کاتێک بابە لە ماسیگرتنێ دەگەڕایەوە، ئەویش بە دوای بێچووەهەڵۆ دا ڕایدەکرد و دووبەدوو بە پیریەوە دەچوون. ئەو لەو جێیەی لۆتکەکەیان لێدەبەستەوە، هەڵدەتووتەکا و چاوی لە دەریایە دەبڕی. هەرکە ڕاوچییەکان لۆتکەکانیان دەکێشاوە وشکایی‌یە، هەڵدەستا، بە دەوری بابە دا دەسووڕا و لە حاڵێک دا کلکی وەک ئەستوندەکی لۆتکەکان قیت دەکردەوە، بە مڕخەمڕخ خۆی ڕەلاقی دەخست. فێڵەزانە دەیزانی بابە قەت بە دەستبەتاڵی نایەتەوە ماڵێ و بێگومان ئەویش ماسی‌یەکی پێدەگا. بەڵی، ئەو ژیانە بۆ مینکا خانمێ خراپ نەبوو.

بە بڕوای بێچووەهەڵۆ هاوین لە وەرزەکانی دیکە خۆشتر بوو. ڕۆژەکان تاووساو بوون. پیاوان بە ڕۆژ خەریکی چاککردنەوەی تۆڕە تەڕەکانیان دەبوون و دوایەش بۆ ئەوەی وشک ببنەوە، لە سەر خیزەڵێنی لێواری دەریایە هەڵیاندەخستن. لەو ڕۆژانە دا بێچووەهەڵۆ زۆرتر لە قەراغ دەریایە دەبوو. مینکا بۆنی بە هەموو شتێکەوە دەکرد و تاقیدەکردەوە. بەنێو لۆتکەکان دا دەگەڕا و کاتێک لە هەموو بارێکەوە لە پشکنینەکەی دڵنیا دەبوو، لە سەر کورسی‌یەک دڕێژ دەبوو و وێژینگی دەدان.

ئەو کاتەی بابە بە شێوەیەکی تووندوتۆڵ و وەستایانە خەریکی چنینەوەی تۆڕەکەی دەبوو، بێچووەھەڵۆ بە ڕەڵمی نمدار خانووی دروست دەکرد. جاروبار بابە دەستی لە کار ھەڵدەگرت، لە تەنیشت کوڕەکەی لە سەر خیزی دادەنیشت و لێی‌دەپرسی:

ـ ئەرێ بێچووەھەڵۆ ئەوە چ دروست دەکەی؟

بێچووەھەڵۆ بە ئۆگرێیەکی زۆرەوە وەڵامی دەدایەوە:

ـ خانوویەکی بچووک دروست دەکەم، ئەھا ئەوە خانووی خۆمانە. ئەو ھاڵە گەورەیەش دوکانە. دەمەوێ ھۆدەیەکی بچکۆلانەش بۆ مینکای دروست کەم.

ئەو کاتانەی بابە لە لای بێچووەھەڵۆ دادەنیشت، جاروبار لە دەریا ورد دەبۆوە، قامکی بۆ جێگایەکی دوور، ئەو شوێنەی ئاسمان و دەریای لێوێکدەکەوتنەوە، ڕادەداشت:

ـدەزانی ھۆ.....و جێگا دوورە چیی لێیە؟

نەخێر، بێچووەھەڵۆ نەیدەزانی، بەڵام زۆری پێخۆش بوو بزانێ.

ڕۆژێکیان بابە بێچووەھەڵۆی دە ئامێز گرت و گوتی:

ـ ئەو کاتەی بێچووەھەڵۆی من باڵی گرت، بۆ ئەوێ ھەڵدەفڕێ و بە چاوی خۆی دەیبینێ. ڕەنگە بە ھەڵفڕین بگەڕێتەوە و ھەموو شتێک بۆ بابی خۆی بگێڕێتەوە و واش ھەیە...

لێرە دا دەنگی بابەی کزبوو و بە بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

ـ وا ھەیە نەشگەڕێتەوە.

ژیانی وان بەو شێوەیە تێدەپەڕی. ئەوە کە ڕەنگە خەڵکی دی ژیانێکی باشتریان ھەبێ، یان ڕەنگە لەوان کەیفخۆشتر بن، بە خەیاڵی بێچووەھەڵۆ دا نەدەھات. ئەو ئاگای لەو شتانە نەبوو، یان ھەر لە بناخە دا پێی گرینگ نەبوون. ئەو لەو وەزعەی ھەیانبوو، زۆر ڕازی بوو. بێگومان بابیشی ھەر وای بیر دەکردەوە، مینکاش ھەروا.

ھاوین تێپەڕی و پاییز داھات. ئیدی ئاو ئەوەندە گەرم نەبوو کە بابە دەلینگی ھەڵکا و ھاتوچۆی تێدا بکا. جار جار با بە ھاشەھاشێکی زۆرەوە دەھات و شەپۆلی گەورەگەورەی بە لێوارەکان دادەدا. پیاو لەوە دەترسا کە ئەو با

سامناکە لێوارەکان بشواتەوە و هەموو شتێکی دەگەڵ خۆی دە دەریایە کا. ماسیگرەکان لۆتکەکانیان تا مەودایەکی زۆر لە دەریا دوور دەکردەوە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دا بێچووەھەڵۆ ناچار دەبوو دەست لە کۆکردنەوەی گوێماسیلکە جوانەکان هەڵگرێ و مینکاش لە ترسی تەڕبوونی تووکی نەرمونۆڵی قاچ و دەستەکانی لە سەری خیزەڵێنێ واوەتر نەدەچوو.

بابە لەو سەروبەندە دا قەت نەدەچووە دەریایە و بێچووەھەڵۆ و مینکاش ناچار نەبوون لە قەراغ دەریایە چاوەڕێی هاتنەوەی ئەو بن.
بەڵام ڕۆژێک کارەکە بە پێچەوانە کەوت. بەیانی هەوا خۆش و دەریا ئارام بوو. ئاسمانیش بێجگە لە پەڵەهەورێکی خۆڵەمێشی کە وردە وردە لە ئاسۆ سەردەکەوت، شتێکی دیکەی پێوە دیار نەبوو و بە تەواوی ساو بوو. ئاواڵێکی بابەی هاتە لای و پێکەوە بڕیاریان دا تۆڕەکان، کە لە دوێنێوە وشک ببوونەوە بەرن و بچنە دەریایە. دەیانگوت ڕاوێکی باش دەکەن، چونکە شەوی پێشوو ژمارەیەک ڕاوچی توانیبوویان ماسیەکی زۆر بگرن و بە دەستی پڕەوە بگەڕێنەوە.

ئەوان تۆڕەکانیان هەڵگرت، لەنگەریان هێنا و بۆ لای لۆتکەکە داپەڕین.
پێش ڕۆیشتن بابە بێچووەھەڵۆی بردە ژوورێ، هێندێک ڕۆنی کەڕەی بۆ دە لەتێک نانی گەورە هەڵسوو، نانەکەی بۆ کردە بابۆڵە و دە کۆمۆدی چێشتخانەکەیانی نا و گوتی:

ـ ئەگەر برسیت بوو، ئەو بابۆڵەیەی بخۆ. ئێستا لە گەڵ مینکای گەمە بکە و مەیە قەراغ دەریایە. هێندەم پێناچێ، زوو دەگەڕێمەوە!

دوای ڕۆیشتنی بابەی، بێچووەھەڵۆ ماوەیەک لەبەر پەنجەرەی ڕاوەستا و چاوی لە لۆتکەکەی باوکی کرد، کە وردە وردە دوور دەکەوتەوە، ساتبەسات چکۆڵەتر دەبۆوە و ئاخرییەکەشی لە پێش چاوان ون بوو. ئەوجار شتێکی دیکە نەبوو چاوی لێبکا، هەر بۆیە پەتک و پەڕۆکەی دیتەوە ولە گەڵ مینکای دەستی بە گەمەکردن کرد:

"دەی مینکا بیگرە! دەی خۆی پێدادە! با بڕێک گەمە بکەین، جا دوایە دەچینە خوارێ، بە پیر بابەوە دەچین".

ئەوان بە شێوەیەک خەریکی گەمەکردن بوون و بە یەکەوە خافڵابوون، کە هەر نەیانزانی کات چۆن تێپەڕی. ئەو دەمەی بە تەواوی ماندوو بوون و لە پشوو کەوتن، دەستیان لە گەمەکردن هەڵگرت. بێچووەهەڵۆ چووە سەر کورسییەک و چاوی لە دەرێ کرد تا بزانێ باوکی دیارە، یان نا، بەڵام شوێنەوارێک لە لۆتکەکە بە دەرەوە نەبوو. کاتێک ئەوان خەریکی گەمەکردن بوون، دەریا ڕەنگێکی تڵخی گرتبوو و شەپۆلە تووڕە و تڵخەکان وەک شێتان خۆیان بە لێوارەکان دادەدا. با، بە هاڕوهووڕ خیزی قەراغ دەریای هەڵدەگرت و دارکاجە لکوپۆپ شکاوەکانی بە زەوییەوە دەنووساند، بە شێوەیەک کە دەتگوت دەستێکی نادیار خەریکە تێکیانەوە دەپێچێ.

بێچووەهەڵۆ دەیزانی هەرکاتێک دارەکان بەم جۆرە بەرەو زەوی دابێنەوە، شومی چاک نیە. بابە هەمیشە دەیگوت کاتێک با هەڵیدەکاتێ و وێدەچێ تۆفان هەستێ، ڕاوچییەکان لە ماڵێ وەدەر ناکەون. هەروەها ئەوەشی دەزانی کە ئەگەر ڕاوچی لە دەریایە دا بێ، لەوکاتە دا گژەبا هەڵیکاتێ و مەترسیی تۆفان هەست پێبکرێ، ئەوە دەسبەجێ ڕاوچییەکە دەگەڕێتەوە، کەوابوو بابە هەربینا گەیشتەوە.

بەڵام لۆتکەی بابە سەروشوێنی نەبوو. هەوا بەرەو تاریکی دەچوو، ئیدی ئاسۆ نەدەبینرا، با ساتبەسات تووندتر دەبوو و میچی هۆدەکەیانی دەلەرزاندەوە. کاتی گەڕانەوەی بابەیە، ئاخر ئەدی بۆ نەگەیشتەوە؟!

بێچووەهەڵۆ کڵاوەکەی هەتا سەر بڕۆیان داکێشا و بێ ئەوەی باڵتۆکەی بکاتە بەری، لە ماڵێ وەدەرکەوت و مینکاش بە بێ ئیشارە و بانگکردن وەدوای کەوت. ئەویش دەیزانی کاتی گەڕانەوەی گەورەی ماڵێیە و بیری لە ماسیی تازە دەکردەوە.

بڕینی مەودای نێوان خانووەکە و لێواری دەریا کارێکی هاسان نەبوو، چونکە ڕووەوبا دەڕۆیشتن و چەند جاران هێندەی نەمابوو با بێچووەهەڵۆی بڕفێنێ. لۆتکەی بابەی لە هیچکوێ دیار نەبوو نە لە لێواری ئاوێ و نە لە نێو ئاوێ، ئەگەرچی لە سەر شەپۆلە تووڕە و ئاڵۆزەکان زەحمەت بوو شتێک ببینرێ. نا، بابە دەبێ هەر ئێستا پەیدا بێتەوە، ئاخر بەم درەنگوەختە چ دەکا و بۆ وا زۆری پێچووە؟ نەخێر ئێستا دەبێ بگاتەوە، ئاخر ئەو کاتێک دەیەویست بۆ ماوەیەکی دوور بچێتە ڕاوێ، بێچووەهەڵۆی دەبردە گوند و لە لای پوورەئانیای بەجێدەهێشت. دەی خۆ ئەوجار وای نەکردوە، کە وایە دەبێ هەرئێستا بگەڕێتەوە.

بێچووەهەڵۆ لە سەر کورسییەک دانیشت و هەروا چاوەڕوان مایەوە. بەرەبەرە هەوا تاریکتر دەبوو. چەند ئەستێرە لە کەلێنی هەورەکانەوە دەرکەوتن. پاییزەشەو بە تەواوی داهاتبوو. بێچووەهەڵۆ هەر لەوێ دانیشتبوو و چاوی دە دەریایە بڕیبوو کە ئێستا وەک قیلی ڕەشی لێهاتبوو. هەموو هێزی خۆی دەگوێیەکانی دا کۆ کردبۆوە و چاوەڕوان بوو دەنگی بابەی ببیسێ:

"هـا!!! ئەرێ ئەوە بڵێی دەنگی شڵپەی سەوڵ نەبێ؟" بەڵام لە نێو هاشەی با و گرمەی بە سەریەکداکەوتنی شەپۆلەکان دا ناسینەوەی دەنگێکی ئاوا نەدەلوا.

بێچووەهەڵۆ پێی‌خۆش نەبوو بچێتەوە ماڵێ، ئەوێش تاریک بوو و کەسیش نەبوو چراکەی هەڵکا. بۆخۆی زۆر چکۆڵە بوو و نەیدەتوانی چراکەی هەڵکا. مینکا لە حاڵێک دا خۆی ڕەلاقی وی دەخست، میاواندی. دەتگوت دەیەوێ شتێک بپرسێ. جارێکی دیکەشی میاواند و ئەوجار بێئەوەی لە سەر وەڵام ڕاوەستێ، بۆم لای ماڵێ وەڕێکەوت. وا دیار بوو چاوەڕوانیکردن ماندووی کردبوو.

بێچووەهەڵۆ بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

ـ زۆر باشە، ئەگەر پێتخۆشە بڕۆ، بەڵام ئەوەی بزانە ئیدی چاوت بە ماسی ناکەوێ!"

بۆخۆی پێی‌خۆش بوو هەروا لە وێ دانیشێ و چاوەڕێ بێ:"هێندەی پێناچێ بابە پەیدا دەبێتەوە، بێچووەهەڵۆی خۆی لە ئامێز دەکا و دەیباتەوە ماڵێ".

ئەدی بۆ ناگەڕێتەوە؟ بۆ هێندەی پێچووە؟ هیچ دوور نیە تا ئاخری دەریایە ڕۆیشتبێ، چونکە پێی‌خۆش بوو بزانێ ئەوێ چیی لێیە. جا کەوابێ زۆر شتی سەرنجڕاکێشی پێیە بۆم بگێڕێتەوە. بێچووە هەڵۆ بۆخۆشی پێی‌خۆش بوو بزانێ ئەوبەری دەریاکە کە زۆر دوورە، شتەکانی چۆنن؟ خۆزیا هێندە چکۆڵە نەبوایە. ئەو ماوەیەی کە دەبوو چاوەڕوانی گەورەبوون و "باڵگرتن" بێ، زۆر دوورودرێژ دەهاتە بەرچاو.

با وەک شێتان دەیگوڕاند. هاڕە و هاژەی شەپۆلان پیاوی کەڕ دەکرد. لەولای خیزەڵێن لە تاریکی دا تاپۆی خانوویەکی چکۆڵە و تەریککەوتوو دەبینرا. کەس نەهات بێچووەهەڵۆی بەرێتەوە ماڵێ. ئەو هەروا دانیشتبوو و

چاوی بڕیبوو پانایی دەریایە، بەڵام هیچی وەبەرچاو نەدەهات. مانگ جاروبار بە کەڵێنی هەورەکان دا تریفەی زێڕینی خۆی دەڕشتە سەر دەریا، ئەو دەریایەی کە بێچووەهەڵۆ هەرگیز بەو شێوەیە ڕەش و نێوچاوتاڵی نەدیبوو. بێچووەهەڵۆ هەروا لە لێواری دەریایە دانیشتبوو، لاقە سڕبووەکانی بە بە پێچکی کورسێیەکەوە نووساندبوو و چاوەکانی بڕابوونە تاریکایی ئەو شەوە شوومە پاییزیەیە.

بێچووەهەڵۆی بچکۆلانە هەروا دانیشتبوو و بە دڵەخورپەوە چاوەڕوان بوو. بێچووەهەڵۆی بابەی...

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٠٧

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمرەوە.

هەرچەند وشەی "هەڵکەوتوو" مانایەکی مەزن و بەرینی هەیە و تەنیا بۆ مرۆڤە دەگمەنەکانی مێژوو بە کار دێ، بەو حاڵەش دڵنیام کە ئەو وشەیەش لە بەرامبەر بەیانی کەسایەتیی کەموێنەی دوکتور قاسملوو دا دەستەوەستانە. بە ڕاستی دوکتور قاسملوو نەک هەر لە باریٚکەوە، بەڵکوو لە زۆر بار و بوار دا هەڵکەوتوو بوو.

دوکتور قاسملوو کەسایەتیەکی خوێندەوار، بیرمەندێکی زانا و سیاسەتزانێکی بە ئەزموون بوو، کە لە قۆناخێکی گەلێک ناسک و گرینگی مێژوویی دا، وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی مێژووی خەباتی نەتەوەی چەوساوەی کورد دا درەوشایەوە و هەرچەند زووش ئاوابوو، گەلێک لاپەڕەی ئەو مێژووەی بە شۆقی خۆی تیشک ئاژن کرد. ئەو تیشکە لە سەر ئە و لاپەڕانە تۆمار بوو و ئێستا دوای تێپەڕینی هەژدە ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە دا کە هەوری ڕەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخۆیەوە پێچا و لەبەرچاوی هاوڕێیان و نەتەوەکەی ون کرد، هەر وا لە دڵی کوردان دا ماوە، لە تۆپی ئاسەوار و ئامۆژگاریەکانی دا ڕووناکایی دەبەخشێ و گومانی تێدا نیە کە تا هەتایەش هەر دەمێنێ.

ژیان وخەباتی پڕ بەرهەرمی کاک دوکتور قاسملوو و بیرو باوەڕی ئەو مرۆڤە مەزنە لە زۆر لایەن و لە پەنجەرەی گەلێک ڕوانگە و بیروبۆچوونەوە خراونەتە بەرلێکدانەوە و بێگومان لەمەودواش باس دەکرێن و شی دەکرێنەوە. ئەم وتارە دەتوانێ تەنیا یادکردنەوەیەکی کورت بێ.

پێمخۆشە لە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە دا باسی چەند تایبەتمەندیی ئەو بکەم و بیرەوەرییەکیش لەو پێوەندییە دا بگێڕمەوە.

* دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێرن بوو.

تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی، ئەوانەی لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی دوکتور قاسملوو دا بەشداربوون، هەموویان لە بیریانە کە زۆر جار ئەو دەیگوت حیزبی ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی مۆدێرن، تا بتوانێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم خۆی ڕێکخا و لە دنیای پێشکەوتوو دا بناسرێ.

دەکرێ بڵێین تیگەیشتنی ئاستی مۆدێرنی و نوێخوازیی دوکتور قاسملوو، بۆ خەڵکی تێکەڵاوی خەباتی ئەو کاتە و بە گشتی لە دنیای بیری سیاسیی تاڕادەیەکی زۆر نەریتی و کلاسیکی کوردیی ئەو سەردەمە دا بە تەواوی مەیسەر نەبوو، بەڵام ئەو بە هەرحاڵ، لەو کاتەوە کە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، شوێنەواری خستە سەر هەموو لایەنە فکری و پراتیکییەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی و لە نوێکردنەوەی قەوارە و بەرنامەی ئەو حیزبە دا دەوری سەرەکی گێڕا.

* دوکتور قاسملوو سیاسەتزان و دیپلۆماتێکی کارامە و جێکەوتوو بوو.

ئەوەندەی من بزانم هیچ مرۆڤێکی سیاسیی کورد، پێش دوکتور قاسملوو تا ئەو ڕادەیە لە موتوربەکردنی زانست و تێئۆریی سیاسی لە گەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی خەبات دا شارەزا نەبوو. ئەو کە دەیگوت:"سیاسەت هونەری مومکینە" بە ڕوونی دەیزانی ئەو هونەرە چۆن لە پێچ و خەمەکانی خەبات دا بەکار بێنێ. لێکدانەوەی ئەو لە سەر بارودۆخە سیاسییەکان، تەنانەت لە ئاستی جیهانی دا جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە بوون، کە بە داخەوە ئەو کات بە هۆی جۆراوجۆر و یەک لەوان زاڵبوونی جەوی شەڕی چەکداریی داسەپاو و کەمبوونی مۆڵەتی باس، لێدوانی سیاسی و هێندێک هۆی دیکە کە ئێستا دەرەتانی باسکردنیان نیە، کەمتر پێیان دەزانرا. "کورتە باسێک

لە سەر سۆسیالیزم"ـەکەی کە لە بەرەبەری کۆنگرەی شەشی حیزب دا بڵاو بۆوە و پێشبینیەکانی لە سەر وەزعی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستیی ئەو سەردەمە، هەر لەو کاتە دا کە بەراوەردێکی ڕاستبینانەبوون و لەو سەردەمە دا دەرک نەکران، نموونەی شارەزایی و وردبینیی سیاسیی ئەو بوون.

* دوکتور قاسملوو دژی فەردپەرستی بوو.

ئەو سەردەمەی دوکتور قاسملوو وەک مرۆڤێکی سیاسیی کارامە ناسرا و ئەو کاتەش کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەش دا گەورەکردنەوەی کەسایەتییە سیاسییەکان و پەسن و پێهەڵگوتنی ڕێبەران شتێکی باو بوو. دوکتور قاسملوو دژی ئەو دیاردەیە بوو و باوەڕی وا بوو کە ئەو جۆرە شتانە پەسند نین و لە گەڵ سیستیمی دێمۆکراتی ناتەبان. ئەو بڕوای وا بوو کە پێوەندیی حیزبایەتی و بەدەنەی حیزب و ڕێبەرایەتی، دەبێ لە سەر هاوخەباتییەکی توند و تۆڵ، لێکنیزیکبوون و بناخەیەکی هاوڕێیانە بێ. ئەو لە ماوەی ژیانی خۆی دا دژی ئەوەش بوو کە وێنەی بڵاو بکرێتەوە و درۆشمی پێوە بدرێ.

بۆخۆم بیرەوەرییەکم لەو بارەوە هەیە، کە پێم خۆشە لێرە دا بۆ خوێنەرانی ئەم وتارەی بگێڕمەوە:

پایيزی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی، کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لە گوندی "سوێناس" کۆنفڕانسێکی بەرینی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان پێکهێنا. منیش لەو کۆنفڕانسە دا بەشدار بووم. ئێمە بەشداربووانی کۆنفڕانس نەماندەزانی کە کاک دوکتوریش دێتە ئەو کۆنفڕانسە. بارودۆخەکە وای هەڵدەگرت کە لە بەر پاراستنی باری هێمنایەتی، تەنانەت شوێنی کۆنفڕانسەکەش تا چەند سەعات پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە، بە نەهێنی ڕاگیرابوو و سروشتی بوو مەسەلەی هاتنی هاوڕی سکرتێری گشتیی حیزبی بۆ ئەو شوێنەش بە نەهێنی ڕابگیرێ.

تازە بەڕێوەبەری بەرنامە چووبووە پشت میکرۆفۆن و بە تەمابوو ڕیزی بەرنامەی کاری کۆنفڕانس ڕابگەیەنێ، کە لە پڕ ڕایانگەیاند کاک دوکتور لێرەیە. خەڵکەکە کاتێک ئەمەیان بیست، هەستانە سەرپێ و هەموو ڕوویان بۆ لای دەرگای شوێنی کۆبوونەوەکە، کە مزگەوتێکی گەورە بوو وەرگێڕا. کاک دوکتور وەژوور کەوت، خەڵکەکە ڕێگایان بۆ کردەوە و ئەویش لە کاتێک دا لێکدا لێکدا دەستی بۆ خەڵکەکە هەڵدێنا و سڵاوی لێدەکردن، تا ڕیزی پێشەوە

کە لە نێزیک شوێنی قسەکردن بوو، هات. لەو حاڵە دا بەڕێوەبەری بەرنامە کە دیار بوو لە خۆشیی هاتنی کاک دوکتور زەوق گرتوویەتی، بە دەنگێکی بەرز دروشمی "بژی دوکتورقاسملوو" ی دا و خەڵکەکەش بە گەرمی دووپاتیان کردەوە.

کاک دوکتور دانیشت و من کە زۆری لێدوور نەبووم و دە ڕوخساریەوە ڕامابووم، بە ڕوونی هەستم کرد کە ئەو دروشمدانەی پێخۆش نەبوو.

یەکەم کەس کە لەو کۆنفرانسە دا قسەی کرد، کاک دوکتور خۆی بوو و یەکەم شتیش کە باسی کرد، مەسەلەی درۆشمدانەکە بوو. ئەو کات بۆ من کە لاو بووم و لەمێژ نەبوو بە کردەوە حیزبایەتیم دەکرد، مەسەلەیەکی زۆر سەرنجڕاکیش بوو کە ئەو بە توندی ناڕازیبوونی خۆی لەو چەشنە درۆشمدانە دەربڕی و گوتی:

"هاوڕێیان! من ئەو درۆشمدانەی ئێوەم پێخۆش نەبوو. ئێمە هەموومان ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتین. کە وا بوو کاتێک درۆشم دەدەین، نابێ درۆشم بە ناوی کەس"فەرد"ـەوە بدەین، با ئەو کەس، یان کەسایەتییە سکرتێری حیزبیش بێ، بەڵکوو دەبێ بڵێین "بژی حیزبی دێمۆکرات" و بە ناوی حیزبەوە درۆشم بدەین، کە جێگای لە سەردەمی هەمووانە..." (دیارە ئەوە پوختەی قسەکانی کاک دوکتور بوو، کە من بە باشی لە بیرم ماون و دەقی نووسراو نین)

یادی پیرۆز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ!

٢٢ ی پووشپەڕی ٨٦

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠٠٧

ڕێفۆرم و چەند سەرنج

پێش قسە

ماوەیەکە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە کوردیەکان دا باس لە گۆڕانکاری و ڕێفۆرم زۆر دەکرێ و بە تایبەت لەو کاتەوە کە لەتبوون لە حیزبی دێمۆکرات دا هاتۆتە پێش و ئەو دوایینانەش ناکۆکیی بیروڕا لە نێو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دا زەق بووە، ئەو زاراوەیە زۆر لە سەر زاروزمانانە و لە ڕاستی دا بۆتە باسێک کە بیروڕای هەمووان، بە تایبەت تۆڕی سیاسەتکار، بیرمەند و خوێندەواری بەخۆیەوە خەریک کردوە. هەموو باسی ئاڵوگۆڕ و ڕێفۆرم دەکەن و پێ لە سەر نوێکردنەوە دادەگرن، کە دیارە ئەوەش لەخۆڕا، یان بە هەڵکەوت نیە و لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە وەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانە نەک هەر لە قەوارەی فکری و ئۆرگانیزمی ئەو ڕێکخراوانە دا کە باسمان کردن، پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵکوو لە ئاستێکی گشتیتر و بەرینتر دا سیستیمی بەڕێوەبردنی وڵاتانی ناوچە و ستروکتووری سیاسی و کۆمەڵایەتیی باوی ئەمڕۆش بە ئاشکرا حەوجێی بە نوێکردنەوە و ئاڵو گۆڕ هەیە. هەر لەو پێوەندیە دا دیتمان کە وڵاتە عەرەبیەکانی ناوچەش بە تایبەت دوای هێرشی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق و هاتنەگۆڕی تێئۆریی پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، تا ڕادەیەک {هەرچەند ڕادەیەکی بچووکیش} پێویستیی ڕەچاوکردنی ئاڵوگۆڕیان هەستپێکرد، لە هێندێک وڵات دا سێبەرێک لە نوێکردنەوەیەکی بەرتەسک دیترا و بۆ وێنە لە کوێت بۆ یەکەم جار ژنان مافی بەشداربوون لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ پارڵمانیان پێدرا.

بازنەی هاتنە کایەی بیری ڕێفۆرمخوازی لە مێژە وڵاتی ئێرانی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا هەڵکەوتوە، دەنێوخۆی گرتوە. دوایین درۆشمی ئەو بیرە، خاتەمی و کۆمەڵی "ئیسلاحتەڵەب" ی ناسراو بە "دووی خوردادی" دایان، کە هەر لە سایەی ئەو درۆشمە و تەبلیغات بۆ ئەو فکرە دا کێبەرکێی "هەڵبژاردن"ی سەرۆککۆماریان لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی (دووی جۆزەردانی ١٣٧٦) دا بردەوە و لە ئاکام دا خاتەمی بۆ ماوەی هەشت ساڵ بوو بە سەرکۆماری ئێران. ڕەوتی دووی خوردادی خاتەمی دواتر هەم هەڵبژاردنی سەرانسەریی شۆراکانی وڵاتی بردەوە و هەم زۆرایەتیی بێنەملا و ئەولای مەجلیسی شەشەمی شۆڕای ئیسلامیشی بۆخۆی مسۆگەرکرد.

لێکدانەوە لە سەر چۆنیەتیی داستانی دووی خوردادیەکان و ئەوە کە داخوا بەرنامەیەکی جیددیان بۆ ئاڵوگۆڕ هەبوو و تاکوێ لەو مەیدانە دا ئەسپی خۆیان تاو دا، مەبەستی ئەم وتارەی من نیە، بەڵام چونکە باسەکەمان لە سەر ڕێفۆرم و نوێکردنەوەیە، بێجێ نیە لە گەڵ ئەو ئیشارەیە کە بەو جەرەیانەمان کرد، بڵێین کەم کەسی ڕاستبین دەتوانێ حاشا لەوە بکا کە ئەگەر حوکمی بارودۆخ نەبا، خاتەمیی عەبا و مەندیلپۆش و بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەفادار، بۆ ئەوە نەدەبوو ببێتە سیمبۆلی هێنانە گۆڕی بیرێکی ئاوا پێشکەوتووانە و هەروەکوو دواتر دیتمان کەمتەرخەمییەکانی ئەو و هاوکارەکانی لە دەسەڵات دا بوونە هۆی تێکشکانی ئیسلاحتەڵەبەکان، دواتر باڵی توندڕەو دەسەڵاتی تەواوی کەوتەوە دەست و بە کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو پۆستە گرینگەکانی وڵات پاشەکشەی بە خاتەمی و هاوبیرەکانی کرد.

ئەوەی لێرە دا و لە پێوەندی بە ڕیفۆرمی سەرنەکەوتووی خاتەمی و ڕەوتی "ئیسلاحتەڵەبان"ـەوە ڕەنگە ئیشارە پێکردنی لەم وتارە دا پێویست بێ، تەنیا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران دوای دوو دەیە دەسەڵاتی ڕەش و پڕ لە زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستیی بە نوێکردنەوە و ڕیفۆرم هەبوو ـ کە ئێستاش دوای نیزیک بە سێ دەیە هەر هەیەتی ـ و ئەو پێویستییەش ئەوەندە زەق ببوۆوە، کە تەنانەت بیری تەیفێکی بەرین لە کاربەدەستانی نێو ڕێژیمیشی بە خۆیەوە خەریک کردبوو. ئەو بارودۆخە سەرەنجام پێکهاتنی ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبانی لێکەوتەوە.

درۆشم و وادە و بەڵێنەکانی ئەو ڕەوتە و لە سەرەوەی هەمووان خاتەمیش خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانی هیوادار کرد کە بەڵکوو بکرێ بە ڕێگای خەباتی ئاشتیخوازانە و شارستانیانە دا و بە بێ شەڕ و خوێنڕێژی سیستیمی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، بەرەبەرە جێی خۆی بدا بە سیستیمێکی نوێ، کە لە ئایندە دا بتوانێ خۆی لە گەڵ دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ ڕێکخا و نەتەوەکان و چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران هەرنەبێ لانیکەمی مافەکانی خۆیانی تێدا ببینێنەوە. هەربۆیەش بوو خەڵکەکە بە شێوەیەکی بەرین لە "هەڵبژاردن"ی پۆستی سەرۆککۆماری دا بەشدار بوون و خاتەمی بە جیاوازیەکی سێزدە میلیۆنیی دەنگەکانەوە بە سەر ڕەقیبەکەی دا زاڵ بوو و بوو بە سەرکۆمار. دیارە ئەوەشمان لە بیرە کە کاتێک خەڵک دیتیان وادە و بەڵێنەکانی خاتەمی و ڕەوتەکەی زۆر لە سنووری وادە و بەڵێن تێنەپەڕین و ڕەوتی ئیسلاحتەڵەب کە دەسەڵاتی تەوایشی بە دەستەوە بوو، چ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی پێکنەهێنا، وردە وردە سارد بوونەوە، کشانەوە و لە هەڵبژاردنی دواتری پارلمان و شۆڕاکان دا جارێکی دیکە باڵی توندڕەو دەستی بە سەر دەسەڵات دا گرتەوە و لە جاران خراپتر زەبروزەنگی بە سەر خەڵک دا سەپاندەوە. کە وا بوو هەروەک گوتمان خاتەمی و ڕەوتەکەی بەرهەمی ئەو بارودۆخە بوون کە پێویستیی ڕیفۆرمی

زەق دەکردەوە، بەڵام چونکە خاتەمی ڕێفۆرمی تا ئەو جێگایە دەویست، کە زیان بە بنەما ئیدیۆلۆژیەکانی ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەگەیەنێ و ئەوەش نەدەلوا، هەرچەند بوار بۆ ئاڵوگۆڕ لە سەرانسەری ئێران دا ئامادە بوو، لە ڕاستی دا ئەوان و لە سەرەوەی هەمووان خودی خاتەمی بوونە هۆی دامرکانەوەی جەوی ئیسلاحتەڵەبی و ڕاگرتنی ئەو ڕەوتە، کە خەڵک زۆر بە جیددی پشتیوانیان لێکرد و تەنانەت قوربانیشیان لە پێناو دا دان.

* ڕێفۆرم لە ئێستاوە؟ بۆ وا درەنگ؟!

دوای ئەو پێشەکیە کە بە دەستپێکردنی باسی ڕێفۆرم هاتە پێش و هێندێکیش درێژ بۆوە، با بێینە سەرباسی ڕیفۆرم و نوێکردنەوە لە نێو خۆمان و لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا.

وەک گوتمان لە دوای لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتەوە پێویستیی ئاڵوگۆڕ زەق بۆتەوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە گەڵ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی جیاوازی لە باڵەکەی دیکەی حیزب، کۆمەڵێک پرێنسیپ و خاڵی بە ناوی "خاڵەگشتیەکانی ڕێبازی ئێمە" وەک بنەما بۆ ئاڵوگۆڕ و هەڵسووڕانی لەوەودوای خۆی بڵاو کردۆتەوە و ئەوەش بە ڕوونی دەریدەخا کە حیزبی دێمۆکرات لە مێژبووە لە قەیران دا ژیاوە و هۆی ئەو قەیرانەش مانەوە لە چوارچێوە کۆنەکان و نەبوونی توانای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بووە. ئێستا بۆ حیزب نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕ بە سەر خۆی دا بێنێ و ئاوا درەنگ لەو پێوەندیەیە دا وەخۆ کەوتوە؟ بەشێکی سەرەکیی وەڵامەکەی بۆ ئەوانەی لە ڕێزی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە دابوون، یان ئاگایان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو حیزب هەبووە، ڕوونە. ئەویش ئەمەیە کە دیاردەی دووبەرەکی ماوەیەکی زۆر و بە تایبەت لە هێندێک قۆناخی ئەم دوایی‌یانەی مێژووی حیزب دا بڕستی لە حیزب بڕیبوو و ببووە هۆی ئەوە کە بەشی هەرەزۆری توانایی و هێزی هەڵسووڕانی بەرپرسان و ئەندامانی حیزب، لە پێناوی کێبەرکێی دەسەڵات دا بە فیڕۆ بچێ و لەو بەینە دا نە دەرەتانی بیرکردنەوە لە ئاڵوگۆڕ و بەرنامەیەکی نوێ بۆ خۆڕێکخستن لە گەڵ گەشەکردنی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی جیهان، ناوچە، ئێران و کوردستان مابۆوە و نە دەرفەت بۆ دیتنی نوختەلاوازی‌یەکان، هەستکردن بە هەموو گرفتەکان و قامکدانان لە سەر کەماسی‌یەکان هەبوو. هەر بۆیەش سەرەڕای ئەوەی کە هەموومان دەزانین لێکدابڕانی باڵەکانی حیزبی دێمۆکرات و لەتبوونی ئەو حیزبە، لە باری مەنتیقی‌یەوە چەندە بۆ خودی حیزب و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد زیانبار بوو، بە باڕێکی دیکە دا بێجێ نابێ ئەگەر بڵێین بە داخەوە ئەو لەتبوونە تەنیا ڕێگای تازەکرنەوەی

حیزب و وەگەڕخستنەوەی تواناکانی نێو حیزب بوو، چونکە دە مانگەکانی پێش لەتبوون دا و بە تایبەت دوای ڕاگەیەندرانی ڕەسمیی بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزب(کەمایەتی) بۆ چارەسەری ناکۆکی، هەوڵدانی دۆستان و خێرخوازان لە دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێمۆکڕات، گوێ پێنەدانی باڵی بەرامبەر و بە ئاکام نەگەیشتنی هەموو هەوڵەکان ، بە ڕوونی دیار بوو کە کاربەیەکەوەکردنی ئەو دوو باڵە نەک هەر زەحمەت بوو، بەڵکوو هەر نەدەکرا و ئەوەش کە دەکرا بێجگە لە ماندووکردنی مێشکەکان و کات بەفیڕۆدان بە هێندێک دەمتەقە و بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر، کە سوودی حیزبی تێدانەبوو و تەنیا دڕدۆنگی و دژایەتییەکانیان پەرە پێدەدا، ئاکامێکی دیکەی نەبوو. بەڵام دوای لەتبوون هەرچەند بتەوێ نەتەوێ بەشێکی هێز و تواناکان هەر سەرفی مشتومڕی تەبلیغاتی بە دژی یەکتر کرایەوە، مەیدان بۆ هەڵسووڕانی تەشکیلاتی، سیاسی و ڕاگەیاندنی هەردووک لا ئاوااڵە بۆوە و دەرفەتی ئەوە هاتە پێش کە هەر لایە توانای فکری و هەڵسووڕانی خۆی لە پێش چاوی خەڵکی کوردستان نیشان بدا.

(پێمخۆشە خوێنەری بەڕێز کاتێک ئەو بۆچوونەی من دەخوێنێتەوە پێی وا نەبێ کە من بە لەتبوونی حیزب خۆشحاڵ بووم، نا، بە هیچ شێوەیەک من ئەوەم پێخۆش نەبوو و دە ڕاستی دا هەواڵی لەتبوونی حیزب بۆ من یەکێک لەو چەند ناخۆشترین هەواڵانە بوو، کە مرۆڤ ڕەنگە لە سەرانسەری ژیانی دا چەند جارێک بیانبیستێ و پێیان خەمبار و بە پەرۆش بێ. بەڵام بڵێم چی ئەوە ڕاستییەکە و ناکرێ حاشای لێبکەم)

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئاڵوگۆڕ، "زۆرایەتی"ی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنفڕانسەکانی پێش کۆنگرەی سێزدەوە { کە بە پێچەوانەی باڵەکەی دیکە بە بەرنامە و ئامادەکارییەوە بەشداریی تێدا کردبوون و تەنانەت بۆ وەگیرخستنی سوکانی دەسەڵات و لە مەیداندەرکردنی باڵی بەرامبەری، پەیمانی کۆنگرەی دوازدەشی سەبارەت بە نەهێشتنی دەستەبازیی نەهێنی شکاندبوو و دەستەبازیی کردبوو} درۆشمی نوێکردنەوە و "جەوانگەرایی" کردبووە تەوەرەی سەرەکیی تەبلیغاتی خۆی و وای نیشان دەدا کە ئەگەر ئەوان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، هەم ڕێباز و هەم ڕێبەرایەتیی حیزب جەوان دەکەنەوە و لەو بارەوە بە ئیستیلاح ڕێگای دەسااڵە بە ڕۆژێک دەبڕن، بەڵام دوای تێپەڕینی نیزیک بە دووسااڵ و نیو بە سەر کۆنگرەی سێزدە دا، دیتمان بەرهەمی دەسەڵات و بەرنامەکانیان بێجگە لە ئاڵۆزیی زۆرتر و سەرەنجام لەتبوونی حیزب شتێکی دیکە نەبوو.

بەشبەحاڵی خۆم هیوادارم ئەمجار ئەو بەشەی حیزبیش بە جیددی کار لە سەر ئاڵوگۆڕ و نوێکردنەوە بکەن و لەو

ڕێگایە دا سەرکەوتوو بن. ئاڵوگۆڕی باش لە هەر حیزبێکی کوردی دا بە قازانجی پێشکەوتنی بزووتنەوەی کوردستانە و مەبەستی سەرکییش هەر ئەوەیە.

گوتمان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای لەتبوونەوە درۆشمی نوێخوازیی بەرز کردۆتەوە. هەرچەند ئەو حیزبە جارێ ڕێگایەکی دووری بۆ خستنە سەر گەڕی ڕەوتی نوێکردنەوە لە بەرە، بەڵام هێندێک نیشانەی موسبەتی لەو پێوەندییە دا لە خۆی نیشان داوە، کە مرۆڤ بە ئایندەی ئاڵوگۆڕ لەو حیزبە دا هیوادار دەکا. یەکێک لەو نیشانانە هەر ئەو " هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" یە کە بە ئاشکرا قامکی لە سەر کۆمەڵێک لەو کەموکووڕییانە داناوە، کە پێویستیان بە چارەسەرکردنە و بەشێک لەو خاڵانەی دەستنیشان کردوە، کە دەکرێ ببنە بنەمای دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕێکی پێویست بۆ ساخکردنەوەی قەوارەی حیزب لە سەر بناخەیەکی دێمۆکراتی و سەردەمییانە. نیشانەیەکی دیکەش سەرنجدان بە بیرو باوەڕ و کەلکوەرگرتن لە بۆچوون و تێڕوانینی کەسایەتییە خوێندەوار و زاناکانی دەرەوەی ڕێکخراوی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرە فکری و پڕاتیکییەکان دایە. دیارە جارێ ئەوە تەنیا سەرەتایە و بۆ قەزاوەتکردن لە سەر ئەوە کە ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە تا کوێ جڵەو بۆ ڕێفۆرم شل دەکا و تا چ ڕادەیەک لە بەرنامەی نوێکردنەوە دا سەرکەوتوو و بەردەوام دەبێ؟ زووە. وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ ئایندە دەمێنێتەوە. ئایندەیەکی زوو، یان درەنگ؟ بە هەرحاڵ ئایندە باشترین محەک دەبێ.

بازیاتر باسی ڕێفۆرم و نێوەرۆکی نەو زاراوەیە بکەین.

* ڕێفۆرم یانی چی؟

وشەی ڕێفۆرم دەکرێ بە ئاڵوگۆڕ، نوێکردنەوە، ڕاستکردنەوە و چاککردنەوە مانا بکرێ(وشەی چاکسازی بۆ ماناکردنەوەی ڕێفۆرم لە بەر قەوارە فارسییەکەی بە ڕاست نازانم)، یان بابڵێین هەرچواری ئەو وشانە لە نێوەرۆکی "ڕێفۆرم" دا جێ دەگرن. شتێکی ئاسایییە کە ئەو جۆرە زاراوانە لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا هەروەک وشە و نێوەرۆکی "دێمۆکڕاسی" تاریفی تا ڕادەیەک جۆراوجۆریان لێبکرێ و هەڵیش دەگرن، بەڵام پێمواییە تاریفەکان زۆر لێک دوور بکەونەوە. بەو پێیە بە بڕوای من دەکرێ ئاوا تاریفی ڕێفۆرم بکەین:

" ڕێفۆرم یانی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بە ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی کەموکووڕییەکان و داهێنانی تازە، لە قۆناخی

نوێکردنەوەیەکی پێویستی سەردەمیانە دا".

* ڕێفۆرم بۆچی پێویستە؟

هەموو دیاردە سروشتی و ئاسایییەکان لە گەڵ تێپەڕینی زەمان ئالۆگۆڕیان بە سەر دادێ. هیچ شتێک خۆی لەو قاعیدەیە بۆ دەرباز ناکرێ. جیهان بە خێرایی بەرەو پێشکەوتن و تازەبوونەوە دەڕوا و پێبە پێی ئەو پێشکەوتنە ژیانی مرۆڤ، پێوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابووریەکان ئالۆگۆڕیان بە سەر دا دێ. پێشکەوتنی زانست و تێکنیک لە هەموو بوارێکەوە و بە تایبەت لە بواری پێوەندیگرتنی مرۆڤەکان بە یەکترەوە ئەو پێویستییەی هێناوەتە پێش کە بەشەکانی جیهانی مرۆڤایەتی و بە گشتی هەموو ئینسانەکان خۆ لە گەڵ ئەو ڕەوتی بەرەوپێشچوونە ڕێکخەن و لە ڕاستیش دا ئەگەر کۆمەڵێک نەتوانێ ئەو کارە بکا و هەروا لە شێوەکار و ڕێوشوێنی کۆن دا قەدیس بێ، ناتوانێ لە بەرهەمەکانی ئەو پێشکەوتنە بەهرەمەند بێ و لە دواکەوتوویی دا دەمێنێتەوە.

ئیشارە کردن بە یەک دوو نموونە لەو پێوەندییە دا بێ جێ نیە: لە بەر ئەوەی کە لە دنیای پڕجموجۆڵ و بەرەوگەشەکردنی ئەمڕۆ دا بارودۆخەکان زوو زوو ئالۆگۆڕیان بە سەر دادێ، ولاتانی پێشکەوتوو و بۆ وێنە ولاتی سوێد{کە بۆخۆمی لێدەژیم}، بە مەبەستی خۆگونجاندن لە گەڵ ئەو ڕەوتە، بە شێوەیەکی بەردەوام بیر لە بەرنامە و پلانی تازە و گونجاو دەکەنەوە و تێئۆری و پڕۆژەی نوێ لە هەموو بوارەکان دا تەجرەبە دەکەن. هەرلەو پێوەندییە دا کاربەڕێوەبەر و مووچەخۆرەکانی هەموو دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەڵگەی خوێندەواری، ڕادەی پسپۆڕی و زانیاری، دەبێ سالانە چەند جار و لە چەند ڕۆژی پێشبینیکراو دا لە خولەکانی فێربوون، سێمینار و باس و لێکۆڵینەوە دا بەشدار بن. ئەوەش بەو مەبەستەیە کە بەرنامەکان، شێوەی کار و بەرهەمدانی پڕۆژەکان بە پێی بارودۆخی تازە چاویان پێدا بخشێندرێتەوە، ئەگەر نوختە لاوازییەک هەبێ، قامکی لە سەر دابنرێ، بەهێزبکرێ و بەگشتی گەڕان بە دوای شێوە و میتۆدی تازە و نوێکردنەوە دا بە شێوەیەکی نیان و بەردەوام لە گۆڕێ دابێ. خراپ نیە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە لەو ولاتانە دا کۆڕی تایبەتی لە کەسانی زانا و پسپۆڕ لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان دا هەن کە کاریان لێکۆڵینەوە و دانانی پلان و بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن لەو بوارانە دایە کە باسمان کردن و دامەزراو و دەزگاکان لە ئاکامی کاری ئەو کۆڕانە کەلک وەردەگرن. بە کورتی لەو کۆمەڵانە دا ڕێفۆرم و نوێکردنەوە بۆتە

بەشێک لە فەرهەنگی ئەو گەلانە و لە مێژە کەوتۆتە سەر گەڕ.

* ڕێفۆرم و شۆڕش (Revolution) یەک نین.

کاتێک کە قسە لە ڕێفۆرم دەکرێ، لەوانەیە هێندێک کەس بیر لە شۆڕش (ئینقیلاب) بکەنەوە و نیگەرانیەکی زۆر جیاواز بۆ ئەو دوو زاراوەیە وەبەرچاو نەگرن، بەڵام لە ڕاستی دا ئەو دووە زۆر لێک دوورن. گوتمان ڕێفۆرم نوێکردنەوە و ئاڵوگۆڕە و ئەوەش بەو مانایەیە کە ئالقە کۆنەکانی زنجیرەی سیستیمێک دەگۆڕێ، شێوەکار و هەڵسوکەوتی کۆن و سواو، کە دەرکەوتوە باویان نەماوە و کارا نین، لادەبا و مێتۆد، شێوەکار و پێوەندیی تازە لە پێناوی بەرژەوەندییەکان دا دێنێتە گۆڕێ، لە حاڵێک دا شۆڕش، سیستیمێک، یان دەسەڵاتێک لە بناخە ڕا هەڵدەوەشێنێ و سیستیمێکی دیکە دێنێتە کایەوە.

جیاوازییەکی دیکەی ئەو دووانەش ئەوەیە کە سروشتی ڕێفۆرم لێکتێگەیشتن و گۆڕانکاری بە شێوەیەکی نەرم و ئاشتیخوازانەیە، بەڵام تەبیعەتی شۆڕش لابردنی دەسەڵات لە ڕێگای زۆر و تەنانەت شەڕ و تێکهەڵچوونەوەیە.

* بە گشتی مەرجە سەرەکییەکانی بەڕێوەچوونی ڕێفۆرم چن؟

جێبەجێکردنی ڕێفۆرم بە دروشمدان ناکرێ. پێشتریش زۆر جار هەر لەو حیزبەی خۆمان دا باسی نوێکردنەوە و ئاڵوگۆڕمان بیستوە و نەشکراوە.

بە بڕوای من بە گشتی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێفۆرم چەند مەرجی سەرەکی پێویستن کە هێندێکیان دەچوارچێوەی ئیرادە و دەسەڵاتی خۆمان دان و دەستەبەرکردنیان هاسانە و هێندێکیشیان دەگەڕێنەوە سەر قەوارە و پێکهاتەی کۆمەڵ، یان حیزب و داب و نەریتەکان کە درەنگ مل بۆ ئاڵوگۆڕ ڕادەکێشن و دەبێ بهێنرێنە ژێر ڕکێفی نوێکردنەوە، یان با بڵێین کارێک بکەین کە مەنتیقی پێویستیی ڕێفۆرم دایانپۆشی و بە سەریان دا زاڵ بێ. مەرجە هەرە سەرەکییەکان ئەمانەن:

ئا: کۆمەڵگە پێویستیی ئاڵوگۆڕی هەست پێکردبێ.

ب: فاکتۆرەکانی بارودۆخ، کات و شوێن(زەمان و مەکان) بۆ دەسپێکردنی ئاڵوگۆڕ لە هەرکام لەو بوارانە دا کە دەکەونە بازنەی ڕێفۆرمەکەوە، لەبار بن.

پ: هەلومەرج لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریەوە گرینگیی پێکهاتنی ڕێفۆرم زەق کاتەوە.

ت: ئەوانەی دەبنە بەڕێوەبەری بەرنامەی ئاڵوگۆڕ، بە قووڵی باوەڕیان بەو ئاڵوگۆڕانە هەبێ و لە سەر ئەو بیرە ساغ بووبنەوە.

ج: چوارچێوە، ڕادە، بوار و کاناڵی ئاڵو گۆڕەکان بە شێوەیەکی ڕوون دیاری بکرێن، دیار بێ لە چ بوارێک دا چ شتێک نوێ دەکرێتەوە و تا چ ڕادەیەک ئاڵوگۆڕ دەکرێ و چ شتێک، یان چ میتۆد و چوارچێوەیەکی نوێی بۆ دیاری دەکرێ و لە هەموو شتێک گرینگتر، خراپیی ئەو میتۆدە کۆنانە دەچ دا بوو و چاکیی ئەو شتە تازانە دە کوێ دایە؟

با وێنەیەکی ڕوون بێنینەوە: تۆ پێتوایە سیستیمی پێوەندیی نێوان ئۆرگانەکانی حیزب، بڕیاردان و بەڕێوەبردنی بڕیار، کە تا ئێستا کاری پێکراوە، نێوەندینەکراو(سانترالیستی)یە و دەبێ بگۆڕدرێ. بێگومان مەبەستت ئەوە نیە کە ئەو چوارچێوەیەی ئێستا لابەی و هیچی لە جێ دانەنێی. ئەگەر لە جێی دانەنێی، ئەوە حیزبت لە بەریەک هەڵوەشاندوە. دەزانین حیزب وەسیلەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و دەبێ هەموو ئاڵقەکانی زنجیرەی ڕێکخراوی ئەو حیزبە هەڵسووڕێن کار بکەن و لەوەش گرینگتر هاواهەنگی و هاوپشتیان بە یەکەوە هەبێ، تا بواری گەیشتن بە ئاکامێکی باش بکرێتەوە، کەوابوو دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕەی پێکی‌دێنی بە تێگەیشتن و سەرنجەوە بێ و تا ڕادەیەکی زۆر لە بەجێبوون و کارابوونی دڵنیا بی، جا بی‌کەی.

چ: ئاڵوگۆڕ پێکهێنان نابێ تەنیا لە سەر بناخەی بۆچوون و مەیلی هێندێک کادر و هەڵسووڕاوی حیزب بێ کە تەنیا خۆیان بە "ڕووناکبیر" و پێشەنگی هێنانی بیری نوێخوازی دەزانن.{مەبەستم هیچ کەسێکی تایبەتی نیە و بەشبەحاڵی خۆم شانازی بەو کادرە لاوە نوێخوازانەوە دەکەم کە بە بارەڕ و دڵسۆزیەوە بۆچوونی خۆیان لە سەر ئاڵوگۆڕ دەردەبڕن و گەڵاڵە و پێشنیار لەو بوارە دا دێننە گۆڕێ و لەوانەیە لە زۆر خاڵ و بڕگەی ئەو باسەش دا لە گەڵیان هاودەنگ بم، بەڵام دەمەوێ ئاڵوگۆڕەکان و ئاستی بەرینی و تەسکیان دە بەراوەردێکی ڕاستبینانە دا ببینم} ئەو بوارە پسپۆڕی تاکیش هەڵناگرێ (و ئەوەندەی من بزانم کەسێکی پسپۆڕی واشمان نیە)، کار و بیری بە کۆمەڵی دەوێ و دەبێ ئاگادار بووین، قەناعەت و ڕازیبوونی ئۆرگان و چینە جۆراوجۆرەکانی نێو حیزب و لایەنگرانی حیزبی لە گەڵ بێ، لە لایەن کۆڕ وکۆمەڵانی خوێندەوار و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵاتەوە بسەلمێندرێ و لە گەڵ

ڕاستییەکانی نێو حیزبیش بێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەمووی ئەو شتانە دەبێ هاوکات لە بەرنامە و ڕەوتی بەڕێوەبردنی ئاڵوگۆڕ دا وەبەرچاو بگیرێن. بۆ دانانی پلان و بەرنامەی نوێکردنەوە پێویستە کۆڕێک لە کادرە شارەزا و بە ئەزموونەکانی حیزب لە هەموو پلە تەشکیلاتییەکان، بە وەبەرچاوگرتنی باوەڕ و ڕێنوێنیی کەسایەتییە لێزان و خاوەنبیرەکانی کورد، لێبکۆڵنەوە، کاربکەن و لە سەر بەرنامەیەک ساغ ببنەوە.

* داخوا تەنیا ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە پێڕەوپرۆگرامی حیزب دا، مەسەلەی ڕێفۆرممان بۆ چارەسەر دەکا؟

کاتێک لە نێو حیزبی ئێمە دا باسی ڕێفۆرم و ئاڵوگۆڕ دەکرێ، زۆر کەس دەسبەجێ بیر لە گۆڕینی پێڕەو و پرۆگرامی حیزب دەکەنەوە و زۆر شتی گرینگتری دیکەیان وەبەرچاو نایە، لە حاڵێک دا ئاڵوگۆڕ لەو بەڵگە حیزبییانە دا لە پلەی دووهەمی گرینگی دایە. بەڵێ، بێگومان دەبێ پێڕەو و پرۆگرامی حیزب نوێ بکرێنەوە، بە شێوەیەک بنووسرێنەوە کە لە گەڵ بارودۆخی ئێستای خەباتی گەلەکەمان بێنەوە و هەڵسووڕانی تەشکیلاتیی ئێمە بخەنە کانائێکی لەباری سەردەمییانەوە، بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێ، ئەو بەڵگانە کە بەرهەمی بیری خۆمانن، لە بەرامبەر قەیران، کێشە و گەشەنەکردنی ئێمە دا تاوانبار نین. ئەوان تەنیا هێندێک ڕێوشوێنی سەر کاغەزن، کە لەخۆوە نە هێز و دەسەڵاتێکیان هەیە و نە دەشتوانن ئەمر و نەهی بکەن و کەسێک لە سەر سەرپێچیکردن لە بنەماکان سزا بدەن، یان کەسێکی دیکە لە بەرخاتری هەڵسووڕبوون و خزمەتکردن خەڵات بکەن. ئێمە هەرکات بمانەوێ، دەتوانین بە گرتنی کۆنفڕانسێک بیانگۆڕێن و لە سەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆمان دایانڕێژینەوە. لە ڕاستی دا ئەوە ئەندامانی حیزب و لە سەرەوەی هەمووان دەزگای ڕێبەرایەتیی حیزبن کە دەتوانن کەسایەتی بە پرێنسیپە پەسندکراوەکان بدەن و بەهێز یان بێهێزیان کەن.

پێمخۆشە لەو بوارە دا چەند نموونەی جۆراوجۆر بێنمەوە:

* لەبیرمە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، ئەو کاتەی شۆڕش لە ئێران دا تووندتر ببوو و هێندەی نەمابوو کۆنترۆڵ لە دەست دەوڵەتی ئێران بچێتە دەر، محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی پێش ئەوەی وڵات بە جێبێڵێ، هاتە سەر تەلەویزیۆن و گوتی:" خەڵکی ئێران من پەیامی شۆڕشی ئێوەم بیست... بەڵام ئەوەش بزانن کە من بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات تەنیا پاشایەتی دەکەم. بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی وڵات لەئەستۆی دەوڵەتە و من ناگرێتەوە..." بەو شێوەیە دەیەویست بە پەنابردن بۆ یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە، پاکانە بۆخۆی بکا، لە حاڵێک دا دەزانین

ناوبراو چ دیکتاتۆرێک بوو و چۆن هەموو دەسەڵاتی بۆخۆی پاوان کردبوو. دەی باشە ئەگەر شا لە سەرەتاوە هەر ئەو یاسا بنەڕەتییەی مەشروتەی کە بۆخۆی ئیشارەی پێدەکرد، وەبەرچاو گرتبا و کاری پێکردبا، ولات تووشی ئەو چارەنووسە دەبوو، کە بوو و خەڵکی ئێران تووشی ئەو کوێرەوەری و دەردەسەریانە دەهاتن، کە دیتمان؟

٠ ئەسڵی پازدە و نۆزدەی یاسای بنەڕەتیی هەر ئەو کۆماری ئیسلامییەی کە هەموو دنیا باشی دەناسێ و دەزانین چەندە دژی مافی مرۆڤ و یاسای ئینسانییە، دەتوانن ببنە چەشنە بناخەیەک بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کەمایەتییەکانی ئێران و گومان لەوە دانیە ئەگەر ئەو ڕێژیمە لە ماهییەتی دا هەبا (کە نیە) و ویستبای بە نیازپاکی و بە لێکدانەوەیەکی موسبەت و ئاشتیخوازانەوە جێبەجێیان بکا، نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد پێویستیان بە نێزیکەی سێ دەیە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی خۆیان دا نەدەبوو.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو دوو نموونەیە تەنیا ئەوە بوو کە بەشێکی زۆرلە بنەما، یاسا و ڕێوشوێنەکان بە بەراوەرد لە گەڵ بارۆدۆخەکان، لە بناخە دا لە سەداسەد خراپ نانووسرێن و هەر نەبێ زۆر شوێنی موسبەتیان تێدایە، بەڵام ئەوانەی بەڕێوەبەرن، بۆ بەرینکردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان(کە دیارە یاسا دەسەڵاتەکان بەرتەسک دەکاتەوە و سنووریان بۆ دادەنێ) یاسا و ڕێوشوێنەکان پشتگوێ دەخەن و بایەخیان بۆ دانانێن.

با لەو بارەوە یەک دوو وێنەش لە خۆمان و حیزبی خۆمان بێنمەوە:

لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێمۆکرات دا بە ڕوونی مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران، بۆ ئەندامانی حیزب دیاری کراوە. بۆ نموونە:

"هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ(مادەی ٧ بەندی یەک)"
"کومیتەی هەر ڕێکخراوێک لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە یان نوێنەرانی ئەوانەوە هەڵدەبژێردرێ(مادەی دوازدە بەندی ٤)".
بەڵام ئەوەندەی من وەبیرم دێ، هەر دوور نەچین، لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب دا، بەرپرسی ئۆرگانەکان

و کۆمیتەکانی وڵات و جاری وابووە هەموو، یان بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمیتەش تەنیا لە لایەن سکرتێری حیزب و دەفتەری سیاسییەوە دیاری کراون.

(لێرە دا هەرچەند وتارەکە درێژ دەبێتەوە، ناچارم بڵێم ئەو کارە بێجگە لە پێشێلکردنی مافی هەڵبژاردنی بەرپرس و.. لە لایەن خودی ئەندامانی ئۆرگانەکانەوە، لانی کەم دوو عەیبی گەورەی هەبووە، کە لە پێش چاوی ئەندامانی حیزب و خەڵکی دیکەش شاراوە نەبوون:

یەکەم: سکرتێر و دەفتەری سیاسی کە شوێنی کاریان لە کوردستانە، هەرچەند لە وەزعی تەشکیلات و بارودۆخی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵاتیش ئاگادار بن، دیسانیش وەک ئەو کادرانەی بۆخۆیان لە دەرەوە دەژین و سااڵنێکی زۆرە لە دەرەوە کاری حیزبی دەکەن، ناتوانن بە وردی پێچ و خوارەکانی کار لەو بەشە دا ببینن، بارۆدۆخەکان شارەزا بن و لێهاتوویی‌یەکانیش بناسن. هەروەتر چونکە بەراوەردەکانیان زۆرتر بە پێی پێوانەکانی کار کردن لە کوردستانە، ناتوانن بەرپرسایەتی‌یەکان بە کەسانێک بسپێرن، کە زیاتر کارەکانیان لە دەست بێ و تێیان دا شارەزاتر بن.

دووەەم: ئەو چەشنە دیاریکردن و دانان(ئینتیساب)ـە، هەر لە خۆوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەستەبەندی لە نێو حیزب دا. بەو مانایە کە کاتێک بەرپرسی پلە یەکەمی حیزب، بە پێی لێکدانەوە و پەسندی خۆی کەسێک یان چەند کەس دیاری دەکا، ئەوە ئەو کەسانەش، بتەوێ نەتەوێ، کەم و زۆر چەشنە بەسراوەیی‌یەک بەو بەرپرسەوە پەیدا دەکەن و بەو چەشنە جەغزێک لە دەوری دەسەاڵت پێکدێ، کە هەروا بە هاسانی ئامادە نابێ دواتر و لە کاتی کۆنگرە دا جڵەوی ئیدارە کردنی حیزب بە کەسانی دیکە بسپێرێ و دیارە ئەو کاتیش بە پێی بەراوەردی خۆی بەڵگە دێنێتەوە و پاساو دەبینێتەوە کە کارەکەی ڕاستە و پێوایە خزمەتی بە حیزب کردوە، چونکە تەنیا کەسانی نێو ئەو جەغزە بە هەڵسووڕ، خاوەنبیر و لێوەشاوە دەزانێ. ئەوەش بۆ ئایندەی ڕێکخراوی حیزب زۆر پڕ مەترسی‌یە. بێجگە لە وەش ئەو چەشنە کەسانە کە دەکەونە نێو جەغزی لوتف و سەرنجی تایبەتیی سکرتێر و دەفتەری سیاسی‌یەوە، زۆر جار بە بێ تەئییدی بەدەنەی حیزب و تەنانەت ئۆرگانەکانی خۆشیان دەکرێنە جێگر و ڕاوێژکار و بە هاسانی و بە بێ ئەوەی لە کۆنفڕانس و هەڵبژاردنێکی دێمۆکڕاتی دا بەشداری بکەن، مافی بەشدار بوون لە کۆنگرەیان دا پێدەدرێ. ئەو شێوە نادێمۆکڕاتی‌یە بە ئاشکرا دەبێتە هۆی پێشێلکرانی مافی هەڵبژێررانی ئەندامانی دیکە کە زۆر جار دەرکەوتووە لێوەشاوەیی‌یان لە دیاریکراوەکان زۆرتر بووە).

تەنانەت دوای ئەوەی حیزب لەتبوو و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(باڵی کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدە) لە سەر بناخەیەکی نوێ ئۆرگانەکانی خۆی ساغکردەوە، هەرچەند من پێموایە دەکرا کۆنفرانسێکی بەپەلە، لانی کەم لە کۆمەڵێک کادر و ئەندامی ناسراو و بە ئەزموونی حیزب بۆ هەموو دەرەوە گیرابا، دیسان چارەنووسی مەسەلەی هەڵبژاردن و سیستیمی دیاریکردنی بەرپرسایەتییەکان کەوتەوە بەردەستی ناوەند و بە تایبەت دوو سێ کەسی سەرووی حیزب. ئاکام ئەوە بوو کە بۆ وێنە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ئوروپای حیزب لە لایەن ناوەندەوە دیاری کران و بێجگە لە یەک دوو کەس کە ئەم دوایییانە لە یەک دوو کۆمیتەی وڵاتەوە لە کۆمیتەی ئوروپا زیاد کراون، ئێستا ئەو کۆمیتەیە هیچکەسێکی هەڵبژێرراوی ئەندامانی ئوروپای حیزبی تێدا نیە. تەنانەت کۆمیتەی نووسینەوەی پێڕەو و پرۆگرامی حیزب لە بەشی تەشکیلاتی ئوروپاش هەر ناوەند دیاری کردوە، کە دیارە ئەو شێوە کارە هەم لە گەڵ ئەو ماددانەی پێڕەو ناکۆکە و هەم لە گەڵ ڕووحی "خەتەگشتییەکانی ڕێبازی حیزب" کە بە بڕوای من بناخەیەکی باش بۆ دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕ و چوون بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتری حیزبایەتییە، ناتەبایە.

من کاتێک لێرە دا ئەو شتانە دەڵێم، مەبەستم ڕەخنە گرتن نیە، جێگای ڕەخنە دەرفەت و کاتی دیکەیە، بەڵام دەمەوێ لەو وێنانە بۆ خاڵی دواتری باسەکەم ئاکامێکی دیار و ڕوون وەرگرم کە دەڵێ ئاڵوگۆڕ دەبێ پێش هەموو شتێک لە خۆمانەوە دەست پێبکەین، دەنا ئەگەر پێشکەوتووترین پێڕەو و پرۆگرام و یاسا وڕێوشوێنمان لە تۆێ جوانترین و رازاوەترین وشە و زاراوەی سیاسی و ئەدەبی دا لە سەر کاغەز هەبن و وەبەرچاویان نەگرین، هەر دێینەوە سەر دۆخی جاران و سوودێک نابەین.

* لە کوێوە ئاڵوگۆڕ دەست پێبکەین؟

دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ڕێفۆرم و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ:

١- بە خۆمان دا بچینەوە.

هەنگاوی یەکەممان لە ڕێگای نوێکردنەوە دا دەبێ ئەوە بێ کە بە خۆمان دا بچینەوە و لەو پێوەندییەش دا پێش هەموو شتێک ئەو هۆکارانە بدەینە بەر سەرنج کە بوونە هۆی لەتبوونی حیزبی دێمۆکرات. ئەگەر ئەوە نەکەین هەر

دەچینەوە نێو ئەو بازنە شوومەی تائێستا هەر تێیدا خولاوینەوە. با بزانین هۆی ڕاوەستانی ڕەوتی گەشەکردنی حیزبی ئێمە و کارانەبوونی بۆ خۆ ڕێکخستنی تەواو لە گەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم چ بووە. بێگومان ئەو کارە بێجگە لەوەی ئازایانەیە وەک هەنگاوی یەکەم لە ڕێگای ڕێفۆرم دا پێویستە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە - وەک پێشتر گوتمان ـ دووبەرەکییەک لە نێو حیزبی ئێمە دا هەبووە، کە لە سەریەک تا ڕادەیەکی زۆر نەیهێشتووە هیچ لایەکمان بێجگە لە کێشەی نێوخۆیی و هەوڵدان بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانی لایەنی بەرامبەر بۆ داگیرکردنی کورسییەکانی ڕێبەرایەتی، بیر لە شتێکی دیکەی وا بکەینەوە، کە سوودی بۆ گەشەکردنی حیزب هەبێ. بەڵام دووبەرەکایەتی و کێشەکەش هەر لە خۆڕا نەبووە و بەرهەمی هێندێک هەڵە بووە، کە هەرچەند بەشی زۆرتر ئاکامی ئاکار و هەڵسوکەوتی لایەنی بەرامبەری ئێمەش بووبن، دەبێ ئێمە ئەو هەڵانە دەستنیشان بکەین، دانیان پێدا بێنین و ئەو جار بڕیار بدەین کە نە بۆخۆمان دووپاتیان بکەینەوە و نە بهێڵین لە حیزب دا دووپات ببنەوە.

لەپێناو ئەو مەبەستە دا:

ئەلف - شەڕی دەسەڵات ڕیشەکێش بکەین.

نازانم سەردێڕی"شەڕی دەسەڵات" کە من لێرە دا هێناومە و تا ئێستاش لە سەر زمانی خەڵک بووە، بۆ کێشەی نێو حیزبی دێمۆکڕات دەگونجێ، یان نا؟! حیزبی ئێمە لە خەباتی سیاسی دایە و جارێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار نەبووە، تا شتێک وەک دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری هەبێ، کە مرۆڤ هەوڵ بدا وەدەستی بێنێ، یان ببێتە مایەی کێشە و شەڕی لە سەر بکرێ. بەو حاڵەش گرتنەوەی کورسیی زیاتری ڕێبەرایەتی، کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی حیزب و بەکارهێنانی ویست و ئیرادەی تاک و گوروپ، ئەو خاڵانە بوون کە باڵەکانی نێو حیزبی دێمۆکڕات ئۆگریان بوون و هەموو توانا و بیری خۆیان بۆ تەرخان کردوون. قسەی تێدا نیە کە خەبات و کێبەرکێی نێوخۆیی، بە شێوەی ئاشکرا و لە چوارچێوەی پرێنسیپ و بنەماکانی مافی ئەندامانی حیزب دا، نەک هەر زیانی بۆ حیزبێکی سیاسی نیە، بەڵکوو دەبێتە هۆی گەشەکردن و سەرکەوتنی و هەروەها لە خەباتێکی نێوخۆیی ساغ و بێغەرەز و مەرەز دا مێشکەکان دەکرێنەوە، کادرەکان پوختە دەبن، لاوەکان پێدەگەن و خەڵکیش فێر دەبن و دەزانن چۆن هەڵبژێرن و کێهەڵبژێرن. بەڵام بە داخەوە ئەوەی لە حیزبی ئێمە دا دەکرا و هێندێک کەس

ناویشیان دەنا "کیبەرکێی نێوخۆیی"، بە نەهێنی دەکرا، کەلک لە زۆر کەرەسە و شێوەی نارەوا بۆ گەیشتن بە ئامانج وەردەگیرا و خەباتەکە بە مەبەستی پشت لە زەویدان و لە مەیداندەرکردنی باڵی بەرامبەر دەکرا و لە سەر یەک ڕووخینەر بوو.

دەبێ ئاسەواری شەڕی دەسەڵات نەهێڵێن و شکڵێکی سەردەمیانە و ئاشکرا"شەفاف" بە خەباتی نێوخۆیی بدەین.

ب ـ هەستی متمانە کردن بە یەکتر لە نێو حیزب دا بە هێز بکەین. (دیپلۆماسی) لە گەڵ یەکتر نەکەین.

ئەگەر چاوێک بە مێژوو دا بخشێنین و بۆ وێنە بۆ ساتێک بچینەوە سەردەمی کۆمەڵەی ژـ ک، دەبینین ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە سوێندیان بە ئاڵای کوردستان و قورئان بۆ یەکتر خواردوە و بەو شێوەیە پەیمانیان بەستوە کە خەیانەت بە یەکتر و بە ئامانجەکەیان نەکەن، ئەندامەکانی متمانەیان بە یەکتر بووە، بە ڕاستی دڵسۆزی ڕێکخراوەکەیان بوون و بڕوایان پێی هەبووە. هەربۆیەشە دەبینین کۆمەڵە لە بەراوەرد لە گەڵ سەردەمی خۆی دا ڕێکخراوێکی پتەو و سەرکەوتوو بووە و سەرەڕای نەبوونی دەزگای پێوەندی و ڕاگەیاندنێکی وەک ئێستا، لە ماوەیەکی کەم دا توانیویەتی لە هەرچوار پارچەی کوردستان دا بڵاو ببێتەوە. من ناڵێم ئێمەش بە ئاڵای کوردستان و قورئان سوێند بخۆین، بەڵام دەبێ ئەوەندەمان باوەڕ بە هاوڕێیانی حیزبیی خۆمان هەبێ، کە بتوانین لە نیازپاکیی یەکتر دڵنیا بین. دیپلۆماسی کردن بۆ نێو حیزب و لەگەڵ هاوڕێی خۆ بۆ وەدەستهێنانی کورسی تاوانە، تەنانەت لە دەرەوەی حیزب و لە گەڵ نەیارانیش هێندێک پابەند بوون و بەرعۆدەبوونی هەر تێدایە و دەبێ بناخە و ئوسوولی باوەڕ بە یەکترکردنی تێدا بێ، بەڵام من لە ماوەی دووبەرەکیی نێوخۆیی دا و تا کاتی لەتبوونی حیزب، زۆر جار شاهیدبووم کە ڕاست ئەو کاتەی کابرای هاوڕێ بێزاریی لە ناکۆکی دەردەبڕی و قەولی دەدا هەوڵ بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و یەکخستنەوەی ڕیزەکان بدا، لە مێشکی خۆی دا بیری لە ڕێگایەکی نوێ بۆ شکاندنی لایەنی بەرامبەر دەکردەوە و ئەوەش هەر زوو دەردەکەوت. ئەو دیاردە ناحەزەش دەبێ لە حیزبی ئێمە دا نەمێنێ.

پ - ڕێز لە مافی حیزبی و تەشکیلاتیی هاوڕێیانمان بگرین.

مەبەست ئەوەیە کە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە بەرامبەر پێشێلکرانی هەرچەشنە مافێکی حیزبیی تاکەکانی

حیزب وەدەنگ بێن و ستەملێکراو هەرکەس بێ، لە هەر ئۆرگانێک دا بێ و لە هەر شوێنێک بێ، پشتیوانی لێبکرێ. کەم نین ئەو کادر و پێشمەرگانەی دوای سالانێکی زۆر زەحمەت و فیداکاری لە قۆناخە جۆراوجۆرەکان دا بە بیانووی جۆراوجۆر دەرکراون، یان تەریک کراونەوە و کەسیش لێی نەپرسیونەوە.

ج ـ فەرق و جیاوازیدانان لە حیزب دا نەهێلین.

هەر وەک لەو چەند سالانەی دوایی و لە گەرمەی دووبەرەکی دا دیتمان، پەیدابوونی خۆبەخۆیی، یان دابەشکردنی خەباتکارانی حیزب بە "خۆمانە" و"غەیری" یەکێک لەو زەبرە قورسانە بوو کە وەحیزبی دێمۆکرات کەوت و بەرەو لەتبوونی برد. لەبیرمان بێ حیزبێکی سیاسیی دێمۆکرات بە بێ هەبوون و بەرخوردی بیروڕای جیاواز ناتوانێ بژی، بەڵام تەنانەت هەبوونی دووبارە، دوو فراکسیۆن، یان دوولایەنیش بە دوو بیری جیاوازەوە دە حیزب دا، نابێ حیزب بە دوو بەشی خۆمانە و بێگانە دابەش بکا. دەبێ بیرکردنەوەی هەر تاکێکی حیزب بەو شێوەیە بێ کە هەموو کادر و ئەندامانی حیزب ئەندامانی یەک بنەماڵەن و ئەوەی شێوەی بیرکردنەوەی لە گەڵ من جیاوازە، لە هاوبیرەکەم بۆ من خۆییترە.

بێجگەلەوەش کەرەسە و ئیمکاناتی ماڵی، تەشکیلاتی و تەبلیغاتیی حیزبیش دەبێ بە پێی پێویست و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و شوێن، بۆ کەلک لێوەرگرتنی هەموو ئەندامانی حیزب بن و لەو بارەوە بۆ هیچکەس جیاوازی دانەنرێ.

٢- دەسەڵات، یان "سەڵاحییەت" و "ئیختیارات" تەنیا لە پاوانی ناوەند دا نەبێ. واتە دەسەڵات(دیسانتڕالیزە) بکەین.

تا ئێستا لە حیزبی ئێمە دا عادەت وابووە کە دەکرێ بڵێین دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کە شوێنی تێکۆشانیان لە کوردستان بووە، دەسەڵاتی بێئەملا و ئەولایان هەبووە. شتێکی سروشتییە ڕێبەرایەتیی حیزبێک بۆیە هەڵدەبژێدرێ، تا حیزبەکە ئیدارە بکا و بۆ ئەو ئیدارە کردنەش پێویستە بە ڕادەی پێویست دەستی بڕوا و بە قسەی بکرێ، بەڵام ئەوەی قسەی لە سەرە، تا ئێستا بە تەجرەبە دەرکەوتووە کە گرفتی گەورەی پێکهێناوە و بە کردەوە دەوری تۆرمزی ماتۆڕی گەشەکردن و نوێکردنەوەی حیزبی گێڕاوە، شێوەی بەڕێوەبردنەکەیە. دەفتەری

سیاسیی حیزبی ئێمە و لە پلەی یەکەم دا سکرتێری حیزب کە ئۆرگانی هەرەسەرووی بەڕێوەبردن لە حیزبی دێمۆکڕات دا بووین، تا ئێستا بۆ هەموو شتێک لە دیاریکردنی بەرپرسانەوە بگرە، تا بڕیاردان لە سەر پێوەندییەکان، سەروبەرکردنی کارەکان و ڕێوشوێن دانان بۆ هەڵسووڕان و حەلکردنی مەسەلەکان، لە ناوەندی حیزب، نێوخۆی وڵات و تەنانەت تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتیش، هەر بۆخۆیان خەت و لەلەیان دیاری کردوە و بڕیاریان داوە. دیارە ئەوەش هەڵە بووە. بۆ؟

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری قسەکە با دیسان هەر تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات بە نموونە بێنینەوە: ئێستا بە دەیان کادری بە ئەزموون لە دەرەوەی وڵات کار دەکەن، کە ئەگەر باری شایستەیی و لێهاتوویی لە هەر بوارێک دا وەبەرچاو بگرین، بەشێکی زۆریان بۆ ئەوە دەبن لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا بن و تەنانەت هەر بۆخۆیان ڕێبەرایەتییەکی بە هێز پێکبێنن. لە لایەکی دیکەشەوە، وەک پێشتریش ئیشارەم پێکرد، ئەو خەڵکە کە بۆخۆیان لە ئوروپا دەژین و شەو و ڕۆژ لە گەڵ ئاڵوگۆڕ و باسوخواسەکانی وێ دەژین، بۆ دەبێ ئیبتیکاری بڕیاردان لە سەر کاروباری ئەو بەشەیان پێنەسپێردرێ{کە تا ئێستا پێیان نەسپێردراوە} و بۆ وێنە بەرپرس و بەڕێوەبەریان لە کوردستانەوە بۆ دیاری بکرێ؟!

ئەو شێوە بەڕێوەبردنەی تا ئێستا ڕەچاوکراوە، کەمترین زیانی ئەوە بووە کە زۆر کادری هەڵسووڕ و شارەزا نەیانتوانیوە خۆیان لە گەڵ ئەو سیستیمە ڕێکخەن و دوور کەوتوونەوە. هەروەها ئەو شێوەیە بۆتە هۆی ئەوە کە کادرەکانی ئەو بەشە هەستی متمانە بە خۆبوونیان کەم بێتەوە، ئیبتیکار، لێهاتوویی و شێوەکاری تازە ئیمکانی سەرهەڵدانیان نەبێ و شێوەی کۆن وەک خۆی بمێنێتەوە.

دیارە مەبەست لە "دیسانتڕالیزە کردن" تەنیا بڕیاردان لە سەر هەڵبژاردنی بەرپرسان و شێوەی بەڕێوەچوونی کاروباری ڕێکخستنی کۆمیتەکان لە بەشەکانی خۆیان دا نیە، بەڵکوو دەبێ لە ڕادەیەکی گونجاو دا، ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە مەسەلە گرینگە سیاسییەکان، پێوەندیی حیزب لە گەڵ ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکە و دیاریکردنی شێوەی هەڵسوکەوتی حیزب لە بەرامبەر ڕووداوە گرینگەکانی ڕۆژ، بە هاوکاری و هاوفکری لە نێوان ئۆرگانەکانی ناوەندی حیزب، دەرەوەی کوردستان و نێوخۆی وڵاتیش دا، بگرێتەوە.

۳- لە هەموو توانایی و لێوەشاوەییەکان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری حیزب کەلک وەربگیرێ.

یەکجار گرینگە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەرنامەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵەش هەبێ. بە بڕوای من ئەو ڕێگایانە دەتوانن بۆ وەگەڕخستنی تواناکان لە خزمەت حیزب دا یەکلاکەرەوە بن:

ئەسڵی هەڵبژاردن و هەڵبژێران پێی لە سەر دابگیرێ و دیاریکردنەکان"ئینتیسابەکان" کۆتایی‌یان بێ، تا ئەو کەسانەی شارەزایی‌یان هەیە و دەخۆیان ڕادەبینن،(بە تایبەت لە بەرەی کەمتەمەنتر و لاوتر) دەستیان بە بەرپرسایەتی‌یەکان ڕابگا و ئەزموونی خۆیان لە مەیدانی کردەوە دا تاقی کەنەوە. بێ تاقیکردنەوە کارایی دەرناکەوێ.

ئەوە مەرج نیە تەنیا ئەوانەی بەرپرسایەتی‌یان هەیە، هەڵسووڕ بن. زۆر ئەندامی کارزان و شارەزامان هەن کە وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ڕاستەوخۆیان پێخۆش نیە، بەڵام زۆر کاریان لە دەست دێن و ئامادەشن بیانکەن. سەرنج و بایەخ بەو جۆرە کەسانە بدرێ، کەلکیان لێوەربگیرێ و کاری گونجاویان پێبسپێردرێ.

پێوندیی بەردەوام لە گەڵ کەسانی خاوەنبیر، دڵسۆز و زانای دەرەوەی حیزب(ئەو کەسایەتی‌یانەی ئەندامی حیزب نین) هەبێ، سەبارەت بە وەزعی حیزب و بزووتنەوە باس و ڕاوێژیان لە گەڵ بکرێ و کەلک لە هاوکاری‌یەکان و ڕێنوێنی‌یەکانیان وەربگیرێ.

وێڕای ڕێگا ئاوانەکردن بۆ نەوەی نوێ لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب دا، بایەخی کاری کادر و ئەندامە دێرینەکانمان لە بیرنەچێ. بڕیاری خانەنشینکردنی ئەوانەی تەمەنیان دەگاتە حەفتا ساڵ، کە پێشتر و لە هەلومەرجێکی تایبەتی دا دراوە، بەجێ نەبووە و پێویستە هەڵوەشێتەوە. با تێکۆشەرە دێرینەکان تا ئەو کاتەی بۆخۆیان پێیانخۆشە، بە پێی دەرەتان و توانای خۆیان کار بکەن، دەنا وەک ڕاوێژکار کەلک لە ئەزموونیان وەربگیرێ.

٤- بیروڕای پاوانخوازانە نەمێنێ.

لە کۆنەوە فکرێک لە حیزب دا هەبووە کە دەکرێ بڵێین خۆی بە حیزبیی پلە یەک، یان خاوەنی پلەیەکی حیزب داناوە. ئەو فکرە پێوایە خۆی لە هەموو کەس بۆ حیزب دڵسۆزترە و خەڵکی دیکە کەلکی خراپ لە ئیمکانات و

ئیعتیبـاری حیـزب وەردەگـرن، هەربۆیـەش جێگـای خـۆی بـە جیـاواز و تـا سـەر و شـوێن و پێگـەی خـەڵکی دیکـەی بەرتەسک و کاتی دیتوە. ئەو فکرە چونکە بۆی زەحمەت بووە متمانە بە خەڵکی دیکە بکا، ئەگەر دەرەتانی بووبێ، کەسانی نێزیک بەخۆی بۆ کار دەستنیشان کردوە و خەڵکی دیکەی لە ناوەندەکانی بڕیاردان دوور کردۆتەوە.

فکرێکی ئەوتۆ نابێ لە ژیانی نوێی حیزبی دێمۆکڕات دا جێگای هەبێ. دەبێ هێندێک میکـانیزم، و پڕێنسـیپمان بـۆ لێپرسینەوە، بەراوەردکردن و هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمی تێکۆشانی هاوڕێیانمان هەبێ. نـابێ لـەخۆڕا لـە هـیچ ئەندامێکی حیزب درێژۆنگ بین، یان پێمان وابـێ بێکـارە و نادڵسـۆزن. ئـەو حیزبـە ئـی هەمووانـە و دەبـێ مەیـدانی کارکردن و هەروەتر گەشەکردنیش بۆ هەمووان ئاواڵە بێ.

٥- ئاڵوگۆڕ لە ئەدەبیاتی حیزب دا پێکبێنین.

ئەو نوێکردنەوەیە بمانەوێ نەمانەوێ پێویستیی بـە پێکهێنـانی هێنـدێک ئـاڵوگۆڕ لـە زمـانی ڕاگەیانـدنی حیـزب و ئەدەبیاتی حیزبیش دا هەیە. بۆ وێنە تائێستا هێندێک درۆشم و دەربڕینی حیزبی ئێمە لە سەر ئەو بناخەیە بـووە کە حیزبی دێمۆکڕاتمان بە تەنیا ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیـوە. ئـەوە بـۆ هێندێک قۆناخی پێشووی مێژوویی ڕاست بووە، بـەڵام ئێسـتا زۆر حیـزب و ڕێکخـراوی دیکـە هـەن، کـە لـە نێوخـۆ و دەرەوەی کوردستان خـەبات دەکـەن و گومـانی تـێدا نیـە لـە ئایندە دا و بـە تایبـەت کاتێـک ئـەو ئـاڵوگۆڕانـەی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا چاوەڕوان دەکرێن، ڕووبدەن، ڕێکخراوی دیکەش دروست دەبن و دێنە نێـو مەیـدانی خـەباتی سیاسـییەوە. دیـارە حیزبـی دێمـۆکڕات زۆر لـەمێژە بـاوەڕی بـە سیسـتیمی دێمـۆکڕاتیی فرەحیزبـی هەیـە و ئەوەشـی ڕاگەیاندوە، کەوابوو وابـاشە نووسـراوە و گوتـاری حیزبیش لەو بوار و پێوەندیـیانە دا بگـۆڕین.

٦- ئاڵوگۆڕ لە بەرنامە و پێڕەوی حیزب دا پێک بێنین.

خەڵکێکی زۆر سەبارەت بە نوێکردنەوە، ئـاڵوگۆڕتێدا پێکهێنان، یـان وەک کۆمیتەی ئامادەکردن خۆی نێودێری کردوە، "نووسـینەوەی بەرنامـە و پێـڕەو"، بابـەتیان نووسـیوە و ڕایـان دەربڕیـوە، کـە دیـارە دەبـێ سـەرنج بدرێتـە ئـەو بیروبووچوونانە.

بۆ ئەوەی دەرکەوێ کام بەش، یان شوێن و بڕگەی پێڕەو و پرۆگرام دەبێ بگۆڕێ، پێویستە مرۆڤ خاڵبەخاڵ ئەو

بەڵگانە بخوێنێتەوە و ئەو شوێنانە کە دەگۆڕدرێن بە ڕوونی دەستنیشان بکا. ئەوەش لەم وتارە دا کە هەرئێستاش زۆر درێژ بۆتەوە، ناگونجێ و بۆ دەرفەتێکی دیکەی دەهێڵمەوە. تەنیا دەڵێم کە ئەوەندەی دەکرێ، ڕووحی نەتەوایەتیی کورد و مافی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لەو ئەسڵانە دا بگونجی و بەهێز بکرێ. بۆ وێنە لە بەشی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامە دا ئەوە بە ڕوونی دیاربێ کە حیزبی ئێمە فیدڕالیزم وەک میکانیزمێک کە لەگەڵ هەلومەرج و بەرژەوەندیی ئێستای گەلانی ئێران، وەزعی سیاسیی ناوچە و پارچەکانی دیکەی کوردستان دێتەوە، چاو لێدەکا و وەک چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە، بۆ مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەمانی نابینێ. با ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی فارس وردە وردە تێبگا و {چاو و گوێی عادەتی پێبکا} کە قبوولکردنی فیدڕالیزم لە لایەن گەلی کوردەوە بە مانای چاوپۆشی لە مافی سەربەخۆیی نیە و ئەوەش هەر لە بن لێوانەوە نالێین و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنین.

هەوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠٠٧

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣ و ٢٠١٤

ماملێ لە دنیای هەرمان دا

بە وردی نازانم لە کەنگێوە گوێم بە دە نگی ماملێ ڕاهاتوە، هەر وەک لە بیرم نیە کەی و لە چ هەل و مەرجێکی ژیانم دا بۆ هەوەڵ جار دەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنەم بیستوە. دیارە ئەوەش بۆ من کە ئێستا دەمەوێ وەک کەسێک کە ئۆگر و ئەو یندارە دەنگی ماملێیە، چەند دێڕێک لە سەر ئەو هونەرمەندە بنووسم، زۆر گرینگ نیە.

بەڵام ئەوەندە دەزانم کە من لە سەروبەندی دە - دوازدە ساڵیەوە لە گەڵ دەنگی ماملێ ئاشنام، ئەوەندەیبۆم ڕەخسابێ، سەرەتا لە ڕادیۆ و گرامافۆنەوە - کە زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت - و دواتریش لە تەلەویزیۆن و

کاسێتی زەبت و ویدیۆوە گوێم لەگۆرانیـیەکانی گرتـوە و لـە گـەڵ ئـەو دەنگـە خۆشـە چوومـە سـەفەری خـەیاڵ. ئـەو دەنگە لە گەڵ بیر و هەستم تێکەڵاو بوە. زۆر جار بە بـزە لێوەکـانمی نەخشـاندوە و کـاتی واش بـوە فرمێسکی لـە چاوم وەراندوە.

ئێستا کە وردتر دەبمەوە و بۆ دیـاری کردنی سەرە تـای ئـاشنا بـوون لـە گـەڵ ئـەو نـەوا خـۆش و دڵبزوێنـە چـاو بـە فیلمی ژیانم دا دەخشێنمەوە، زۆر بیرەوەریم لـەو پێوەندیـیە دا و هـک خـەون دێنـەوە بیـر. دەبینـم هـەموو تـەمـەنی پێگەیشتوویی و لاوەتیم و بەشێکی زۆریش لە تـەمـەنی منداڵیم ئـەو هـاوڕێ وەفـادارەم لەگـەڵ بـوە و کـەمتر وا بـوە بەجێم هێڵێ. دەڵێن بیـری منداڵـیـە تیـژە. بـێ گومـان هـەر بۆیەشـە کاتێـک دەگەمـەوە سـەردەمی منـداڵی، دەبینـم بیرەوەری یەکان ڕوونتر و خەونەکان دیارترن. تەنیا وەک لە پێش دا گـوتم خراپیـیەکـەی ئـەوەیـە کـە سـاڵەکان و کاتەکانم بە وردی نایەنەوە بیر و بۆم دیاری ناکرێن.

بەهەرحاڵ بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆم دەبێ ئـەو بیرەوەریـانەم بگـەنـەوە دوا مانگی پاییزی سـاڵی چل، یـان چل و یەکی هەتـاوی. ماڵمان لە دێ "دایماو" بوو، کـە هێشـتاش هێنـدێک لـە براکـانم و خزمـەکانم هـەر لـە وێ نیشـتە جێن. ئـەو کات هێشتا وا بـاو نـەبوو کەخـەڵکی دێهات ڕادیۆیـان هـەبێ. دێیـەکـەمان کـە نێزیـک بـە پـەنجا مـاڵدەبوو، تـەنیا دوو ڕادیـۆی تێدابوو. شـەوانـە خـە ڵکێکی زۆر لـەو دوو مـاڵـە کـە ڕادیـۆکانیـان هـەبوو، کـۆدەبوونـەوە و هـەمـوو بـە ئـاوات و ئـارەزووە وە چاوەڕوانی بیستنی بەرنامەیکوردی دەبوون، ئـەو کاتـە ڕادیـۆ بەغـدا لـە ڕۆژ دا چـەنـد سـەعـات بەرنامەی کوردیی هەبوو و لە تـارانیش بەرنامەیەک هەبوو. مـاوەی بەرنـامـەکوردی یەکـەی تـاران - وە ک لـە بیـرم بێ - سـەعـاتێک بوو و شـەوانـە بـڵاو دەکرایـەوە. دیـارە بەرنـامـەکانی بەغـداش زۆر خـۆش بـوون، بـەڵام خەڵکـە کـە زۆرتـر ئـۆگری بەرنـامەی ڕادیـۆ تـاران بـوون، کـە هونـەرمـەنـدە خۆمـاڵـیـەکـان گـۆرانـیـیان تێـدا دەگـوت. زۆرجـار خـەڵکـەکـە لـە ژووری مـاڵـەکـان دا جێیـان نـە دەبـۆوە و لـە سـەرسـەکـۆی پێش پـەنجـەرە و لـەسـەر کـەوشـانیش کـە بـە شـێوەی ئـاسـایی یـان لـەپێشخانـە - ئـەگـەر دیـوەکـە پێشخانـەی هـەبـا - و یـا لـە گـۆشـەی خـوارەوەی دیـوەکـە دەبـوون، دادەنیشـتن. زۆرتـر سە رکەوشان و پێشخانە وە بەر ئێمەی منداڵ دەکەوتن. لەتـرسـی وەش کـە نـەکـا وەدەرمـان بنـێن، ڕازی و شـوکـرانـە بژێر بووین. کەبەرنامە کوردیـیەکە دەستی پێدەکرد، هەموو بێ دەنگ دەبوون، بەتـایبـەت کـاتێک گـۆرانـیـیەکـی خـۆش بڵاو دەکرایـەوە، متـەق لـەدارو بـەردی هـاتبـا، لـەخـەڵکـی نێـو ئـەو ژووڕەی نـەدەهـات. بیرەوەریـی دووری ئـەو شـەوانـە لەبیر و مێشکی من دا لەگەڵ دەنگی ماملێ، حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسگەری کوردستانی تۆمار کراون.

لەبیرمە زۆرم ئارەزوو دەکرد کە لە ماڵە خۆمان ڕادیۆ یەکمان هەبێ و بتوانم جارێک لە پەنای دانیشم و گوێ بدەمە بەرنامەی کوردی. زۆری پێ نەچوو ئەو ئاواتەم بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەدی هات. ئێوارەیەک لەسەر سەربانێک کە لەپێش ماڵی خۆمان هەڵکەو تبوو، لەگەڵ چەند منداڵی دیکە کایەم دەکرد. بابم چەند ڕۆژ بوو چووبوە شاری (مەبەستم مهابادە). منیش کەچاوەڕوانیی هاتنەوەی بابم دەکرد، جار جار ئاوڕێکم وەلای ڕێگای شاری دەداوە. ئەو کات هێشتا گوندەکان ماشێنی خەتیان نەبوو و هات و چۆ بەپێیان و بەسواری ولاغ دەکرا. یەک - دوو جیپی ماڵە ئاغاکانیش هەبوون کە بۆخۆیان هات و چۆیان پێ دەکردن و دیارە زۆر کەم خەڵکی دیکەیان سوار دەکرد. بابم ولاغی سواریەی نەبردبوو و بەپێیان لەگەڵ چەند جیرانان کە ولاغیان پێ بوو، و قەولیان پێدابوو لەو سەری کە گەڕانەوە، شتەکانی بۆ هەڵگرن، چووبوو و، ڕوون نەبوو کەنگێ دەتوانێ بگەڕێتەوە. هەر بۆیە منیش زۆر دڵنیا نەبووم کە ئەو ڕۆژە بتوانێ بێتەوە. بەڵام لەپڕ چاوم بە بابم و شارچی یەکان کەوت کە تازە لەسیلەی ڕێگایە وەدەرکەوتبوون و وردە وردە دەهاتن. بەغاردان چووم بۆ لای بابم و ماندوونەبوونیم لێ کرد.

ئەو بەستەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو کە من پیم وابوو حاجەت و حوجەتی ماڵێی تێدایە. دیارە هەموو جارێ کە لە شار دەگەڕایەوە، شیرنیات و غوڕابیشی بۆ ئێمە دێنا. هەر بۆیە من چاوێکم هەر لەلای بەستەکەبوو و پێم خۆش بوو هەر چی زووتر بگەینەوە و بیکەینەوە، تا بە تامی خۆشی غورابی و شیرنیاتان زارم شیرن کەم. کەگەیشتینەوە ژووری. بابم بەئەسپایی بە ستەکەی لەلای سەرووی ماڵێ دانا. پاکەتی شیرنیاتاتیشی لە گیرفانی دەرێنا و بەسەرمانی دا دابەش کرد. تێگەیشتم کە نەخێر ئەو بەستەیە شتێکی زۆر گرینگتر لەکەل و پەلی ماڵێ و غوڕابیانی تێدایە. کاتێک بابم بە تەواوی حەساوە، بەستەی گۆڕینی کردەوە. ئای خودایەچەند خۆشحاڵ بووم.

نەم دەتوانی باوەڕ بکەم. ڕادیۆیەکی "سیرا"ی جوان لەنێو بوخچەکە هاتە دەرێ. لەخۆشیان زار بزاوتنم لێ بڕا و تامی شیرنیانم لەبیرچۆوە. هەر ئەمن نا، هەمووخەڵکی ماڵەکە مان بە سەرخوشحاڵیەکی کەموێنە دا کەوتبوون. بەتایبەت لەبەر ئەوە کە بابم پێشتر باسی ڕادیۆ کڕینی هەر نەکردبوو. ئەو یەک - دوو سەعاتەی بۆ دەست پێ کردنی بەرنامەی کوردی مابوون، خۆیان لێدرێژ دەکردمەوەو تەواو نەدەبوون. سەرئەنجام کاتی پروگرامەکە هات.

دوای هێندێک خەبەر و مەبەر و قسەوباس، وێژەری بەرنامەکە ڕایگەیاند کە ئەو جار کاتی بڵاوکردنەوەی چەند گۆرانی یە:

"ئاخ من پەروانەم لەدوای خاڵت سووتام بەئیشقی جەماڵت
کۆچی یارم کۆچی سوورە بەهارە خێڵ بەرەوژوورە
من ئاشقم شێت و شەیدا بۆسوورە گوڵ لەو باخەی دا"

ئەوە دەنگی ماملێ بوو کەلە فەزای بچووکی نێو ماڵی ئێمەدا دەلەرایەوە. ئەو دەنگە خۆشە هەستێکی تایبەتی و خەیاڵاویی لە من دا پێک هێنا. ئێدی لەو کاتەوە بووم بە یەکێک لە ئەویندارانی دەنگی ماملێ و کاتێک لەماڵی خۆمان لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و گوێمان دەدا بەرنامەی ڕادیۆ، چاوەڕوانی بیستنی گۆرانیەکانی دەبووم.

زۆری پێ نەچوو ئیزگەی کوردیی ڕادیۆ کرماشان کرایەوە. ئەوەش بە بڕوای من ڕووداوێکی یەکجار گەورە بوو. ئەو جار بەرنامەی کوردی هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی سێسەعات بڵاو دەکرایەوە. ئەو هونەرمەندە گەورانەی دەروازەی گۆرانیی کوردیان لەسەر شەپۆلی ڕادیۆ بە سەر خەڵکی کوردستان دا کردەوە. بە سەدان هەوای گۆرانیی ڕەسەنی کوردیان تۆمار کرد و زۆر لەو هەوایانەشیان لەمەترسی لەبیر چوونەوەو لە نێو چوون ڕزگار کرد، وەک: ماملێ، حەسەن زیرەک، خالەقی و... بەهۆی ئەو ڕادیۆیەوە بەردەوام میوانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بوون و دیاریی هونەریی خۆیان پێشکەش دەکردن. گۆرانییەکانی "هەوارە"، " کۆچی سوور"، "مریەم سابڵاغی"، "لەبەرنازی تۆ"، "لێمزیزە" و"گۆوەندە، زەماوەندە" لە ڕیزی ئەو گۆرانیانەی مامۆستا ماملێ دان، کە من ئەو کات لە ڕادیۆ کرماشانەوە گوێم لێبوون و هێشتاش هەر کات لەسەر کاسێت لێیاندەدەمەوە، هەر وەک یەکەم جار پێمخۆشن، پێیان دەچمەوە ژوانی دەیان بیرەوەری و هەستم پێیان دەگەشێتەوە.

هەرلەسەر و بەندی منداڵیەوە بەدڵ ئارەزووم دەکرد، جارێک خاوەنی ئەو دەنگە خۆشە لەنێزیکەوە بینم، بەڵام وەدی هاتنی ئەو ئارەزووەم دووردەدەست بوو. بەبنەماڵە و ئاشنایەتی لێک نێزیک نەبووین .ئەو بە تەمەن بوو و من لاو. ئەو لەشار و من لەدێ بووم و قەتیش هەڵکەوتێکی وا نەدەهاتە پێش لەنێزیکەوە چاوم پێی بکەوێ. چەند جارێک لەنێو بازاری، لە شاری، لەدوورەوە دیبووم و کوتبوویان ئەوە ماملێیە، بەڵام بە قسەو بە دانیشتن نەمدیبوو. تا ئەوەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی و لەکاتی پێشمەرگایەتی دا بۆ یەکام جار لەدێی خۆمان "دایماو" لەماڵی کاک مەلا سمایلی حاجی ئەو چاوپێکەوتنەم بۆ ڕەخسا. زۆر خۆش بوو . هەر کاک مەلا سمایل و من و ئەو، سێ بە سێ، چەند سەعاتێک دانیشتین و قسەمان کرد. بە ڕاستی ماملێ ڕوخۆش و ڕەزاسووک بوو. لە پێش دا بە تەقیەوە قسەم دەکرد، بەڵام هەر دوای‌چەند دەقیقەیەک وەک ئە وە وابوو کە لەمێژسااڵ بێ ئاشنای یەکتر

بووبین. قسەمان کەمتر لەهونەر کرد و زۆرتر سەبارەت بەهەل و مەرجی ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی کوردستان دواین. مرۆڤ زۆر زوو دەیتوانی هەست بەوە بکا کە ماملێ شەیدای ئەوینی کوردایەتییە و ئە و سۆزە تایبەتییەی لە دەنگی ساف و مێرانەی ئە و دایە، بەشێکی هەرەگەورەی لەو ئەوینە بەرزو بەشکۆیەوە سەرچاوە دەگرێ،

دوای ئەو چاوپێکەوتنە هیوادار بووم زۆر جاری دیکە ش بتوانم ببینمەوە و قسەی لەگەڵ بکەمەوە . بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە ناوچەکەمان کەوتە بەر پەلامار، بارو دوخەکە گۆڕا و سەرەنجام من خۆشم لەو زێدە خۆشەویستەم دوور کەوتمەوە، تەنیا یەک جاری دیکە توانیم ببینمەوە و قسەی لەگەڵ بکەمەوە. ئەویش هەر پاییزی ئەو ساڵە بوو.

ماملێ باغێکی چکۆڵەی لە مەزرایەکی دایماوێ، کە کەوتبوە پەنا ماڵی "مەحمەشەی سەرێ"، هەبوو. کۆمیتەی حیزب زەکاتی ساڵانەی لەخەڵک وەردەگرت و منیش ئەندامی کۆمیتە بووم. لەسەر بڕیاری کۆمیتە، من و کاک مستەفای مەولوودی، کە ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە، بۆ زەکات وەرگرتن چووینە لای ماملێ. دەمانزانی ئەو لە باغیەیە. پاییز بوو و کاتی سێو ڕنینێ بوو. کە گەیشتینە نێو باغەکە، دیمەنێکی خۆشمان هاتە بەرچاو. دە - پازدە کرێکاری کچی جحێڵی لەبار و جوان سێویان بۆ ماملێ لێ دەکردەوە. سمایل ماملێش لەوێ بوو. کەیف سازو بە دەماغ، لەگەڵ کچان هەڵدەسووڕا وبەدەم سێو لێکردنەوەوە گۆرانیی بۆ دەکوتن. ماملێ بۆ خۆشی جارجار بەدەنگێکی نەرم و لەسەرەخۆ بەندێکی دەگەڵ دەگوت، یان سەربەندەکەی بۆ ڕا دەگرت. کچ بەو گۆرانییە خۆشانە واگەرم داهاتبوون، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو داریان دەڕووتاندنەوە و کارتۆنیان لەسێوان پڕ دەکردن.

ماملێ بەڕوو خۆشییەکی زۆرەوە وەریگرتین. لەسەر چیمەنێ. لەبەرسێبەری خۆشی دارەسێوێک بەڕەیەکیان بۆ ڕاخستین. دانیشتین و دەستمان بەقسان کرد. سمایلیش هات و تاوێکمان لە لادانیشت. ماملێ پێی گوت: "کوڕە سمایلە ڕەش! دەبێ ئەوڕۆ بەو حاڵ و هەوا خۆشە و لەنێو ئەو کێژە جوانانە چاکی بڵێی. بابم کێ هەل و مەرجی وای بۆ گۆرانی گوتن بۆ هەڵدەکەوێ؟".

ئەو ڕۆژە دوو - سێ سەعاتێک لەلای مامۆستا ماملێ ماینەوە. مەسەلەی زەکاتمان حەل کرد و باسی سیاسەت و هونەرمان کرد. سێ - چوار گۆرانیی خۆشیشی بۆگوتین. یەکێکیان "یادی بەخێر" بوو، کە ئەمن هەمیشە زۆرم پێخۆش بوە. بەڕاستی یادی ئەو ڕۆژەش بەخێر. ئێستاش زۆر جار کاتێک زەین دەدەمە دارە سێوان، یان چەند کەسێک دەبینم کە خەریکی سێو لێ کردنەوەن، ئەو بیرەوەرییە خۆشەم دێتەوە بیر و بە یادی ئەو ڕۆژە و ئەو

سەردەمە ئاخێکی سارد هەڵدەکێشم.

لەدوای کۆچی دوایی مامۆستا ماملێوە تا ئێستا چەند جار بەرنامەی گەورە و ڕێک و پێکی تەلەویزیۆنی بۆ یادکردنەوە لەو هونەرمەندە گەورەیە لە کانالە کوردیەکان ڕێکخروان، زۆر وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دا بڵاو کراونەوە و گەلێک هونەرمەند و نووسەر لەو بارەوە دواون و نووسیویانە. پێش مەرگی ماملێ و تەنانەت لە بیرمە پێش نەخۆشیە فەرامۆشیەکەشی ڕادیۆ و گۆڤاری کوردی بەمەبەستی هەڵ سەنگاندنی هونەری ماملێ و ستایش لەو، بەرنامە و وتاریان بڵاو کردۆتەوە - بۆ وێنە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، واتە دە ساڵ پێش مەرگی ماملێ بەرنامەیەکی جوانی لەسەر گۆرانیەکانی بڵاو کردەوە - کە پێم شک نایە بۆ هونەرمەندی دیکە کرابێ. وەک لەبیرم بێ زۆربەی ئەو خاوەن هونەر و قەڵەم بەدەستانەش کەباسی ماملێیان کردوە، کوتوویانە کە لەو کات دەرفەتە کورتانە دا لێکدانەوە و هەڵ سەنگاندنێکی تەواو و تێر و تەسەل سەبارەت بەو هونەرمەندە گەورەیە ناگونجێ، کەوابوو منی دەسکورتیش لەو چەند لاپەڕەیە دا ناتوانم بڵێم شتێکی گرینگم لەسەر هونەری ماملێ نووسیوە. لەڕاستییش دا من لێرەدا تەنیا لەهەستی خۆم دەرحەق بە هونەری ماملێ دواوم. دڵنیام ئەو هونەرمەندە مەزنە لە ئایندە دا زۆر زیاتریشی لەسەر دەنووسرێ و ستایشی دەکرێ. بەڵام پێم حەیفە لێرەدا، ئەگەر زۆر بە کورتیش بێ، ئیشارە بەسێ تایبەتمەندیی گۆرانیەکانی ماملێ نەکەم، کە پێم وایە ڕەمزی سەرکەوتنی دەنگ و هونەری ئەویان تێدا شاردراوەتەوە.

یەکەم: نێوەرۆکی گورانیەکانی ماملێ مەندن و هەوڵداوە شێعری ڕێک و پێک هەڵ بژێرێ . بۆ وێنە زۆر ئاهەنگی خۆش و بەنێوبانگی لەسەر شێعرەکانی مامۆستایان: وەفایی، هەژار، هێمن، خالیدی حیسامی، سەید کامیل ئیمامی، و... داناون، کە مانای بەرزی ئەو شێعرانە لەگەڵ سۆزی دەنگی ماملێ بوونەتە هۆی ئەوە کە زۆر زوو ئەو گۆرانیانە بەدڵی خەڵکەوە نووساون وکەوتوونە سەر زار و زمانیان. نموونەی ئەو گۆرانیانە زۆرن، بەڵام ئەمن تەنیا ئیشارە بەو چەند گۆرانیە دەکەم: "لای لایە"،"پەیمان شکێن "،"فەوزیە"و "من دەڵێم". ماملێ تەنانەت کاتێک شێعری فۆلکلۆریی لەئاهەنگەکانی دا جێکردۆتەوە، وردبوونەوەی تایبەت بەخۆی هەبوە. ئێمە دەزانین فۆلکلۆر گەلێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەموو هۆنراوە یەکی فۆلکلۆری بەسەنگ و وەزن نیە. ماملێ هەوڵی داوە ئەو هۆنراوانە بەکار بێنێ کە قسەی سووک و جنێویان تێدا نیە،ئەوەندەی توانیویەتی لە گوتنەوە ی ئەو هۆنراوانەی قسەی ناحەزیان تێدا بوە، خۆی پاراستوە و لە بەرامبەر دا بەسەدان هۆنراوەی درێژ و کورتی جوان و فۆلکلۆری بڵێ و زیندوویان ڕاگرێ. بۆ نموونە سەرنج بدە ئەو بەندە فۆلکلۆرییە جوانە کە ماملێ لە گۆرانیی

"دەدێ دا" دا بەکاری هێناوە: (مەبەستم شێوەی هەڵبژاردنی مامڵییە، دەنا گۆرانی بێژی دیکەش ئەو چەشنە شێعرانەیان لە گۆرانیەکانی خۆیان دا گونجاندوە)

لەکەندە کووڕی سێلوێ تا دەگاتە خانّداری،
سوێسنە و هەڵەبجە و بەیبوون دەگەنە ڕکێفی سواری،
چاوجوانێ شۆخ و شەنگم دێنێتە خوار پێشباری.

دووهەم: دەنگ و هونەری مامڵێ زۆرجار سەرەڕای دژوار بوونی هەل و مەرج و باسی سەربوونی باسی سەربەستی و خۆشەویستیی نیشتمان، بەڕوونی هەستی خەباتگێڕی و نیشتمان پەرستیی ئەویان دەرخستوە. ئەوەش ڕاستە و ڕاست ڕەنگدانەوەی سۆزی دەروون و ئاوات و ئارەزووە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بوە. مامڵێ چەند جار لەسەر ئەو چەشنە گۆرانییانە تووشی زیندان و چەرمەسەری بوە، بەڵام هەر نەیتوانیوە دەست هەڵگرێ و لە قۆناخە جۆراوجۆرەکان دا ئەو چەشنە گۆرانییانەی گوتوە. بۆ وێنە "لایلایە"، "ئەختەر"، "بەهاران خۆشە زمزیران " و... کە هەرکام لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا گوتراون و دەوری بەرچاویان لەگەشاندنەوی هەستی نەتەوایەتی دا هەبوە. کەوابوو گۆرانیی مامڵێ هەر بزوێنەری هەستی ئەوین و بەیانی دەری دووری و گریان لە هیجری دڵبەر نەبوون و پەیامی گەورەتر، واتە هاواری خەبات و هەستی نەتەوایەتییشیان پێ بوە و بەشێکی گەورەی جێگرتن و خۆشەویستیان لەدڵی خەڵکدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو تایبەتمەندییە گرینگە.

سێیەم: بەبڕوای من ئەوە وەک شانازییەکی گەورە بۆ مامڵێ دەمێنێتەوە، کە ئەو چوارچێوەی تاوڵی هونەریی خۆی لەسەر ئەستوندەکی ڕەسەنی و سەربەخۆیی ڕاگرت و لە هیچ هەلومەرج و لە ژێر شوێنەواری هیچ بارو دۆخ و بۆنەیەک دا دەنگی خۆی نەخستە خزمەتی پێهەلگوتن بە دەسەڵاتدارانی سەردەم و دوژمنانی نەتەوەکەی. بۆ دڵی خۆی و خەڵکەکەی گۆرانیی گوت و هەوڵی دانیشاندەری هەستی دەروونیی وان بێ. چاوخشاندنێک بەسەرجەمی گۆرانییەکانی دا ئەو تایبەتمەندییەش بەڕوونی نیشان دەدا. مامڵێ بەهۆی دەنگی خۆش ، هونەری بەرز و سۆزی نیشتمانویستییەوە، چۆتە نێودنیای هەرمانەوە و بۆ هەتا هەتایە لەنێو کوردان دا دەمێنێتەوە.

ئاشق (بۆ ڕێزگرتن لە یادی مامڵێ)

ئەم وتارە لە کتێبی" کاروانی هونەری مامڵێ" دا چاپ کراوە. هەروەها لە" ئەدەبوهونەر"ی ڕۆژنامەی" کوردستان" و

سایتی "کوردستان سایت" یش دا، یەک ـ دوو ساڵ پێش ئێستا، هاتوە. بەوحاڵەش پێمخۆش بوو ئەمساڵ بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ماملێی هونەرمەند لەم هەوارگە تازە ئاوەدان کراوەم داینێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیڕی ٢٠١٣

خەتای سواران نەبوو

شێعری " بەهار هەر دێ" ی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هێمنم بۆ یەکەم جار زستانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی چاو پێکەوت، کە تا ئەو کات بە چاپکراویم نەدیبوو. پێشتر تاریفی ئەوشێعرەم بیستبوو و دەمزانی وەک زۆربەی هەرەزۆری شێعرەکانی دیکەی ئەو شاعیرە، سەرەڕای پاراویی زمان و لەسەریەک وەستایانەبوونی چوارچێوە و نێوەرۆکی شاعیرانە، پەیامی خەبات، خۆشەویستیی نێشتمان و هاندان بۆ تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی پێیە. دواتر کە شێعرەکەم وەگیرکەوت، نوکتەیەکی گرینگی دیکەم تێدا بەدی کرد و ئەویش گلەیی لە پێشسوارەکانی مەیدانی "شەڕانخێوی"ی بزووتنەوە ڕەواکەمان بوو. مامۆستا هێمن لەو شێعرە دا بە زمانێکی ساکار و نەرم، بەڵام لە هەمان حاڵ دا لۆمەکار و بەگلەیی، هۆی وەستانەکان و ناکامییەکان دەگەڕێنێتەوە سەر ناکارامەیی ئەوانەی بڕیاردەر و پێشەنگی ئەو مەیدانەن.

دەڵێن شێعر دە چوارچێوەی سەردەم و شوێن دا قەدیس نامێنێ، کۆن نابێ، پەیامی خۆی دەگەیەنێ و قسەی خۆی دەکا، جا ئەوە پێوەندیی بە کۆمەڵ و تاکەکانەوە هەیە چۆن پەیامەکان وەرگرن، بە چ پێوانەیەک بەراوەردیان بکەن و تا چ ڕادەیەک بایەخ و گرینگییان پێبدەن.

نێوەرۆکی ئەو شێعرە پەیامی مامۆستای نەمر" خانی"ی وەبیر هێنامەوە، کە زیاتر لە سێسەد ساڵ پێش ئێستا و لەو شێعرە بەناوبانگەی دا:" ئەز مامە د حیکمەتێ خودێ دا..." گەیاندوویەتی. خانی لەو شێعرە دا هاواری بەرز کردۆتەوە و گوتوویەتی: بۆ دەبێ ئێمەی کورد کە میللەتێکی گەورەین، هەر دیل و ژێردەست بین". پاشانیش بە حەسرەتەوە دەڵێ "ئەگەر ئێمە یەکگرتوو بوایەین و شایەک، یان گەورەیەکی وامان بوایە کە کۆی کردبایەوە و

ڕێبەریی کردباین، لە نەتەوەکانی دەوروبەرمان کەمتر نەدەبووین و...".

لەو سەردەمە دا کە خانی ئەو شێعرەی گوتوە، نەک هەر حاکمێک و دەسەڵاتدارێک، بەڵکوو هەر ناوچەیەی کوردستان بە دەست میرێک و پاشایەکەوە بووە و دەڕاستی دا کورد لە میر و پاشای کەم نەبووە. ئەوەی گرفت بووە و خانیی وەزاڵە هێناوە، مشتومڕی نێوان ئەو وردە دەسەڵاتانە، بێگانەپەرستیی میرەکان لە پێناوی پاراستنی قازانج و دەسەڵاتی خۆیان و بیرنەکردنەوەیان لە پێکهێنانی وڵات و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی تەواو و یەکگرتوو بووە. بۆیە خانی ئاواتی ئەوەی خواستوە کە"خودان کولاهەک"، واتە "تانجبەسەرێک"، یان شایەکی بەهێزی وا پەیدا بووبا کە هەموو عێل، عەشیرەت و وردەدەسەڵاتەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردبایەوە و کوردستانێکی گەورە، یەکگرتوو و سەربەخۆی وای پێکهێنابا، کە ئیدی بە کەس تێکنەچووبا و ئەو پرشوبڵاوییە و کوتکوتبوونە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێهاتبا.

"گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت"

داخوا ئەمڕۆش، لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەر ئەو گرفتە بە شێوەیەکی دیکە دە گۆڕێ دا نیە؟ حیزبەکان و ڕێبەرەکانیان ئەوەندەی بیر لەو دەسەڵاتە ڕواڵەتییە بەرتەسکە دەکەنەوە کە دە دامودەزگا و کورسییەکانی خۆیانی دا دەبینن، بیر لە یەکگرتنێکی بەڕاستی و نیازپاکانە و هەنگاوی هاوبەشی بەکردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج دەکەنەوە؟ بۆچما هەر شەڕی کورسی و دەسەڵات؟! نەبووە کە ئەو هەموو پرشوبڵاوی و کوتکوتبوونانەی لێکەوتۆتەوە؟

ئەدی بەڕاستی بەرپرسایەتیی ئەو بڵاوییە و یەکنەبوونە دەکەوێتە ئەستۆی کێ و گرێپووچکەی دووبەرەکی و نەبوونی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ یەکیەتیی کردەوەی هێزە کوردییەکان کەوتۆتە کوێ و چۆن دەکرێتەوە؟ داخوا کاروانی بزووتنەوەی ڕەوای ئێمە بەبێ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە چۆن درێژە بە ڕێگای خۆی دەدا؟

دەتـوانم بڵـێم لەو کـاتەوە ئەو شـێعرەم بـۆ یەکەم جـار خوێنـدۆتەوە، لە بیـری خـۆم دا نیـازم وا بـووە بـیکەمە پێنجخشتەکی و سەرەنجام پاییزی پارەکە ئەو کارەم جێبەجێ کـرد. پێمخۆشـە ئەوەش بڵـێم کە شـێعرەکە مـاوەیەک پێش ئێستا بۆ یەکەم جار لە بەرنامەیەکی"ئێوارەباش کوردستان"ی نەورۆز تێڤێ دا کە هونەرمەند کـاک نەجمەدیـن غولامی بەڕیوەی دەبـا، بە شیوەی ڕاستەوخۆ بڵاوکراوەتەوە.

لە خـوارەوە لینکـی شـێعرەکە بە دەنـگ و ڕەنگـیش دادەنێـین، بـۆ ئەوەی ئەگەر کەسـێک پێیخـۆش بـێ، بتـوانێ پـارچەفیلمەکەش ببینێ. هەر لێرەشەوە سوپاس بۆ نەورۆز تێڤێ و کاک نەجمەدین غولامی کە تـا ئێستا چەند جـار بەرنامەی شێعر و ئەدبییان بۆ ڕێکخستووم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٣

تراویلکەی ڕووحانی و خاڵی ١٥ و ١٩

لەو کاتەوە کە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆککۆمار لە ئێران نێزیک بـووە تـا ئێستا کە ڕووحـانی لەو پۆسـتە دا دەستی بەکـار کـردوە و وەزیرەکـانی بە مەجلیس ناسـاندوە، منیش وەک زۆر کەسی دیکە بە دوای بەسـەرهات و ئاکامەکـانی ئەو ئـاڵوگۆڕانەوە بـووم و بە تـایبەت چونکە بمـانەوێ و نەمـانەوێ ئەو هەڵبـژاردنە لە هێنـدیک لاو لایەنەوە پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبـوو و ڕاسـتەوخۆ و نـاڕاسـتەوخۆش شـوین لە سـەر شـێوە خەبـاتی خەڵـک و حیزبەکـانی مەیـدانی بـزووتنەوەی کوردسـتان دادەنـێ، بە وردی ڕەوتـی ڕووداوەکـان، باسوخواسـەکان وهەڵسوکەوتی لایەن و بەرپرسە سیاسییە کوردەکانم دابووە بەر سەرنج و پیمخۆش بوو بـزانم ئەوان چـۆن لە گەڵ ڕەوتی ئەو ڕووداو و ئەو قۆناخە تـایبەتییە دەچنە پێش، ئاکامی لێکدانەوەکان لە سەر ئەم قۆناخە تـایبەتە چۆن پـوختە دەکەن، چ ئەزموونێـک دەدەنە دەسـت و چ ئاسـۆیەک دەستنیشـان دەکەن کە هەر نەبـێ دووردیمەنێـک لە ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستان بخاتە بەرچاو.

بۆ ئەوەی وتـارەکە درێژ نەبێتەوە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی دەتوانم کورت قسە بکەم و لە کاکڵ و نێوەرۆکی مەبەست

لانەدەم، هەرچەند بە وتەی کوردیی خۆمان"ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبا".

ئەمن وای بۆ دەچم کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە تایبەت خامنەیی بۆخۆی، لە بەکارهێنانی فێڵ و تەڵەکەی سیاسی دا تایان نیە و بە واتایەک دەتوانین بڵێین لەو بوارە دا نەک هەر پێش هەموو کەس دەستی نوخبەکانی ئۆپۆزیسیۆن ـ کە پێیان وابوو ئاخوند سیاسەت نازانێ ـ یان لە پشتەوە بەستووە، بەڵکوو زۆر جار سەریان لە سیاسەتوانە بە نێوبانگەکانی جیهانیش شێواندوە و خافڵگیریان کردوون. نموونەیەکی هەرە دیار و ئاشکراش لەم پێوەندییە دا مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەم جارە و ئاکامەکەیەتی کە ڕاست لە بارودۆخی هەرە دژوار و ئاستەمی خۆی دا و لە کاتێک دا نەیارانی ڕێژیم دەتوانم بڵێم بە گشتی پێیان وا بوو ئەو قۆرتە وا ڕێژیم سەرەنگرێ دەکا کە قەتی خۆ پێناگیرێتەوە و هەموو نیشانە و بەراوەردێکی سیاسییش هەر ئەو دووردیمەنەی دەخستە بەرچاو، وەلی فەقیە و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە تەڕدەست، بەوەخت و ماهیرانە وەزعەکەیان کۆنترۆڵ کرد و قومارەکەیان بە لای قازانجی خۆیان دا خست، کە چاوەدێرە سیاسییە بە ئەزموونە دەرەوەییەکانیش بۆیان لێکنەدرایەوە و نەیانتوانی پێشبینیی بکەن.

قایمبوونی جێگای ڕووحانی دوای پشتیوانی و ڕاسپاردنی ڕەفسەنجانی و خاتەمی و دواتریش کشانەوەی بەوەخت و جێی عارف ـ چ بە پێی بەرنامەیەکی ورد هاتبێتە کایەوە، یان هەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکە ڕەخساندبێتی - ڕاست ئەو کارتە لەبار و تاقانەیە بوو کە مانەوە و خۆگرتنەوەی ڕێژیمی لانیکەم بۆ ساڵانێکی دیکە مسۆگەر کرد. کە دەڵێم کارتی تاقانە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەوە تەنیا ڕێگای دەربازبوونی ڕێژیم لەو قۆرتە سامناکە بوو کە بە پێی بارودۆخی سیاسی و بە تایبەت پێشینەی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ پێشبینی دەکرا.

تەبلیغات و وادە بەڵێنیی قەبە و بریقەداری سەردەمی هەڵبژاردن لە هەموو شوێنەکانی دنیا دا وەک یەک باوە و هەر بەو پێیەش خەڵک دەزانن کە تاچ ڕادەیەک باوەڕیان پێبکەن و چاوەڕوانی جێبەجێبوونیان بن و پێوەری هەرەسەرەکییش بۆ متمانەی خەڵک هەر ئەو پێشینە و ناسیاوییەیە کە کابرای کاندید هەیەتی.

هەموومان دەزانین کە لە سیستیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ئەگەر مەحاڵ نەبێ، زۆر زەحمەتە هەر لە سەرەتاوە کاندیدێکی جێگای پەسندی خەڵک بگاتە قۆناخی کێبەرکێی هەڵبژاردن، چونکە فیلتێری شۆڕای نیگابان تەنیا ئەو کەسانە دێڵێتەوە کە بە تەواوی باوەڕیان بە نیزامی ئیسلامی و وەلی فەقیە هەبێ. ئەوە بەو مانایەیە کە هەر لە

بناخە دا نەک هەر ئۆپۆزیسیۆنی جیددی و بەرەی دژی دەسەڵاتی مەزهەبی، بەڵکوو تەنانەت ئەو کەسایەتی و لایەنانەی بەشێوەیەک باوەڕ و بیرکردنەوەیان لە گەڵ بناخەکانی ئەو نیزامە یەکتر ناگرێتەوە و گومانی ئەوەیان لێبکرێ کە بیانەوێ بەڕاستی هێندێک ئالۆگۆڕی دڵخوازی خەڵک لە وڵات دا پێکبێنن، هەر لە سەرەتاوە ناگەنە قۆناخی کێبەرکێی هەڵبژاردن و قرت دەکرێن. ئەوانەی دەمێنەنەوە، قسە، دەربڕین، بەرنامە و بەڵێنییان هەرچییەک بێ، پاراستنی دەسەڵاتی نیزام و لانەدان لە ئەسڵی ویلایەتی فەقیە و ڕێباز و ئیدیۆلۆژیی نیزامەکە بە ئەرکی خۆیان دەزانن. کەوابوو خەڵکەکە ئەگەر لە هەڵبژاردن دا بەشداربن، چاویان لە ئالۆگۆڕێکی قوواڵی بنەڕەتی نیە و ناچارن بە وەبەرچاوگرتنی قسە و وادەکان و هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیی دەنگ بدەن و لە ڕاستی دا لە نێوان خراپ و خراپتر دەنگ بە کەسێک بدەن کە پێیانوایە لەوانەیە بتوانێ و هەوڵ بدا وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات هێندێک سەروبەر بکا.

ئەوە شتێکی شاراوە نیە کە وەدیهاتنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوەکان بە تایبەتی، تەنیا لە سیستیمێکی دێمۆکراتی دا دەگونجێ. مەسەلەکانی وەک هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادیی ڕادەربڕین، وەبەرچاوگرتنی بناخەکانی مافی مرۆڤ، ئازادیی ژنان و مافی نەتەوەکان هەرگیز لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا کە هەم لەبەری ژێرخانی فکرییەوە لە گەڵ ئەو بایەخ و مافانە دژایەتیی هەیە و هەم لە بواری سەرخانی بەڕێوەبەری دا چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانەی لێناوەشێتەوە، چارەسەر ناکرێن و ئەگەر وابێ لاچوونی ئەحمەدینەژاد و هاتنە سەرکاری ڕووحانی دەتوانێ چ جیاوازییەک نیشان بدا و چ دەردێک لە دەردەکان دەرمان دەکا؟

لەو بەینە دا بۆچوون و شێوەبیرکردنەوەی بەشێک لە ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد و تەنانەت هێندێک لە بەرپرسە سەرووەکانی حیزبەکوردییەکان لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر جێگای وردبوونەوە و سەرسوڕمانە! مەبەستم شێوەبیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو کەس و بەرپرسانەیە کە هومێدێکی زۆریان بە هاتنەسەرکاری ڕووحانی هەیە و پێیان وایە ناوبراو بەڵێنییەکانی سەردەمی هەڵبژاردنی خۆی جێبەجێ دەکا و بە جێبەجێ کردنی مادەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانیش دەستەبەر دەکا.

من دڵنیام کە لێرە دا ئیشارە کردن بە نێوەرۆکی مادەکانی ١٥ و ١٩ی ئەو یاسایە، پێویستە، تا بزانین هەر لە بناخە دا ئەو خاڵانە چییان بۆ نەتەوەکان تێدایە و داخوا ـ ئەگەر جێبەجێ بکرێن ـ بۆ وێنە تاچ ڕادەیەک لانی

کەم سەدەیەک مایەدانان، تێکۆشان، قوربانیدان و فیداکاریی نەتەوەی کورد لە ڕێگای مافی نەتەوایەتیی خۆی دا قەرەبوو دەکەنەوە؟

ئەوە هردووک ئەسڵ وەک ئەسڵی خۆیان بە فارسی:

اصل ۱۵: زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است.اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان وخط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات ورسانه‌های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

اصل ۱۹: مردم ایران از هر قوم و قبیله که باشند از حقوق مساوی برخوردارند و رنگ، نژاد، زبان و مانند اینها سبب امتیاز نخواهد بود.

ئەمەش وەرگێڕراوەکەیان بە کوردی:

ئەسڵی ۱۵: زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە، نامە، نووسین و دەقی ڕەسمی(ئیدارەکان) و کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەو زمانە و بەو خەتە بێ، بەڵام کەلکوەرگرتن لە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکان دا و فێرکردنی ئەدەبیاتی ئەوان لە فێرگەکان، لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە.

ئەسڵی ۱۹: خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و قەبیلەیەک بن مافیان وەک یەکە و ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و شتی وا نابێتە هۆی لەسەرتر بوون و جیاوازی بۆدانان.

لێرە دا هێندێک پرسیار دێنە پێش:

بە ڕاستی کورد ئەوەی دەوێ؟ ئەوە دەتوانێ وەڵامی داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە قۆناخی ئێستا دا بداتەوە؟ بڵێی نەتەوەی کورد زیاتر لە سەدەیەک بۆ ئەوە خەباتی کردبێ و هەزاران قوربانیی لە پێناوی ئەوە دا دابێ کە

سەرەنجام بەزەییبیان پێی دابێ و ئیجازەی بدەن کە "لە رۆژنامەکان دا بە زمانی خۆی بنووسێ" یان لوتفی دەگەڵ بکەن و دوای ئەو هەموو تێکۆشان و ماڵوێرانی و مایەدانانە ئازادیی ئەوەندەی بدەنێ کە بتوانێ (لەتەنیشت زمانی فارسی) ئەدەبیاتی خۆی فێر(ی منداڵەکانی) بکا؟

خۆ ئەسڵی نۆزدەکەشی شتێکی گشتییە ودەڵێ هەموو مافیان وەک یەکە. بەو حاڵەش وەک ڕۆژی ڕوون وایە کە نێوەرۆکی ئەو مادەیە درۆیەکی گەورەیە کە بۆ ڕواڵەتڕازاندنەوە دروست کراوە، دەنا ئەو "یاسابنەڕەتی"یە کە سی و چوار سال پێش ئێستا پەسند کراوە، دەبوو لەو ماوە دوور و درێژە دا جارێک وەبەرچاو گیرابا. ئەو ڕێژەیە بە درێژایی تەمەنی، تاکەکان، گرووپەکان، ژنان، نەتەوەکان و کەمایەتییە ئاینییەکانی ئێرانی لە مافەکانیان بێبەش کردوە و ئەگەر وەجواب هاتبن و ڕەخنەیان گرتبێ، گرتوونی, کوشتوونی و لە ماڵوحاڵی خۆیان تەڕەی کردوون و ئەوەش ئەوەندە ئاشکرایە کە پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگە نیە.

ئەو نیزامە لە ماوەی تەمەنی خۆی دا لە سەر دەستدرێژی کردنی بەردەوام بۆ سەر ئەو مافانە و بە گشتی نەپاراستنی مافی مرۆڤ، دەیان جار هەر لە کۆڕی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە ڕادەیەکی زۆر زیاتریش کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی و بنکە و دامودەزگاکانی مافی مرۆڤەوە دراوەتە بەر ڕەخنە، بڕیارنامەی لەسەر دەرکراوە و مەحکووم کراوە. کەوابوو هێندێک سەیر و نامۆ دەنوێنێ ئەگەر کەسێک ـ ئەویش کەسێک کە سەروکاری دەگەڵ سیاسەت بێ ـ بڕوا بکا ڕووحانی و کاربەدەستە تازەهاتووەکانی دەوڵەتەکەی کە هەموویان خزمەتکاری بە بیروبڕوا و بێئەملاوئەولای ئەو نیزامە بوون و هەن، لەپڕ بچنە بەرگی فریشتەی ئازادییەوە و ئەوە بکەن کە خەڵکی ئێران پێویستییەتی و دنیای پیشکەوتوو لێیان داوا دەکا.

بێجگە لە وەش ئەو مافەی نەتەوەی نێمە پێویستییەتی، بە دوای دا عەودالّە و خەباتی بۆ کردوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی نەتەوایەتییە و لانی کەمی سیستیم و شێوەی جێبەجێکردن و دابینکردنی ئەو مافەش فیدڕالیزمە، کە لە بەرنامەی زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هاتوە و وەک ئالتێرناتیوێکی گونجاو بۆ سەردەمی ئێستا کراوەتە ئامانج. ئیدی بەرپرسی کورد چۆن بە نێوەرۆکی خاڵی ١٥ و ١٩ ڕازی دەبێ و چۆن نێوەرۆکی ئەو خاڵانە بە باڵای ویستی نەتەوایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات دەگرێ، جێگای پرسیارە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی میدیا حدک - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

وتار لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

بەشدارانی بەڕێزی بەرنامەی ڕێزگرتن لە تەمەنێک تێکۆشانی مامۆستا،

خوشک و برایانی ئازیز.

پێش هەموو شتێک پێم‌خۆشە ڕێز لە دەستپێشخەریی ئەو هاوڕێ بەڕێزانەمان بگرم کە بوونە ڕچەشکێن و بۆ یەکەمجار ـ لانی کەم وەک من لەبیرم بێ ـ لە نێو ئالقەی تێکۆشەرانی خەباتی کوردایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێوشوێنی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرێکی دێرینی مەیدانی ئەدەب، زمان و خەباتیان کردە باو و بەم شێوەیە ڕێگایان بۆ ئەوە خۆش کرد کە کەسایەتیی سیاسی، ئەدەبی و میژوویی‌یەکانمان ئەو هومێدەیان هەبێ کە بە زیندی سەر ڕەنگدانەوەی کار و خزمەت و تێکۆشانیان لە ڕێورەسمێکی ئاوادا کە نیشانەی پێزانین و هەستپێکردنی ئەو خزمەتانەیە، ببینن. دیارە ئەو ڕێورەسمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کەسایەتیانە کە بە مایەدانان لە هێز و توانا و ژیانی خۆیان خزمەتیان بە نەتەوە ستەملێکراوەکەمان کردوە.

پێم‌خۆشە پێش ئەوەی زیاتر بچمە نێو مەبەستەوە ئیشارە بەوە بکەم کە قسەکردن لە ڕێورەسمێکی ئاوادا و وەک دەڵێن"ئەداکردنی حەقی مەبەست" زەحمەتە، چونکە:

١- کاتەکە تەنانەت ئەگەر چەند هێندەش بێ، بەشی گێرانەوە و شەرحدانی بایەخ و شوێن و ڕادەی خزمەتەکان ناکا و مرۆڤ ناچارە بە کورتکردنەوەی قسەکانی ڕازی بێ و تەنیا پوختەیەک لە باسێکی بەرین دەربببڕێ کە بێ گومان ناتوانێ بەیانی تەواو و بێ کەموکوڕیی تایبەتمەندیەکانی کەسایەتیی جێگای باس بێ.

٢- لە ڕیورەسمێک دا کە بۆ ڕێزلێنان پێکدێ، فکری غالب، یان با بڵێین یەکەم شت کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە کە دەبێ تاریفی کەسایەتیەکە بکرێ و خزمەتەکانی وەبیر بهێنرێنەوە، ئەوەش ڕەنگە لەبارێکەوە هەم بۆ ڕێزلێنەر و هەم بۆ ڕێزلێنراو هێندێک خۆش نەبێ، چونکە تاریف کردنی ڕووبەڕوو، تەنانەت لە مەجلیسێکی گەرمی خۆمانەی وەک ئەمەی ئێستاش‌دا تا ڕادەیەک زەحمەتە.

برایان و خوشکان!

ئەمن زۆر جار بیرم لە مەسەلەیەک، لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیەیە ناسراوەکانی مەیدانی ئەدەب، شێعر و زمان لە موکوریان و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە و زۆرم بۆ سەرنجڕاکێش بووە کە بەشی هەرە زۆریان کەم و زۆر و لە مێژووی دوور و نیزیکدا، ئەگەر ئەندام و تێکۆشەری نێو ڕێزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبووبن، بە شێوەیەک پێوەندیان بە دێمۆکراتِ، کۆماری کوردستان، یان ئەسڵ و بناغەی هەردووکی ئەوانە، کومەڵەی ژ ک - کافەوە هەبووە. کەسایەتیەیە ئەدەبیەیە گەورەکانی وەک هەژار، هێمن، خالیدی حیسامی، سەید کامیلی ئیمامی، عەتریی گڵۆڵانی، خاڵەمین، حەقیقی، حەسەنی قزڵجی، زەبیحی و زۆر کەسی دیکە بێگومان ئیلهامیان لەو مەکتەب و بناغانە وەرگرتوە، بە شنەی پەیامی ڕزگاریی نەتەوایەتی کە لەو سەرچاوانەوە هەڵیکردۆتێ، بای باڵی مەلی شێعر، ئەدەب و هونەریان داوە و لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشانەوە. مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادەش ڕێبوار و میراتگری ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە کە بە بیر و زەینێکی تەیار و دڵێکی پڕ لە سەودای ئەوینی ڕزگاریی کوردستانەوە تێکەڵ بە کاروانی تێکۆشەرانی حدک بوو و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژانی سەختی خەبات و ڕەدبوون لە گەوە و هەوراز و نشێوەکان، قەڵەمی گێڕا و بە خوڵقاندنی دەیان وەرگێران و ڕادەیەکی یەکجار زۆر نووسینی ئەدەبی و سیاسی وەک وەرگێڕێکی ناودار، ئەدیبێکی ناسراو و کەسایەتیەکی بەناوبانگی سیاسی، جێگای گرت و ناوی لەمێژوودا تۆمار کرا.

من یەکەمجار مامۆستام لە سەروبەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێمۆکراتدا چاو پێکەوت و تێکەڵاوی و ناسیاویی چاکتر و نیزیکتریشم کاتێک لە گەڵدا پەیدا کرد کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، شوێنی کاری حیزبیم گوێزرایەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێی دۆڵی جافایەتیی باشووری کوردستان و بووینە جیران، بەڵام ناشنایەتیی من لەگەڵ ناوی مامۆستا دەگەڕێتەوە زۆر پێشتر و ئەوکاتە کە من مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵە بووم و لە مەدرەسەکانی زانیاریی دینی، یان با بڵێم حوجرەی فەقێیان دەستم بە خوێندن کردبوو. ئەوکاتە مامۆستا زۆر لەمێژ بوو خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام مامۆستاکانی ئێمە، زۆر جار کاتێک مەسەلەیەکی پڕ گرێوگۆڵی زمان دەهاتە پێش، یادی زیرەکیی مامۆستا حەسەنزادەیان دەکرد و دەیانگوت ئێستا حەییاکی لێرە بووایە، بە هاسانی ئەو گرێ پووچکەیەی دەکردەوە و بە زمانێکی ساکار و ڕەوان شیی دەکردەوە.

بەو شێوەیە و بەو پێشینە زەینییەوە کاتێک لە دۆخێکی جیاوازدا، لە نێزیکەوە مامۆستام ناسی، زانیم تاریفەکە زێدەڕەویی تێدا نەبووە و کاتێکیش دوای کۆنگرەی ٧ی حیزب لە بەشی ڕاگەیاندن و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستاندا شانازیی کارکردن لەگەڵ ئەوم پێبڕا، دەسەڵاتی مامۆستام بەسەر نووسین و ئەدەبیاتدا باشتر بۆ ڕوون بۆوە.

مامۆستا پوخت و پاراو قسە دەکا و زمانێکی بێ گرێوگۆڵ لە نووسینەکانیدا بە کار دێنێ، زمانێک کە هەموو کەس دەتوانێ لێی حاڵی بێ. خەزێنەی وشەی ئەوەندە پڕە کە بۆ وشەی هاومانا و دژمانا مەحتەل نابێ. قسەی خۆش، پەندی پێشینیان و پەند و مەتەڵ زمانی دوانی شیرن دەکەن. زاراوە موکوریانییەکی دەوڵەمەند دەزانێ و ڕستەی بەجۆرێک پێدەنەخشێنێ، کە وەک ئاوی ڕەوانی کانیی کوێستانەکان سووک و دڵنەواز لە بەستێنی نێوەرۆکدا جاری دەبێ. پوختەکردن و درێژکردنەوەی مەبەستی بە پێی پێویست و بەڕێ و جێیە و خۆێنەر هەرچۆنێک بێ، بەچێژی تێگەیشتن دەگەیەنێ.

خشتەکانی دیواری ڕستەکان هەرکام لەجێی خۆیانن و کردار، بکەر، ناو، ئاوەڵناو، پیتی پێوەندی و ... هەرکام جێی شیاوی خۆی دراوەتێ. هەمووی ئەو تایبەتمەندییە باشانەش لە گەڵ بەبەردا کردنی ڕێنووسێکی تەواو و ڕاست و دەسخەتێکی ڕوون و دیار، دارشتنێکی ڕەوان و جوانیان لێکەوتۆتەوە کە خوێنەر زوو هەستی پێ دەکا و چێژی لێ وەردەگرێ.

مامۆستا لە بەکارهێنانی ئەدەبیاتی سیاسییشدا هەر بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوە و هەر ئەو زمان و بەیانە ڕەوان و دارشتنە بێگرێوگۆڵەی بەکار هێناوە کە باسمان کرد. ئەو سەنگ و قەوارەی زمانی نەکردۆتە قوربانیی سەبک و نێوەرۆکی گرژی سیاسی. باسی زمانی دەربڕینی سیاسیی باشوور هەر ناکەم، بەڵام ئەگەر بیر لە شێوە دەربڕینی کۆمەڵ و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە بکەینەوە، وەبیرمان دێتەوە کە زۆر جار مرۆڤ لە تێگەیشتنی ڕاگەیەندراو، هەڵوێست و بڵاوکراوە سیاسییەکانیدا تێدەما و زمانێکی ئەوەندە قورس و نامۆیان تێدا بەکار دەهات، کە مرۆڤی ماندوو دەکرد و خوێندنەوە و تێگەیشتنی وەزەحمەت دەخست. بەڵام بە شاهیدی ئارشیو و بۆچوونی زۆر ئەدیبی ناسراو و خاوەنزەری کورد، زمانی نووسین و بڵاوکردنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە بە تایبەت دە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا ـ کە بەردەوام بڵاو کراوەتەوە ـ ڕەنگی داوەتەوە، لانیکەم دە بەراوەردا جێگای ڕەزامەندیی گشتیی بووە. ئەمن بەهیچ شێوەیەک نالێم

سەرچاوە Serchawe

کە ئەوە تەنیا بە هۆی بوون و کارکردنی مامۆستا لەو ئۆرگانەدا بووە، نا! مێژووی ڕاگەیاندنی حیزب، لە کۆنەوە تا ئێستا، ناوی زۆر ڕۆژنامەوان و نووسەری گەورە، هێژا و تێکۆشەری تۆمار کردوە کە بوونە هۆی دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی ئەو ئۆرگانە و حیزب قەرزداری ماندوویی‌نەناسی و خەباتی ڕۆژنامەگەریی ئەوانە، تەنیا دەمەوێ ئەوەندە بڵێم کە ئەدەبیاتی حیزب بە گشتی شوێنەواری باشی مامۆستا حەسەن‌زادەی پێوە دیارە و مامۆستا لە دروستکردن و پێگەیاندنی‌دا دەوری بەرچاوی هەبووە و ماندوویی و شەونخوونیی زۆری چێشتوە.

مامۆستا لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەوارانەدا کە وەری گێڕاون، وردبوونەوە و سەرنجی تایبەتیی بەکار هێناوە. ئەو کتێبە دەستچێنکراوانە، ئاسەواری بەرزی ئەدەبین و نێوەرۆکیان لەگەڵ سروشت، کەش و هەوا و بیر و ئاوات و ئەزموون و بەسەرهاتی کۆمەڵی کوردەواری نامۆ نیە. هەر بۆیە خوێنەری کورد تامەزرۆ دەکەن و بە دوای خۆیاندا دەکێشن. بۆ وێنە کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەی ئابووری، سیاسی، مێژوویی، جوغرافیایی لە سەر کوردستان، کە زانای نەمر دوکتور قاسملوو، نووسیویەتی، "گێڵەپیاو" تەنزی کۆمەڵایەتیی گەورەنووسەری تورک، عەزیز نەسین، "هەتاو" ئاسەواری نووسەری هێژا عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، "دانچەرموو" بەرهەمی نووسەری بەناوبانگی جیهانی جەک لەندەن و زۆر بەرهەمی دیکە کە من پێمۆایە وەرگێڕراوەکەیان وەپێش دەقی لێوەرگێڕدراویش کەوتۆتەوە. ئەو جار کە دەگەمە سێ بەرگی ڕۆمانی "حەمەدۆک"، شاکاری گەورە نووسەری کوردی تورکی‌نووس، یاشار کەماڵ، بەخۆم نیە دەڵێم کە ئیدی وەرگێڕ حەشری کردوە. ڕەسەنیی زمانەکە بە جێی خۆی، حەمەد کوردە، چیایی‌یە، کورە جووتیارە، چەوساوەیە، هەژارە، پێشمەرگەیە، پشت و پەنای خەڵکی چەوساوەیە. کەسایەتیی حەمەدۆک و هاوڕێیانی، زوڵم‌و زۆری دەوڵەت و دەرەبەگان، دیمەنی چیاکان، دەرکردن و ئاوارەکردنی خەڵک و بە کورتی نێوەرۆکی داستانەکە هەر ئەوەیە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ڕووی داوە و بۆتە مێژوو. ئەڵبەت وەرگێڕانەکان زۆرن و وەک نموونە ئیشارەم بەو چەند دانەیان کرد.

ناوی چیرۆکێکی زۆر جوانیشم لە بیرە کە مامۆستا بۆخۆی نووسیویەتی،"شەرتی پیاوان"، کە بەسەرهاتی پێشمەرگەیەک، بنەماڵەکەی و ئەوینێکی ناکامە و داستانێکی سەرنجراکێشە.

مامۆستا لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش، دەستڕەنگین و خۆشناودا لە دایک بووە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لەگەڵ ڕەنج و خەمەکانی وان گەورە بووە و پێگەیشتوە و وەک هەموو کوڕە کوردێکی چەوساوە، زوڵم و نەبوونی و نابەرامبەریەکانی نێوکۆمەڵگەی هاوکات لە گەڵ ستەمی نەتەوایەتی لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، بەچاوی

خۆی دیتوە و تاقووڵایی دەروون و بیری هەستی پێکردوە. هەربۆیەش قەت خۆی لەو خەڵکە جیا نەکردۆتەوە و لە پلەیەکی سەرووترەوە نەی ڕوانیوەتە دەوروبەری خۆی، بەڵکوو زانیاری، کارایی و هێزی هەڵسووڕانی خۆی لە خەبات بۆ ڕزگاریی ئەو خەڵکە و نیشتمانەکەیدا بەکارهێناوە.

داب و نەریتە باشەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری لە لای مامۆستا پارێزراون. مرۆڤێکی خۆشمەشرەف و موتەوازیع واتە(خاکی) یە، هەر خۆشە هاتوچۆی بکەی و لێی میوان بی. لەماڵە وی خەڵک لە هەموو چین و تۆێژێک دەبینی و بەپیرەوەچوون و پێشوازییش بۆ هەمووانە.

بەشدارانی بەڕێز!

سروشتی یە زۆر لە هاوڕێیان لەم ڕێوڕەسمەدا ئاماژە بە کەسایەتی و بایەخی تێکۆشانی مامۆستا دەکەن و لێدوانی منیش وەک هاوڕێیەک، برایەکی بچووک و شاگردێک هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ بگەڕێ. مامۆستا لەگەڵ ئەوەی کە ئەدیبێکی گەورە، وەرگێڕێکی ناودار و خاوەنئەزمونێکی ناسراوی مەیدانی زمان، ئەدەبیات و شێعری کوردییە، مرۆڤێکی ناسراوی سیاسییشە. تەنانەت زۆر جار لایەنی سیاسیبوونی ئەوەندە ڕەسەر لایەنی ئەدەبییەکەی دەکەوێ، کە یەکەمیان دووهەم دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. مامۆستا لە زۆربەی هەرە زۆری دیدارەکانیدا هەر وەک سیاسەتوان، نەک وەرگێڕ و نووسەر دەردەکەوێ و کەم وا هەیە نێوەرۆکی دیدارەکانی لە باسی ئەدەب و زمانیدا کورت بکرێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو شکڵ و چوارچێوەیە ئەوە تەجرەبەی زمان و ئەدەب و ئەزموونی خاوەندارییەتیی شێوەئاخاوتن و نووسینێکی ڕەسەن و پاراو و ڕێکوپێکە کە زۆر زوو لە دەربڕین و بەیانی مەبەستیدا ڕەنگ دەدەنەوە و بەرگی نووسەر، وەرگێڕ و شارەزایەکی ناسراوی ئەدەب دەبەر ئەو دەکەنەوە. ئەو کاتەشە کە زۆر کەس و بۆ وێنە تەنانەت شاگرد و هاوڕێ و دۆستە نێزیکەکانیشی بۆ ساتێکیش بێ ئەو بیرە بە مێشکیاندا دێ کە هەیاران! باشتر نەبوو مامۆستا هەر لە بواری نووسین و خزمەت بە زمانی کوردیدا کاری کردبا و تووشی بە تووشی دنیای پڕ تووشی، کێشە، ئاڵۆزی و زۆر جار سپڵە و بێ وەفای سیاسەت نەبووبا و هونەری مومکینی خۆی تەنیا لە بواری ئەدەبیاتدا تاقی کردبایەوە و هێز و توانای بەگۆڕ و لەگەڕی خۆی لەو پێناوەدا تەرخان کردبایە؟ داخوا ئەو کات کورد قازانجی زۆرتری نەدەکرد و ژمارەی بەرهەمەکانی کە ئێستاش بە خۆشییەوە هەر زۆرن و وەک سامانێکی بە نرخ لە نێو کتێبخانەی کوردیدا خۆ دەنوێنن، زۆرتریش و بەربڵاوتریش نەدەبوون؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش دیارە نە دەدەرێتەوە، نە کەس دەی زانێ و نە ئیدی هیچ شتێکیش دەگۆڕێ.

مامۆستا ئەو کەسایەتییەیە کە بەو تایبەتمەندییانەوە هەیە و داستانی ژیانی تا ئێستاشی، کە بە دڵ هیوادارم سەردەمێکی دوورودرێژ درێژەی هەبێ، مێژوویەکە تۆمار کراوە و هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵێ، مامۆستا حەسەنزادە سەرانسەری تەمەنی تێکەڵاوی خەبات و ئاوێتەی کاری سیاسی، دیپلۆماسی و خەباتی حیزبایەتی و کوردایەتییە. مامۆستا کەسێکە کە بەسەرهاتی زیاتر لە پەنجا ساڵی تەمەنی نەک هەر تێکەڵاوی مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، بەڵکوو یەکێک لە ڕێبەرە پلەسەرووەکانی ئەو حیزبەیە و لە زۆربەی قۆناغ و دۆخەکاندا نەزەر و بیر و ئیرادەی لە دیاریکردنی خەت، ڕێباز و چارەنووسی حیزبدا دەوری دیاریکەر و بڕیارلەسەردەر بووە. بە کوردی و بە کورتی یەکێک لەو ڕێبەرانە بووە، کە جڵەوی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئەو حیزبەیان بەدەستەوە بووە. دیارە ئاکامی کاری سیاسی، ئەویش بارتەقای تەمەنێک، سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە و زۆر جار، لە زۆر ڕوانگە و لە پەنجەرەی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی هێندێک ڕووداو، قۆناخ، بارودۆخی سیاسی، هەورازونشێو و کەوتن و هەستانەوەدا ناکرێ هەمیشە و بەشێوەی بڕیارلەسەر بڕیاردەر بێ (موتڵەق) باش و موسبەت بن. لێرەشدا مەودای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی یەکبەیەکی ئەو قۆناخانە و ئاماژەپێکردن و جیاکردنەوەی ئەو هەڵوێستە سیاسییانە کە بوونە هۆی بووژانەوە و سەرکەوتن، یان ئەو هەڵە سیاسییانە کە ئاکامی خراپیان لێکەوتۆتەوە و لاوازی، غەدر، یان زیانیان بە دوادا هاتوە، نیە. کەوا بوو لەو بوارەدا تەنیا ئەوەندە دەتوانین بڵێین، کە مامۆستا وەک کەسێکی هاوبەش لە ڕێبەرایەتی و بڕیاردانداً، بەرپرسایەتی و بەشی لە ئاکامەسیاسییە باش و خراپەکان، یان ڕاست و هەڵەکانی مێژووی ئەو حیزبەدا هەیە و دیارە هیچ مرۆڤێکی سیاسییش لە هیچ نەتەوەیەک تا ئێستا هەڵنەکەوتوە کە بەدوور لە هەموو چەشنە هەڵە، یان کەموکوڕییەک بووبێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش هیوادارم کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەی بەڕێز و خۆشەویستمان، بە ساغی و سڵامەتی تەمەنێکی دوورودرێژ بەسەر بەرێ، بیر و ئەزموونی سیاسیی هەمیشە یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی سیاسەت و دیپلۆماسیی حیزبەکەمان بێ و بە خولقاندنی زۆر بەرهەم و شوێنەواری تازەی دیکە سوودی زیاتر بە نەتەوەکەمان بگەیەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٣

بۆ هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی کاک جەلیل گادانی

براگەوردی بەڕێزم کاک جەلیل گادانی

پڕ بەدڵ پیرۆزبایی هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونت لێدەکەم.

زۆرجار مرۆڤ لە هەڵبژاردنی وشە دا، سەبارەت بە درکاندنی مەبەستێک تێدەمێنێ و لە ڕاستی دا هەرچی دەکا ناتوانێ بە وشە و ڕستە ئەوەی دە دڵ و بیری دایە بیگەیەنێ. من ئێستا لە دۆخ و وەزعێکی ئەوتۆ دام.

دەمەوێ باسی ژیانی پڕ بەرهەمت بکەم، دەمەوێ باسی تێکۆشان، هەوڵدان، فیداکاری و لەخۆبووردوویت لە ماوەی دەیانسانەی خەباتت دا بکەم، دەمەوێ باسی ئەو دەردەسەری و ئازار و کوێرەوەرییانە بکەم کە لە ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ، لە بەندیخانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی شا دا تووشیان بووی، کێشاتن و قەتیش هاوارت نەهات و لە ڕێگای ئامانجەکەت دا بە دڵاوانەییەوە قبووڵت کردن.

دەمەوێ باسی ئەو ساتانە بکەم کە سێبەری حوکمی ئیعدام بە سەرسەری تۆ و هاوڕێیانتەوە بوو، دەمەوێ باسی فیدابوونی ئەو باشترین ساڵانەی ژیانت بکەم کە لە هەڕەتی لاوەتیت دا پێیان دا تێپەڕی و لە جیاتیی ئەوەی بۆت ببنە سەردەمی چێژ لە ژیانوەرگرتن و ئاسوودەیی، خێزان و ماڵ و منداڵت تێدا بەجێهێشتن و قۆناخی هەرە تووش و دژواری ژیانی تۆیان پێکهێنا.

دەمەوێ باسی ئەو ساڵانە بکەم کە شانازیی هاوڕێیەتی، جیرانەتی و هاوکارییم لە ئۆرگانەکانی حیزب دا لە گەڵت هەبووە و هەموو ئەو تەنگانە و فەرحانی و ئەو بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشانە بگێڕمەوە کە سەرچاوەیان دەچێتەوە سەرڕۆژە سەختەکانی ژیانی چیا و قامک بۆ ئەوە ڕادێرم کە چۆن خۆشییەکان و ناخۆشییەکانت لە گەڵ بەش دەکردین و چەند دە خەم و شادیی هاوڕێیانت دا شەریک بووی.

دەمەوێست باسی بەرهەمە ئەدەبییەکان و میژوویەکان، نووسینەکان و وەرگێرانەکانت بکەم. کە سەرەڕای کاری

زۆری حیزبی زەحمەت و شەونخوونییت پێوە کێشاون و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردییت کردوون.

دەمەویست باسی ماندووبینەناسی، لەخۆبووردوویی، وەفاداری، ئەمەگناسی، پاکی، دڵاوانەیی و وێژدان و ڕاستگۆییت بکەم.

بەڵام بڕاگەورەم، هاوڕێی بەڕێزم. نووسینی دەق و نێوەرۆکێکی ئاوا کە بتوانێ بەیانی هەمووی ئەوانە بکا و بارتەقای دڵسۆزی و گەورەیی تۆ بێ، ئەویش دەو دەرفەتە کورتە دا، بۆ من زەحمەتە.

بە ڕاستی پێمخۆش بوو لەو کۆڕە دا کە بە مەبەستی ڕێزلێنان لە تۆ پێکهاتووە، بەشدار بوایەم و بەو بۆنەیەوە باسی خزمەت، دڵسۆزی و فیداکارییەکانت بۆ نەتەوەکەمان و کۆمەڵی هاوڕییانت بکەم، بەلام بە داخەوە نە ئاگادار کراوم کە زووتر نووسراوەیەک بەو بۆنەیەوە بنێرم و نە بە هۆی دووری مەودا، ئەو ئارەزووەم پێکدەهات کە بەشدار بم. ئەڵبەت باوەڕم وایە ئەگەر هەموو ڕۆژەکانی ساڵیش یادت بکەمەوە، جێی خۆیەتی؟ کام ڕۆژی ساڵ هەیە کە خزمەت و خەباتی تۆی تێدا نەبووبێ.

با لە کۆتایی دا بڵێم. بڕاگەورەم کاک جەلیل. وەک گوتم ژیان و خەباتی تۆ زۆر شتی بۆ لێفێربوون و سەرمەشقبوون تێدا بووە و یەکێک لەو شتانەش سەداقەت بووە. تایبەتمەندییەک کە زیاتر لە هەموو شتێک ڕێبەرێکی سیاسی، کەسایەتییەکی نەتەوەیی و ڕوومایەکی کۆمەلایەتی خۆشەویست دەکا و ناوی بە زیندوویی دێڵێتەوە. هیوادارم نەوەی نوێ پێش هەموو شتێک ئەو ڕاستی و دڵپاکییەت لێفێر بن.

هیوادارم دەیان ساڵی دیکەش بە لەشساغی و خۆشی بژی و قەت تووشی خەم نەبی!

برای بچووکت ئاشق

ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٤

بەهار هەرچۆنێک بێ هەر دێ

بۆ ئەو کوردە دڵسۆزە ئازادبیرەی کە لە تەوژمی دەستی ساردوسڕی بەفر لە سەر گەرووی هەوارگەکان وەرەز و دڵبەخەم بوو، پێیخۆش بوو دەنگی مەلەکۆچەرەکان هەر بێ و بەهاری وەرزی جوانی و سەردەمی زیندووبوونەوی سروشت بگاتێ.

لە کۆنەوە گوتراوە و ڕەسمیش هەر وا بووە:"بەهار هەر دێ لە پاش زستان"، بەڵام هەتاو دەبێ لە ژێر هەوران سەر دەرێنێ و ولات گەرم کا، بای وادە هەڵێکاتێ و قەمچی بە لەشی بەفر دا بێنێ، خاک لە خەوی داسەپاوی زستان ڕاچڵەکێ، خشت وخاڵ و چیلکەوچاڵی پاشماوەی بەفر لە سەرخۆی لادا و ڕێگا بۆ سەروەدەرنانی گوڵ و سەوزە بکاتەوە. ئەو دەست دە دەستی یەکنانەی نێو بازنەی سروشتە زستان ناچار دەکا بارگە و بنەی بپێچیتەوە و *جێگا بۆ بەهاری جوان بەجێبێڵێ.*

بەفر ئەگەر سەربانی گرت،
بێڵێکی قایمی داربەڕوو و،
شانوباهۆیەکی بەهێز،
ڕایدەماڵێ.
هۆردووی بەفری کۆیستانەکان،
تا هەتاوێکی بەهاریی گەرم نەبێ،
جێ چۆڵ ناکا بۆ ڕەشماڵێ.
دەنگی مەلەکۆچەرەکان،
بەڵام نابڕێ،
نابڕێ، هەر دێ.
بەرەوبەهار،
هەزار سروودان دەخوێنن،
لە نێو باغ و باغچەی بەردێ.

دڵنیا بە هاوڕیم ڕۆژێک،
هۆردووی بەفر،
دەست لە گەرووی کۆیستانەکان دەکاتەوە.
سەرماوسۆڵیش هەرچۆنێک بێ،
دەبڕێ و زستان دەڕواتەوە.
ئەوکات،
هەوارگە و بانەمەڕ،
چیمەن، کانیاو، بنار، زەمەند،
چۆم و تاڤگە،
دەژینەوە.
ئەو دەمە ئێمەی تاسەبار،
ئێمەی کۆمەڵی دڵداران،
لە داوێنی سروشتی جوان و گەرم دا،
بە یەک دەگەین.
لە کۆری شایی و گۆوەند دا،
هەموو یەکتر دەگرینەوە:
"بەهاران خۆشە زمزیران
لە دۆڵ و شیو دۆست دەگیران"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٤

بۆ هەڵەبجەی ستەملێکراو

چرای ماڵی دڵم خامۆشە ئەمڕۆ
دەروونم پڕ لە سۆز و جۆشە ئەمڕۆ
سەرم گێژە و خەیاڵم وێڵ و ئاڵۆز
هەچی خۆشییە لە لام ناخۆشە ئەمڕۆ

دەبارێنێتە سەر شاری هەڵەبجە
مەرگ، ئەهریمەنی خوێنخۆری شەڕخواز
دەکەونە سەر زەوی وێگرا، بە جارێک
هەزاران پیر و لاو، زارۆکی بێناز

چییە ئەو گرمەگرمە، دەنگی ڕەعدە؟
ئەدی ئەو هەورە بۆرە چییە لە سەر شار؟
بڵێی ئێستا کە نەورۆزمان دەڕێ دا
بەسەرمان کاتەوە بارانی ئادار؟

بە ڕەحمەت ڕێژنەیەکی خۆش ببارێ
لە تۆز بشواتەوە پۆتراکی داران
عەرز تێراو بکا و گوڵزار و چیمەن،
برازێنێتەوە وەک جاری جاران؟

نەخێر گرمەی فڕۆکە و دەنگی بۆمبە،
نەخێر بارانی مەرگە و دادەباڕێ
نەخیر زوحاکە هاتـوە و ژاری پێیە
ژیان دەکوژێ و دەخنکێنێ بەهارێ

پشوو دەبـــڕێن، دەوەستێ باوی هەنگاو
گەروو وشک دەبێت و دڵ دەکوشرین
مژۆڵی چاوەکان دادێنە سەریەک
گرێ دەدرێن زمان و دەم دەبەسرێن

گەڵارێزانە لێرە بەم بـــەهارە
خەڵک خنکاون و خانـوو داتەپیون
بەکۆ پەلک و چرۆی سەوزو گەش و جوان
سڕ و بێگیان بەسەریەک دا وەریون

بە کێ بێژم کە چم دی و چم بەسەرهات؟
نزای خۆم بەرمە بەر کام بارەگایەک؟
هەموو دیتیان کە چۆن قڕ بوو هەڵەبجە و
بەڵام قەت لێی نەپرسیم دادگایەک

پشتیوانی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن

فرێدریک مالم لە پارتی گەلی سوێد:

وەرگێڕان لە سویدییەوە: ئاشق

ئەگەر حکوومەتی هەرێم دوای ڕاپرسیی گشتی بییەوێ سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، دەبێ سوێد دان بەو بڕیارە دا بنێ، هەر وەک ئێمە سەبارەت بە کۆسووڤۆ و باشووری سوودانیش هەر وامان کردوە. پشتیوانییەکی سوێدی دەرفەتی کارتێکردنی زیاتریش بۆ ئێمە پێکدێنێ.

ڕۆژنامەی SVD(Svenska Dag Bladet) چوارشەممە ١٣ ی ئاگۆستی ٢٠١٤

فرێدریک مالم نوێنەری پارتی گەل لە پارلمانی سوێد دا دەنووسێ:
جیهانی دەوروبەر دەبێ خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە عێراق تووشی ڕەنج و کوێرەوەریی شەڕێکی دیکە بێ، بەڵام کوردەکان لە باکوور ڕێگای خۆیان درێژە دەدەن و سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن.

لەگەڵ ئەوەی کە عێراق هەر دەم دەکێشرێتە نێو گرژییەکی ڕووخێنەرتر‌ەوە، گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە، گەشەکردنێک کە دەبێ سوێد بیبینێ و قبووڵی بکا.

شەڕ لە عێراق دا دیسان هەڵایساوەتەوە. ڕێکخراوی تێرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامیی " IS "، کە پێشتر "ISIS"ی پێدەگوترا، دەستی بە سەر بەشێکی وڵات دا گرتوە. سوپای عێراق پێگە و بنکەکانی لە باکوور بەجێهێشتووە و پێشمەرگە جێگای وی پڕ کردۆتەوە. کوردەکان ئێستا هەموو ئەو شوێن و ناوچانەیان بەدەستەوەیە کە لەسەریەک بە ناوچەی ماددەی ١٤٠ نیو دەبرا و هەردووک لا، هەم هەرێمی کوردستان و هەم ڕێژیمی بەغدا داوای دەکەن و کێشەیان لەسەری هەیە.

ئەو ئـالۆگۆرە خێـرا و تونـدانە لە هاوسـەنگیی دەسـەلات دا، بە ڕوونـی نیشـان دەدا کە عێـراق تـا چ ڕادەیەک لیکەهەڵوەشـاوە. ئێسـتا دنیـای دەوروبەر دەبـێ خـۆی بـۆ ئالۆگۆڕێـک ئامـادە بکـا کە لە ئاکـامی ئەو ئـالۆگۆڕە دا وڵاتەکە تووشی شەڕێکی دیکە ببێ کە کۆتـاییەکەی دیـار نەبـێ، بەڵام کوردەکـان لە بـاکوور بە ڕێگـای خۆیـان دا بڕۆن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن.

پێشـتر، هەر ئەو کـاتەی بریتانیاییەکـان لە دەیەی ١٩٢٠ و لە سـەردەمی سەرپەرسـتیکردن دا عێراقیـان کـردە دەوڵەت، دەوڵەتەکە بڵاو و لێکەهەڵوەشاو بوو، بەلام کـات بە کـات ڕێژیمەکـانی بەغـدایە زەبـر و زەنگیـان زۆرتـر نواند و گوشاریان لە گەڵ گوتـاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ڕەوتی بەرێوەبردن دا تێکەڵ کرد. کوردەکان تەنـانەت پێش سەربەخۆبوونی عێراقیش دەستیان بە ڕاپەڕین کردبـوو و لە دەیەی ١٩٦٠ دا دە شەڕێکی تونـد دەگەڵ سـوپای دەوڵەتی ناوەندی دا بـوون. داوای ئۆتۆنـۆمیی ئاسـۆرییەکانیش، سـاڵی ١٩٣٣، بە کوشـتار و کۆمەڵکـوژی لە "سمیل" سەرکوت کرا.

سەددام حوسێن شەڕی لە گەڵ ئێران دەست پێکرد، کۆمەڵکوژیی لە کوردان و شیعان کرد و کوێتیشی داگیر کـرد. لە دوای ڕووخـانی سـەددام حوسێن و هەڵاییسـانی شـەڕی نێوخـۆیی عێـراق، پـارچە پـارچە بـووە. لە وێـش نە نێلسـۆن ماندێلالایەک هەیە و نە تەنانەت قۆناخێکیش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان بەدێ دەکرێ.

ئەو هەنگـاوەی تـا ئێسـتا بەرەو سـەربەخۆیی هەڵێنـراوەتەوە، زۆر گەورە نـیە، بەڵام حکـوومەت ، دامەزراوەکـان و ئۆرگانەکـانی هەرێـم هێمنـایەتیی هەرێمەکەیـان پاراسـتوە. ئەوێ زۆر سـەرچاوەی گەورەی نەوتـی هەیە و دەتـوانێ زیـاتر لە یەک میلیۆن بۆشکە نەوت لە ڕۆژ دا بۆ دەرەوە بنێرێ. ڕێبەرایەتیی سیاسیی هەرێم کارلێهاتووە و نەریتە ئیسلامییەکەی سنوور بۆ تونداژۆیی دادەنێ. حکوومەت و پارلمانی خۆی هەیە. پێنج حیزبـی گەورە دەو پارلمـانە دا هەن و ١٤ کورسیش بۆ کەمایەتییەکان دانراوە. سیاسەتی دەرەوەیی و هێمنایەتییشیان بە شێوەی ڕۆژاوایە.

پێوەنـدییەکانی هەرێـم لە گەڵ ڕۆژاوا باشـن. ئـێمە زۆر هـاووڵاتیی کوردمـان هەن. وەزارەتـی دەرەوەی ئـێمە چ سنوورێکی بۆ سەردان و سەفەرکردن بۆ هەرێمی کوردستان دانەناوە و ڕیزە شیرکەتێکی سوێدیش لە وێ هەن. ئێمە فڕینـی ڕاستەوخۆمان لە سـوێدەوە بـۆ ئەوێ هەیە و بەشێک لە بـاڵوێزخـانەی عێراقـی ئـێمە لە هەولێـرە. چەنـد وەزیری ئێمە بە ڕەسمی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردوە و چاوپێکەوتنمان لە ئاستی سەرۆک پارلمان و کۆڕی

نوێنەرایەتیی پارڵمانەکانی هەردووک لا دا هەبووە. هەر ئێستا سوێد بە کردەوە پێوەندیی دوولایەنەی لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

کوردستان قەت وەک فەلەستینێ لە ناوەندی سەرنجی یووئێن و ڕاگەیەنە گشتییەکان دا نەبووە. هێزە گەورەکان درۆیان دەگەڵ کردوون و بزووتنەوە هاوپشتی و هاوکارییەکان قەت گرینگییان پێنەداون، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، هەرێمی کوردستانی عێراق بەو زووانە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ. پرسی کورد هەرگیز نەیتوانیوە لە پشت قفڵی دەرگابەسراوەکانی هۆڵەنێونەتەوەییەکان واوەتر بڕوا و قەتێش نەبۆتە باسی رۆژی چاوپێکەوتنەکان. کەوا بوو کاتێک کە هیچ نوێنەر و وتەبێژێک بچووکترین شیکردنەو دەربڕینێکی لەو بارە دا نیە، وەک بۆ پرسی فەلەستینێ هەیە، هاسانتر ئەوەیە کە بۆخۆت هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنییەوە.

ئەڵبەت هەرێمی کوردستان دەو ڕێگایە دا هێندێک کۆسپ و تەگەرەی بەرچاوی لەبەرن. مەترسیی ئەوە هەیە کە ناکۆکی لە سەر نەوت و سنوورەکان تا ماوەیەکی دوورودرێژ هەر هەبێ. چونکە بەغدا مل بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاناکێشێ. مەترسیی تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە گەڵ عێراق و دەستتێوەردانی ئێرانیش هەیە.

بەڵام خۆ کوردەکان، هەر وەک خەڵکی دیکە، مافی ئەوەیان هەیە کە چارەنووسی دواڕۆژی خۆیان دیاری بکەن. ئەگەر حکوومەتی هەرێم دوای ڕاپرسیی گشتیی بیەوێ سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، دەبێ سوێد دان بەو بڕیارە دا بنێ، هەر وەک ئێمە سەبارەت بە کۆسووڤۆ و باشووری سوودانیش هەر وامان کردوە.

پشتیوانیی سوێد لە دروستبوونی وڵاتێکی ئەوتۆ دەرەتانی شوێندانانی زیاتریش بۆ ئێمە دەڕەخسێنێ. مەسەلەیەکی گرینگیش پرسی مافی کەمایەتییەکانە، نەک هەر عەڕەبەکان، بەڵکوو ئاسۆرییەکان، کەلدانییەکان، سریانییەکان، ئیزەدییەکان، شەبەکەکان و تورکمانەکانیش. هەوڵدان بۆ بەکوردکردنی کەمایەتییەکان و کۆمەڵگەکانیان نەک هەرهیچ پاساوێک هەڵناگرێ، بەڵکوو زۆر زوو دەبێتە هەڕەشە لە سەر سەقامگیربوون و ڕێگاش بۆ سەرهەڵدانی نەتەوەگەرییەکی بەرچاوتەنگانە دەکاتەوە. ناسنامەی کورد لە جێ دا زۆر بەهێزە و هەڕەشەی بە هیچ شێوەیەک لە سەر نیە. زەبروزەنگ و وێکهەڵنەکردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا وەک نەریتێکی لەمێژینەی لێهاتووە و هەر بۆیەش ڕێبەرە کوردەکان دەبێ بە تووندی لە دژی ڕەگەزپەرستی و زێدەخوازیی مەزهەبی ڕاوەستن. ئەوە بە تایبەت

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو بەشەی خەڵک دا گرینگە کە زۆربە پێکدێنن و لە کاتی لاوازبوونی کۆنترۆڵ دا دە توانایان دا هەیە ئاڵۆزییەکی گەورە دروست بکەن.گیانی لێبووردەیی و وێکهەڵکردن دەبێ لە فێرگەکان، لە نێو سەرۆک عێلەکان، سەرۆکە مەزهەبییەکان و لە نێو سوپا و پۆلیس دا زۆر بەهێز بێ و لە گەڵ کەمایەتییەکانی ناوچەکە دەبێ بەردەوام دیالۆگ و ڕاوێژکردن هەبێ. ڕێبەرە کوردەکان زۆریان هەوڵ بۆ دابینکردنی هێمنایەتی و بەرگریکردن لە کەمایەتییەکان داوە و ئەوان ئێستا سەربازەکانی خۆیان لە ڕێگای پاراستنی غەیرەکوردەکان دا فیدا دەکەن، بەو حاڵەش نموونەی واش هەیە کە کەمایەتی هێرشی کراوەتە سەر، بۆ وێنە لە زاخۆ، دوو ساڵ لەمەو پێش، هۆتێلیک کە خواردنەوەی ئەڵکۆڵی تێدا دەفرۆشرا، لە لایەن ئیسلامییەکانەوە هێرشی کرایە سەر.

ئەگەر خەڵکی دەشتی نەینەوایە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی مووسڵ، پێیان خۆش نەبێ دەگەڵ ئەو وڵاتە کوردییە بکەون کە لە داهاتوو دا دروست دەبێ، نابێ بە زۆری ڕەگەڵ ئەو وڵاتە بخرێن. ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆخۆیان ئۆگری نیشان بدەن و ناوچەکە ببێتە بەشێک لە وڵاتەکوردییەکە، دەبێ هەر وەک پێشتریش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، مافی خۆبەڕێوەبردنیان بدرێتێ. هەر بەو شێوەیە دەبێ ویستی تورکمانەکانیش لە شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی کەرکووک دا وەبەرچاو بگیرێ.

لەگەڵ ئەوەی کە عێراق هەر دەم دەکێشرێتە نێو گرژییەکی ڕووخێنەرتر‌ەوە، گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە، گەشەکردنێک کە دەبێ سوێد بیبینێ و قبووڵی بکا. بەو شێوەیە ئێمەش دەتوانین کارتێکەریمان هەبێ و یارمەتی بە گەشەکردنێکی باش بدەین.

فرێدریک مالم

نوێنەری پارڵمان و وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی پارتی گەل لیبرالەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤

لە کۆبانی چ ڕوو دەدا؟

نووسینی: ناسر ئێرانپوور

داعیش لە بەرامبەر کوردانی سووریە دا

ئەم ڕۆژانە لە دەوروبەری کۆبانێ (عەینولعەڕەب) کە شارێکی چکۆلەی کوردستانی سووریەیە، شەڕێکی قورس دە گۆڕێ دایە. شەڕ لە نێوان هێزە هێرشکەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام، کە بە "داعش" ناسراوە و هێزی شەڕکەڕی کوردەکانی سووریە کە بە گریلا بەناوبانگە. ئەو شەڕە بۆتە هۆی پیکهاتنی نیگەرانییەکی زۆر سەبارەت بە کەوتنەوەی کارەساتێکی مرۆیی لەو ناوچەیە دا.

بە ڕاستی بناغەی ئەو تێکهەڵچوونانە لە کوێ دایە؟ داعش چیی لە کۆبانێ دەوێ و ئەو نیگەرانییانە چن؟

کوردەکانی سووریە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریەوە، ستراتیژییەکی سێهەمیان گرتە بەر و ڕایانگەیاند کە نە دژی بەشار ئەسەد شەڕ دەکەن و نە لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریەش. بەشار ئەسەدیش کە لە ناوچەکانی دیکەی سووریەوە گوشاری لە سەر بوو، لە هەنگاوێکی تاکتیکی دا، هێزەکانی لە کوردستانی سووریە بردە دەر و هێزەکانی پارتی یەکییەتیی دێمۆکراتی ، کە وەک لقی سووریەی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) دەناسرێن، بەتالاییەکە(کە بە پاشەکشەی هێزی نیزامیی سووریە پێکهاتبوو)یان پڕ کردەوە، وردە وردە هێزی شەڕوانی خۆیان ڕێکخست و هاوکات قەوارەیەکی سیاسیی تازەشیان بۆ کوردستانی سووریە، واتە ڕۆژاوای کوردستان، پێکهێنا. ئەو قەوارە سیاسییە ناوی نرا "خۆبەڕێوەبەریی دێمۆکراتی" و بە کردەوە سێ کانتۆن، یان هەرێمی کۆنفیدراڵ لە کوردستانی سووریە دروست بوون.

ڕاست لەو کاتە دا کە هەوڵی کوردەکان بەرەو پێکهێنانی قەوارەیەکی "خۆبەڕێوەبەریی دێمۆکراتی" وەگەڕ کەوت ، هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق وشام هێرشی چەکدارانەیان بۆ سەر ئەوان دەست پێکرد و بەشێکی گەورەی ئەو شەڕانە لە ناوچەی سەرکانی (راس العین) ڕوویان دا. کوردەکانی سووریە توانیان وردە وردە پاشەکشە بە داعش بکەن و تا ڕادەیەک جێگە و پێگەی ئەو هێزە جیهادییە لاواز بکەن، بەڵام داعش هەرکات هەل و دەرفەتی لەبارى

بۆ ڕەخسا، هێرشەکانی تووندتر کرد. لەو نێوە دا بێجگە لە هێزی شەڕکەری هەردووک لا، ڕادەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی کوردیش وەبەر هێرشی داعش کەوتن و تێداچوون. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی چاوەدێری مافی مرۆڤ "دیدەبان حقوق بشر"ی سووریە، ١٥٠ قوتابیی کورد لە لایەن ئەو هێزە ئیسلامییە تونداژۆوەوە ڕفێندراون و تا ئێستاش چارەنووسی وان نادیارە.

پرسیار ئەوەیە: داعش بۆ هێرش دەکاتە سەر کوردان؟ هۆی ئاشکرای ئەو هێرشانە بەیەکەوەگرێدانەوەی دوو شت بوو: لەلایەکەوە داعش خەریکی پێکهێنانی "خەلافەتی ئیسلامی" لە هێندێک بەشی خاکی سووریەیە و لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لەو ناوچانەی کە داعش پێیوابوو دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی "خەلافەتی ئیسلامی " دا بن، بە شێوەی سروشتی بەشێک لە خاکی کوردستانی سووریيەن، یانی داعش لە گەڵ ئەو هێزانە شەڕ دەکا کە نیشتەجێی شار و هەرێمی خۆیانن و بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆیان دەکەن. بە پێچەوانەوە ئەندامانی هێزە جیهادییەکان زۆرتریان لە وڵاتانی دوور و نیزیکەوە بەڕێکراون و تێکەڵ بە داعش بون.

هێزەکانی داعش و گریلا کوردەکان سەرەتا لە باری کەرەسە و کەلوپەلی شەڕکردنەوە لە ئاستێک دا بوون. ئەگەر چی وا دەهاتە بەرچاو کە هێزە کوردەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر و یەکگرتووتر ئەو شەڕەیان کردوە، بەڵام ئەو هاوسەنگییە لە مانگی ڕابردووەوە گۆڕاوە. داعش دوای گرتنی مووسڵ هەم لە باری ئابووری و هەم لە بواری نیزامی دا زۆر بەهێزتر بووە و ئەمجار بۆتە خاوەنی تۆپ، تانک و چەکی قورسی جۆراوجۆریش. ئەو چەک و تەقەمەنییە زۆروزەوەندەشی دوای هەڵاتنی ئەرتەشی عێراق وەدەست کەوت. داعش بەپەلە بەشێکی بەرچاوی ئەو چەکانەی بردە بەرەی سووریە و دەستبەجێ دوای ئەوەش هێرشی بۆ سەر کوردەکان تووندتر کرد. ئەمجار ئەوان مەبەستی سەرەکییان گرتنی شاری کۆبانێ بوو کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریە هەڵکەوتووە و پەنجاهەزار کەسی حەشیمەت هەیە. ئیدی شەڕەکە بوو بە شەڕێکی نابەرامبەر. ئەو شەڕە هێشتا لە دەوروبەری کۆبانێ بەردەوامە و ڕۆژ نیە زیانێکی مرۆڤی زۆری لێنەکەوێتەوە.

کوردەکانی سووریە باری نائاساییان ڕاگەیاندوە . کاربەدەستە سیاسییەکانی "کانتۆنی کۆبانێ" داوایان کردوە هەر کەس تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاترە بچێتە نێو "یەکینەکانی پاراستنی گەل" و چەک هەڵگرێ. لەو بەینە دا تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە پیر و بەسااڵداچووەکانیش چەکیان دە شان کردوە و بۆ بەرگری ئامادە بوون. لە لایەکی دیکەشەوە سەدان کەس لە کوردەکانی تورکیەش لە سنوور پەڕیونەوە، خۆیان گەیاندۆتە کۆبانێ، دەیانەوێ

بچنە پاڵ گریلا کوردەکانی سووریە و نەهێڵن شارەکە بگیرێ.

دژایەتیی ئیدیۆلۆژیی کوردەکان و داعش

شەڕ و ناکۆکیی کوردەکان و داعش تەنیا لە سەر جوغرافیا، یان دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەرێمێک دا نیە. ئەو دوو هێزانە لە باری ئیدیۆلۆژیشەوە باوەڕ و بۆچوونی یەکجار جیاوازیان هەیە. داعش گرووپێکی بناخەئاژۆ و تۆندڕەوە کە باوەڕی بە ئازادیی ژن نیە و ژن لە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسک دا دەبینێ، هەروەها باوەڕی بە فرەبیری، دێمۆکراتی و ئەو بایەخانە کە لە دنیای پێشکەوتووی ئێستا دا هەن نیە. بێجگە لەوەش لە دوو ساڵی ڕابردوو دا دەریانخستووە کە کوشتوبڕ و زەبروزەنگیان سنوور ناناسێ.

بەڵام کوردەکان هێزێکی سیکۆلارن. "یەکسانیی جینسی" بایەخێکی دیاری کۆمەڵگەی کوردستانی سووریەیە. دەکرێ بڵێین نیوەی هێزە نیزامییەکانی کوردەکان لە ژنان پێکهاتوون، ئەو ژنانەی کە زۆر جار پێیان لە سەر ئەوە داگرتووە کە داخوازەکانیان ناخەنە سبەینێ و هاوکات لە گەڵ بەرگریکردن لە شار و وڵاتەکەیان لە پێناو ئازادیی ژنانیش دا خەبات دەکەن. لە کوردستانی سووریە کێ تا نەبێتە هەژدە ساڵ، مارەکردنی قەدەغەیە، هەروەها مێرمنداڵانی ژێر هەژدە ساڵیش نابێ بکرێنە سەرباز و لەوەش زیاتر ئەوان مەسیحییەکان و کەمایەتییە کانی دیکەی وەک ئاسۆری و مەسیحییەکانیشیان لە سیستیمی سیاسیی خۆیان دا بەشدار کردوە. کوردەکانی سووریە دەڵێن دەیانەوێ سیستیمێک پێکبێنن کە ماف و ئازادییەکانی خۆیان و کەمایەتییەکانی دیکەش لەو هەرێمە و لە چوارچێوەی سووریە دا دەستەبەر بکا. ئەو ماف و ئازادییانە کە چەندەها دەیەیە حاشایان لێکراوە و وەبەرچاو نەگیراون.

هەر بۆیەشە کە کوردەکان، هەروەک خۆیان باس دەکەن، نیگەرانی ئەوەن کە لە لایەک بە هۆی تێکهەڵچوونی چەکدارانەی بەرین لەگەڵ داعشەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەو دژایەتییە ئیدیۆلۆژیکییەی لە گەڵ ئەو ڕەوتە هەیانە، ئەگەر کۆبانێ لە لایەن داعشەوە دەستی بەسەر دا بگیرێ، شارەکە لە گەڵ مەترسیی کۆمەڵکوژی بەرەوڕوو دەبێ. ئەوەش کە نیگەرانیی خەڵکەکە زیاتر دەکا، بێدەنگی و بێهەڵوێستیی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی کۆبانێیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەژاری قاسمی

ئەو شێعرەم کاتی خۆی بۆ ڕێز گرتن لە یادی کاک هەژار، فەرماندەری هێزی پێشمەوا نووسیوە. ئەو کات هەر دە شێعرەکە دا گوتوومە" هەژار"ەکان لە مەیدان دان و هەر هەژارێک شەهیدبوو، سەدان هەژاری دی جێگای دەگرنەوە. "هەژار"ی شەهیدی ئەمجارەمان "هەژاری قاسمی"یە. سڵاو لە گیانی پاکت هەژار گیان. دڵنیا بە ڕێگای تێکۆشانت چۆل نابێ و ڕۆژێک ئەو ئامانجەی نەتەوەکەت خەباتی بۆ دەکا، وەدی دێ.

بەڵام با چاک بزانێ دوژمنی داگیرکەری بەدفەڕ
گوڵاڵەی ژینی پێشمەرگە هەر ئەو کاتەی دەبێ پەڕپەڕ
کە خوێنە ئاڵەکەی دەڕژێ، لە هەر قەترە و تنۆکێکی
هەزار پێشمەرگە هەڵدەستن، دەچن بۆ شۆڕش و بۆ شەڕ

لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەگەر بەردێکە، دارێکە
لە نێو کێو و چیاکانمان ئەگەر ئەشکەوت و غارێکە،
لە نێو هەر سەنگەرێک دا سەد کوڕی پێشمەرگە دانیشتوون
کە ڕۆژی تۆڵە هەریەک شوانەیەک، هەرکام هەژارێکە

لە شێعری "هەژار هەر ماوە" ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی. بە یادی کاک هەژار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ ، ٢٠١٦

نووسەری گەورە، یاشار کەماڵ، کۆچی دوایی کرد.

بەداخەوە ئەمڕۆ، یاشار کەماڵ، نووسەری بەناوبانگ و گەورەی کوردی تورکینووس، کۆچیدوایی کرد. ئەو، نەیدەتوانی بە کوردی، واتە بە زمانی نەتەوەکەی خۆی بنووسێ، بەڵام بە نێوەرۆکی داستانەکانی، بە بەیانی دەردی خەڵکە چەوساوەکەی، بە کێشانەوەی هەزاران تابلۆ لە ژیانی خەڵک و سروشتی نیشتیمانەکەی، بە بوێری و ئازایەتی لە بەیانی ئێش و ئازارەکانی نەتەوەکەی دا، خزمەتی گەورەی بە کورد کرد.

بەو بۆنەیەوە و لە گەڵ ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی دەڵێم: هەموو کەس دەمرێ و یاشار کەمالیش مرۆڤێک بوو و مرد، بەڵام بە ڕاستی ئەو پیاوە هەر بە جەستە ماڵاوایی لە جیهان و نەتەوەکەی کردوە، دەنا بە شوێنەوار و بەرهەمەکانی هەمیشە هەر دەمێنێ و لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە وشەکانی دا، لە ڕستەکانی دا، لە هونەری ڕۆماننووسینەکەی دا کە لە نێو کتێبەکانی تۆماری کردوە و هەزاران دیمەنی لەبیرنەچۆوە و بەشکۆی پێ دروست کردوە و نەخشاندوە، هەر هەیە و هەست بە بوونی دەکرێ.

بۆ دەربڕینی ڕێزی خۆم سەبارەت بەو نووسەرە گەورەیە، پاراگرافێک لە پێشەکیی دواین بەرگی "حەمەدۆک " کە من لە زمانی سوێدییەوە وەرمگێڕاوە و ساڵی ٢٠١٠ "خانەی وەرگێڕان" لە سلێمانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، دادەنێم. (بۆ ئەوەش بڵێم وەک خوێنەران ئاگادارن، سێ بەرگی پێشووتری ئەو ڕۆمانە زووتر لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدووڵلای حەسەنزادەوە، کرابوونە کوردی.)

"سەبارەت بە یاشار کەماڵ و نووسینەکانی بە پێویست نازانم چ بڵێم. ئەو نووسەرە پایەبەرزە ئەوەندە بەناوبانگە و ئەوەندەی لە سەر نووسراوە، کە لە ڕادەی جیهانی دا ناسراوە، لە ڕیزی نووسەرە گەورەکانی دنیا دایە و بەرهەمەکانی لە ئەدەبیاتی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا ڕەنگیان داوەتەوە. تەنیا پێم‌خۆشە ئەوەندە بڵێم کە یاشار کەماڵ خاوەنی هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵێکی یەکجار بەرینە. ئەو نووسەرە جۆرێک وەستایانە دیمەنەکان

دروست دەکا و بە ناخی کەسایەتی و سروشتی قارەمانانی داستانەکانی دا شۆڕ دەبێتەوە، کە خوێنەر لە گەڵ خوێندنەوەی داستانەکە هەست بە دیمەن و کەسەکان دەکا. بە ڕاستی من بە تایبەت لە ماوەی وەرگێڕانی کتێبەکە دا لە نێو ئەو ڕووداو و دیمەنانە دا دەژیام و جۆرێک لە گەڵ کەسەکان تێکەڵ بووم و دەمناسین، دەتگوت لە دەوروبەرمن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٥

بە بۆنەی سائوەگەڕی شەهیدکرانی ڕۆڵەی بوێر و خەباتکاری ڕێی ئازادیی کورد، کاک مەنسووری ئاروەندەوە، ئەم شێعرە جارێکی دیش دادەنێمەوە.

بۆ مەنسووری ئاروەندی شەهید

بە بەرزی چوویە سەر دار و نەلەرزی
وەت پشتی نەیاری دا لە عەرزی

لە ڕیی خەڵک و وڵاتت خۆت فیدا کرد
لە میژوو دا دەمێنی هەر بە بەرزی

ئەوەی پێی وایە دوژمن خوو دەگۆڕێ
لە داوی خۆشخەیاڵی دا دەدۆڕێ
ببینن چۆن لە سەر ئەم نیشتمانە
لە جەستەی لاوەکانم خوێن دەچۆڕێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١٥

بەبۆنەی ساڵوەگەڕی کارەساتی شەنگال

ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی کارەساتی "شەنگال" بوو. هەرساتێکی ئەو بیرەوەرییە، دڵۆپەژارێکی تاڵە، دەتکێتە نێو دڵ و میشک دەتاسێنێ.

تا ئەو کاتەی کورد چارەنووسی خۆی و دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەدەست خۆیەوە نەبێ، مەترسیی دووپاتبوونەوەی ئەنفال، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە، قارنی و قەڵاتان، کارەساتی دڵتەزێنی شەنگال و زۆر شتی تاڵ و ناخۆشی دیکەش لە سەر کورد لاناچێ.

دەزانی کوردە دوژمن بۆی بڕەخسێ چت بەسەردێنێ
بە جارێ ماف و مێژوو و ناو و ناسنامەت دەفەوتێنێ
دە هەستن ببنە ئەو لافاوە قورسەی کێو لەبن دێنێ

"نەتاندیوە کە ڕووباری خوێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر کاخی زۆرداری دەڕووخێنێ گڕی هەستان"

بە تێکۆشان نەبێ، نابڕێتەوە دەورانی دەرد و ئێش
درەنگە دەست دەنی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش
دەبێ چۆک دابدا ڕۆژێک لەبەرتان دوژمنی سەرکێش

"هومێدێ بەرمەدەن ڕێگای خەبات بگرن، بڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆری چۆن وەستان"

بەکۆ دەبڕێنە ژێر داری نەمان کێشڕ و کوڕۆکاڵم
هەموو دەشت و چیای کێلاین بە تۆپ و بۆمبی ناپاڵم
بەسە تاکەی لە دەست دەم دایک و باب و دۆست و ئاواڵم

"هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دوژمنی زاڵم
پراوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل، جەمەی بێ وا لە دەسبەستان"

گەڵۆ کورد بۆ دەبێ هەر دەسبەسەر بێ و بێبەش و داماو
لە ماڵی خۆی، بژی بێدەستەڵات و دیل و دەسبەسراو
لەبەر چی دایکی کورد هەر ملبەکوێن بێ و مات و دڵسووتاو

"هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی براکوژراو
لە جێی بادەو لەبەزمی دوژمنان بدرێتە دەست مەستان"

چەند بڕگەیەک لە پێنجخشتەکی(تەخمیس)ی "ئاشق" لە سەر غەزەلی بەناوبانگی "بەهار هەر دێ"ی مامۆستا هێمنی موکریانیی نەمر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

شەنگال ئازادە

ئازادکرانی شەنگال لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز بێ!

شەنگال ئازادە

چرای شاری دەروون هەڵبوون بە جارێ
لە چاوم ئەشکی خۆشحاڵی دەباری
ڕەوی دەرد و خەم و ئەمڕۆ دڵی من
لە پڕ پشکووت وەکوو خونچەی بەهارێ

بە گیانبازی و وردی پێشمەرگەی ئەمڕۆ
پەڕیکی دی لە مێژووی ئێمە نەخشا
کە ئاڵامان لە "شەنگال"ێ شەکاوە
لە سەرمان تاجی شانازی دەرەوشا

دەبا کێژی بەدیلگیراوی شەنگال
بزەی تۆڵە لە سەر لێوی بپشکوێ
دەبا ژیان لەو چیا و دەشت و هەڕێمە
لە موژدەی سەردەمێکی تازە بدوێ

دەبا کێژ و کوڕانی ئیزەدیمان
لە "لالەش" کۆوەبن، بێکەن بە جێژن
پەژارە و دەردی ئەو دوو ساڵە قورسە

لە نێو ئارشیوی مێژوو دا بنێژن
دەبا دایکی جیگەرسووتاوی شەنگال
ئیتر بسرێتەوە فرمێسکی چـــاوی
هەموو باوکێکی پیری دڵبریندار
شنەی ئۆخژنی برژێتە هەنـــاوی

ئەتۆش هێزی درندەی ڕەش بزانە
کە دەستت ناوەتە نێو زاری شێری
دەبوو پێشواده بیرت کردباوە
مەحاڵە تۆ بە پێشمەرگە بوێری

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

کۆمارەکەم

ئەمڕۆ دووی ڕێبەندان، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستانە. ڕۆژێکە کە بۆ هەمیشە جێگایەکی گرینگی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەکەمان دا بۆ خۆی تەرخان کردوە.

ڕاستە کۆماری کوردستان لـە بەشێکی زۆر بچـووکی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان پێکهـات. بـەڵام شـوێنەوار، گرینگـی و خۆشەویستیی ئەو ڕۆژە هەر لە یەکەم ڕۆژی پێکهـاتنی کۆمـارەوە سـنووری داسـەپاو و دەسکردیان بەزانـدوە، خۆیـان گەیاندۆتە هەموو بەشەکانی کوردستان و لـە دڵـی هـەر کوردێـک دا کـە تۆسقاڵێک هەست بـە کوردبـوون و سـتەمی نەتەوایەتی بکا، جێگیر بوون. ئەوەش بە هەڵکەوت نیە. ئەو ڕۆژە سیمبۆلی سەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئەو ئـاوات و ئامانجانەیە کە نەتەوەی کوردی ستەملێکراو بە هەموو بەش و زاراوە و ناوچەکانیـیەوە خەباتێکی سەختی

لەمێژینەی بۆ کردوون و دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری لە پێناو دا فیدا کردوون.

بەڵێ، دووی ڕێبەندان، کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی تەنیا ئی بەشێکی گەلی کورد نین و بە بێ جیاوازی ئی هەموو نەتەوەی کوردن. هەر بۆیەش دەبێ بڵێین:

" دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز بی!"

من ئەمساڵ دەمەوێ لەم هەوارگە هەژارانەیەی خۆم دا بە هێنانی شێعرێکی جوان لە شاعیرێکی خاوەن هەست و پێشکەش کردنی بە میوانانی خۆم، ڕێز لەو ڕۆژە بگرم و یادی بکەمەوە. شێعرەکەش خۆی بەسەرهاتێکی بچکۆلەی هەیە، کە لە چەند دێڕ دا بۆتانی دەگێڕمەوە.

زستانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی من لە بەشی ڕادیۆ و بڵاوکرنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا کارم دەکرد. (دیارە حیزب ئەو کات دوو بەش بوو و من لە بەشی " ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" دا بووم). بنکەمان لە دۆڵی "قەڵاسەیدە"ی پشت شاری "ڕانیە" بوو. من زنجیرە بەرنامەیەکی ئەدەبی ـ هونەریم هەر بە ناوی "بەرنامەی ئەدەب و هونەر" دەو بۆ ڕادیۆ دەنووسی و ڕۆژانی هەینی بڵاوم دەکردەوە. بەرنامەکە جێی خۆی کردبۆوە و زۆر جار نامە و بەرهەمی بیسەرانم بۆ دەهات. ڕۆژێک لە سەروبەندی دووی ڕێبەندان دا، هاوڕێیەک دوو نامەی بۆ هێنام. یەکێک لە نامەکان ئەو شێعرەی تێدا بوو کە ئێستا لێرە دەینووسمەوە و ئیمزای "بڵند" ی لە ژێرەوە درابوو. شێعرەکە سەردێڕی "کۆمارەکەم"ی بەسەرەو بوو و زۆر جوان بوو . منیش دەسبەجێ لە بەرنامەکە دا گونجاندم و بڵاوم کردەوە.

ئەو کات بەعس بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو. زۆر جار تیمی کادر و پێشمەرگەکانی پارتی، یەکیەتی، شیووعی و ڕێکخراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەهاتن و چەند ڕۆژێک بە نەهێنی میوانی ئێمە دەبوون. کاک "بڵند" ی شاعیریش کادرێکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو و میوانی یەکێک لە بنکەکانی ئێمە بوو. بە داخەوە بۆم نەکرا ئەو کات لە نێزیکەوە بێبینم و هێشتاش بە ڕەنگ و ڕوو نایناسم و دیارە ناشزانم داخوا ئەو ناوە ناوی ڕاستی خۆیەتی، یان هەر نازناوە. بەڵام ئەو شێعرەی یادگارێکی بە نرخە کە لە لای من ماوەتەو و زۆر جار و لە زۆر شوێن بە بۆنەی دووی ڕێبەندانەوە خوێندوومەتەوە. نازانم کاک بڵند ئێستا لە کوێیە. بە هەرحاڵ هیوادارم هەر

ساغ و بەختەوەر بێ. زۆرم پێخۆشە جارێک لە نیزیکەوە بیبینم یان ناونیشانیم هەبێ و پێوەندیی پێوە بگرم.

---

* بڵند

زستانی ساڵی ١٩٨٨

کۆمارەکەم

کۆمارەکەم،

وەک کۆرپەیێ،

تازە پێت نابووە ژیان،

لە ژین کرای.

هێشتا تامی شیری دایکت نەکردبوو،

کاتێ لە باوەشی برای.

وەک خەباتگێرێکی ناکام،

لە گەڵ دەسرێژی یەکەما شەهید کرای.

وەک بەندیێ،

هیچ دادگایێ لێی نەپرسی،

کاتێ لە سێدارە درای.

وەک شینایی جووتیارێک بووی،

هێشتا دروێنە نەکرابووی،

کاتێ هەر بە شینی خورای.

وەک خاوەن ماڵ،

پشووت لە ماڵی خۆت نەدا،

کاتێ لە شاری خۆت تارای.

وەکوو دەنگی ئازادیخواز،

نەگەیشتبوویە سەر لێوان،

هەر لەنێو گەروو دا خنکای.
وەکوو شێعری شاعیرێک بووی،
هێشتا لە دایک نەبوو بووی،
لە پەردەی ئیلهاما پژای.
وەک هەواڵی ئاژانسێکی دەنگوباس بووی،
لا پەڕەی ڕۆژنامەت نەدی،
کاتێ لە ژێر جاپ دا دڕای.
وەکوو مەشخەڵی نەورۆز بووی،
هێشتا بڵێسەت نەدابوو،
لە چوار لاوە فوو لێکرای.
وەک تیشکی ڕۆژ،
هەرکە یەکەم گزینگت دا،
لە سەوزایی خاکا گیرای.
وەک درەختێ بەری میوەت نەگرتبوو،
کاتێ تەوری ڕۆژگاری ڕەش،
بێبەزەییانە قەڵتی دای.
وەکوو بانگی مەلای ئایین،
نەگەییە سەری مناره،
کاتێ خۆت و پێشەواکەت،
خرانە قوڵفی سێدارە.
بەڵام ئازیز، ئەی کۆمارم،
ئەی سامانی کوردەواریم،
ساڵان دێن و ساڵان دەڕۆن،
یادت ماوە،
لەبیر نەکرای.
لە مێژووی خوێناویی کورد دا تۆمار کرای.

دڵنیابە! دڵنیا بە!
ڕێبوارانی کاروانی دوور،
گۆشەی دڵیان،
سۆمای چاویان،
بۆ کردی بە تابووتی سوور.
تۆ و پێشەوا لە یاد ناکرێن،
لە دڵمانن.
هەموو ساڵێ،
لە سەرەتای ڕێبەندانا،
لە نێو گشت ماڵێ میوانن.
هەتا ماوین ئێوەش ماون،
لە گەڵتانین،
لە گەڵمانن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیۆیری ٢٠١٦

کۆدەتا تێکشکاوەکەی تورکیە و چەند تێبینی

١- گرینگترین خاڵ لە پێوەندی دەگەڵ ئەو کۆدەتایەدا، لە ڕوانگەی منەوە، ئەوەیە کە حیزبی هادەپ و کوردی باکوور کارێکی باشیان کرد کە نەک هەر پشتیوانییان لە کۆدەتا نەکرد، بەڵکوو دەکرێ بڵێین ژیرانەش هەڵسوکەوتیان دەگەڵ کرد و زۆریان سەری خۆ پێوە نەیەشاند. بێگومان دەسەڵاتێک کە بەرهەمی کۆدەتا بێ، زیاتر لەوەی ئێستا بۆ کوردی باکوور خێر نادا تەوە و تەنانەت لەوانەیە هەوڵ بدامەیدان لە خەباتی ڕەوایان بەرتەسکتریش بکاتەوە.

٢- کۆدەتایەکی سەربازی کە هەزاران سەرباز، دەرەجەدار و ئەفسەری لە گەڵ بێ و بتوانێ لە یەکەم ساتەکانی دەستپێ کردنیدا بنکە و دامەزراوە سەرەکییەکانی حکوومەت بە کەلکوەرگرتن لە تانک و تۆپ و تەیارە و هێلیکۆپتێری شەڕکەر داگیر بکا، با تێکیش شکابێ، دیارە هەر وا دەمودەست و لە خۆڕا پێکنەهاتووە، هێزێکی بەرچاوی لە پشت بووە و بێگومان شوێنەوارى لە سەر دادێی تورکیە و دەوڵەتی ئوردووغان دا دەمێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئوردووغان دوای ئەو کۆدەتایە لە گەڵ گرفت و ترس هەر بەرەڕووە.

٣- ئەو خەڵکەی ڕژانە خەیابانێ و بوونە هۆی ئەوەی کە کۆدەتاکە شکست بێنێ، هەموویان لایەنگری ئۆردووغان نین، کە دەیەوێ سیستیمی دەسەڵاتی تورکیە بەرەو دیکتاتۆری و کۆمەڵگەش بۆلای تەنگەبەربوونەوەی ئازادییەکان و زاڵکردنەوەی شوێنەواری مەزهەبی بەرێ. گومان لەوە دانیە خەڵکی بیرئازاد و سیکۆلاری نێو کۆمەڵگەی تورکیە نە ئۆردوغانیان خۆش دەوێ و نە چارەیان لە دەوڵەت و سیستیمەکەی دێ. ئەو بەشەی خەڵک هەرچەند ڕەنگە لەرزینی پایەی دەسەڵاتی ئەو حوکوومەتەیان زۆریش پێخۆش بووبێ، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە و ڕەوتی ڕووداوەکەش نیشانی دا ئەوەیە کە خەڵک بە هەموو تویژ و کۆمەڵەفکرییەکانییەوە، نە بیرەوەرییەکی خۆشیان لە کۆدەتاکانی ڕابردوو هەیە و نە کۆدەتاش بە ڕێگاچارەسەر بۆ ئالۆگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگە دەزانن. هەر بۆیەش هاتنە دەر و بە دژی کۆدەتاکە وەستان.

٤- مرۆڤ حەق بڵێ باشە، کۆدەتاچییەکان - لانیکەم ئەوەندەی دیار بوو ـ نەیانەویست لە بەرامبەر خەڵک دا تووندوتیژی بنوێنن، دەنا لەوانەبوو خەڵکێکی زۆر زیاتر لەو بەینە دا لە نێوچووبان و وا بە هاسانی کۆدەتاکە پووچەڵ نەکرابایەوە، بەڵام هێندێک دیمەنی دڵتەزێن وا نیشان دەدەن کە لایەنگرە وشکبیرەکانی ئۆردووغان زۆر درندانە لەو سەربازانە دەدەن کە چەکیان داناوە و خۆیان بەدەستەوە داوە. ئەو نەوعە خەڵکە نموونەیەک لە درندەیی و هەڵسوکەوتێکی کۆنەپەرستانە دەخەنە بەرچاو و ئەگەر ئۆردووغان دڵی بە پشتیوانیی ئەوانە خۆش بێ، ئەوە دیارە چەندە دە فکری داهاتووی وڵاتی تورکیە و خەڵکەکەی دایە!؟

٥- ئوردووغان زۆری پێخۆشە لەو کەشوهەوایەی بە سوودی ئەو پێکهاتوە، کەلک وەرگرێ و بەرنامەکانی خۆی سەبارەت بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی تورکیە، زیاترکردنی دەسەڵاتی سەرۆککۆمار، کێشانی کۆمەڵگەی تورکیە بەرەو سیستیمێکی زیاتر مەزهەبی و بەرتەسککردنەوەی فەزای سیکۆلاریزم، جێبەجێ بکا. بەڵام وەدیهاتنی ئەو ئارەزووانە هەروا ساکار و هاسان نانوێنێ و دادێ نیشانی دەدا ئەو تا کوێ لەو مەیدانە دا، بەو ئالۆگۆڕە

نوێیەوە، دەتوانێ ئەسپی خۆی لینگدا و بیری دێمۆکراتی و سیکۆلاریزم تا چ ڕادەیەک و لە چ شێوەیەک دا دەتوانێ بەرپەرچی بداتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٦

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، ئازاد ئاڵی و ئەمیر نەستانی

" هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە "

دوژمن سروشتی ناگۆڕێ
هەمان دێوی دڵچڵکنە
من و تۆ دووین و دوو بڕیار
ئەو بێ سێ و دوو دوژمنە

نەرمی، سازان، ئاشتیخوازی
نیە دە قامووسی ئەو دا
دەرووی ڕوون کوا دەکرێتەوە
بە سەر دڵی نیوەشەو دا

بەڵام وردم هەر وا بەرزە و
بە دوژمنی خوێنخۆر دەڵێم
سەد هێندەی دیش درندە بی

مەحاڵە لە بەرت هەڵێم
دۆخ هەرچەندە تەنگەبەر بێ
هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە
وەکوو گوڵ دوای پەڕپەڕیوونێ
هەموو ساڵێ دەڕوێمەوە

بڕوانن دەشتی ئەو زێدە
بە سوورەگوڵ داپۆشراوە
بە چاوی خۆم سەد جارم دی
گوڵ پێخوست بوو و هەر ڕواوە

ئەو کاروانەی بەڕێوەیە
ئاخری دەگاتە سەرمەنزڵ
مرادی ڕێبوواری ماندوو
ڕۆژێکی هەر دەبێ حاسڵ

بەشی یەکەمی شێعرەکەم ئەمڕۆ بە بۆنەی شەهیدبوونی ئازاد و ئەمیر گوتوە و بەشی دووهەم بۆ شەهیدانی پێشووتری ئەمساڵ گوتراوە و لە سەر ئەم دیوارەش دانراوە. ئێستا هەردووک بەشم بە یەکەوە داناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

چەند خاڵی جێگای سەرنج سەبارەت بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا

١- شکستهێنانی هێلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکا دا، بەشی زۆرتر، نەک بەرهەمی خۆشەویستیی دۆنالد ترامپ و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک بە بەرنامەکانی، بەڵکوو ئاکامی ماندووبوونی خەڵک لە هەشت ساڵ سیاسەتی پاسیف، شلوشەوێق و خاوی سەرۆککۆمار ئۆباما و حیزبەکەی، بە تایبەت ڕوو بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. سیاسەتێک کە بە هاتنەسەرکاری ئۆباما هاتە کایەوە، بە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دەستی پێکرد و لە درێژەی ئەو هەشت ساڵە دا، سەرەنجام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی شیعەی بناخەئاژۆی کردە کەڵەگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕووسیەی لاوازکراوی لەپێکەوتووشی بە شێوەیەک هەڵستاندەوە، کە ئێستا لە زۆر مەیدانی کێشەکان دا و بۆ نموونە مانەوەی ئەسەد لە سووریە، قسەی یەکەم دەکا و لەمپەرێکی گەورەی لە سەر ڕێگای ئەمریکا و هاوپەیمانانی دروست کردوە.

٢- هەر لەو پێوەندییە دا ئەو قسەیەی دۆنالد ترامپ کە سەردێڕی وتارە تەبلیغاتییەکانی بوو و دەیگوت گەورەیی و ئیعتیباری ئەمریکا زیندوو دەکاتەوە، شوێنی لە سەر بیروڕای گشتی دانا. ئەوەش دەتوانێ بەو مانایە بێ کە زۆربەی دەنگدەران لە گەڵ ترامپ هاودەنگ بوون کە سیاسەتەکانی ئۆباما بوونە هۆی لاوازبوونی گەورەیی و ناو ناوبانگی ئەمریکا، وەک دەسەڵاتی هەرەگەورەی جیهان.

٣- ڕاستە سەرۆک ئۆباما بە هێنانی پڕۆژەی وەک بیمە و یارمەتیی دەرمانی خزمەتێکی گەورەی بە تایبەت بە خەڵکی کەمداهاتی ئەمریکا کرد و بەو شێوەیە خۆشەویستییەکی زۆری ئەو بەشەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام ناڕازیبوونی بەشێکی زۆری دەنگدەران لە دەسەڵاتی دێمۆکراتەکان، کاریکی وای کرد لە کاتی هەڵبژاردن دا ئەو نوختە موسبەتە بەرچاوەشیان لەبیر نەمێنێ و دەنگ بە هێلاری کاندیدای دێمۆکرات نەدەن.

٤- ئەزموونی ئەم هەڵبژاردنە دەریخست کە ئەو چەشنە ڕاپرسییانە، تەنانەت ئەوانەش کە ڕۆژانە لە لایەن دامەزراوە سەرەکییە بەناوبانگەکانیش بەڕیوە دەچن، جێگای متمانە نین. لە کاتی دەستپێکردنی کێبەرکێی هەڵبژاردنەوە زۆربەی نێزیک بە تەواوی ڕاپرسییەکان باسی لەپێشبوونی بێئەملاوئەولای هێلاریان دەکرد. تەنانەت شەوی هەڵبژاردنیش، هەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاپرسییانە، کەم کەس دەیتوانی پێشبینیی

سەرکەوتنی تڕامپ بکا و گەشبینی زیاتر بە لای هێلاری دابوو، کە چی دیتمان ئاکامی هەڵبژاردن بە تەواوی پێچەوانە بوو و تڕامپ نەک زۆربەیەکی کز، بەڵکوو زۆربەیەکی زۆر باشی دەنگەکانی هێنایەوە.

٥- لەو هەڵبژاردنە دا کۆمەڵە خەڵکێکی دەنگدەر هەبوون کە ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام دە نێو کێشەی ڕاگەیەنە گشتییەکان و ڕاپرسییەکان دا بێدەنگ بوون، خۆیان دەرنەدەخست و دیار نەبوون، بەڵام لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا و لە کەلێنی ڕێژەی دەنگەکانەوە دەرکەوتن و شوێنەواری خۆیان نیشان دا. ئەو کۆمەڵە خەڵکە پارسەنگی تەرازووی کێبەرکێیەکانیان بە لای تڕامپ دا شکاند.

٦- سەرەنجام سەبارەت بە شوێندانانی ئەو هەڵبژاردنە لە سەر چارەنووسی ئێمەی کورد، زۆر ڕوونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی خۆی لە سەر بناغەی ئامانجی درێژخایەن و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی دادەڕێژی و ئەو ئەسڵە چ زەمانی ئۆباما، چ پێشتر و چ دوای ئەویش هەر لە جێی‌خۆی بووە و دەبێ. ئێمەش نەتەوەیەکین کە بۆ مافی سروشتیی دەسەڵاتی نەتەوایەتیی خۆمان خەبات دەکەین. ئەگەر ئێمە ئەوەندە ژیر بین کە بتوانین لە پرشوبڵاوی بێینە دەر، تا ڕادەیەکی دڵخواز دەنگ و هێزی خۆمان بکەینە یەک، تەبا بین و لە پێناوی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی نەتەوایەتیی خۆمان دا یەکدەنگ بین، ئەوەندەمان ئیعتیبار دەبێ کە وێڕای پاراستنی دەسکەوتەکانی تا ئێستامان، جێی شیاوی خۆمان لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە دا دیاری بکەین و بەهێزتریشی بکەین. ئەوکات بە پێی ستراتێژی و بەرژەوەندیی هاوبەش، یارمەتی و هاوکاریی گەورە هێزێکی وەک ئەمریکاشمان بۆ مسۆگەرە. کە وابوو فاکتۆری سەرەکی بۆ دواڕۆژێکی ڕوون و سەرکەوتوو بۆخۆمان، پێش هەموو شتێک هەر بۆخۆمانین!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

گۆڵکۆی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانمان تێک مەدەن

لە نێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە
زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە

ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
موژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

"لە نووسراوەی سەر گۆڵکۆی مامۆستا هەژار"

کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک
من کە شینگێڕی شەهیدانم، لە کوێ شینم دەوێ

"نووسراوەی سەر گۆڕی مامۆستا هێمن"

(ئەو وشانە لە سەر لەوحەی دڵی کوردان نووسراونەوە، تکایە لەخۆڕا هەوڵ مەدەن بیانسڕنەوە)

ئەو کاتەی مامۆستا هەژاری نەمر، زۆر پێش ئەوەی کۆچی یەکجاری بکا، ئەو شێعرەی داناوە، بە ڕوونی مەبەستی ئەوە بووە کە ئەو وشە جوانانە کە داستانی خەبات و ژیانی پڕ کوێرەوەریی ئەو لە ڕیی ئازادیی نەتەوە و نیشتمانەکەی دا دەگێڕنەوە و هەر لەو حاڵەش دا پەیامی خۆشەویستیی نیشتمان و ئەوین بە ئازادی و سەربەستی بە گوێی لاو و پیری ئەم نەتەوەیە دا دەخوێنن، لە سەر کێڵی گۆڵکۆکەی بنووسرێنەوە، تا ڕێبواران و ئەو کەسانەی زیارەتی گۆڵکۆکەی دەکەن، هەم بزانن کە ئەوە گۆڵکۆی هەمان هەژاری دڵسووتاوە کە ئێستاش ئامۆژگارییان دەکا نیشتمانەکەیان خۆش بوێ، لە ڕێی ڕزگارکردنی دا خەبات بکەن و کاتێکیش ئازاد بوون، هەواڵی ڕزگاریی نەتەوەکەی بۆ بێنن. بێگومان هەر بە پێی وەسیەتی خۆی و لە ژێر ڕووناکایی ئەو لێکدانەوەیە دا بووە کە ئەو شێعرانە لە سەر گۆڵکۆکەی نووسراونەوە.

هەروەها ئەو چەند شێعرە کە لە سەر کێڵی مامۆستا هێمن نووسراونەوە، شیوەن و داخ و کوڵی دڵی وی سەبارەت بە ژێردەستیی گەلە بێبەشەکەی کە "هەشە" و "حاشاشی لێدەکرێ"، نیشان دەدەن و ئەو پەیامەش دەگەیەنێ کە من شاعیرێکم، مرۆڤێکم، شینم بۆ شەهیدان گێڕاوە، بەڵام پەیامهێنەری شادیم. پێمخۆشە کێژان و کوڕانی نەتەوەکەم لە سەر گلکۆی من لە جیاتیی شێنگێران، شایی بگێڕن.

نووسراوە، وێنە و رازاندنەوەی کێڵی گلکۆی هونەرمەندان، نووسەران، شاعیران و ئەدیبانی دیکەی وەک نەمران، مامۆستا مەلا غەفووری حافز، مامێڵی هونەرمەند، محەممەدی قازی و هەمووی ئەوانی دیکەش کە لەو گۆڕستانە دا نێژراون، بۆ خەڵکی ئێمە مانای تایبەتییان هەیە، لە ڕاستی دا ئەو کەسایەتییانە و سەرمایەی هونەری و ئەدەبیی وان ئی هەموو نەتەوەی کوردە و پێش بنەماڵەکانیان، خەڵکەکەمان و مێژووی نەتەوەکەمان بەشیان پێوەن و شانازییان پێوە دەکەن. کە وا بوو ئەو شوێنە تایبەتە و ئەو ئاسەوارانە شتێکی ئاسایی نین، کە بکرێ لابببرێن، تێکبدرێن، یان بە بێ پرسی خەڵک و بنەماڵەکانیان و بەبێ وردبوونەوەیەکی تەواو ئاڵوگۆڕیان بە سەر دا بهێنرێ. ئەو شوێنە گۆڕستانێکی ئاسایی نیە، کە بۆنی مەرگی لێبێ، بەڵکوو زیارەتکردنی ئەو گلکۆیانە و خوێندنەوە و هەستکردن بە مانای نووسراوەکان، وەک شنەی بەربەیانیی سەر هومام و لەندی شێخان، دڵی مرۆڤی کورد ڕوون و فینک دەکاتەوە.

ئەمن چەند ڕۆژێکە کەم و زۆر ئاگام لە ڕەخنەی خەڵک، دڵسۆزان و ئەدیبان سەبارەت بەو مەسەلەیە هەیە، بەڵام ئەمڕۆ کاتێک وێنە تازەکانم دیتن و لە گەڵ وێنە کۆنەکان لەبەر یەکم دانان، ئەو جار چەند و چۆنی مەسەلەکە و هەڵەی بەڕێوەبەرانی ئەو پڕۆژەیەم باشتر بۆ ڕوون بۆوە.
دیارە ئاڵوگۆڕ پێکهێنان بە مەبەستی جوانتر کردن و ڕازاندنەوەی زیاتری دەوروبەر و شوێنی گشتیی گلکۆکان، نەک هەر خراپ نیە، بەڵکوو لەوانەیە لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکان پێویستیش بێ و دڵسۆزان و خەڵکیش ئەوە دەزانن، بەڵام لابردنی کێڵ و نووسراوەکان و دەسکاریی گلکۆکان بەو شیوەیە، هەڵەیەکی ئاشکرایە.

ئێستا کە - وەک سەعاتێک پێشتر ئاگادار بووم ـ قەرارە چاو بەسەر پڕۆژەکە دا بخشێندرێتەوە، هیوادارم بەڕێوەبەران هەڵەکە ڕاست کەنەوە و نووسراوە، کێڵ و گلکۆکان ڕاست وەک خۆیان لێبکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

کورتەلێکدانەوەیەک لە بەرەبەری هەوڵدان بۆ گرتنەوەی شاری موسڵ دا

هەر ئێستا زۆر کێشە لە ئاستی عێراق و ناوچەکە دا هەن، کە لەوانەیە دوای گرتنەوەی دووهەمین شاری گەورەی عێراق، واتە موسڵ، لە ژێر دەستی داعش، زۆر لەبەریەک بڕەونەوە و گرفتی گەورەتر بخولقێنن.

سیاسەت هەر ئەوەندە نیە لە ڕواڵەت دا دیارە، بەشی هەرەزۆری پێوەندییە سیاسییەکان بە چاک و خراپەوە لە پشتی پەردەوە جێبەجێ دەکرێن و هاوپەیمانییەکانیش هەروەتر. لە بەرامبەر مەسەلەی موسڵ دا گەلێک ناتەبایی خۆدەنوێنن کە وێناچێ تا ئێستا ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ دیاری کرابێ و بە گشتی لانیکەم بۆ بیرورای گشتی ڕوون نیە کە قۆناغی دوای شەڕی موسڵ لە چ شکڵ و نێوەرۆکێک دا خۆ دەنوێنێ.

بەرە دژ بەیەکەکان هەموویان دەیانەوێ لە ئازاد کردنی موسڵ دا بەشیان هەبێ و دیارە هەرکامەوچاوی لە دەستەبەربوونی سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی. دابینبوونی ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەش جێبەجێ نابێ و پێشبینییەکە هەر دەبێتە ئەوە کە وێدەچێ کێشەی نوێ ترو گەورەتریش بخولقێن.

شتێکی سروشتییە کە ئێمەی کورد چاوەڕوانی ئەوەین کە هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەی بە نرخی ڕژانی خوێنی پێشمەرگەی کوردستان گیراونەوە، بە ڕەسمی بکەونەوە سەر هەرێمی کوردستان و ڕەوتی چوون بەرەو سەربەخۆییش توندتر و پڕەنگتر بێ.

خۆ شلکردن بۆ ویستی دەوڵەتی بەغدایە سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ مادەی ١٤٠، کە تا هێرشی داعش، سەرەڕای هەوڵی لایەنی کوردی هەر جێبەجێ نەکرا، بە هیچ شێوەیەک بە سوودی کورد نابێ و تەنانەت زەبرێکی گەورەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییشی لێدەدا.

ئەو کێبەرکێ سیاسییەی ئێستا کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێ، پێویستیی یەکدەنگبوونی سیاسیی(لانی کەم) هێزە کوردییەکانی هەرێم دەخاتە بەرچاو. پێویستییەک کە بە داخەوە بە هۆی ناکۆکی و پڕشوبڵاوی، لە لایەن ئەو هێزە سیاسییانەوە بە کردەوە هەستی پێنەکراوە و لە نێو پاوانخوازی و بەرژەوەندخوازیی تەسکی

حیزبایەتی دا، جارێ کاڵ بۆتەوە.

لەو نێوە دا ئامادەیی، فیداکاری و یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگە، لە پێناو پاراستنی خاک و وەدیهاتنی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان دا، هەمیشە جێگای هومێد بووە و کاریگەرییەکی گەورەشی لە سەر بەرزبوونەوەی ئیعتیبار و ناسرانی خەباتی نەتەوەی کورد، لەنێو هێزە نیزامییە گەورەکان، بیروڕای گشتیی جیهان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا هەبووە. بێگومان لە دادێش دا ئەو هێزە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر چوونەسەری سەنگ و ئیعتیباری کورد و مەسەلە ڕەواکەی لە ڕادەی ناوچە و نێونەتەوەیی دا و ڕاگرتنی ئاستی هاوسەنگی سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان، لە کێشە جۆراوجۆرەکان دا دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

مانگی من

لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا، کە ڕۆژی ٦ - ٢ - ٢٠١٦ پێکهات، ئەم پارچە شێعرەم خوێندەوە. سەردێڕی شێعرەکە "مانگی من"ـە. ئەوە دەقی شێعرەکە و ویدیۆکەی بەیەکەوە دادەنێم.
هیوادارم توانیبێتم هیوا، بۆچوون و ڕوانینی خۆم دەو شێعرە دا دەربڕیبێ.

مانگی من

ئاخ هەتا کەی مانگی کورد ون بێ بە بن هەورانەوە
شک نەبەم درزێکی ڕوون ڕۆژێک بە ڕووی ئاسمانەوە
سەیری مێژوو کە، ببینە داستانی ژینی من
پڕ لە کێشە و کارەساتە و کەوتن و هەستانەوە
ژانی کوێبانێ لە ڕۆژاوای وڵاتی لەتلەتم

زامی دێرسیم و هەڵەبجە و قارنێیی پێکەوڵانەوە
کێ وەکوو من شار و دێی سووتان و کۆمەڵکوژ کرا
دەنگی ئەنفالبووانم ئێستاش دێ لە تۆپی هەرمانەوە
زۆر کەرەت ویستیان لە ڕیشەم دەن، پەل و پۆم هەڵبڕن
هەر پەلم هاویشت و ڕیشاژۆم بە کەس نەبڕانــەوە
هەرچی هانام بردە بەر دادپەروەری و مافی مرۆڤ
نەمدی قەت جارێک بەڕاستی یارمەتی و کاردانــەوە
"هرکسی از ظن خود شد یار من" باسی منە
زۆر زیانم دی بە ناوی "یارمەتیی دۆستانە" وە
هەرچی دێ بیر و مەبەستی بەرژەوەندیــی خۆیەتی
گشت بە زلهێز، سووکەهێز، ناوچە و دەروجیرانەوە
مانگی من تا ئێستە جارێکیش لە لایەک هەڵنــەهات
خێل بوو چاوم، هێندی بڕوانم بە سەر شاخــانەوە
ئێستە وەختێتی لە هەر چوار لاوە خــۆرم بێتــە دەر
شۆڤی بترووسکی بە سەر چوار کەرتی کوردستــانەوە
یەک وڵات، یەک خۆر و یەک ئاڵام دەوێ گــەر لێم گەڕێن
بەسیەتی، مردم بە دەست کەمتەرخەمیی خــزمانەوە
بەختی کورد ئەمڕۆ گەشە و گەر ناتــەبایی لێگەڕێ
ڕۆژی سەرکەوتن دەبینم، دوور نیە لێمانــەوە

لە ژمارە ٦٧٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٦

بەڵێ "بەهار هەر دێ"

ئەمن ئەو بولبولەم بۆ نیشتمانی خۆم دەڵێم بەستان
چریکەم بانگی ڕابوونە و سروودم ئایەتی هەستان
لە گەڵ خاوەنهومێدان هاودەمم، دوورم لە دڵستان
هەتا ماوم دەگوڕێنم بمێنێ کورد و کوردستان
بە گوللەی دوژمنانی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان

سروشتی سازگاری نیشتمانم دڵگر و تاکە
هەوای دڵپەروەری هەروەک دەروونـــی خەڵکەکەی پاکە
گڵی وەک سورمە بۆ چاوی بە تاسەی ئاشقان چاکە
پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەو خاکە
لە سایەی ئەو گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزاردەستان

گەلێک ئازادن ئەمڕۆ نین لە بەند و ڕەنج و ماتەم دا
گەلی من کۆیلەیە و ئێستاس لە گێژاوی تەم و خەم دا
چمان کردوە کە هەر ماوین لە نێو قۆناخی ئاستەم دا
لـە مـەیدانی شەڕانخێویی خەباتی چەرخی بیستەم دا
سەرم سوڕ ما کە ئەسپی سووکە سواری کوردی بۆ وەستان

لە خەڵکی دیکە کەمتر نین بە دەست و ڕاپەڕ و ئیدە
هەمانن لاوی سوارچاکی بەئەزموون و گەڕاندیدە
ئەدی بۆ هەر بە ژێردەستی دەژین و دیل و ڕەنجدیدە؟
وەڵامـی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهاندیدە
خەتای سواران نەبوو، پێشسوارەکانمان قورس و ناوەستان

لەمێژە میللەتی کورد دیل و داماو و گرفتارە
بە کۆمەڵ قەڵتووبڕ دەکرێ، بە کۆ دەدرێ لە سێدارە
نیشانەی دەردی ژێردەستی بە ڕووی ئەو خەڵکەوە دیارە
دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە؟
دەبی ڕابین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕێزی سەربەستان

دەزانی کوردە دوژمن بۆی بڕەخسێ چت بەسەردێنێ؟
بە جارێ ماف و مێژوو و ناو و ناسنامەت دەفەوتێنێ
دە هەستن ببنە ئەو لافاوە قورسەی کێو لەبن دێنێ
نەتاندیوە کە ڕووباری خورێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر کاخی زۆرداری دەڕووخێنێ گڕی هەستان

بە تێکۆشان نەبێ نابڕێتەوە دەورانی دەرد و ئێش
درەنگە دەست دەنی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش
دەبێ چۆک دابدا ڕۆژێک لەبەرتان دوژمنی سەرکێش
هومێدێ بەرمەدەن ڕێگای خەبات بگرن، بـڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆری چۆن وەستان

بەکۆ دەبڕێنە ژێر داری نەمان کێژ و کوڕۆکـانم
هەموو دەشت و چیای کێلاین بە تۆپ و بۆمبی ناپاڵم
بەسە تاکەی لە دەست دەم کۆمەڵی دۆستان و ئاواڵم
هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دوژمنی زاڵم
پراوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل، جەی بێ وا لە دەسبەستان

گەلۆ کورد بۆ دەبێ هەر دەسبەسەر بێ و بێبەش و داماو
لە ماڵی خۆی بژی بێدەستەڵات و دیل و دەسبەسراو

لەبەر چی دایکی کورد هەر ملبەکوێن بێ و ماتـ و دڵسووتـاو
هەتا کەی ئەشکی خوینینی کچە کوردی براکوژراو
لە جێی بادەو لەبەزمی دوژمنان بدرێتە دەست مەستان

چمان نادات سستی، ناهومێدی و ترس و بێوازی
وەلانین خۆکوژی، کێشە، دژیەکبوون و ناسازی
لەپێناو سەربەخۆیی کوردو ژینی پڕ لە شـانازی
مەودستن ڕۆلەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بێوچانە تاقە یەک کەستان

بەڵێ مێژووی وڵات و خەڵکی ئێمە پڕ لە ئازارە
کەسیش نایە لە خۆڕا زامی دیلیمان بکا چـارە
سپێدەی ڕاپەڕینە ڕادەماڵێ ئەو شـــەوە تـارە
سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لە پاش زستان

بە سەرکەوتن دەگا ئەو میللەتەی ڕۆژێ دە خۆی ڕادی
لە جێی ئەستووری دا دەپسێ قەفی زنجیـــری بێدادی
بە دوای شینی شەهیدان دا دەبێ بێ سەردەمی شادی
بە خەڵـــکی عالەمی سەلماندوە تاریخی ئازادی
دەبێ زاڵم لە بەر تێکۆشەران بەردانەوە دەستان

شێعرێکی پێنج خشتەکیی"ئاشق"، لە سەر غەزەلی "بەهار هەر دێ"ی "مامۆستا هێمن"ی نەمر

لە ژمارە ٦٧٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٦

بۆ یادی مامۆستام، شاعیری گەورە، هێمنی موکوریانی

ئاونگی سەر پەلکی شلکی وەنەوشەن
شێعری تەڕت، مامۆستای گەوردم هێمن.
دەتکێنە سەر دڵی گ دەرم و بەتاسەم
بۆنی بەهار بە دیاری دینن بۆ من

تەزوویەکی سووکی سوکناییەیەر
دەگرێتەوە هەموو دەمارەکانم
هەست دەکەم خەم بەجێمدێڵی بۆ ساتێک
ڕوون دەبینم ڕێباز و بـوارەکانم

گوڵاوی وشەی ڕەسەنی خۆمـاڵی
بۆنخۆش دەکا زەوقی شێعری ژیرانەم
مانا و شوبهاندنی بەرز و کەمهاوتـات
خەنی دەکا خـەیاڵی شاعیرانەم

شەو شەق بووە و ئەمن هەروا دانیشتووم
دەگەڵ شێعرت دەگۆڕمەوە کوڵـو کۆم
دەڵێی مەڵە دەکەم لە نێو گۆمێک دا
تا ڕۆدەچم، زیاتر تینوو و تامـەزرۆم

دەبا بە بیر و گیانەوە نوقم بم
لە نێو ئاوی ڕوونی ئەو گۆمە مەندە
سەودای دڵە و گرانە ئەو کـاڵایە

بە گیان نەبێ، چلۆن دەکرێ مەزەندە

دەگریم بەکوڵ لەگەڵ "ئاڵەی جودایی"ت
"ئاسۆری تەشەنا"م هەڵدەداتــەوە
بەڵام "تاریک و ڕوون"، "ئاسۆی ئاوات"ت
بەرەو دنیای هومێدم دەباتەوە
"ڕۆژی شادی"ت لە "ڕێبەندان" دا دیبوو
لەگەڵ پێشەوای سەرکۆمار هاودەم بووی
بەفرمێسکی ڕنوو" پەروەردە بــووبووی
جەوری زەمان"لەکوێوە بۆ کوێ"ی بردبووی

چارەنووسی شاعیرێکی وەکوو تــۆ
"سووڕی دەوران" نەبا، نەدەبــوو بەگرێ
تۆ کە پیری "عیشق و ئازادی"مان بووی
"بۆسەی ڕۆژگار" چلۆن تــوانی بتگرێ؟

"بارگەی یاران" پێچرایەوە و ڕۆیشتن
بەڵام جێگات هەروا دیار بوو لە لایــان
چەتری وشەت هەڵدرابوو بە دایــم
لە سەر هەوارگە و سابات و قەڵایــان

ڕاستە مامۆستام قەدەرعــەیامێکە
بە جەستە و ڕواڵەت نەماوی، مردووی
بەڵام لە نێو دڵ و بیری هەموان دای
وشە و مانات ماون، نەمریان کردووی

بەهاری ١٣٩٣ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

٢٥ی گەلاوێژ، ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پیرۆز بێ !

میراتی قازی

چرات نەکوژایەوە، حەقتا گەوەی قورست بڕی و ماوی
لە گەڵ وەستان و ماندووبوون و دەسبەردان نەگونجاوی

لە دەریای شۆڕشێک دا گەمییەکەت دێت و دەچێ، دایم
شەپۆلی تۆندی سەرشێت لێدەدەن، ئەمما نەخنکاوێ

هەوا تەمگرتوە، دەریا هەژاو، سەرمەنزڵیش دوورە
ئەتۆ ڕێی خۆت دەپێوی و قەت لە تۆفانیش نەترساوی

لە نەردێنی سیاسەت دا گەڵێک جار شەشدەرت گیرا
بەڵام دەرچووی و تێهەڵچوویەوە و ئاخری نەدۆڕاوی

لە گەڵ ترس و گومان و ناهومێدی دیارە بێگانەی
کە تۆ میراتی قازیی، بۆ نەوەی ئەمڕۆ بەجێماوی

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦

" هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە "

دوژمن سروشی ناگۆڕێ
هەمان دێوی دڵچڵکنە
من و تۆ دووین و دوو بڕیار
ئەو بێ سێ و دوو دوژمنە

نەرمی، سازان، ئاشتیخوازی
نیە دە قاموووسی ئەو دا
دەرووی ڕوون کوا دەکرێتەوە
بە سەر دڵی نیوەشەو دا

بەڵام وردم هەر وا بەرزە و
بە دوژمنی خوێنخۆر دەڵێم
سەد هێندەی دیش درێدە بی
مەحاڵە لە بەرت هــەڵێم
دۆخ هەرچەندە تەنگەبەر بێ
هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە
وەکوو گوڵ دوای پەڕپەڕبوونێ
هەموو ساڵێ دەڕوێمەوە

بڕوانن دەشتــی ئەو زێدە
بە سوورەگوڵ داپۆشــراوە
بە چاوی خۆم سەد جارم دی
گوڵ پێخوست بوو و هەر ڕواوە

ئەو کاروانەی بەڕێـــوەیە

ئاخری دەگاتە سەرمەنزڵ

مرادی ڕێبـــواری ماندوو

ڕۆژێکی هەر دەبێ حاسڵ

بەشی یەکەمی شێعرەکەم ئەمڕۆ بە بۆنەی شەهیدبوونی ئازاد و ئەمیر گوتوە و بەشی دووهەم بۆ شەهیدانی پێشووتری ئەمساڵ گوتراوە و لە سەر ئەم دیوارەش دانراوە. ئێستا هەردووک بەشم بە یەکەوە داناوە.

سێ پارچە شێعری کورت کە لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە لە ڕێوڕەسمی "یەڵدای خوێناوی" لە شاری ستۆکهۆڵم خوێندراونەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧ و ٢٠١٨

سێ پارچە شێعری کورت کە لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە لە ڕێوڕەسمی "یەڵدای خوێناوی" لە شاری ستۆکهۆڵم خوێندراونەوە:

گوڵاڵەکان دەڕوێنەوە

دۆخ هەرچەندە تەنگەبەر بێ
هەنگاو دەنێم، ناکشێمەوە
وەکوو گوڵ دوای پەڕپەڕیوونێ
هەموو ساڵێ دەڕوێمەوە

بڕوانن دەشتی ئەو زێدە
بە سوورەگوڵ داپۆشراوە
بە چاوی خۆم سەد جارم دی
گوڵ پێخوست بوو و هەر دواوە

ئەو کاروانەی بەڕێوەیە
ئاخری دەگاتە سەرمەنزڵ
مرادی ڕێبـواری ماندوو
ڕۆژێکی هەر دەبێ حاسڵ

ئەستێرەکان

ئەستێرەکان،
لە هەڕەتی زریوەدا،
یەکەیەکە،
لەبن هەوری ڕەشی چڵکن،
بزر دەبن، دەکوژێنەوە.
مۆم دەسووتێن،
دەوروبەریان ڕووناک دەکەن،
تنۆکتنۆک، دەتوێنەوە.
پەندێکی کۆنی کوردانە:
"دنیا تاسەر هەروا نابێ"
بای وادە، وادە ناشکێنێ،
هەورە ڕەشە دزێوەکان،
دیسان دەڕۆن،
دەبڕێنەوە.
پڕ بە ئاسمانێکی ساماڵ،
ئەستێرە دەزریوێنەوە.
هەر بینا هەزاران "ماملێ"،
لە هەر سووچێکی کوردستان،
تێیان هەڵکرد:
"دەڵێن کۆیستانچی دێنەوە".

دەردی دڵێک

نەبینێ گوڵ بە پێخوستی، وەنەوشە سەر بەهەش نابێ
نەهاتی لێگەڕێ، دەرد و پـــەژارە باری لەش نابێ

که نەڕژێنێتە دڵ، دەستی قەزا، ژاراوی ناکامی
گڵێنەی چاو، پڕی فرمێسکی سوێر و خوێنی گەش نابێ

سیاسەت گەر بپاڵێوریێ لە خۆخوازی و لە خۆخۆری
دەروو دەکرێتەوە بۆ یەکدڵی و، ئەو خەڵکە بەش نابێ

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جانیۆیری ٢٠١٧

هاشمیی ڕەفسەنجانی مرد.

ڕەفسەنجانی مۆرەیەکی هەرە گرینگ و کۆڵەکەیەکی قایم و پتەوی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەو وەک هەموو ڕێبەرانی پلەسەرووی ئەو نیزامە ستەمگەر و چەوسێنەرە و بگرە زیاتر لە زۆربەشیان بەرپرسایەتیی زەبروزەنگ، ستەم، ماڵوێرانی، جینایەت و ئەو کوشتار و ڕەشەکوژییانەی بە ئەستۆوەیە، کە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دا، بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بە سەر خەڵک و نازدیخوازان هاتوون.

یەکێک لە بەرچاوترین و هەر لەو کاتە دا دزێوترین تاوانی هاشمی، کە بە تایبەت نەتەوەی کوردی ژێردەستی، هەڵوەدای نازادی، هەرگیز لە بیری ناچێتەوە، ئەوەیە کە ناوبراو یەکێک لە بڕیاردەران و داڕێژەرانی سەرەکیی هەردوو پلانی تێرۆریستیی وییەن و مێکۆنۆسی ئەڵمان بوو، کە ڕێبەرانی کورد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و هاوڕێیانییان، عەبدوڵلا قادری ئازەر، فەتتاحی عەبدولی، هومایوونی ئەردەڵان و نووریی دێهکورددییان تێدا شەهید کران.

ڕەفسەنجانی چ ئەو کاتەی دەوپەڕی دەسەڵات دا بوو و چ دواتر و ئەم دواییانە کە بە ڕواڵەت کەوتبووە هێڵی

ئیسلاحتەڵەبی، بەرامبەر بە کێشە سیاسییەکان، قەیرانەکان و پێکهەڵپرژانەکان، دەوری "فیووزی دڵنیایی" یان "دیواری بەرگری"ی بۆ پاراستنی دەسەڵات و قەوارەی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەگێڕا. هەڵسوکەوت، هەڵوێست و تاکتیکەکانی و بۆ وێنە مەیلنیشاندانی بەرامبەر بە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لە گەڵ ڕۆژاوا و... هەموو دە خزمەت شاردنەوە، یان پاساودانی تاوان و کردەوە دژی ئینسانییەکانی ڕێژیمی ئێران و لەپێناو تاکتیکیکی فریودەرانە، بۆ دابینکردنی ئایندەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

لەبیرمان نەچێ ڕەفسەنجانی ئەو کاتەی کە سەرۆککۆمار بوو و ڕاست دەو سەروبەندە دا کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ پەیتاپەیتا ڕێژیمی ئێرانیان سەبارەت بە کوشتن و ڕاونانی ئازادیخوازان و وەبەرچاونەگرتنی مافی مرۆڤ مەحکوم دەکرد، باسی ئاڵوگۆڕی هێنایە گۆڕێ، کە دیارە نەدیترا لەو بوارە دا هەنگاوێک هەڵێنێتەوە، یان ئاکامێکی دیار بخاتە بەرچاو، بەڵام ئەو چاووڕاوەی کارێکی وای کرد کە سیاسەتمەداران لە ڕۆژاوا هەمیشە جیاوازییەکی ئەرێنی لە نێوان ئەو و دەمراستەکانی دیکەی ڕێژیم دا ببینن.

سیاسەتی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"ی ئوروپاییەکان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران، لە کاتێک دا بوو، کە ئەو سەرۆککۆماری ئێران بوو و هاوکات بە دەیان تێرۆری سیاسییش لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەڕێوەدەچوون.

ڕەفسەنجانی ئەوەندە شارەزای کونج و کەلێنی فێڵوتەڵەکەی ئاخوندە پلە سەرووەکانی دەسەڵات بوو و هێندە ئەزموونی کێشە و کێبەرکیی نێو باڵەکانی ڕێژیمی هەبوو، کە توانی تا ڕۆژی مردنی بە یاریکردنێکی زیرەکانە و خۆڕێکخستن لە گەڵ هەوراز و نشێوەکان و بارودۆخەکان، هاوسەنگی و باڵانسێکی تەواو بۆ مانەوە و ڕاگرتنی شوێن و پایەی خۆی لە نێو جەغزی سەرەکیی دەسەڵات دا ڕابگرێ. ئەو لە کاتی مردنی دا سەرۆکی "کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی وڵات"، واتە یەکێک لە ئۆرگانە هەرە گرینگەکانی حوکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوو.

۱- ئەو بەڵگانە لە کتێبی "سەفەری بێگەڕانەوە"، نووسراوی نەمر کاک سەیەد سەلامی عەزیزییەوە هەڵگیراونەوە.
۲- من کۆپییەکانم لە سەر دیواری کاک کەریمی حاجی ڕەسوولیی بەڕێزەوە، گوێزتوونەوە.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۸ی جانیۆیری ۲۰۱۷

بە داخێکی گرانەوە کاک فەتتاحی کاویان، هاوڕێ، هاموستا و براگەورەمان کۆچی کرد و بە جێیهێشتین.

سەعاتێک پێش ئێستا ئەو هەواڵە ناخۆشەم بیست. دیارە مەرگ شتێکی سروشتییە و بە وەختی خۆی میوانی هەموو کەس دەبێ. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە ئەو هەواڵە بۆ من و ئەو هاوڕییانەی کە ساڵانێکی زۆر لە گەڵ کاک فەتتاح هاوکار و هاوخەبات بووین، ژیانی سەختی ئاستەم و پڕ هەوراز و نشێوی چیا و پێشمەرگایەتیمان بە یەکەوە تەجرەبە کردوە، سەدان بیرەوەریی تاڵ و شیرنمان بە یەکەوە هەیە، کە لە سەر سەفحەی بیرمان تۆمار کراون و سەرەنجام ساڵانێکیشە لە یەکتر دوور کەوتووینەوە و جاروبار نەبێ دەرفەتی دیدارمان نەبووە، ژانێکی جیاواز و خەمێکی قورسە کە دڵ دەکوشێ و بیر دەشێوێنێ.

زۆرم هەوڵ دا ئەمشۆ وتارێکی تێروتەسەل سەبارەت بەو خەباتکارە هەرگیز نەسرەوتووە و ئەو هاوڕێ وەفادارە فیداکارەی مەیدانی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەمان بنووسم، بەڵام بیرم بڕ ناکا و بە ڕاستی وشە و ڕستەی وام بۆ نادۆزرێنەوە، کە لە لایەک شایانی گەورەیی و تەمەنێک تێکۆشانی بێوچانی ئەو بن و لە لایەکی دی ئاوێنەی تەواونوێنی خەفەتی دڵی خەفەتبارم بن. وەک پێشتر لە شێعرێک دا گوتوومە:

وشە ڕەوەکن و نایەنە بازم
ڕستە ناتوانم دەربڕن ڕازم

کە وابوو جارێ هەر بۆ دەربڕینی خەمم، تەنیا ئەو چەند ڕستە کورتە دەنووسم.

ئەمن زیاتر لە هەشت ساڵ لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دا لە خزمەت کاک فەتتاح دا بووم و کارم لە گەڵ کردوە. لە هەمووی ئەو ماوەیە دا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەستم بە ڕێز و خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە کردوە و ئێستا کە هەودای خەیاڵم هەڵدەوێزنمەوە و بە دیمەنی بیرەوەرییە بێئەژمارەکانم دا دەچمەوە، لە هیچ شوێنێک دا نابینم دڵم لێیەشابێ. لە بەرامبەر دا، لاپەڕەکانی خەیاڵم پڕن لە دیمەنی سیمای هەمیشە خاوێن و ڕێکوپێکی، قسە خۆشەکان و نوکتەکانی کە بزەیان دەخستینە سەرلێو و

خەمییان لە دڵ دەڕەواندین و وێنەی سەرقاڵبوونی بەردەوامی بە نووسین و ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانی، کە زۆر جاران شەو و ڕۆژی ئەویان بە خۆوە خەریک دەکرد و تەنیا ماوەیەکی چەند سەعاتیی کەمیان بۆ پشوودانی خۆی دەهێشتەوە.

وەک زۆربەی هاوڕییانی دیکەش نووسیویانە، کاک فەتتاح ساڵانێکی زۆر مامۆستای زمانی ئینگلیسی بوو، شارەزاییەکی یەکجار زۆری دە ئەدەبیاتی فارسی و کوردی دا هەبوو و بە هەر سێک زمانیش کتێب، وەرگێڕان و ئاسەواری دیکەی هەن. ئەو بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی فیدای خەبات و تێکۆشان بۆ میللەتەکەی کرد و نموونەی ڕێبەرێکی تێکۆشەر، دڵسۆز و فیداکار بوو. ڕێبەرێک کە خۆشەویستی هەمووان بوو.

بەم بۆنە ناخۆشەوە، سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێیان، لە خێزانی و لە کوڕ و کچەکان و خزمان و دۆستانی دەکەم و ئەو خەمە خەمی هەموومانە.

سڵاو لە گیانی پاکی. یادی کاک فەتتاح هەمیشە لە دڵمان دا دەمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی جانیۆیڕی ٢٠١٧

خەمێکی دی

لە خەمی کۆچی براگەورە و مامۆستام کاک فەتتاحی کاویان دا

بە مەرگت، مەرگی تۆ ناخۆش و قورسە
خەمم چەند باری دڵ بووە؟ هەر مەپرسە
بەجێت هێشتین لە دۆخێک دا کە ڕێگا،
لە جاران زۆر پتر ڕژد و بە ترسە

خەمی تۆش هاتە سەر ئەو دەرد و ژانەی
شەوی یەلدا دڵی هەمووانی پڕ کرد
کە پڕشنگی بە تیشکی حەوتەوانان*
هەموو دەوری قەڵای خەڵتانی گڕ کرد

گوتم بگریم، لە نێو بارانی فرمێسک
بخووسێنم کراسی ڕەش لە بەرما
بناڵێنم لە دەست ئەو دەرد و ڕەنجەی
فەلەک بە دوای یەکا، دەیدا بە سەرما

وەبیرم هاتەوە، ڕۆژێکی فەرموت،
خەباتکار نامرن، شوێنیان دەمێنن
بە یاد و بەرهەم و خوێن و خەباتیان
لە نێو هەرمانەوە، مێژوو دەدوێنن

*"حەوتەوانان"، مەبەست حەوت شەهیدەکانی شەوی یەلدایە. قاموسە ئینگلیسییەکەی کاک فەتتاحیش، ناوی حەوتەوانەیە و دیارە کۆمەڵە ئەستێرەیەکیش هەن، بە کوردی"حەوتەوانان" یان "حەوت برالە"یان پێدەڵێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی جانیۆیڕی ٢٠١٧

هەڵوەدایی

پرسە، ڕێزگرتنێک و چەند دێڕە شێعر

بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری هێژا، کاک ڕەسوڵی ڕەش ئەحمەدی، "هەڵوەدا" سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و دۆستانی دەکەم و لە خەمیان دا شەریکم. ڕووحی شاد و یادی بەڕێز بێ!

بەداخەوە من مامۆستا هەڵوەدام لە نێزیکەوە نەدەناسی و هەر بە هۆی کۆمەڵێک لە شێعر و نووسراوەکانییەوە لە گەڵی ئاشنا بووم. دوای بیستنی هەواڵی ناخۆشی کۆچەکەی، بیرم لە نازناوەکەی"هەڵوەدا"، کردەوە و ئەو چەند دێڕە شێعرەم نووسی:

برا ناخۆشە دەردی هەڵوەدایی
بە ژانە زامی ناسۆری جودایی

هەتا کورد دیل و داماو و زگار بێ
هەتا داگیرکەران داشیان سوار بێ

هەتاکوو هەڵنەیە خۆری تەبایی
هەتا نەدرێنە یەک دەستی برایی

نەخۆین خۆمان مشووری کاری خۆمان
بەدست خۆمان نەبێ، بڕیاری خۆمان

هەتا گاڵتەی بکا دوژمن بە هەستمان
هەتا نەپسێ پەتی دیلی لە دەستمان

لەوێ بین، لێرەبین، دوور یا نزیک بین
لە نێو خزم و کەسان بین، یا تەریک بین،

هەموو هەر دەربەدەر، هەر خەمخەڵاتین
هەموو هەر هەڵوەدا و دوورەوڵاتین

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

هاونیشتمانان، هاوڕێیان، دۆستان و خزمان، جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزتان لێ پیرۆز بێ!

جێژنی بەهار

بەهارە، دەشت و کێو یەکسەر لیباسی ئەتڵەسی پۆشی
بەسەرچوو کاتی دڵتەنگی و وەدەرهات سەردەمی خۆشی
تەماشای گوڵشەن و چیمەن دڵان دێنێتە سەرخۆشی
دەجا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە خەو چاوی هەڵێنا گوڵ کە دیتی عەرزی ڕەنگاوڕەنگ
بە قاقا پێکەنی، پشکووت، لەتیف و جوان و شۆخوشەنگ
گوتی بولبول دەمی وەسڵە وەرە بخوێنە بۆم ئاهەنگ

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

تەوژمی خێر و خۆشی دایچەماند پشتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی، هەڵقوڵی فرمێسکی ڕووناکی هەرد
بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەندە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە شاخا قاسپەقاسپی کەو، لە نێو باغا هەزاردەستان
بە نەرمی ڕازی زیندووەمان دەچڕپێنن دە گوێی مەستان:
"دەمی کار و ژیان ئێستایە، سبەی دووڕە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەر خۆشی

بەهارت چەندە خۆشە کوردەواری، نیشتمانی خۆم
بەهەشتم، ڕووگەکەم، ئەی دڵبەر و دڵداری جوانی خۆم
لە ڕێگەت دا وەتەن هەرگیز درێغ ناکەم لە گیانی خۆم
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
سروودی ڕاپەڕین لێدە، کە گەل دێنێتە سەرخۆشی

بەشێک لە پارچە شێعری "جێژنی بەهار"
کرماشان، نەورۆزی ۱۳۵۲ی هەتاوی
دواتر بەندێکی لێ زیاد کراوە.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۲۱ی مارچی ۲۰۱۷

کورد هەر بۆخۆی دەبێ بڕیار لە سەر هەڵکردنی ئاڵای خۆی بدا

ئەگەر سەرۆکوەزیرەکانی عێراق و تورکیە دژایەتیی خۆیان لەحاست هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەردەبڕن، شتێکی سەیر نیە. ئەوانە سیمبولی دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانن، هەرگیز بە خۆشیی خۆیان ددان بە مافی کورد داناهێنن و تا بشتوانن، بە هەر شێوەیەک بۆیان بکرێ، دژی ئاڵای کوردستان، کە نیشانەی دەسەڵاتێکی نەتەوایەتیی کورددییە و هەر چەشنە پێشکەوتنێکی سیاسیی دیکەی کورد، دەوەستنەوە.

هەڵوێستی فڕاکسیۆنە عەرەب و غەیرە کوردەکانی پارلمانی عێراقیش بە دژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، دیسان شتێکی چاوەڕواننەکراو نیە و هەر پێشەکی دیار بوو کە ئەو هەنگاوە بەجێیە، واتە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک، ئەو دژکردەوەیەی ئەو لایەنانەی لێدەکەوێتەوە.

شتی سەیر ئەگەر لەو نێوە دا هەبێ، ئەوەیە کە لە بارودۆخێکی ئاوا دا، کورد هەمووی، بە هەموو چین و تۆژە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانییەوە، یەکدەنگ، پشتی ئەو بڕیارە نەگرێ، کە هەنگاوێکە بەرەو ئەو ئامانجەی بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژی قورس و خوێناوی، خەباتی بۆ کراوە و قوربانی بۆ دراوە.

لەبیرمانە لە دوای شەڕی عێراق، دامەزرانی دەوڵەتی نوێ و پەسندکرانی یاسای بنەڕەتیی عێراقەوە، بڕیاری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چەندین جار وادە و کاتی بۆ دیاریکراوە و هەر وەدواخراوە. هەمیشەش بیانوو ئەوە بووە کە: "دۆخەکە لەبار نیە و کاتی ئەوە نیە". دە ڕاستی دا ئەگەر بە داخوازی ئەوان بێ، ئەو کاتە قەت نایە، ئەو دۆخە لەبارە قەت پێکنایە و ئەو مافەش قەت نایەتە دی.

کورد دەبێ بڕیاری خۆی بۆخۆی بدا و بەرژەوەندیی خۆی بۆخۆی بەراوەرد بکا. لە دەستچوونی دەرفەتە لەبارەکان بێجگە لە زیان و پەشیمانی ئاکامیکی دیکەی نابێ.

یەکگرتویی حیزب و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕاست ئەو دەرفەتە لەبارەیە کە بڕیاری گەورە و یەکلاکەرەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی، دەتوانێ دەستەبەر بکا.

بەشبەحاڵی خۆم هیوادارم کورد ئەو دەرفەتانە لە دەست نەدا.

شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان!

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٧

با ئەم هەلە لە دەست نەچێ!

دیسان کورتەیەک سەبارەت بە ڕیفڕاندۆم:

١- ڕاستە منی کوردی ڕۆژهەڵاتی مافی دەنگدانم لە ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان دا نیە، بەڵام هەرێمی کوردستان پارچەیەکی ئەو نیشتمانەی منە کە لەمێژە کراوەتە چوارپارچە و لە لایەن چوار وڵاتی داگیرکەرەوە دابەش کراوە. کەوابوو پشتیوانی لەو ڕیفڕاندۆمە دەکەم و تامەزرۆم سەرکەوتنی ئەو ڕیفڕاندۆمە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەو بەشە، ببینم و ئەو سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەزانم.

٢- پشتیوانیکردنی کوردی ڕۆژهەڵات لەو ڕیفڕاندۆمە بە هیچ شێوەیەک بە مانای پەڕاوێزخستنی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمتەرخەمی سەبارەت بەو بەشە نیە. هەلومەرجی سیاسی لە هەر بەشێکی کوردستان ئاستێک و چەشنێک لە خەبات هەڵدەگرێ و بەو پێوەرە و بە پێی توانا دەبێ لە لایەن تێکۆشەرانی ئەو بەشەوە بەڕیوە بچێ. ئێستا کە بارودۆخ لە باشوور بۆ ڕیفڕاندۆم و دواتریش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەبارە و هەنگاوی لێبڕاوانەشی بۆ هەڵێنروەتەوە، بە باوەڕی من، دەبێ هەموو کورد، لە هەموو پارچەکان پشتیوانیی لێبکا.

٣- کەسانێک هەن داوا دەکەن ڕیفڕاندۆم ماوەیەک، یان چەند مانگێک وەدوا بکەوێ، بەڵام ئەوە هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نیە، چونکە:

ئا- وەزعی سیاسیی ناوچەکە بەردەوام دە ئاڵوگۆڕ دایە و دیار نیە داخوا ئەو ئاڵوگۆڕانە چۆن دەبن، بە چ

خـواروپێچەیەک دا دەڕۆن و بە چ لایەک دا دەشـکێنەوە. چ مانـایەکی هەیە ئێسـتا کە ئەو هەمـوو ئامادەکـارییە کراوە، لە نیوەی ڕێگا دا بوەستین و بێخەینە کاتێکی دیکە کە نازانین چۆن دەبێ؟

بێ- گرفتی نێوخۆیی، کێشەی ئاسایی حیزبەکان و قەیرانی ئابووری، بە ڕاگرتن و دواخستنی ڕێفڕاندۆم چارەسـەر نـاکرێن. ئەو شـتانە بەداخەوە پێشـتریش هەبـوون و لە هەر بـارودۆخێکیش دا کەم و زۆر هەر دەبـن. دەبـێ هەمـوو لایەک بە دڵسـۆزییەوە هەوڵ بـدەن ئەو کێشـانە چارەسـەر بـکەن. ئەگەر کـاتی بەڕێوەچـوونی ڕێفڕانـدۆم بـۆ دوای چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بێڵێنەوە، دەبـێ بڵێین ئەو بـارودۆخە قەت بە تەواوی نـاڕەخسـێ و بە پـێچەوانەوە ئەو کارە شـوێنەواری خـراپیش لە سـەر وڕە و هەست و ئامـادەیی خەڵـک دەدانـێ. هەربـۆیە وا باشـە ڕێفڕانـدۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆی دا بەڕیوە بچێ و گومان لەو بارەوە دروست نەکرێ.

پێ- کەسێک کە دەنگی "بەڵێ" دەدا، بەڵێیەکەی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتانە و بـۆ هیچ کەس و حیزبێکی تـایبەت نیە. ئەو دەنگە نەک هەر بە مانای ڕەواییدان بە زێدەخوازی و پاوانخوازیی هیچ لایەنێک نـیە، بەڵکوو بە مانـای دەنگدان بۆ دەستەبەربوونی دەسەڵاتی نەتەوایەتی بـۆ نەتەوەی کورد و سـەربەخۆیی وڵاتـی کوردان لەو بەشـەیە و هیچی دیکە.

سەرکەوتوو بێ ڕێفڕاندۆمی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان!

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

ئەو کاروانەی بەڕێوەیە، ئاخری دەگاتە سەرمەنزڵ
مرادی ڕێبـواری ماندوو، ڕۆژێکی هـەر دەبێ حاسڵ

نەتەوەیەک کە بیەوێ سەربەخۆ بێ، جلەوی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ و لە ئازادی دا بژی، دەبێ هەوڵ بدا، ماندووبوون نەناسێ، لە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگا نەترسێ و ئامادەی نرخدان و و قوربانیدانیش بێ. هەر لەو کاتەش دا کارێکی ئاوا قورس و وەڕاستگێڕانی ئامانجێکی ئاوا دێرینە، گەورە و پیرۆز، کە لە درێژەی سەدەی ڕابردوو دا بە خەبات و ئارەق و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو ئاو و خاکە هەوڵی بۆ دراوە گیانی لە پێناو دا بەخت کراوە، بڕیاری نەترسانە، یەکلاکەرەوە و پتەوی دەوێ.

ئەو هەنگاوەی کورد لە باشووری کوردستان هەڵیهێناوەتەوە، هەنگاوێکی گەورەیە کە لە کات و دۆخێکی لەبار و بەجێ دا بەرەوپێش داوێژرێ. کات و ساتێک کە دەبێ بە بەراوەرد و بیر و وردبینییەوە لێکبدرێتەوە و کەلکی لێوەربگیرێ.

بەڵێ، ئەو هەنگاوە مەزنە، هەر ئێستاش مەترسی، دژواری و کەندولەندی تایبەت بە خۆشی لە پێشە و بە تایبەت دوژمنان و نەیارانی ڕەنگاوڕەنگی کوردیش ئەوەندەی بۆیان بکرێ، کۆسپ و تەگەرەی بۆ دێننە پێش، لەمپەر و ئاستەنگی جۆراوجۆری دەخەنە سەر ڕێگا و بۆ پێشپێگرتنی دە بیری پیلان و داوی ڕەنگاوڕەنگ دا هەن و دەبن.

بەڵێ، کێشەی نێوخۆییمان هەن، ناکۆکی زۆرن و دەبێ بۆ نەهێشتنی نابەرابەری و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان لە نێو هەرێمیش دا بە تووندی خەبات بکەن و دژی ستەم و بێعەدالەتی لە نێوخۆ ڕابوەستن، بەڵام نابێ و ڕەوا نیە ئەو شتانە بکرێنە دەستاوێز بۆ خۆبواردن لە بەشداربوونی ڕێفراندۆم و دەنگی "بەڵێ" دان بە سەربەخۆیی کوردستان. ئەو خەباتە دوای ڕێفراندۆم و لە کوردستانێکی سەربەخۆش دا دەکرێ، دەبێ بکرێ و باشتریش دەکرێ. کام وڵاتی دوور و نێزیک شک دەبەن کە ئەو چەشنە گرفت و کێشانەی نەبێ؟

ئەمڕۆ کاروانی سەربەخۆیی کوردستان بەشێکی زۆری ئەو ڕێگایەی بڕیوە و ئیدی دەبێ بگاتە جێ. بڕینی ئەو هەورازەی ماوەتەوە، با بۆ سبەی و دووی نەمێنێتەوە، کێ دەزانێ سبەی چۆنە و دووسبەی بارودۆخ چۆن دەسووڕێ؟

با هەموومان بە هەر شێوەیەک بۆمان دەلوێ، یارمەتی بە هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بکەین.

سەرکەوێ ڕێڤڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان!
بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

مەکشێنەوە

وەرن مەردبن، مەکشێنەوە
قسەی خۆتان بەرنە سەرێ
دڵنیام خەڵکی کوردستان
"نا"یان نابێ، دەڵێن"ئەرێ"

نەغدی خۆ بە قەرز مەدەن
دەرفەتی وا هەڵ ناکەوێ
کێ چووزانێ"بەدیل"ی دی
سبەی چیی لێ دەردەکەوێ

کە "سێڤر"م دێتـەوە بیر
بەقا بە "گارانتی" ناکەم
چ بکەم بە وادەی دووسـبەی
ناسـرەوێ ئەو دڵـە پاکەم

ئەو شێعرەم هەر ئێستا "فی البداهه" نووسیوه.
وێنەکەم لە فێستیڤاڵی پشتیوانیی لە ڕێفراندۆم لە ستۆکهۆڵم دا هەڵگرتۆتەوە.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

ڕۆژهەڵاتیش گشتپرسیی کرد

ڕۆژ لە لای ڕۆژهەڵات، هەڵات
لە نیوەشەوێکی تار دا
دەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"،
باڵی کێشا بە سەر شار دا

ڕۆژهەڵاتیش گشتپرسیی کرد
بەجێ نەماوە لە باشوور
پێش بە پێوەندیی خەڵکی من
نابەستێ" بستۆکەی سنوور"

وەک چۆن پڕشنگی خۆرەتاو
هەر لە ژێر هەور دا نابێ
ڕۆژی ئازادیی ئێمەش دێ
گەلۆ "دنیا هەر وا نابێ"

١- "بستۆکەی سنوور"، ئاماژە بە شێعرە بەناوبانگەکەی مامۆستا هێمنی نەمر: "ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور."

٢- " دنیا هەر وا نابێ"، ئاماژە بە شێعرێکی خۆم: "دڵە خەم کە بخۆ دنیا هەتا سەر هەر ئەوا نابێ."

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

بەشێک لە پارچەشێعری "تەنگانەی دڵی من".

ڕۆژ نیە سەد جار لەسوێی چاوەم قەڵی ڕەش دەرنەکەم
دێتەوە و هەرجار خراپتر سەرلەنوێ دەقڕێتەوە

فیلمی مێژووی من پڕی ناکامیی دوای سەرکەوتنە
بۆدەبێ دەمنادەمێ ئەو فیلمە لێبدرێتەوە ؟

زۆرکەڕەت خۆم بوومە چقڵ و چوومە نێوچاوانی خۆم
کێم هەیە بێجگە لە خۆم ئەو چقڵەدەربێنێتەوە؟

کێ بە بیری دا دێ یاران باغەوانی وا هەبێ
دەست بداتەتەور و داری باغی خۆی ببڕێتەوە؟

من گوڵۆڵەم کەوتە لێژی وداوی ڕێم ئاڵۆز بووە
کوانێ ڕێنیشاندەرێ ئەوداوە هەڵوێزنێتەوە

ڕێگە دژوارە، بەڵام ئاسۆی هومێدم ون نیە
کوردم و کوردیش بە زەبری ڕۆژگار ناتوێتەوە

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٧

ڕووسیا و سیاسەتی دووڕووانەی بەرامبەر بە ڕۆژاوا

ڕووسیا، لە دوو سێ ساڵ پێش ئێستاوە و تەنانەت دوای ئەوەش کە هێزەکانی یەپەگە شاری "ڕەققە"ی پێتەختی داعیشیان گرتەوە و بە کردەوە ڕەگی حەیاتی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییەیان هەڵبڕی، هەر خۆی بە دۆست و دڵسۆزی کوردنیشان دەدا و تەنانەت زۆر لە چاوەدێرە سیاسییە شارەزاکانیش پێیان وا بوو کە ئەو زلهێزە پشتی بیرۆکەی پێکهاتنی دەسەڵاتێکی لانیکەم فیدراڵی کوردی دەگرێ و کارێکی وا دەکا کورد لە سووریەی پاش شەڕ دا بە بەشیکی بەرچاو لە مافە نەتەوایەتی و دێمۆکراتییەکانی بگا.

پێداگرتنی ئەو وڵاتە لە سەر گونجاندنی هەرێمێکی فیدراڵی، یان خۆبەڕێوەبەر بۆ کوردەکان لە دەستنووسی یاسای بنەڕەتیی سووریەی دوای شەڕ دا و هەروەها سووربوونی لە سەر بەشداریپێکردنی کورد، شانبەشانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە کۆبوونەوەی "سووچی" دا، بە ڕوونی ئەوەیان نیشان دەدا و وێش نەدەچوو ئەو سیاسەتە ئاڵوگۆڕی بە سەر دابێ.

بەڵام دیتمان کاتێک ڕێژیمی تورکیە، چەکدارە کۆنەپەرستەکانی سوپای ئازاد و پاشماوەکانی داعیشی وەپێش خۆی دا و ئەڕتەشی پۆشتە و پەرداخی خۆی بەمەبەستی داگیرکردنی "عەفرین" و بە قسەی خۆیان پێشگرتن لە کوردان لە پێکهێنانی داڵانێکی پێوەندی و وەسەریەکخستنەوەی ناوچەکانیان، وەڕێخست، ڕووسیا نەک هەر پێشی بەو کارە نایاسایی و بێجێیەی ئوردووغان و دەسەڵاتەکەی نەگرت، بەڵکوو بە بردنە دەری هێزەکانی خۆی لە عەفرین(کە عەفرین ناوچەی ژێر نوفووزی ڕووسیە بوو) و ئیجازەپێدانی بۆ بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی و زەمینی، بە کردەوە هاواهەنگی و هاوکاریشی کردن.

ئەوە جارێکی دیکەش نیشانی دا کە زلهێزەکان پلە بۆ بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لە پلانە ستراتێژییەکانیان دادەنین و وا دیارە بەرژەوەندییەک بە ناوی "پاراستنی کورد و مافەکانی" و گونجاندنی لە ڕوانینێکی سیاسیی دوورخایەن دا، بۆ ڕووسیا لە پلەیەکی خوارەوەتری گرینگی، لە ساتوسەودا و هاوسەنگییەکان دا بووە.

کە وا بو کورد بێجگە لە وەی یەکگرتوو بێ و بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی خۆی هەوڵ و توانای خۆی بکاتە پێوانە،

ڕێگایەکی دیکەی نیە. کاتێک کورد بەهێز و یەکگرتوو بێ، دەتوانێ زۆر زیاتر بکەوێتە بەر سەرنج و لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی و زلهێزەکان دا حیسابی زیاتری بۆ بکرێ.

سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکان بۆ زلهێزەکان لە گەڵ ئەخلاق و بۆچوونی مرۆڤانە جیاوازیی زۆرە.

لە ڕاونگەی ئەخلاقی و ئینسانییەوە ڕووسیا لە ئاست عەفرین ڕووسیا دەرچوو.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠١٨

بۆ شەهید کاک قادری خۆشەویست، فەرماندەی تێکۆشەر!

بنوو، خەم مەخۆ، ڕۆژێ، بەهارێک
لە سەر گڵکۆکەت هەڵ دەچێ دارێک

ئەو ڕۆژە ڕۆژی دڵشادی دەبێ
سەردەمی خۆشی و ئازادی دەبێ

لە سەر ئەو دارە بە خەتی کوردی
هەر بەو زمانەی لە ڕێی دا مردی

دەنووسرێ: "گڵکۆی هاوڕیی بە جەرگە
کە بۆ کوردستان بوو بە پێشمەرگە"
ناوت لە مێژووی گەلمان دەنووسرێ
هەتاهەتایە هەر بیرت دەکرێ

نەمردووی هاوڕێم، تۆ لە گەڵمانی
زیندووی، تێکەڵی مێشک و دڵمانی

لە پێش چاوگەر نی، بە دڵ لە لاتین
" ئاشق"ی برِوا و بیر و ڕێگاتین

کاک قادری خۆشەویست، فەرماندەی تێکۆشەر!
یادت لە دڵمان دا هەر دەمێنێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت!
نفرەت و سەرشۆڕی بۆ تێرۆریستان!
قوڕ بە سەری ئەو دوژمنەی دڵی بە تێرۆری نەیارانی خۆی خۆش دەکا!

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

پێوەندیی نەتەوایەتی، مەسەلەی عەفرین و بارودۆخی ناوچە

بەربەرەکانیی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی عەفرین لە بەرامبەر سوپای داگیرکەر و دەستدرێژیکەری تورکیە دا، پەنجاوچوارەمین ڕۆژی خۆی گەیاندە ئێوارە. لەو ماوەیە دا شەڕقانان، یان با بڵێین پارێزەرانی فیداکار و ئازای ئەو دەقەرە و تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەشی خۆیان فیدا کرد، گیانیان بەخشی و خەو و خواردنیان لە خۆیان تاڵ کرد، بەڵام لە سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتمانی بابوباپیرانیان دا مانەوە و تا ئێستاش سوپای داگیرکەری تورکیە، سەرەڕای بۆمبارانی یەکجار قورس و بێبەزەییانە و کەلکوەرگرتن لە هەر چەشنە چەکێکی وێرانکاری سەردەم، نەیتوانیوە دەست بەسەر عەفرین دا بگرێ.

ئەوە لە حاڵێـک دایە کە ئۆردووغـانی سـەرۆککۆماری تـورکیە پـێش دەسـتپێکردنی هێرشـەکە پێیوابـوو و ڕاشیگەیاندبوو کە ئەو شەڕە چەند ڕۆژێک زیاتر ناخایەنێ، ئەوان بە زووبی دەگەنە ئامانجەکانیان، لە نـاوچەی عەفرین جێگیر دەبن و بە وتەی خۆی ئیدی پێش بە پێکهێنانی ئەو داڵان "کۆریدۆر" ە پـڕ مەترسییە دەگـرن، کە دەتوانێ ناوچە دابڕاوە کوردییەکان لێک گرێدەداتەوە ولە ڕوانگەیەکی گشتیتریشەوە بە دەروازەی عەفرین دا کـورد بگەیەنێتە دەریای ئازاد.

لەو پێوەندییە و لە کات وساتێکی ئاوا دا ئاماژە کردن بە چەند خاڵ پێویستە.

١- ڕاستە بەربەرەکـانی و بەرخـۆدانی عەفـرین لە لایەن شـەڕڤانانی یەپەگەوە کـراوە و دیـارە شـانازییەکانی ئەو خۆڕاگری و ڕاوەستانە کەموێنەیە لە مێژوو دا بە ناوی ئەوان و خەڵکی ئەو مەڵبەندە تۆمار دەکرێ و دەمێنێتەوە، بەڵام لە بیرمـان نەچـێ کە عەفـرین بەشـێکی گرینگـی خـاکی کوردسـتانە و خەم و نەهامەتیەکـانی و هەروەهـا سـەرکەوتن و خۆشییەکانیشی ئـی هەمـوو کوردسـتانە و هەر کـوردێکی دڵسـۆزی ئەو نیشـتمانە دابەشکراوە لە هەر شوێنێکی جیهان هەستی پێدەکا و بە شێوەیەک خۆی تێدا بە هاوبەش و هاودەرد دەزانێ.

بە واتایەکی دیکە وەک چۆن پارەکە، دوای ڕاپرسیی سەربەرخۆیی لە هەرێمی باشووری کوردستان و هێرشی حەشدی شەعبی و هێزەکانی ڕیژیمی عێراق بـۆ سـەر کەرکـووک، دڵسـۆزانی کـورد لە هەمـوو جیهـانەوە چاویـان بڕیبـووە ئەو بەشە و نیگەرانی کەرکوک بوون، هەر بەو شیوەیەش ئێستا عەفرین کەوتۆتە ناوەندی سـەرنجەکان، کـوردی هەمـوو پارچەکان هاودەردی و هـاوخەمیی لەگەڵ دەردەبـڕن، بە شـەهیدبوونی خەڵـک و شـەڕڤانان بە پەرۆشـن و بەرگریـی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی ئەو دەڤەرە بە شانازی بۆ خۆیان دەزانن.

٢- کە وابوو مەسەلەی عەفرین لە دۆخی ئێستا دا و لە ڕوانگەی بیروڕای گشتیی کوردەوە پێش هەمـوو شتێک وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حیساب دەکرێ و دەکەوێتە چوارچێوەی هاوپێوەندیی نەتەوایەتییەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە، بەپەرۆشـەوە چاویـان بڕیـوەتە چارەنووسی عەفـرین و بە تاسـەوە چـاوەدێریی ئاڵۆگۆڕەکـانی ئەو مەڵبەنـدە دەکەن، سـەرکەوتنی شـەڕڤانانی کـورد، قـازانجی دوورخایەنی کورد و کۆتاییهاتنی ڕەنج و مەینەتی خەڵکی ئەوێیان بۆ گرینگە و ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە کە داخوا یەپەگە لە باری باوەڕ و ئامانج و ئیدیۆلۆژییەوە چییە و لە چ چەشنە سیاسـەت و ڕیزبەنـدییەکی سیاسی دا خـۆی

دەبینیتەوە. یان با بڵێین پێویست نیە کابرا لایەنگر و موافقی سیاسەت و شێوە هەڵسوکەوتی یەپەگە و پەکەکە بێ، تا پشتیوانی لە خوشک و برا کوردەکانی خۆی لە عەفرین بکا. ئەو پشتیوانییە ئەرکێکی نەتەوایەتییە و لە چوارچێوەی ڕوانین و لایەنگریی حیزبایەتی دا نیە. دیارە ئەو ڕێکخراوانەش وەک هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان هەم ڕیزیان لێدەگیرێ و خاوەنی پێگە و جێگەی تایبەتیی خۆیانن و هەم دەکرێ سەبارەت بە سیاسەت، بۆچوون و هەڵوێستیان لە بارودۆخی جیاواز دا، بکەونە بەر ڕەخنە و سەرکۆنە بکرێن.

٣- چارەنووسی سیاسیی عەفرینیش وەک هەموو وڵاتی سووریە کە بەشی ڕۆژاوای کوردستانی تێدا هەڵکەوتوە، بمانەوێ نەمانەوێ کەوتۆتە ژێر شوێنەواری کێبەرکێی زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و ڕووسیە. لە ڕاستی دا مەسەلەکە لە چوارچێوەی بەژەوەندیی ئەوان دا گەشە دەکا، ئاڵوگۆڕی بە سەر دادێ و هێزە ناوچەییەکانیش بە پێی قازانج و ئامانج و چاوەڕوانیی خۆیان هەرکام دەکەونە پەڕاوێزی یەکێک لەو بەرژەوەندییانەوە. ڕووسیە کە پێشتر وادەی وەبەرچاوگرتنی مافی کوردەکانی سووریە و گونجاندنی ئەومافانە دە یاسای بنەڕەتیی سووریەی دا، دابوو، چاوی لە حاست هێرشی ئوردووغان بۆ سەر ئەو دەڤەرە نووقاند ودژکردەوەی ئەمریکای هاوپەیمانی یەپەگەش لە ئاستی دەربڕینی نیگەرانی و ئامۆژگاریکردنی تورکیە واوەتر نەچوو. لە کەس شاراوە نیە کە ئێران وسووریەش پێشوەخت ئاگاداری ئەو هێرشە بوون و پرسیان پێکرابوو.

لەو بەینەدا هەڵوێستی سووریە وەک وڵاتێک کە عەفرین بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێ (و تا ئێستاش هەر وایە)، سەیر بوو. ئەو وڵاتە کە بە ڕواڵەت لە پێش دا هەڕەشەی دەکرد و دەیگوت دەستدرێژیی سوپای تورکییە بۆ سەر عەفرین قبووڵ ناکا و ڕایگەیاندبوو کە هەر فڕۆکەیەکی تورکیە سنووری ئەو دەڤەرە بپەڕێنێ، بەردەدرێتەوە، هیچ دژکردەوەیەکی بەرامبەر ئەرتەشی تورکییە نەنواند و فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکییەش لە هەوەڵی شەڕێوە تا ئێستا بەسەر ئاسمانی ناوچەکە دا زاڵن و بە بەرچاوی دەوڵەتی ئەو وڵاتەوە بەشێوەیەکی درندانە شار و گوندەکان بۆمباران دەکەن. تەنیا شتێک کەسوورییە دوای تێپەڕینی چەند حەوتوو لە شەڕەکە کردی، ناردنی کۆمەڵێک میلیشیای چەکدار بوو، کە تا ئێستا چ دەورێکی دیاریان لە بەرگرێکردنی عەفرین دا نەبووە و دوای هاتنی ئەوان دۆخەکە خراپتریش بووە. ئەگەر سووریە ڕاستی دەکرد، دەیەویست و دەیتوانی بە هانای عەفرینەوە بێ، دەبوو دەسبەجێ یەکە نیزامییە پسپۆڕەکانی گەیاندبایە هێڵەکانی سنووری عەفرین و چەکی تەیارەشکێن و تانکشکێنی لە وێ جێگیرکردبان و بە کاری هێنابان. بەدڵنیاییەوە یەکینەکانی پاراستنی گەل لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەر زەوی لە هەموو بەرەکانی شەڕ دا دەروەستی سوپای تورک دەهاتن و کەماسییان تەنیا

نەبوونی ئەو چەکانە بوو.

هەرچۆنێک بێ، تەنانەت ئەگەر سوپای تورکییە بتوانێ دەست بەسەر عەفرینیش دا بگرێ، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە و لە سەرەوەی هەمووانەوە ئوردووغان ناتوانن بە ئامانجی خۆیان کە دابڕینی ئەو ناوچەیە، گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەوێ و نیشتەجێکردنی خەڵکی غەیرەکورد لە وێیە، بگەن.

ئوردووغان بیری لەشتێک نەکردۆتەوە. ئەویش ئەمەیە کە: سەردەمی داگیرکردنی خاکی خەڵکی دیکە وسەپاندنی زۆرەملیی دەسەڵات بەسەرچووە و دروستکردنی ئیمپەڕاتۆرییەکی نوێش ئیدی خەون و خەیاڵە.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨

جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆز

هەرچەند دڵ خۆش نیە و نەتەوەکەمان بەداخەوە ساڵێکی پڕ لە خەفەت و کوێرەوەریی بردە سەر، بەڵام:

نەورۆز ڕەمزی زیندوو بوونەوەی هیوا، نوێبوونەوەی هێزووڕە، هەستانەوەی دوای کەوتن و سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکی دایە.

جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆز لە هەموو هاوڕیان، دۆستان و خزمان پیرۆز بێ!

تەوژمی خێر و خۆشی دایچەماند پشتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی، هەڵقوڵی فرمێسکی ڕووتی هەرد

بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەندە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

لە شاخا قاسپەقاسپی کەو، لە نێو باغا هەزاردەستان
بە نەرمی ڕازی زیندوومان دەچرپێنن دە گوێی مەستان:
"دەمی کار و ژیان ئێستایە، سبەی دوورە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکینە خامۆشی
لە جوانی نیشتیمان بدوێ کە دڵ دێنێتە سەر خۆشی

بەشێک لە پارچە شێعری "جێژنی بەهار"

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١٨

ئەو کاروانەی بەڕێـــوەیە، ئاخری دەگاتە سەرمـــەنزڵ
مرادی ڕێبـــواری مانـــدوو، ڕۆژێکی هـــەر دەبێ حاسڵ

نەتەوەیەک کە بیەوێ سەربەخۆ بێ، جڵەوی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ و لە ئازادی دا بژی، دەبێ هەوڵ بدا، ماندووبوون نەناسێ، لە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگا نەترسێ و ئامادەی نرخدان و و قوربانیدانیش بێ. هەر لەو کاتەش دا کارێکی ئاوا قـورس و وەڕاستگێڕانی ئامانجێکی ئاوا دێرینە، گەورە و پیـرۆز، کە لە درێژەی سەدەی ڕابردوو دا بە خەبات و ئارەق و خوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو ئاو و خاکە هەوڵی بۆ دراوە گیانی لە پێناو دا بەخت کراوە، بڕیاری نەترسانە، یەکلاکەرەوە و پتەوی دەوێ.

ئەو هەنگاوەی کورد لە باشووری کوردستان هەڵیهێناوەتەوە، هەنگاوێکی گەورەیە کە لە کات و دۆخێکی لەبار و بەجێ دا بەرەوپێش داوێژرێ. کات و ساتێک کە دەبێ بە بەراوەرد و بیر و وردبینییەوە لێکبدرێتەوە و کەلکی لێوەربگیرێ.....

ئاشق ئیسماعیلی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: خاکەلێوەی ٢٧١٨ی کوردی - نەپریلی ٢٠١٨ی زایینی